**بەڕێز حسن محمد سورە/ جێگری سەرۆكی پەرلەمان:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

ناوی ئەو ئەندامانەی لە دانیشتنی ژمارە (17)ی ئاسایی لە 2012/5/16 مۆڵەتیان پێ دراوە، یان ئامادە نەبوونە، ئەمانەن:

1- اسماعیل سعید محمد/ مۆڵەت.

2- ئامینە ذكري سعید/ ئامادە نەبووە.

3- بەفرین حسین خەلیفە/ مۆڵەت.

4- تارا تحسین ئەسعەدی/ مۆڵەت.

5- پێشەوا تۆفیق مغدید/ مۆڵەت.

6- جهان اسماعیل بنیامین/ مۆڵەت.

7- شلێر محمد نجیب/ مۆڵەت.

8- شەونم محمد غریب/ مۆڵەت.

9- د. صباح محمد نجیب/ مۆڵەت.

10- عمر عبدالرحمن علی/ مۆڵەت.

11- یاووز خورشید عثمان/ مۆڵەت.

سوپاس.

**بەڕێز د.ارسلان بایز اسماعیل/سەرۆكی پەرلەمان:**

زۆر سوپاس، ئێستاش دێینە سەر بەرنامەی كار بۆ بەردەوام بوون لەسەر خستنەڕوو و گفتوگۆ كردنی پێشنیاری یاسای ماڤی بەدەستهێنانی زانیاری، بەڵێ فەرموو سیوەیل خان.

**بەڕێز سیوەیل عثمان احمد:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

لە بەرنامەی كاردا هاتووە، با بڵێین بڕگەی یەكەم و دووەم، ئەمە بڕگەی دووەم پێشتر ئەو پرۆژە یاسایە موناقەشەمان كردووەو تەواومان كردووە، بەس ماوە دەنگدانی لەسەر بدرێت، پێشنیار دەكەم ئەگەر بڕگەی دووەم بێتە بڕگەی یەكەم، واتا دەنگدانەكە تەواو بێت لەسەر ئەو پرۆژە یاسایە، بەدەستهێنانی زانیاری لە بڕگەی یەكەم لەوانەیە بۆ دوو، سێ ڕۆژی تر بەردەوام بێت، ئەوی تەواو بكەین و كارەكە بچێتە بواری جێ بەجێ كردن و، ئەگەر بڕگەی یەكەمیش بێتە دووەم و زۆر باشە، سوپاس.

**بەڕێز د.ارسلان بایز اسماعیل/ سەرۆكی پەرلەمان:**

سوپاس، فەرموو كاك گۆران.

**بەڕێز گۆران ئازاد محمد:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ڕاستە ڕاپۆرتەکە حازرە، بەڵام یەکەمین وەزیری کارو کاروباری کۆمەڵایەتی لێرە ئامادە نییە بۆ دەنگدان.

دوو/ جارێکی تر لەوانەیە ئەو ڕاپۆرتە پێویستی بەوە بێت لە صیاغە، وەزیریش بیبینێت، چونکە جەنابی وەزیریش نەیبینیوە، سوپاس.

**بەڕێز د.ارسلان بایز اسماعیل/سەرۆکی پەرلەمان:**

سوپاس، فەرموو سۆزان خان.

**بەڕێز سۆزان شهاب نوری:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

تەبعەن بوونی وەزیر بۆ دەنگدان بە زەرورەت نازانم، ئەگەر ڕاپۆرتەکەش لە دوای ئەوەوە، کە ئێمە گفتوگۆیەکانمان لێرە تەواو کرد، لیژنە پەیوەندیدارەکان دانیشتبن لەگەڵ وەزیردا، ئەو چاکسازیانەی لەسەر رەئی ئەندامان کراوە تیایدا، نازانم چ داعیەکە ئەگەر جەنابی وەزیر لێرە بێت، یاخود لێرە نەبێت، ئەگەر دەنگی لەسەر بدرێت من پێموایە شتێکی باشە، سوپاس.

**بەڕێز د.ارسلان بایز اسماعیل/ سەرۆکی پەرلەمان:**

سوپاس، لەڕاستیدا لە صیاغە کردنەوەی ئەو پرۆژەیە وەزیر ئامادە نەبووە، وەزیر کاتی خۆی داوای کردووە ئامادە بێت، بۆیە ئێمەش لە سەرۆکایەتی پێمان باشە لە صیاغە کردنەوەکەی وەزیر ئامادە بێت.

دووەم/ لەکاتی دەنگدانیشدا وەزیر حەقی هەیە ئامادە بێت، بۆ نا؟

لەبەر ئەوە بەردەوام دەبین لەسەر خاڵی یەکەم، فەرموو لیژنە تایبەتمەندەکان بۆ شوێنی خۆتان، فەرموو کاك کاروان.

**بەڕێز کاروان صالح احمد:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

من پێموایە بەپێی ماددەیەکی پەیڕەوی ناوخۆ، کاتێك کە بودجە دێتە پەرلەمانی کوردستان، بۆ ئەوەی پەرلەمانتاران بتوانن مشوەری ئەوە بکەن و لە لیژنەکانیان گفتوگۆ و توێژینەوە بکەن لەسەر بودجە، هەر یەکە بەپێی تایبەتمەندی لیژنەکەی خۆی، پێموایە ئەو پرۆژانەی ئێستا هەن دەستی پەرلەمانتاران دەگرێت، بۆ ئەوەی بەدواداچوونی خۆیان بکەن، هەر یەك لە ئەندام پەرلەمانە بەڕێزەکان لە دوو لیژنە ئەندامە، پێموایە ئەو دەرفەتە بۆ پەرلەمانتاران ناهێڵنەوە کە بەردەوام بن لە یەك لە لیژنەکانیان هەر لەلایەك پرسی بودجە گفتوگۆ بکەن، لەلایەکیش هەوڵی ئەوە بدەن ڕاپۆرتی خۆیان ئامادە بکەن بۆ لیژنەی دارایی، بۆیە من پێشنیاری ئەوە دەکەم ئەو بەرنامە کارانە هەمووی یان دوابخرێت، یان بوار بدرێت، بۆ ئەوەی پەرلەمانتاران بتوانن لە پرسی بودجە گفتوگۆی خۆیان بەردەوام بن، سوپاس.

**بەڕێز د.ارسلان بايز اسماعيل/سەرۆكی پەرلەمان:**

سوپاس، وەختی خۆی ئێمە لەو بارەیەوە قسەمان كردو ڕاوێژیشمان كرد، بەڵام پەرلەمانتارە بەڕێزەكان پێیان باش بوو بەردەوام بین، فەرموون لیژنەی یاسایی ماددەی شەش.

**بەڕێز عمر عبدالرحمن علی:**

**بەڕێزسەرۆكی پەرلەمان.**

ئێستا ماددەی شەش بە زمانی عەرەبی پێشكەش دەكەین لە یاسای بەدەسهێنانی زانیاری.

المادة السادسة:

اولاً: لكل شخص ان يقدم طلباً الى الهيئات العامة او الخاصة للحصول على المعلومات مع اخذ احكام هذا القانون بنظر الاعتبار وكما يلي:

أ- يؤخذ بنظر الاعتبار فيما اذا كانت الوثيقة المحتوية على المعلومات المطلوبة موجودة لدى الهيئة ام لا.

ب- على الهيئة العامة تقديم نسخة من الوثيقة المطلوبة الى طالبها فيما اذا كانت الوثيقة بحوزتها.

ثانياً: على كل هيئة عامة ان تنشر تقريراً كل ستة اشهر مرة عن طريق جميع وسائل الاعلام، توضح فيه:

أ- ميزانيتها وما بقيت من الميزانية اثناء النشر.

ب- النفقات وأوجه صرفها.

ج- المشاريع التي تنجزها بالتفصيل، والمشاريع المؤمل انجازها.

د- العقوبات الموجهة الى موظفيها من المخالفين واسبابها.

هـ- الخدمات التي قدمتها والخدمات التي تقدمها لاحقاً مع تثبيت تواريخها.

و- الشكاوى المقدمة والاجراءات المتخذة بشأنها.

ز- وصف هيكلية الهيئة المعنية (واجباتها واعمالها المالية).

ح- وصفاً بصلاحيات مسؤولي الهيئة وواجباتها والاجراءات التي قامت بها بعد اصدار قراراتها.

ثالثاً: تقوم الوزارات كذلك بنشر تقاريرها الغير الدورية، توضح فيها الاتي:

أ- المشاريع التي تقوم بها الوزارة مستقبلاً وبالتفصيل، وقبل شهر واحد من المناقصات في الاقل (طرق المشاركة وشروطها واية ملاحظة اخرى).

ب- الاعلان عن املاك وثروات الوزارة التي تنوي بيعها قبل شهر في الاقل من قيامها بالمزاد العلني ويجب ان يتضمن المعلومات بالتفصيل فيما يتعلق بالمواد والشروط وكيفية المشاركة واية ملاحظة اخرى.

رابعاً: لكل مواطن الحق في حضور اجتماعات الهيئة العامة للاقليم بعد ان يقدم طلباً بذلك الى رئيس الهيئة يتعهد فيه بتحمل المسؤولية في تحقيق اغراضها عدا الاجتماعات التي تبحث في المواضيع التي استثنيت و وردت في القانون.

**بەڕێز د.ارسلان بايز اسماعيل/سەرۆكی پەرلەمان:**

فەرموو بەکوردیەکەشی تکایە.

**بەڕێز گۆران ئازاد محمد:**

**بەڕێزسەرۆکی پەرلەمان.**

ماددەی شەشەم:

یەکەم: هەموو کەسێك مافی ئەوەی هەیە داوا پێشکەش بکات بۆ بەدەست خستنی زانیاریەکان لە دەستەی گشتی، یان تایبەتیەکان لەگەڵ لەبەرچاو گرتنی حوکمەکانی ئەم یاسایە:

أ- ئەوە لەبەرچاو دەگیرێ ئەگەر ئەو بەڵگەنامەی زانیاریە داوا کراوەکانی تێدایە لەلای دەستەیە، یان نا.

ب- پێویستە دەستەی گشتی دانەیەك لەو بەڵگەنامە داواکراوە پێشکەش بە داواکار بکات، ئەگەر لایبێ.

دووەم: پێویستە هەموو دەستەیەکی گشتی هەر شەش مانگ راپۆرتێك بە هەموو هۆیەکانی بلاّو کردنەوە بلاّو بکاتەوە تێیدا روون بکرێتەوە:

أ- بودجەکەی و پاشماوەکەی لە کاتی بلاّو کردنەوەدا.

ب- خەرجیەکانی و رووەکانی ئەو خەرجیە.

ج- بەدوورو درێژی پرۆژەکانی کە ئەنجامیان دەدات و ئەوانەی نیاز وایە ئەنجامیان بدات.

د- ئەو سزایانەی ئاراستەی فەرمانبەر سەرپێچی کارەکانی کراوەو هۆیەکانی.

هـ- ئەو خزمەتگوزاریانەی پێشکەشی کردوون و ئەوانەی لە ئایندەدا پێشکەش دەکرێن و رێکەوتی پێشکەش کردنی.

و- ئەو سکالاّیانەی پێشکەش کراون و ئەو رێکارانەی وەریگرتوون سەبارەت بەم مەسەلەیەوە.

ز- وەسفکردنی پەیکەری دەستەی ئاماژە بۆکراو ئەرك و کاروبارە داراییەکانی.

ح- وەسفکردنی دەسەلاّتی بەرپرسان لێی و ئەرك و ئەو رێکارانەی دوای دەرکردنی بڕیارەکانی وەردەگیرێن.

سێیەم: هەروەها وەزارەتەکان راپۆرتە نادەوریەکانیان بلاّو دەکەنەوەو ئەوانەی خوارەوەی تێدا روون دەکەنەوە:

أ- بەدوورو درێژی ئەو پرۆژانەی کە وەزارەت لە ئایندەدا ئەنجامی دەدات، بەلای کەمی بەر لە مانگێك لە ئەنجامدانی کەمکردنەوەکان و رێگەی بەشداری کردن و مەرجەکانی و هەر تێبینیەکی دیکە بێت.

ب- راگەیاندن دەربارەی موڵك و سامانەکانی ئەو وەزارەتەی کە دەیانەوێ بیانفرۆشن بەلای کەمی بە لە مانگێك لە ئەنجامدانی مەزادی ئاشکراو پێویستە بەدوورو درێژی زانیاریەکان لەخۆی بگرێ دەربارەی کەرەستەو مەرجەکان و چۆنیەتی بەشداریکردن و هەر تێبینیەکی دیکە بێت.

چوارەم: هەر هاوولاّتیەك مافی ئەوەی هەیە لە کۆبوونەوەکانی دەستەی گشتی هەرێمدا ئامادە بێت، دوای ئەوەی داواکارییەك پێشکەش بە سەرۆکی دەستە دەکات، کە هاوبەرپرسیاریەتی ئەوە دەگرێتە ئەستۆ کە دابینی بکات، بەدەر لەو کۆبوونەوانەی باس لەو بابەتانە دەکات کە رێزپەڕن لە یاساکەدا هاتوون.

**بەڕێز د.ارسلان بایز اسماعیل/سەرۆکی پەرلەمان:**

سوپاس، لیژنەی ناوخۆ فەرموو.

**بەڕێز قادر حسن قادر:**

**بەڕێزسەرۆکی پەرلەمان.**

لە ماددەی شەش لیژنە پێشنیار دەکات لە بڕی هەموو کەسێك بکرێتە هەموو هاوولاَتیەك، لە هەر شوێنێکی تریش هەموو کەسێك هاتبێت بکرێتە هەموو هاوولاَتیەك، هەروەها لیژنە لە بڕگەی دووەم و بڕگەی سێیەم و چوارەمیش هیچ تێبینیەکی نییە، وەکو خۆی بمێنێتەوە، سوپاس.

**بەڕێز د.ارسلان بایز اسماعیل/سەرۆکی پەرلەمان:**

سوپاس، لیژنەی مافی مرۆڤ فەرموو

**بەڕێز بەفرین حسین خەلیفە:**

**بەڕێزسەرۆکی پەرلەمان.**

ئەمەش تێبینیەکانی لیژنەی مافی مرۆڤە سەبارەت بە پرۆژەکە:

بڕگەی یەکەم/ رای زۆرینەی لیژنە لەگەڵ ئەوەدایە لە بڕی دەستەواژەی (هەموو کەسێك) دەستەواژەی (هەموو هاوولاَتیەك) دابنرێت.

بڕگەی دووەم/ لیژنە تێبینی نییە.

بڕگەی سێیەم/ لیژنە تێبینی نییە.

بڕگەی چوارەم/ رای زۆرینە لەگەڵ لابردنی بڕگەکە دایە، سوپاس.

**بەڕێز د.ارسلان بایز اسماعیل/سەرۆکی پەرلەمان:**

سوپاس، لیژنەی رۆشنبیری فەرموو.

**بەڕێز بکر کریم محمد(ئاسۆ):**

**بەڕێزسەرۆکی پەرلەمان.**

سەبارەت بە ماددەی شەشەم/ لەبەر ئەوەی ئەو ماددەیە لە چوار بڕگە پێکهاتووە، لیژنە پێیوایە بکرێت بە ماددەیەکی سەربەخۆ، بڕگەکانی تریش لە ماددەیەکی تردا دابندرێن، لەسەر ئەو ئەساسەش زنجیرەکان ماددەکان ئاڵوگۆڕی تێدا بکرێت، ماددەی شەشەم بەم شێوەیەی لێ بکرێت:

(احلال كلمة (مواطن) بدلا من كلمة (شخص) واعادة صياغتها بالشكل الاتي:

يحق لكل مواطن تقديم طلب للحصول على معلومات من مؤسسة عامة او خاصة مع مراعاة احكام هذا القانون:

أ- فيما اذا كانت الوثيقة التي تتضمن المعلومات المطلوبة في حوزة المؤسسة المعنية ام لا.

ب- على المؤسسة المعنية تقديم نسخة من الوثيقة المطلوبة الى الطالب اذا كانت بحوزتها).

**بەڕێز د.ارسلان بایز اسماعیل/سەرۆکی پەرلەمان:**

سوپاس، لیژنەی یاسایی.

**بەڕێز گۆران ئازاد محمد:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

**ماددەی شەشەم/ وشەی هاوولاّتی بکرێتە جێگەی کەس و بڕگەکەش بەم شێوەیە دابڕێژرێتەوە:**

**یەکەم: هەموو کەسێك مافی هەیە داوایەك پێشکەش بکات بۆ بەدەست خستنی زانیاریەکان لە دەستەیەکی گشتی، یان تایبەت لەگەڵ لەبەرچاو گرتنی حوکمەکانی ئەم یاسایە:**

**أ- تەماشا دەکرێت کە ئاخۆ ئەو بەلگەنامەی زانیاری داوا کراوی تێدایە لەلای دەستە هەیە، یان نا؟**

**ب- دەبێت دەستەی گشتی دانەیەك لەو بەلگەنامەی داواکراوە پێشکەش بە داواکار بکات، ئەگەر لە لایبێ.**

**دووەم: بڕگەکە بەم شێوەیە دادەڕێژرێتەوە:**

**دووەم: دەبێت هەموو دەستەیەکی گشتی هەر شەش مانگ جارێك راپۆرتێك لە هەموو دەزگاکانی راگەیاندن بلاّو بکاتەوەو تێیدا روون بکاتەوە:**

**أ- بودجەکەی و ئەوەی لە کاتی بلاّو کردنەوەکەدا لێی ماوەتەوە.**

**ب- خەرجی و بۆچی خەرج دەکرێت.**

**ج- وردەکاری ئەو پرۆژانەی دەیکات و ئەوانەی بە نیازە بیانکات.**

**د- ئەو سزایانەی بۆ فەرمانبەرانی سەرپێچی کارەکان دەرچووەو هۆیەکانی.**

**هـ- ئەو خزمەتگوزاریەی پێشکەشی کردوون و ئەوەی بەنیازە پێشکەشی بکات بەراوردی پێشکەش کردنی.**

**و- ئەو سکالاّیانەی پێشکەش کراون و ئەو رێکارانەی لەبارەیانەوە گیراوەتەوەبەر.**

**ز- وەسفکردنی پەیکەری دەستەی ناوبراو ئەرك و کاروبارە داراییەکانی.**

**ح- وەسفێکی دەسەلاّتەکانی بەرپرسان و ئەرکەکان و ئەو رێکارانەی لە دوای دەرکردنی بڕیارەکانی کردوونی.**

**سێیەم/ پێشەکی بڕگەکە بەم شێوەیەی دادێت دادەڕێژرێتەوە:**

**سێیەم: وەزارەتەکان راپۆرتە نادەوری بلاّو دەکەنەوەو ئەوانەی خوارەوە تێدا روون دەکەنەوە، بڕگەکانی (أو ب و چوارەم) وەك خۆیان دەمێنێتەوە، سوپاس.**

**بەڕێز د.ارسلان بایز اسماعیل/ سەرۆکی پەرلەمان:**

**سوپاس، کێ تێبینی هەیە؟ ئەو بەڕێزانەی دەیانەوێت قسە بکەن، رێزداران (مامۆستا فرمان، کاك عدنان، لیلی خان، کاك صباح بیت الله، کاك عبدالسلام، کاك فازل بەشارەتی، ناسك خان، کاك شڤان احمد، کاك کاوە، سیوەیل خان، کاك دڵشاد، ڤیان خان، پەروین خان، کاك جەمال، کاك جەلال، هاژە خان، گوڵیزار خان، کاك حەمە سەعید، کوێستان خان، کاك قادر احمد، کاك عبداللە مەلا نوری، سۆزان خان، کاك ئاسۆ)، فەرموو مامۆستا فرمان.**

**بەڕێز فرمان عزالدين محمود:**

**بەڕێزسەرۆکی پەرلەمان.**

ماددەی شەشەم لە بڕگەی یەکەم تێبینیەك هەیە ئەگەر بکرا بوایە لەجیاتی کەس بگۆڕن بۆ هەموو هاوولاتیەکی کوردستانی.

بڕگەی دووەم/ خاڵەکانی (أ و ب و ج و هـ) یەك بخرێت لە یەك خاڵدا کۆ بکرێتەوە بەو شێوەیەی خوارەوەی لێ بێت:

(سەرجەم زانیارییە کارگێڕی و وردەکارییەکان لەبارەی ئەو کارو خزمەت و کارگوزارییانەی کە پێشکەشی کردوون، یاخود بەنیازە ئەنجامیان بدات لەگەڵ تێچوونی خەرجیەکانی میکانیزمی ئەنجامدانیان لەگەڵ ئامانجەکانی دەرخستنی بودجەکەو پاشماوەی لەکاتی بلاّوکردنەوەیاندا)، لەبەر ئەوەی هەر هەموویان بریتی لە لایەنێکی کارگێڕی و خزمەتگوزاری، بۆیە هەر چواریان لە یەك ماددە کۆ بکرێنەوەو ئەو ریزبەندیەش کەمتر دەبێتەوەو، زۆر سوپاس.

**بەڕێز د.ارسلان بايز اسماعيل/ سەرۆکی پەرلەمان:**

زۆر سوپاس، فەرموو کاك عدنان.

**بەڕێز عدنان عثمان محمد:**

**بەڕێزسەرۆکی پەرلەمان.**

راستی من ویستم ئەگەر ئیعتیرازێك هەبوایە قسەم کرد بوایە لەسەری، بەلاّم ئێستا مەسەلەکە وا بوو، بۆیە زۆر بە کورتی دەڵێم ئەمە راستیەکەی بڕبڕەی پشتی یاساکەیە، ماددەیەکی زۆر زۆر گرنگە، تەسبیت کردنی ئەم مەجموعە، تەبعەن چەند زیاد بکرێت، ئەگەر ئەندامە بەڕێزەکان پێیان باش بێت زیاتر بکرێت گرنگترە، بەلاّم بۆ مەوزوعی شەفافیەت و با بڵێین حوکمی رەشیدو ئەمانە بوونی ئەم ماددەیە بە بڕگەکانیەوە، ئەگەر زیاتریش بکرێت و روون تریش بکرێتەوە، یەعنی یەکێکە لە کارە زۆر گرنگەکان، چ پەرلەمانی کوردستان دەیکات، بەتایبەتیش لەم یاسایە رۆڵی گەورەی خۆی دەگێڕێ، ئێمە تەقریبەن دەتوانین بڵێین بەشێکی گەورە لەسەرجەم پرۆسەی مەوزوعی شەفافیەت و مەسەلەی با بڵێین حوکمی صالح، سوپاس.

**بەڕێز د.ارسلان بايز اسماعيل/سەرۆکی پەرلەمان:**

زۆر سوپاس، ليلى خان فەرموو.

**بەڕێز ليلى امير عاض:**

**بەڕێزسەرۆکی پەرلەمان.**

لە بڕگەی یەکەم خاڵی (أ) ئەوەی من تێبینی دەکەم ئەم خاڵە بە جۆرێك دارێژراوە کە هەر لە سەرەتاوە تەبریر بۆ نەبوونی زانیاری دەهێنێتەوە، لەکاتێکدا پێویست بوو بگوترێت ئەو دەستەیە ئەگەر بەو شێوازە

بمێنێتەوە بە سوود وەرگرتن لە داتابیسی وەزارەتەکان بانکێکی زانیاری تایبەت بەخۆی هەبێت، چونکە بڕگەی یەکەم بنەمای ئیشی، یان جێ بەجێ کردنی ئەو یاسایەیە، هەرچەندە ئەوەی من تێبینی دەکەم لە وەزارەتەکانیش داتابیسێك ئەگەر هەشبێت کەموکورتی زۆری تێدایە، ئەوەی لەم یاسایە تێبینیم کرد بێت لە هیچ شوێنێك باس لە بوونی بانکی زانیاری نەکراوە، بۆیە ئەوە ڕێگا خۆشکەرێکی باشە، کە هەر لە سەرەتاوە ئەگەر کەمتەرخەمی هەبێت لە گەیاندنی زانیاریەکان بە هاووڵاتیان، یان تەبریر بۆ هەندێك حاڵەت دەهێننەوە، بۆ ئەوەی زانیاریەکان نەگاتە دەستی هاووڵاتیان، بۆیە بە باشی دەزانم ئەگەر چ لەو بڕگەیە بێت، یان لە شوێنی تر بێت بە ڕوونی و باشی باس لەوە بکرێت کە ئەو دەستەیە پێویستی بەوە هەیە بانکێکی زانیاری باشی هەبێت و هەموو زانیاریەکانی وەزارەتەکان و شوێنە پەیوەندیدارەکان لەخۆ بگرێت، زۆر سوپاس.

**بەڕێز د.ارسلان بایز اسماعیل/سەرۆکی پەرلەمان:**

زۆر سوپاس، کاك صباح فەرموو.

**بەڕێز صباح بیت الله شکری:**

**بەڕێزسەرۆکی پەرلەمان.**

سەرەتا من پشتگیری لە لیژنەی ناوخۆ دەکەم لە بڕی هەموو کەسێك بکرێتە هاووڵاتیەك، هەروەها لە فەقەرەی سێ (أ و ب) موناقەصات و موزایەدات و بەکرێدان و فرۆشتنی موڵك و ماڵی دەوڵەت، ئەمە بە یاسا ڕێکخراوە، بە ڕەئی من ئەم دوو فەقەرەیە زیادە، سوپاس.

**بەڕێز د.ارسلان بایز اسماعیل/سەرۆکی پەرلەمان:**

زۆر سوپاس، کاك عبدالسلام فەرموو.

**بەڕێز عبدالسلام مصطفى صديق:**

**بەڕێزسەرۆکی پەرلەمان.**

من لە سەرەتاوە لە پێناسەکان باسی ئەو پرەنسیپەم کرد، کە ئەو بەناو دەستەی تایبەتیەکان، کە لێرە باسی دامودەزگای کەرتی تایبەت دەکات نەمێنێت لەو یاسایە، پرەنسیپی گەیشتن بە زانیاریەکان پەیوەندییەك لەنێوان هاووڵاتی و حکومەت، بە تەسەوری من هیچ ناکرێت مامەڵەی کەرتی تایبەت وەکو شەریکات لەسەر ئەساسی موناقەسەیە، لەسەر ئەساسی شاردنەوەی زانیارییەکانە، ئێمە داوا بکەین هەمان مامەڵە بکرێت لەگەڵ گشتی، بۆیە دەبێت ئەوەمان لەبەرچاو بێت لە باقی یاساکە، هەر ئەساسەن هیچ عیلاقەتی ئەم یاسایە بە موئەسەساتی تایبەت نەبێت، ئەمە یەك.

دوو/ پێویستە دەستەی گشتی دانەیەك لە بەڵگەنامەی داواکراو پێشکەش بە داواکار بکات، یەعنی وا بە ڕەهایی هاتووە، هەندێك بەڵگە هەیە ئێستا دێینە ناو ناوەڕۆکی یاساکەو، ئەگەر بزانین لە جێ بەجێ کردنە، هەندێك زانیاری هەیە بۆت هەیە بیانبینی، هەندێکیان هەیە بۆت هەیە وێنەیەکت لا بێت، هەندێکیان هەیە بۆت هەیە بڵاوی بکەیتەوە، بۆیە ئەمە هەر وا بە ڕەهایی هاتووە، یەعنی ناچاری بکەین

دانەیەکی بداتێ، بەبێ ئەوەی باسی ئەوە بکەین، ئایا بۆ بلاّو کردنەوەیە، یان بۆ زانیاری خۆیەتی؟ ئایا ئەو زانیارییانە، یان ئەو بەڵگەیە تەصنیف کراوە دەتوانی کۆپی بدەیتێ، یان نا؟ من تەسەور دەکەم تۆزێك وردەکاری پێویستە. بڕگەی (د) لە دووەم، ئەو سزایانەی ئاراستەی فەرمانبەرو سەرپێچکارانی کراوەو هۆیەکانی، بەپێی ئەم یاسایانەی من تەماشام کرد، ئەمە یەکێکە لەو جۆرە زانیاریانەی کە دەبێت نەدرێت، یەعنی من دەڵێم ئەوە جێگای ئێرە نەبێت، چونکە بەپێچەوانەی مافی مرۆڤە، ئەو سزایە ئیدارییانەی کە دەدرێت لەنێوان ئەو فەرمانبەرانە، لەوانەیە سەرۆکەکەی شاردراوە، من لەو دامودەزگایە سزا درام لەبەر هەر هۆیەك بێت، ئەم دەزگایەم بەجێهێشت و چوومە هەر جێگایەکی تر، ئەوە غەدرم لێ دەکرێت لە رێگای بلاّو کردنەوەی ئەو سزایە ئیدارییانەی من وەرمگرتووە لەو دەزگایە رێگای دۆزینەوەی هەلی کار لە جێگایەکی تر تەسك دەکرێت، یەکێکە لە پاراستنی تایبەتمەندی مرۆڤ، بۆیە تکاتان لێ دەکەم لە هاوبەشەکان بیری لێ بکەن، دەبێت بە پێچەوانەوە بچێتە ئیستیسنائات، چونکە خەڵك خصوصیەتەو زەرەر دەگەیەنێتە ئەو تاکە لە رێگای بلاّو بوونەوەی ئەم زانیارییانە. لە بڕگەی (و) جارێکی تر بە رەهایی ئەو سکالآیانەی پێشکەش کراون و، ئەو رێکارانەی وەریگرتوون سەبارەت بەم مەسەلەیە، هەندێکیان رەنگە لە تەحقیق بێت، هەندێکیان جارێکی تر مەسائیلی شەخصی تێدایە، بۆیە ئەمەش بە عمومی هاتووە. لە بڕگەی (ح) وەسف کردنی دەسەلآتی بەرپرسان و ئەرك.........، وەکو من دەزانم ناوەکەم لەبیر نییە، هیوادارام ئەوانەی خیبرەی ئیداریان هەبێت پێم بڵێن، شتێك لە هەر وەزارەتێك، لەهەر ئیدارەیەك وابزانم پێی دەڵێن وەسفی وەزیفی، تەوزیفی وەزیفی، واتا ئەمە شتێکە نەك رۆژانەو دەبێت لە هەموو راپۆرتێکدا هەبێت، یەکجار لە وەزارەت دەردەچێت و وەسفی وەزیفە، بەڕێوەبەری گشتی دیوان ئەمە ئەرکەکانیەتی، ئەمە وازیحە، یەعنی داعی نییە بلاّوی بکاتەوە، ئەوە هەیە دەبێت دابینی بکات و حەلێکی بۆ بدۆزنەوە لە هەر راپۆرتێکی دەوریدا داعی نییە ئەم شتانە بگوترێت، چونکە گۆڕانکاری لێ ناکرێت، مەسەلەی راگەیاندنی موڵك و سامان کە دەیانەوێت بیفرۆشن، من تێ ناگەم، خۆی مەساری خۆی هەیە، ئیعلان دەکرێت لە رۆژنامەکان، بۆ جارێکی تر لە راپۆرتێکی نادەوری بلاّو بکرێتەوە.

چوارەم/ من هەر تێ ناگەم لە رووی عەمەلی چۆن جێ بەجێ دەکرێت، ئەگەر دەستە گشتیەکە مایەوە، چونکە زۆربەی زۆری رەئیەکان لەگەڵ ئەوە بوو دەستەی گشتی نەمێنێت، بەلاّم ئەگەر ئەو دەستە گشتیە مایەوە دەبێت هۆڵێکی هەبێت بە قەد هۆڵی یاریگای فوتبۆل، چونکە هەر هاوولاّتیەك ویستی بچێت لە دانیشتنەکە بەشدار بێت لە رووی ماتماتیکەوە لەوانەیە لە یەك کۆبوونەوە (10) هەزار، یان (20) هەزار، یان (30) هەزاریش داوا بکەن بچن دانیشن، واتا عەمەلیەن ئەمە مەعقول نییە،ئەمە یەك.

دوو/ بەڕاستی نازانم ئەوانە لەسەر چ ئەساسێك بچن لە کۆبوونەوەی دائیرەیەك دابنیشن، ئەمە دەرچوو لە ئیتیلاّع و ئەوانە، بۆ من تەسەور دەکەم ئەمە هیچ عیلاقەی بە وەرگرتن و گەیشتن بە زانیاریەکان نییە، زۆر سوپاس.

**بەڕێز د.ارسلان بایز اسماعیل/سەرۆکی پەرلەمان:**

زۆر سوپاس، كاك فاضل فەرموو.

**بەڕێز فاضل محمد قادر(بەشارەتی):**

**بەڕێزسەرۆكی پەرلەمان.**

زۆر سوپاس، كاك عبدالسلام ئیشارەتی پێدا، تەنها مولاحەزەم لەسەر خاڵی چوارەم هەبوو، هیچ قسە ناكەم.

**بەڕێز د.ارسلان بایز اسماعیل/سەرۆكی پەرلەمان:**

زۆر سوپاس، ناسك خان فەرموو.

**بەڕێز ناسك توفیق عبدالكریم:**

**بەڕێزسەرۆكی پەرلەمان.**

ئەگەر یەك تۆز بە وردی سەیری ئەم یاسایە بكەین، لە ماددەی یەكەمدا دەستەی گشتی و دەستەی تایبەت وا پێناسە كراوە، كە دەستەی گشتی ئەوەیە ئێمە پێی دەڵێین كەرتی گشتی، یەعنی لە وەزارەتەوە هەتا هەر بەڕێوەبەرایەتیەك كە پەیوەندی بە حكومەتەوە هەیە لەم یاسایە لە ماددەی یەكەم خستۆتیە ژێر بابی دەستەی گشتی، لەبەر ئەوە ئێستا كە دێیت باسی دەستەی گشتی دەكەیت، بەپێی پێناسەكە قەصدمان وەزارەتە، یان هەر بەڕێوەبەرایەتیە، یان هەر شوێنێك كە پەیوەندی بە كەرتی گشتیەوە هەبێت، بۆیە من پێم باشە بۆ ئەوەی ئەو تێكەڵیە دروست نەبێت، چونكە هەستم كرد لە قسەكانی كاك عبدالسلامیشدا دەركەوت كە تێكەڵیەك هەیە لەنێوان دەستەی گشتی و دەستەی ناو دەزگاكە، ئەم یاسایە باسی دەزگایەك دەكات، ئەوەیە كە هەموومان دەڵێین ئەم دەزگایە نەمێنێت، لەناو دەزگاكە دەستەیەك هەیە، ئێستا تێكەڵیەك دروست دەبێت لەنێوان ئەو دەستەیەی سەر بە دەزگاكەیە لەگەڵ ئەم دەستە گشتیەی كە لێرە ناو براوە بە دەستەی گشتی، كە مەفروزە ئێمە لە عورفی خۆماندا كەرتی گشتی بەكار دەهێنین، لەوێ كەرتی تایبەت، كەرتی گشتی یەعنی وەزارەت و هەر شتێك لەلایەن حكومەتەوە دەعم بكرێت، بۆیە ئەمە تەرحی یەكەممە، ئەم یاسایە ئایا دەزگا ئیقرار دەكەین، یان نا؟ لەبەر ئەوەی ئێمە راهاتووین لەسەر ئەوەی دەستەی گشتی یەعنی كەرتی گشتی هەر ئەوە بەكار بێنین، بۆ ئەوەی ئەو ئیلتیباسەمان بۆ دروست نەبێت، كە ئێستا دەڵێت دەبێت ئامادە بێت هەر دەستەیەك كە دەیەوێت، هاووڵاتی بیەوێت شتێك داواكاری بكات، ئەمە ئەو دەستەیە نییە كە دەزگاكە قسەی لەسەر دەكات، باس لەو دەستانە دەكات، باس لەو دەوائیرو وەزارەتانە دەكات، كە عایدی حكومەتن، بۆیە ئەمە پێشنیاری یەكەممە، كە ئەو دوو شتە تێكەڵە جیا بكرێنەوە، دەستەی گشتی و دەستەی تایبەت بكەینەوە بە كەرتی گشتی و كەرتی تایبەت، بۆ ئەوەی لەگەڵ ئەو دەستەیەی كە پەیوەندی بە دەزگاكەوە هەیە تێكەڵ نەبێت، ئەوە یەك. دوو/ كە هاتووین باس لە دەستەی گشتی دەكەین لە بڕگەی دووەمدا، دەڵێت دەستەی گشتی هەر شەش مانگ جارێك، ئەمە یەعنی قەصدی ئەوەیە بەپێی پێناسەی ماددەی یەكەم وەزارەت بێت، بەڕێوەبەرایەتی بێت، دەبێت هەموو شەش مانگ جارێك راپۆرتێكی وا تەقدیم بكات، باشە ئەی بۆچی هاتووین لە سێیەمدا دەڵێین هەروەها وەزارەتەكان، خۆ هەر دەستە گشتیەكە لە پێناسەكەی یەكەمدا دەڵێت وەزارەت و بەڕێوەبەرایەتیە

گشتیەکان، لەبەر ئەوە بەڕاستی ئەم ماددەیە زۆر گرنگەو جەوهەری یاساکەیە لەگەڵ تەسبیت کردنی، بەڵام بە مەرجێك ئەو دەستە گشتی و تایبەتیە یەکەم/ ئیعادەی صیاغەی بکرێتەوە، پێناسەکەی بگۆڕین، چونکە تێکەڵ بووە لەگەڵ دەستەی دەزگاکە، ئایا بمێنێت، یان نەمێنێت؟ دووەم/ ئەگەر دەستە گشتیەکە مەبەستمان لێی بەپێی پێناسەکە بێت، ئەوە لە بڕگەی سێیەم پێویست ناکات، چونکە وەزارەتەکان هەر دەچێتەوە ژێر پێناسەی دەستەو، سوپاس.

**بەڕێز د.ارسلان بایز اسماعیل/ سەرۆکی پەرلەمان:**

زۆر سوپاس، کاك شڤان فەرموو.

**بەڕێز شڤان احمد عبدالقادر:**

**بەڕێزسەرۆکی پەرلەمان.**

لە ماددەی شەشەم من هاوڕام لەگەڵ ئەوەی کە هاتووە هەر کەسێك بکرێت بە هەموو هاوولاتیەك، بەلام زۆر بە موتڵەقی هاتووە، لە ماددەی پێشتریش هەمان قسەم کرد، هەموو کەسێك بە موتڵەقی دەکرێتن هەر کەسێکی سەرجادە کە هیچ مەعنی نییە بەو داواکارییەی دەکات لە وەزارەتێك، یان لە کەرتێکی گشتی دەکات، یان لە کەرتێکی تایبەتی دەکات، بۆیە من پێم باشە ئەگەر مانایەکی دەقیقیشی نەبێت هەر مەعنی (هەر کەسێك مەعنی بێت)، ئیزافە بکرێت ئەم مەعنیە زۆر گرنگە، تا موشاغەلەی دەزگاکانی خۆمان نەکەین، چ کەرتی تایبەت بێت، چ کەرتی گشتی بێت، وەکو گوتم هەر لە بابی فزولیەتیش دەکرێت موشاغەلەیان بکەیت، ئەمە خاڵی یەکەم. پێشتر کاك عبدالسلام و خوشکە ناسکیش ئیشارەتیان پێ کرد، حەقیقەت ئەم دەستەیە، دەستەی گشتی لەگەڵ کەرتی گشتی خودی ئەوەی کە موناقەشەمان لەسەری بمێنێت، یان نەمێنێت، تێکەڵیەکی دروست کردووە، بۆیە دەستەی گشتی ئەگەر مایەوە ناوەکەی بە کەرتی گشتی بێت، کەرتی تایبەتی دەستە نییە، کەرتە، قیتاعی خاص و قیتاعی عام بە عەرەبی، بۆ ئەوەی ئەم تێکەڵیە دروست نەکات، چونکە تێکەڵیەکی دروست کردووە لەگەڵ ئەوە. بە عام ئەم ماددەیە، ماددەیەکی زۆر گرنگە، بەڵام صیاغەکانی زۆر ڕەکیکن، یەعنی هەندێك جار دەبینی مانای ناداتن، بۆیە من داوا دەکەم لە صیاغەکان پێداچوونەوەیەکی دەقیق بکرێت و صیاغەکەی زیاتر یاسایی بێت، من هەر چەند خاڵێکم لەوانە دیار کردووە، بەس بە عام ڕەکیکە، پێوە دیارە. لە خاڵی دووەم بڕگەی (ز، ح) من بە پێویستی نابینم، حەقیقەتەن ئەمە لە خودی یاساکاندا هاتووە، مەسەلەن یاسای وەزارەتی فلانی وەسفی کردووە ئەم مودیریەتە عامە، یان ئەم مودیریە چیە، سەلاحیەتی چیە، پێکهاتەکەی چیە، تەشکیلەکەی چیە؟ ئەمە پێویست ناکات، یەعنی شتێکی ئیزافیە، بۆیە یاسا ئەگەر چەند پوختەو کورت بێت پێویستی بە پوختەیی و کورتی یاسا هەیە. لە خاڵی چوارەم، ئەمە زەروری نییە، هیچ پێویستیەك ناکات ئەم خاڵە بمێنێت، زۆر سوپاس.

**بەڕێز د.ارسلان بایز اسماعیل/سەرۆکی پەرلەمان:**

زۆر سوپاس، مامۆستا کاوە فەرموو.

**بەڕێز كاوە محمد امین:**

**بەڕێزسەرۆكی پەرلەمان.**

من تێبینیم لەسەر بڕگەی دووەم هەیە لە ماددەی شەشەم، (پێویستە هەموو دەستەیەكی گشتی هەر شەش مانگ ڕاپۆرتێك بەهەموو هۆیەكانی بلاّو كردنەوەی بلاّوبكاتەوە تێیدا روون بكرێتەوە)، تۆزێك نا روونییە، چونكە وەكو ئەوەیە فەقەرەیەكی تایبەت بێت بە (أ و ب و ج...)، بۆیە پێم باشە وا صیاغە بكرێتەوە (پێویستە هەموو دەستەیەكی گشتی هەر شەش مانگ ڕاپۆرتێك لە هەموو هۆیەكانی بلاّو كردنەوە بلاّوبكاتەوە ئەمانەشی تێیدا روون بكرێتەوە)، ئەو كاتە رەبتێك دروست دەبێت لەگەڵ خاڵەكانی تر فەرعینە لە خوارەوە (أ و ب و ج..........). هەروەها بڕگەی چوارەم و ئەخیر، برادەران ئیشارەتیان پێدا، بەڕاستی منیش زۆر بە زیادی دەزانم، لەبەر ئەوەی ئەگەر هاوولاّتیەك داواكانی جێ بەجێ نەكرا لە ماددەی پێنج و شەش، لە بڕگەكانی شەشەم هەموو مافەكانی تێدا دابین كراوە، بۆیە خاڵی چوارەم بە زیاد دەزانم كە هەر هاوولاّتیەك مافی ئەوەی هەیە لە كۆبوونەوەكانی دەستەی گشتی هەرێمدا ئامادە بێت، زۆر سوپاس.

**بەڕێز د.ارسلان بایز اسماعیل/سەرۆكی پەرلەمان:**

زۆر سوپاس، سیوەیل خان فەرموو.

**بەڕێز سیوەیل عثمان احمد:**

**بەڕێزسەرۆكی پەرلەمان.**

بەنیسبەت ماددەی شەشەم، یەكەم ئەگەر بنووسرێت (یحق لكل شخص ان یقدم) نەك (لكل شخص)، ئەوە تێبینیەكی بچووكە لەسەر ئەوە.

بەنیسبەت (أ و ب)مان هەیە لە یەكەم، لە (أ) نووسراوە (یؤخذ بنظر الاعتبار فیما اذا كانت الوثیقة المحتویة على المعلومات المطلوبة موجودة لدى الهیئة ام لا).

بە (ب) دووبارەی كردۆتەوە لە كۆتاییەكەی نووسراوە (على الهیئة العامة تقدیم نسخة من الوثیقة المطلوبة الى طالبها)، واتا لە (الى طالبها) كۆتایی پێ بێت، نەك (فیما اذا كانت الوثیقة بحوزتها)، چونكە لە فەقەرەی (أ) نووسراوە (فیما اذا كانت الوثیقة) با بڵێین (نعم او لا)یە، نووسراوە (لدى الهیئة ام لا)، واتا ئەوە زیادەیە، دووبارەیە.

لە دووەم/ ج نووسراوە (المشاریع التي تنجزها بالتفصیل، والمشاریع المؤمل انجازها)، مادام لە دووەم/ ج نووسراوە، واتا لە سێیەم تەفسیلەكەی داوە، پێویست بە تەفسیل ناكات، هەر مەشروعێك ئەگەر هەر شتێك بێت، وەزارەت بێت، دائیرە بێت، بە مەزادی عەلەنی شت بفرۆشێت، واتا مەزاد عەلەنییە هاوولاّتیان تێدا بەشدار دەبن، پێویست بە تەفاسیلەكەی ناكات، چونكە بۆ خۆی ڕێنمایی هەیە. چوارەمیش، پەیوەندی بە

سێیەمەوە هەیە، ئەگەر ئەویش لابرێت، واتا خاڵی سێیەم و چوارەم لابرێت باشترە، چونکە لە فەقەرەی دووەم/ ج هاتووە، ئەگەر چوارەم بمێنێت دەڵێت (لكل مواطن الحق في حضور اجتماعات الهيئة العامة)، ئەوەش هاوكارم كاك عبدالسلام گوتی دەبێت لە مەلعەبێكی گەورە دابنیشن كۆببوونەوە بكەن، كەسیش لە كەس ناگات. بەنیسبەت (ح) لە دووەم، یەك شتم هەیە (وصفاً بصلاحيات مسؤولي الهيئة و واجباتها)، صیاغەكەی رەكیكەو مانا نادات، ئەگەر دووبارە صیاغە بكرێتەوە زۆر باشە، سوپاس.

**بەڕێز د.ارسلان بایز اسماعیل/ سەرۆكی پەرلەمان:**

زۆر سوپاس، كاك دڵشاد فەرموو.

**بەڕێز دڵشاد حسین قادر:**

**بەڕێزسەرۆكی پەرلەمان.**

لە ماددەی شەشەم/ یەكەم (هەموو كەسێك بۆی هەیە تەڵەبێك پێشكەش بكات)، بەڵام ئەم تەڵەبە وازیح نییە بە چ ڕێگایەك پێشكەش دەكات، راستە لە ماددەكانی داهاتوودا ئەو كەسانەی خوێندەواریان نییە ڕێگایەكیان بۆ دانراوە، بەڵام ئێستا لەبەر ئەوەی دنیا پێشكەوتووەو وەسائیلی ئیتیصال زۆر زۆرە، بۆیە پێم باشە ئەم بڕگەیە وای لێ بكرێت (هەموو كەسێك بە هەموو ڕێگایەكی ئیتصالات و شەفەهی و نووسراو داوایەك پێشكەش بكات بۆ بەدەستهێنانی زانیاری).

دووەم/ من پشتگیری رەئیەكەی لیلی خان دەكەم، هەموو هەیئەیەكی عام بانكێكی مەعلومات هەبێت، راپۆرتیساڵی و نیو ساڵی و مانگی و رۆژانەی تیا بلاّو بكاتەوە، پاشان راپۆرتێكی نیو مانگی لە هەموو راگەیاندنەكان بلاّو بكاتەوە، چونكە وەزارەتێك، یان بەڕێوەبەرایەتیەك شەش مانگ جارێك تۆ چاوەڕێ بكەیت تا راپۆرتەكانی خۆیان بلاّو دەكەنەوە، لەو شەش مانگە رەنگە حاڵەتی تر بێتە پێشەوە، پرۆژەی تر جێ بەجێ بكەن، بۆیە پێموایە بانكی مەعلومات پێویستە بۆ هەموو هەیئە عامەكان كە راپۆرتی رۆژانەو سەنەوی و مانگانەی تێدا بێت، لەگەڵ راپۆرتە شەش مانگەكەی شەش مانگ جارێك، دەبێت وازیح بێت، هەیئەی عامە مەبەست هەموو ئەنجومەنی تەنفیزی و تەشریعی و دادگایی هەموو دەزگاكانی حكومەتە.

بەنیسبەت بڕگەی (د)، كە هەندێك را پێی وایە ئەو سزایانەی بۆ فەرمانبەرەكە باش نییە، ئەوە ناچێتە خانەی مەلەفی شەخصیەوە، ئەوە دەڕواتە ئەو شوێنانەی كە فەرمانبەرێك غەدری لێ دەكرێت، رەنگە بە سزای سیاسی سزا بدرێت، بۆ ئەوەی ئەگەر روون بكرێتەوە لەسەر چ ئەسبابێك سزا دراوە، ئێمە لەو وەزارەتە تێ دەگەین كە چۆن سزای ئەو فەرمانبەرەی داوە كە موخالەفەی كردووە، زۆر سوپاس.

**بەڕێز د.ارسلان بایز اسماعیل/ سەرۆكی پەرلەمان:**

زۆر سوپاس، ڤیان خان فەرموو.

**بەڕێز ڤیان عبدالرحیم عبدالله:**

**بەڕێزسەرۆكی پەرلەمان.**

بەنیسبەت ماددەی شەشەم لە بڕگەی یەکەم دەڵێت (هەموو کەسێك ماڧ ئەوەی هەیە داوا پێشکەش بکات بۆ بەدەست خستنی زانیاری)، من پێشنیار دەکەم کە ئەو دوو بڕگەی (أ و ب)یە، چونکە ئەگەر تۆ تێبینی بکەیت و بیخوێنیتەوە لەوێ ڕێگرییەکی داناوە بەشێوەیەکی لاستیکی، کە تۆ ناتوانیت بە ئاسانی بگەیتە سەرچاوەی ئەو ماف و زانیاریانەی کە داوات کردووە، ئێمە دەبێت ئەوە لەلامان روون بێت، کە هەموو کەسێك ماڧ ئەوەی هەبێت، کە داوا پێشکەش بکات بۆ بینینی هەر بەڵگەیەك، یان بینینی هەر دۆکیۆمێنتێك، کەواتە دەبێت ئەوەشمان لەبەرچاو روون بێت، کە ئێمە سەرچاوە، یاخود دەتوانم بڵێم پێگەی سەرجەم دەسەڵاتەکان لە هەرێمی کوردستان بە یاسادانان و دەسەڵاتی جێ بەجێ کردن و دادوەرییەوە خەڵکە، کەواتە دەبێت ئێمە ئەوە لەبەرچاو بگرین، کە خەڵکیش ماڧ رەوای خۆیەتی لەسەرجەم ئەو بڕیارو کارو ئەو مەهامانەی لەلایەن ئەم وەزارەتانەوە، یاخود ئەم دامەزراوانەوە بەڕێوە دەچن، لەبەر ئەوەی سەرچاوەکانیان، پێگەکانیان، خەڵکە، کەواتە خەڵکیش راستەوخۆ ئەو مافەی هەیە دەستی بگات بەو دکیۆمێنت و ئەو زانیاریانەی کە پێویستە. بەنیسبەت ئەو کۆمەڵ و رێکخراوانە جارێکی تر، ئەگەر ئێمە بڕوامان بە بوونی سیستەمی دیموکراسیە لە هەرێمی کوردستان، کەواتە بوونی ئەم سەندیکاو رێکخراو و کۆمەلانە، کەواتە رێگەی کارکردنیان پێ دراوە، کە رێگەی کاری پێ درا بێت، کەواتە نوێنەرایەتی چینێك، یاخود توێژێك دەکەن لە کۆمەڵگادا، بۆیە جارێکی تر ئەوانیش بە هەمان شێوە، یاخود ئەم خەڵکانە، ئەم توێژانەی کە لەم سەندیکایانە کار دەکەن ماڧ ئەوەیان هەیە بە ئاسانی بەدەستیان بگات بە سەرجەم ئەو کارو مەهامانەی لەو دەزگایانە، یاخود لەو دەستە گشتیانەی لە هەرێمی کوردستاندا دەکرێت، بۆیە من پێشنیار دەکەم ئەو دوو بڕگەیە زۆر مەتاتیە، چونکە تۆ لە سەرەوە کە دەڵێیت داوا پێشکەش دەکات، بەڵام بەو دوو بڕگەیە تۆ کۆت و بەندت کردووە، بەشێوەیەکی مەتاتی بەندت داناوە بۆ گەیشتن بە سەرچاوەی ئەو زانیاریانەی ئەو کەسە داوا دەکات، زۆر سوپاس.

**بەڕێز د.ارسلان بایز اسماعیل/سەرۆکی پەرلەمان:**

زۆر سوپاس، پەروین خان فەرموو.

**بەڕێز پەروین عبدالرحمن عبدالله:**

**بەڕێزسەرۆکی پەرلەمان.**

منیش هاوڕام لەگەڵ ڤیان خان، دیارە خاڵی یەکەم لە بڕگەی (أ و ب) زەخت کراوەتە سەر بڕگەکە، بۆ ئەوەی زانیاری نەدرێت. بەنیسبەت خاڵی دووەم، دیارە رێکخستنەوەی زۆر نارێکە، بۆیە من پێشنیار دەکەم لە بڕگەی (ج) لە خاڵی دووەم بکرێت بە (دوورو درێژی وردەکاری ئەو پرۆژانەی کە ئەنجامیان دەدات) وای لێ بکرێت. هەروەها بەنیسبەت بڕگەی (ه)، پێویست بەو بڕگەیە ناکات، چونکە دەستە بۆ خۆی هەر شەش مانگ جارێك راپۆرتێك رەفع دەکات و وردەکاریەکانی تێدا روون دەکاتەوە. بەنیسبەت بڕگەی (و)، من پێم باشە وای لێ بکرێت (بلاَو کردنەوەی خشتەی سکالای هاوولاَتیان لەو ماوەیەدا ئەو کارە یاسایانەی لەسەری کراوە). بەنیسبەت بڕگەی (ز)، پێویست ناکات وەسفی پەیکەر بکات، لەبەر ئەوەی پەیکەر بۆ یەك جار

دادەڕژێ، بۆ خۆشی بۆ یەكجار دادەڕژێ و دەبێتە شەش مانگ جارێك راپۆرتەكە رەفع دەكات پێویست بەو وەسف كردنە ناكات، وەسف كردنی دەسەلأتەكان دیارە لەیاساكەدا دیاری كراوە وەكو وەزیرو محافزو سەرۆكی هەبووە، بۆیە پێویست ناكات بە وەسف دەسەلأتی بەرپرسان بكات. بەنیسبەت خاڵی سێیەم، لێرە دەستەكە هەر بە قانونی ئیجاری ئەموالی دەوڵەت دەكات، یاخود بە قانون عامەی مقاولات؟ لەبەر ئەوەی لە خاڵی (أ) كار بە قانونی عامی مقاولات دەكات، لە خاڵی (ب) كار بە قانونی بیعی ئیجاری ئەموالی دەوڵەت دەكات، بەنیسبەت خاڵی چوارەم وەكو هاوكارانم هاوڕام كە پێویست بەو خاڵە ناكات، زۆر سوپاس.

**بەڕێز د.ارسلان بایز اسماعیل/سەرۆكی پەرلەمان:**

زۆر سوپاس، كاك جەمال فەرمووو.

**بەڕێز جمال طاهر ابراهیم:**

**بەڕێزسەرۆكی پەرلەمان.**

ئەگەر بێتو بێین سەیری ئەم ماددەیە بە گشتی بكەین، ئێمە وا دەبینین وەك مەجموعە رێنماییەك دانراوە، كە هەموو دەرگاكان لە كوردستان داخراوە بەرامبەر پێدانی زانیاری، بەلأم بە پێچەوانەوە شتێكی ترە، وا نییە، زۆربەی ئەوەی لێرە باسی لەسەر كرا لەناو هەیكەلیەتی موئەسەسات، لەناو یاساكاندا هەیە، لەناو رێنماییەكاندا هەیە، بۆیە من دەبینم زۆربەی ئەمانە دووبارەن، پێویستی بە دووبارە داڕشتنەوەیان هەیە. سەبارەت بە خاڵی یەكەم، من پێشنیار دەكەم بڕگەی (أ و ب) بكرێت بە یەك خاڵ، بڵێین (لكل شخص ان یقدم طلباً الى الهیئات العامة)، ئەگەر ماوەش (الخاصة) پێویست بوو، (للحصول على المعلومات وفق احكام هذا القانون وتوفر الوثیقة المحتویة على المعلومات المطلوبة من عدمها لدى الهیئة)، ئەمە خاڵی یەكەم.

فەقەرەی دووەم لە خاڵی (د- العقوبات الموجهة الى موظفیها من المخالفین واسبابها). بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان، ئەوە قانونی ژمارە (14)ی ساڵی 1991 قانونی ئینزیبات، سەرۆكی دائیرە، یان سەرۆكی موئەسەسە عقوبە نادات ئیلا ئیشارەی نەصێك بكات، بڵێتن (استناداً الى المادە) ئەوەندە، یان فەقەرە ئەوەندە، عقوبەمان بەم كەسەدا، هەندێك شت هەیە لەوانەیە ئاشكرا كردنی ئەسباب تەعاروز لەگەڵ عادات و تەقالیدی ئەم كۆمەڵە دەكات، لەوانەیە كێشەی كۆمەلأیەتی بەسەردا بێتن، بۆیە ئەسبابەكان پێویست ناكات، یان هەر ئەو ماددەیە بمێنێت، ئەو فەقەرەیە بمێنێت. سەبارەت بە بڕگەی (ز، ح)، لە هەیكەلیەتی موئەسەسات هەیە، هەر موئەسەسەیەك هەیكەلیەتی خۆی هەیە، ئەقسام و پێكهاتەكانی هەیە، هەر وەزیفەیەك دەلیلێك هەیە، تەحلیل و تەوصیفی وەزایف پێش ئێستا كراوە، داعی نییە هەموو جار بێتن دووبارە بیكەنەوە.

خاڵی سێیەم/(أ- المشاریع التي تقوم بها الوزارة)، ئەوە مەوزوعی مقاولات و عقود قانون و قەوانینی پێ هەنە، تەعمیم كراوەو مقاول ئیش پێ دەكاتن، دەوائیری ئیش پێ دەكات، موئەسەسات ئیشی پێ دەكەن.

(ب- الاعلان عن املاك وثروات الوزارة)، ئەوە قانونی ژمارە (32)ی ساڵی 1986 (بيع وايجار اموال الدولة المنقولة وغير المنقولة)، چەند رۆژ پێش ئەوە ئیعلان دەکرێت، لە چەند جەریدە ئیعلان دەکرێت، لیژنە هەیە، تەحلیل هەیە، داعی نییە ئێمە جارێکی تر بێین دووبارە ئەو بابەتانە دووبارە بکەینەوە.
(رابعاً/ لكل مواطن الحق في حضور اجتماعات الهيئة)، بۆچ حازر دەبێت؟ چی دەکاتن؟ بۆ تەصویت دان، بۆ گوێگرتن، یەعنی بەڕاستی ئەو ماددەیە زۆر مەتاتیاتی تێدا هەیەو چوویتە ناو بابەتێك ئەسڵەن پەیوەندی بە یاسا نییەو شتێك ئێمە دەیکەین لەسەر ئەساسی ئەوەی هیچ نەبووە، ئەمە تازە سەرەتاییەکە بۆ بەدەستهێنانی زانیاری، بەڵام بە پێچەوانەوە من وا نابینم، زۆر سوپاس.

**بەڕێز د.ارسلان بایز اسماعیل/سەرۆکی پەرلەمان:**

زۆر سوپاس، کاك جەلال فەرموو.

**بەڕێز جلال علی عبدالله:**

**بەڕێزسەرۆکی پەرلەمان.**

وێڕای پشتگیری کردنم لە قسەکانی کاك جەمال، کە بەڕاستی کەسێك بووە، بەرپرس بووە، ئاگاداری زۆر شتی هەیە، ئەم تێبینیانەشم هەیە، پشتگیری مامۆستا فرمان دەکەم کە دەڵێت مواتن بکرێت بە مواتنی کوردستان، چونکە کە تۆ گوتت مواتن لە بەسرەو فاوەوە دەیگرێتەوە تا زاخۆ، مواتنی کوردستان شتێکی باشە، لەو مولاحەزاتانەی کە هەمە لەسەر یەکەم کە لە هینی رۆشنبیری و گەیاندندا باسیان کردووە (أو ب) ئەوانە هەموو دائیرەیەك وەکو چالاکی.

**بەڕێز د.ارسلان بایز اسماعیل/سەرۆکی پەرلەمان.**

**خوشك و برایانی ئەندام پەرلەمان.**

هەموو فەرمانگەیەك، هەموو وەزارەتێك چالاکی خۆی سێ مانگە، شەش مانگە جێ بەجێ دەکات، ئینجا هەر فەرمانگەو مەسەلەن حیسابات و ئیدارە لە هی تەشغیلیدا، ئەوانەی لە مودیریەتەکان، هی ئیستیسماری دەیکات، ئەوە شتێکە بەڕاستی تەحدید کراوەو جێ بەجێ کراوە، بەڵام ئەمە دووبارەو سێ بارەیە، کە تۆ دەستکاری دەکەیت و پێی دەڵێیتەوە، پێگوتنەوەکەش زیادەیە، تەقریبەن یاساکە تەوازونی تێك دەچێت، لە تەعلیمات ئێمە هەموو ساڵێك لەم پەرلەماندا، لە هەموو خولێك وەزارەتەکان قانونەکەیان دێتە ئێرە، یان دەستکاری دەکرێت، یان هەموار دەکرێتەوە، لەو یاسایانەی وەزارەتەکان، یان دەزگاکان بەرنامەی کاریان هەیە، ئەمەی لەو چەند خاڵەدا هاتووە بەڕاستی زیادەیە، من تەئیدی خوشکە لیلی دەکەم بانکی مەعلومات گرنگە هەبێت، زۆر لەو شتانەی کە لێرەدا هاتووە ئەو بانکی مەعلوماتە حەلی دەکات، زۆر سوپاس.

**بەڕێز د.ارسلان بایز اسماعیل/سەرۆکی پەرلەمان:**

زۆر سوپاس، هاژە خان فەرموو.

**بەڕێز هاژە سلیمان مصطفی:**

**بەڕێزسەرۆكی پەرلەمان.**

دەربارەی ماددەی شەشەم، منیش لەگەڵ هاوكارانم هاوڕام بەوەی كە كەس بكرێتە هاووڵاتی، چونكە لە پێشتریش باس كراوە، ئەوە پەیوەندی بە ئەوە هەیە كە هاووڵاتی جیاوازی هەیە لەگەڵ كەس، هەر كەسێك بێت زانیاری وەربگرێت، من پێموایە ئەوە مەترسی دەبێت بۆ سەر ئەمنی قەومی و پاراستنی ئەمنیەتی هەرێم. دەربارەی خاڵی دووەم، لەڕاستیدا تێكەلاوی هەیە لە بڕگەی دووەمدا، ئەویش ئەوەیە دەڵێت پێویستە هەموو دەستەیەكی گشتی، ئێمە ئەگەر باس لە دەستەی گشتی دەكەین، ئەگەر داوا كرا لەلایەن چەندین ئەندامانی پەرلەمان كە دەستە نەبێت، لەلایەكی تریش هەموو دەستەیەكی گشتی، واتا ئێمە لێرە لەیاساكە فەرز دەكەین لەسەر دەستەكانی تریش، من پێموایە لە هەموو دەستەكان، كە ئێمە موناقەشەمان كردووەو یاساكانیان دەرچووە، لەوێ تەسبیت كراوە كە دەبێت دەستەكان راپۆرتی شەش مانگیان هەبێت، یان ساڵی دوو جار راپۆرتی خۆیان هەبێت، بۆیە ناكرێت ئێمە لەناو ئەو یاسایەدا فەرز بكەین بەسەر دەستەكانی تریش، هەموو دەستەكان راپۆرتیان دەبێت، چونكە لەوێ تەسبیت كراوە. دەربارەی خاڵی (ز، ه) بە هەمان شێوە هاوكارانم باسیان كرد، من پێموایە ئەوە پەیوەندی بە هەیكەلی ئیداری دەستەكەوە هەیە، ئەگەر وەكو دەستە بمێنێتەوەو پێویست ناكات لێرەدا هەبێت. دەربارەی خاڵی چوارەم، لەڕاستیدا من پێموایە دەبێت لابرێت، چونكە پێویست ناكات هاووڵاتی لە كۆبوونەوەكان بەشدار بن، چونكە ئیشی دەستەكە، ئەگەر وەكو دەستە بمێنێتەوە، ئەوەیە كە زانیاری پێشكەش بكات، بۆچی هاووڵاتیان ئامادە بن لە كۆبوونەوەكانیان و، زۆر سوپاس.

**بەڕێز د.ارسلان بایز اسماعیل/ سەرۆكی پەرلەمان:**

زۆر سوپاس، گوڵێزار خان فەرموو.

**بەڕێز گوڵێزار قادر اسماعیل:**

**بەڕێزسەرۆكی پەرلەمان.**

سەبارەت بە ماددەی شەشەم پشتیوانی لە لیژنەی رۆشنبری دەكەم، بەلاًم دەربارەی بڕگەی چوارەم لە ماددەكە، پێم باشە وەكو خۆی بمێنێتەوە، بەلاًم بەلابردنی وشەی هەرێم، واتا بەم شێوەیە بێت: (هەر هاووڵاتیەك مافی ئەوەی هەیە لە كۆبوونەوەكانی دەستەی گشتی ئامادە بێت...........)، چونكە لە ماددەی یەكەمدا دەستەی گشتی پێناسە كراوە، بۆ ئەوەی هاووڵاتی مافی بەشدار بوونی لە هەموو كۆبوونەوەكاندا هەبێت، زۆر سوپاس.

**بەڕێز د.ارسلان بایز اسماعیل/ سەرۆكی پەرلەمان:**

زۆر سوپاس، كاك حەمە سەعید فەرموو.

**بەڕێز حەمە سعید حەمە علی:**

**بەڕێزسەرۆكی پەرلەمان.**

بێگومان وەکو باس کرا ئەم ماددەیە گرنگە، بۆ ئەوەی ئامانجەکانی گەیشتنی زانیاری بێتەدی، پێویست دەکات بەڕاستی ئەو کۆت و بەندانەی، کە هەندێك کۆت و بەند لەبەردەم گەیشتنی زانیاری دانراوە، ئەو کۆت و بەندانە لابرێت، من پێموایە ئەو هەموو کەسە بمێنێتەوە، بەلاَم کوردستانیەکی بۆ زیاد بکرێت، بۆ ئەوەی کەسی مەعنەوی و کەسی سروشتی بگرێتەوە، کە بتوانێت زانیاری دەست بخات. خاڵێکی تر، هەر لە یەکەم/ أ، کە دەڵێت بە لەبەرچاو گرتنی ئەو بەڵگەنامە زانیاریانەی داوا کراوە تێدا لەلای دەستە هەیە، یان نییە، من دەڵێم لای ئەو دەستەیە بکرێت بە دەستەکان، بۆ ئەوەی دەستەی گشتی و دەستەی تایبەتی بگرێتەوە، هەیە، یان نییە، لابرێت، تەبیعی ئەگەر هەبوو لای ئەوە هەیە، ئەگەر نەبوو بە نووسراوێکی رەسمی وەلاَمی دەداتەوە، بۆ ئەوەی تەحەمولی مەسئوولیەتی قانونی بکات، کە زانیاریەکەی لا نییە، ئەو دەستە گشتیە، ئەو دەستە تایبەتیە کاتێك کە دەڵێت لەلام نییە، ئیتر بە شەفەوی نەڵێت لەلام نییە، ئەگەر بمێنێتەوە نەبوونەکە بڵێت بەنووسراوێکی رەسمی وەلاَمی داواکار بداتەوە، بۆ ئەوەی تەحەمولی مەسئوولیەتی قانونی بکات، ئەگەر لەلای هەبێت لە بڕگەی (ب)ش نەمێنێت، پێویستە دەستەی گشتی تایبەتیەکیشی بۆ زیاد بکرێت، چونکە ئێمە هەمیشە لە بڕگەکانی ترو پێشتردا تایبەتمان زیاد کردووە.

دووەم/ پێویستە هەر دەستەیەکی گشتی و تایبەت، ئەویش هەر تایبەتی بۆ زیاد بکرێت، بۆ ئەوەی لەو ئیشکالیەتەی کە کاك عبدالسلام و ناسك خان باسیان کرد، دەستەی گشتی و دەستەی تایبەت دیارە چیە، بەلاَم ئیشکالەکە لە سێیەمدا دروست بووە، کە وەزارەتەکانە، ئەو وەزارەتانەش بگۆڕێت بە دەستەی گشتی و دەستەی تایبەت، کە ئەو وەزارەتەمان گۆڕی، ئیتر لەو ئیشکالیەتەش رزگارمان دەبێت. خاڵێکی تر، لە بڕگەی (ز، ح)دا وەسف کردنی پەیکەری دەستە، دیسان ئەو دەستەیە ئەو ئیشکالە دروست دەکات، ئەگەر بڵێین دەستەکان، ئیتر دیارە، چونکە دەستەکان دەبێت بە مەعریفە، کە مەبەستمان دەستەی گشتی و دەستەی تایبەتە. لە خاڵی سێیەم/ب کە نووسیویەتی راگەیاندن دەربارەی موڵك سامانی ئەو وەزارەتە، ئەو وەزارەتەش نەمێنێت، بۆ ئەوەی هەر ئەو ئیشکالەتەو، ئیتر کە دەڵێی راگەیاندن دەربارەی موڵك و سامانەکان کە دەیانەوێت بیانفرۆشن، دیارە کە دەیانەوێت بیانفرۆشن دەستەکانەو، وەزارەتەکە نەمێنێت، بۆ ئەوەی ئەو ئیشکالە رەفع بێت، زۆر سوپاس.

**بەڕێز د.ارسلان بایز اسماعیل/سەرۆکی پەرلەمان:**

زۆر سوپاس، کوێستان خان فەرموو.

**بەڕێز کوێستان محمد عبداللە:**

**بەڕێزسەرۆکی پەرلەمان.**

من بە تەواوەتی هاوڕام لەگەڵ هاوڕێم کاك عەدنان، کە دەڵێت ئەمە گرنگترین ماددەی یاساکەیە، ئەم ماددەیە روح و بڕبڕەی پشتی یاساکەیە، ئەم شێوازی بلاَو کردنەوەی زانیارییە شەش مانگ، کە من پێموایە وەزیر بێت باشترە، ئەمە شێوازێکی پەیڕەو کراوە لە هەر دەستەیەکی گشتی یان تایبەتی، ئەگەر پەیڕەوی شەفافیەت بکات، بۆیە بە تەواوەتی لەگەڵ ماددەکەم، بەلاَم یەك، دوو تێبینیم هەیە، پشتگیری ئەو رەئیەی

کاك حەمە سەعید دەکەم لە بڕگەی یەکەم/أ، (یان لا)کە لابرێت، یەعنی وا بێت بنووسرێت (ئەوە لەبەرچاو دەگیرێت ئەگەر ئەو بەڵگەنامەیی زانیارییە داواکراوانەی تێدایە لەلای دەستەکان)، ( یان نا)یەکە لابرێت.بڕگەی (ب)ش، ئەگەر (لاییێ) لابرێت، پێموایە ئەمە زیادە. تێبینیەکی ترم هەیە لەسەر خاڵی سێیەم/أ، تەبعەن بڕگەی (أ) زۆر گرنگە بمێنێت، من لەگەڵ ئەوەم هەمووی بمێنێتەوە، بەس دەمەوێت هۆکاری گرنگی سێیەم/أ لەجێ خۆی بمێنێتەوە، ئەوەیە کە بە بەردەوامی رەخنە هەیە لەسەر ئەو زیاد کردن و کەم کردنەوانەی کە وەزارەتەکان بۆ پرۆژەکانی دەکات، کە خەڵك لێی ئاگادار نییە، یان بەشێوەیەکی ناشەفاف بکرێت، یان هەندێك جار دەچێتە بابی گەندەڵیەوە، بۆیە ئەگەر ئەمە شەفاف بێت لەبەردەمی هاووڵاتیان، یەك/ خەڵك پێی دەزانێت، دواتریش کاتێك کە کەمکردنەوەکان ئاشکرا دەکرێت، هاووڵاتیان دەزانن کە چۆن دراوەو رێکارەکانی چیەو چی پەیڕەو دەکرێت. بۆ مەسەلەی خاڵی چوارەم، من لەگەڵ مانەوەیدام، دووبارەی دەکەمەوە لەگەڵ مانەوەی هەموو ماددەکەم، بەس گرنگی مانەوەی خاڵی چوارەم لەوە دایە کە لێرە مەرج نییە هەموو هاووڵاتیەك بچێت بۆ هەموو کۆبوونەوەیەك، ئەوەی مەعنیە دەچێت، یەعنی تۆ بڵێی (400 یان 500) هاووڵاتی بچێت بۆ کۆبوونەوەی وەزارەتێك، نەخێر، ئەوەی مەعنیە دەچێت، رەنگە رۆژنامەنووسان بچن، یان رەنگە رێکخراوێکی کۆمەڵەی مەدەنی کە تایبەتە بە کۆبوونەوەیەك دەچێت، ئەوەش دوای هەندێك رێکاری یاسایی، بۆیە من بە تەواوەتی لەگەڵ ماددەکەم، لەگەڵ ئەوەشم کە هەموو کەسێك بێت، بەوەی کە ئەوە کەسی تەبیعی و مەعنەوی دەگرێتەوە، بۆیە ماددەکە ماددەیەکی زۆر گرنگە، بەڕاستی مانەوەی شەفافیەت و گەیشتنی زانیاری بە هاووڵاتیانە، سوپاس.

**بەڕێز د.ارسلان بایز اسماعیل/سەرۆکی پەرلەمان:**

زۆر سوپاس، کاك قادر ئەحمەد فەرموو.

**بەڕێز قادر احمد سمایل:**

**بەڕێزسەرۆکی پەرلەمان.**

منیش وەك هاوکارانم لە ماددەی شەشەم خاڵی یەکەم، هەموو کەسێك پێموایە دەبێت بکرێتە هەموو هاووڵاتیەك، بڕگەی (أو ب) زۆر لە یەك نزیکە، بەڵام من هەروەکو خۆی یەك، دوو مولاحەزەی لەسەر دەڵێم، (ئەوە لەبەرچاو بگیرێ ئەگەر ئەو بەڵگەنامەیەی زانیاریە داواکراوەکانی تێدایە لەلای دەستەیە یان نا)، ئەمە زۆر مەتاتیەتی تێدایە، ئەو بەڵگەنامەیە لای ئەو دەستەیە یان نا، بۆیە پێم باشە بکرێتە ئەوەی دەستەی گشتی لیستێك لە بەڵگە نامەکان ئاشکرا بکات، لیستێك لە بەڵگەنامەکان لەو مەعلوماتەی لەلایەتی ئاشکرای بکات، تەسەور ناکەم لە هیچ شوێنێکی دنیا هەبێت هەموو بەڵگەنامەیەك هەمووی هەر ئاشکرا بێت، بە دڵنیاییەوە بەشێك لە بەڵگەنامەکان لە دەستە گشتیەکانن، یان لە دەستە تایبەتەکانن، یان لە وەزارەتەکانن، بەشێك لە بەڵگەنامەکان نەوعەن ما نهێنیەکیان تێدا هەیە، بۆیە حەقە ئەو دەستەی گشتی ئەگەر بەڵگەنامەی نهێنیە دیاری بکات، نەك بە حوجەی ئەوەی کە نهێنیە لەوێش نووسراوە لای دەستەیە یان نا بەڵگەنامەکە نەدات، لیستێك لە بەڵگەنامەکان ئاشکرا بکات، ئەگەر یەکێکیش نهێنیەو زیانی بۆ

ئاسایشی نیشتمانی و نەتەوەیی هەیە لە هەر یەکێك لە شوێنە گشتیەکان ئەم دەستەیە دیاری بکات، ئەوەش دەکەوێتە سەر ئەوەی چۆن دەتوانین بەڵگەنامە نهێنیەکان لەسەرەوە بۆ خوارەوە ئەوەی ئاسایشی نیشتمانی بپارێزن دیاری بکەین. لە خاڵی (ب)دا وشەی (ئەگەر لایبێ) لابدرێت، دەستەی گشتی دانەیەك لە بەڵگەنامەکە بداتە داواکار، بڕگەی (أو ب) بەشێوەیەکی باشتر صیاغە بکرێتەوە لە یەك بڕگەدا، مەفهومێکی جوانتر بدات، سوپاس.

**بەڕێز د.ارسلان بایز اسماعیل/سەرۆکی پەرلەمان:**

زۆر سوپاس، کاك عبداللە مەلا نوری فەرموو.

**بەڕێز عبداللە محمد نوری:**

**بەڕێزسەرۆکی پەرلەمان.**

دیارە لە ماددەی شەش خاڵی یەکەمدا، لەڕاستیدا لەبەر ئەوەی دەترسم ئەم مەسەلەی کەسە بگۆڕێت بە هاوولاّتی، دەرفەتم پێ بدەیت تۆزێك بە کورتی روونی بکەمەوە کە مەترسیەکە چیە، لەڕاستیدا لە دوو وێستگە ئەگەر کەس بگۆڕین بە هاوولاّتی، لە ئایندە لە میانی جێ بەجێ کردنی ئەم یاسایە رووبەڕووی گرفت دەبینەوە.

یەکەمیان/ ئەگەر هاوولاّتی بێت و کەس نەبێت، یەعنی خۆتان دەزانن کەسی تەبیعی هەیە، کەسی ئیعتیباری هەیە، یاخود مەعنەوی هەیە بەپێی قانون، کە تۆ کردت بە هاوولاّتی، دائیمەن هاوولاّتی لەگەڵ شەخصی مەعنەوی یەك دەگرێتەوە، لەگەڵ من یەك دەگرێتەوە، من مواتنم، یەعنی لە رووی قانونیەوە با بڵێین زانکۆیەك نابێت بە هاوولاّتی، کە شەخصێکی مەعنەوییە، کەسایەتیەکی مەعنەوی هەیە، کەسایەتیەکی ئیعتیباری هەیە، بۆیە ئەگەر یاساکە بە شەخص نەڕوات و بە هاوولاّتی بڕوات، دڵنیا بن لە ئایندە زۆرینەی ئەم دامودەزگایانەی کە لەوانەیە لە بواری توێژینەوە ئیش بکەن، بێگومان لە حەقی بەدەست هێنانی زانیاری زەرەرمەند دەبن، ئەمە لە نەتیجە زەرەر بە کۆمەڵگا دەگەیەنێت، بە پرۆسەی دیموکراسی دەگەیەنێت، ئەمە مەسەلەیەکە هیوادارم بە هەند وەربگیرێت، بابەتەکە با لەو رووەوە نەبێت ئێمە لەوە بترسین شەخصێکی دەرەوە، یاخود شەخص لەوانەیە ئەجنبیەك لێی سوودمەند بێت، دواتر دێمە سەر ئەوە لەکوێ هاتووە دەتوانین چارەسەری ئەوە بکەین، ئەمە لەلایەك.

لەلایەکی تریشەوە، یەعنی ئەگەر تۆ قسە لەسەر شەخص، بابڵێین وەکو هەندێك برادەر ئاماژەیان پێدا داوایان کرد هاوولاّتی کوردستانی بێت، یەعنی بەڕێزان هاوولاّتی ئەگەر کوردستانی بێت، هەر هاوولاّتی سادە بێت جارێکی تر زیانی زۆر گەورە بە ئەزموون دەگەیەنێت، ئەگەر کەسێك هەبێت دڵی بەوە خۆش بێت بڵێت ئێمە لە پرۆسەیەکی دیموکراسی داین و پێویست دەکات کۆڵەکەکانی پتەوتر بکەین، ئێمە لەبیرمان نەچێت بەشێکی دابڕاو نین لە دنیا، یەعنی چەندین رێکخراو هەیە وەکو لە دانیشتنەکەی پێشوودا کاك دڵشاد ئاماژەی پێ کرد عێراق لە چەندین رێکخراوی نێودەوڵەتی مافی مرۆڤ و رێکخراوی

جیاجیا ئەندامە، واتا دەبێت یاساکان کۆك بن لەگەڵ دەقی ئەو میساق و ئەو مەعاهەدەو ئەو پەیماننامانەی لەنێوان وڵاتدا هەیە، مەسەلەی گەیشتنی زانیاری بە شەخص، یەعنی زانیارییەك کە رەنگە رێکخراوی مافی مرۆڤی نێودەوڵەتی پێویستی پێ بێت لەسەر بەندیخانەکان، ئەگەر تۆ بێیت هاووڵاتی دابنێیت ئەم رێکخراوە سوودمەند نابێت لە زانیاری، بۆیە لە نەتیجەدا جگە لەوەی کە تۆ دادەبڕێی لە پرۆسەیەکی سیاسی دیموکراسی کە لەسەر دنیا هەیە، هاوکات رووبەڕووی کاردانەوەی زۆر خەتەر دەبینەوە، هەندێك یاسامان دەرکردووە پێشتر بینیمان بە راپۆرتی جیا جیا رەخنە لەم پەرلەمان گیرا، یەعنی ئایا هەر لە ئێستاوە ئامادەییمان تیایە بەرەو دواوە بڕۆینەوە، یان نەخێر، بەرەو پێشەوە دەڕۆین و زیاتر کار لەسەر پتەو کردنی کۆڵەکەکانی دیموکراسی و مافی مرۆڤ دەکەین، بۆیە حەقیقەتێك هەیە دەمەوێت ئەوە بڵێم، مەسەلەی ئەوەی کە زانیاری ئەگەر بمانەوێت جۆرێك لە فلتەر دابنێین و ئەمنی قەومی خۆمان بپارێزین، ئەوە نییە بە شەخص، یان بە هاووڵاتی بێت، ئەوەیە کە لە ریز پەڕەکاندا دەست نیشان دەکرێت چ جۆرە زانیارییەك بە خەڵك دەدەیت، جا ئەو کەسە ئەگەر وەکو هاووڵاتیەکی کوردستانی بێت، ئەگەر کەسێکی ئیعتیباری بێت، ئەگەر شەخصێکی ئەجنەبی بێت، ئەگەر مەترسی دروست بکات، هەر مەترسییە، بۆیە تکا دەکەم یەعنی ئەم مەسەلەیە با تۆزێك بە دیقەتەوە تەماشای بکەین، مەسەلەی شەخص مەسەلەیەکە دەبێت بەهەندی وەربگرین و وەکو خۆی هەبێت، بەڕاستی کە وتت هاووڵاتی، من زۆر دڵنیاتان دەکەمەوە دوو مانگی تری پێ ناچێت هەر خودی ئەم پەرلەمانە وەکو چەندین یاسای تر داوای هەموار کردنەوەی دەکەین، ئەمە جگە لەوەی رووبەڕووی رەخنەیەکی توندی هاووڵاتیان و رۆژنامەنووسان و رۆشنبیران و رێکخراوەکانی کۆمەڵگای مەدەنی و هەروەها رێکخراوە نێودەوڵەتیەکانیش دەبینەوە، یەعنی بۆیە تکا دەکەم ئەم مەسەلەیە بە هەند وەربگیرێت.

خاڵێکی تر، کە زۆر بەلای منەوە گرنگە ئەوەیە، کە ئەم ماددەیە لە چوار برگە پێکهاتووە، من پێشنیار دەکەم برگەیەکی تری بۆ زیاد بکرێت، ئەگەر ئەمە شوێنیشی نەبێت، دەکرێت دوایی شوێنی بۆ بکرێتەوە، بەلأم من پێشنیارەکەی خۆم دەکەم، ئێمە دەزانین لە پرۆسەی ئازادیدا، لە قۆناغە جیاجیاکاندا بە دەیان تەن بەلگەنامەو دکیۆمێنتی جیاجیا کەوتۆتە دەستی حزبە سیاسیەکان، کەسایەتیە سیاسیەکان، ئەمانە کۆمەڵێك بەلگەو دۆکیۆمێنتی زۆر گرنگن بەنیسبەت هاووڵاتیانی کوردستانەوە، یەعنی حەقی هەر یەکە لە ئێمەی لەسەرە، موڵکی هەموومانە، بەشێك لەم دۆکیۆمێنتانە پەیوەندی بە جینۆسایدەوە هەیە، پەیوەندی بە وێران کردنی ئەم وڵاتەوە هەیە، بەشێکی دانەبڕاو گرنگە لە تاریخی ئێمە، لە تاریخی خەبات و قوربانیدانی ئێمە، ئەم مەسەلانە سەرچاوەیەکی زۆر گرنگن بۆ ئایندەی ئەم هەرێمەو، هەموو هاووڵاتیەك حەقی هەیە بگات بەو زانیاریانەو، دەشێت بنەمایەکی گرنگیش بێت بۆ زۆر توێژینەوەی گرنگ، بۆیە ئومێد دەکەم ئەم دۆکیۆمێنتانە لای هەر کەسێکی سیاسیە، هەر ئەحزابێکی سیاسیە رێکاریەکانی ئەم ماددەیە لەسەر ئەو دکیۆمێنتانە جێ بەجێ بکرێت، ئەم مەسەلەیەش بە هەند وەربگیرێت، سوپاس.

**بەڕێز د.ارسلان بایز اسماعیل/سەرۆکی پەرلەمان:**

زۆر سوپاس، سۆزان خان فەرموو.

**بەڕێز سۆزان شهاب نوری:**

**بەڕێزسەرۆکی پەرلەمان.**

**بەڕێزان ئەندامانی پەرلەمان.**

زۆر بە پێچەوانەی هاوڕێیەکانم و هەڤاڵەکانم من دەمەوێت بڵێم کرۆکی یاساکە لەوەدا نییە ئەم ماددانەی کە دانراوە، کرۆکی یاساکە لەوە دایە گەیشتن بە زانیاریەکان بۆ بڕیار دانی تەندروست، من نموونەتان بۆ دەهێنمەوە، من هاووڵاتیەکم لەسەر سایتەکان، لەسەر رۆژنامەکان رۆژانە هەلی کار بلاّو دەکرێتەوە، سایتی ئاوێزە یەکێکە لەوانەی ئیمێلی (25) تا (30) هەزار کەسی لەلایە، ئیمێل دەنێرێت باسی هەلی کار دەکات، من خەڵك دەناسم لەسەر ئەساسی ئەو هەواڵە، لەسەر ئەساسی ئەو زانیاریە لەناو ئەو سایتەدا، لەناو ئەو جەریدەیەدا بلاّو کراوەتەوە رۆیشتووە تەقدیمی کردووە، بۆ ئەوەی کار بکات، پێیان گوتووە بڕۆ پشتگیری لە وەزارەتەکەشەوە بێنە ئێمە ئەوەمان نەنووسیوە لەناو بلاّو کردنەوەی هەلی کارەکەدا، کەواتە وایان لە منی هاووڵاتی کرد کات و وزەم بڕوات بەبێ ئەوەی ئەنجامم هەبێت، بۆیە بەڕێزان، بلاّو کردنەوە من ئێستا لەسەر مۆبایلەکەم گەڕام، بۆ ئەوەی بە دۆکیۆمێنتەوە پێتان بڵێم، بۆ نموونە، (krg) حکومەتی هەرێمی کوردستان سایتی هەیە، لە سایتەکاندا دەبینی سایتەکانی حکومەتی هەرێمی کوردستان، وەزارەتەکان هەمووی تیایەتی چۆن پەیوەندییان پێوە دەکەیت، بەلاّم بەداخەوە دەیڵێم لەجیاتی سیاسەت و فەلسەفەو زانیاری و ئەو بابەتانەی تیا بێت، هەمووی بووە بە رەسم بلاّو کردنەوە لەسەر سەردانی وەزیرە بەڕێزەکان بۆ فلان شوێن، فلان کەسیان بینی، ئەو مەعلوماتەی تیا نییە کە منی هاووڵاتی پێویستیم پێیەتی، ئەوەشی با تیا بێت، ئەوە بەشێکە لە چالاکی وەزارەتەکان، من ناڵێم با تیا نەبێت، بەلاّم منی هاووڵاتی پێویستم بەوەیە بزانم ئەوە دە دەقیقەیە دەمەوێت بزانم وەکو نموونە بیهێنمەوە لەسەر سایتی وەزارەتی پەروەردە بۆ نموونە، کە لە سوڵبی کاری لیژنەکەی خۆمە، لەسەریەتی یەك/ پرۆگرامەکانی لەسەرە، خوێندگا ئەهلیەکانی لەسەرە، دەمەوێت بەشی خوێندگا ئەهلیەکان بکەمەوە، کلیکی لەسەر دەکەم، بۆ ئەوەی بزانم چەند خوێندگا هەیە، چۆن پارەکەی دەدرێت، رێنماییەکان چیە بۆ کردنەوەی خوێندگەی ئەهلی؟ سایتەکە ناکرێتەوە، بەڕێزان، منی هاووڵاتی نامەوێت تۆ سێ مانگ جارێك، هەندێك هەیە دەڵێت رۆژانە، بەڵێ رۆژانە دەبێت لەسەر سایتەکانی خۆیان (update) بکرێت، ئێمە لەجیاتی ئەوەی باسی ئەوە بکەین بلاّوی بکاتەوە، بۆ کوێ بلاّو بکاتەوە؟ لەناو جریدە بلاّو دەکرێتەوە، خەڵك جەریدەکە دەخوێنێتەوە ئەو عەددەدە فڕێ دەدات، نەخێر، دەبێت لەسەر سایتەکانی خۆیان هەموو ئەم مەعلوماتە باس بکرێت، راستە بودجە تەرخان کراوەکەی چەندە؟ پرۆژەکانی کە کردوویەتی چەندە؟ سیاسەتی وەزارەتەکەی چیە؟ بەڵێ، بڕۆ لەسەر سایتەکان بچووکترین کۆمپانیا دەڵێت بۆردەکەی ئەم کۆمپانیایە، بۆچی دوور بڕۆین بڕۆ سەر یەکێك لە کۆمپانیاکانی پەیوەندی، با ناوی نەهێنین، بۆ ئەوەی نەبێت بە ریکلام، بڕۆ سەر سایتی ئەو کۆمپانیایە پێت دەڵێت کێ سەرۆکی بۆردەکەیە، کێ بەڕێوەبەری بەشەکانە، هەلی کارەکانیان لەسەر

سایتەکە بلاّو دەکەنەوە، ئەو ریکلامانەی کە هەیە لەسەر سایتەکان بلاّو دەکەنەوە، منی هاوولاّتیش ئەوەم دەوێت، خۆ من لەوە زیاترم ناوێت، بۆچی بەم شێوەیەی لێ بکرێت کە ئەمە رۆژنامەنووسەکان، رێکخراوەکانی کۆمەلّگای مەدەنی، بەلّێ، رێکخراوەکانی کۆمەلّگای مەدەنیش دەبێت سایتیان هەبێت، لەسەر سایتەکانیان ئەو بودجەیەی وەریدەگرن، پرۆژەکانی پێیان کردووە، لێکۆلّینەوەکانی کە کردوویانە، دەبێت ئێمەی هاوولاّتی بزانین، کاتێك کە من باس لە کێشەی ژنان دەکەم، باس لە توندوتیژی ژنان دەکەم دەبێت سەرچاوەکەم لەبەر دەستدا بێت، دەبێت بە نزیکترین شێوە بگاتە دەستم، ئەویش ئێستا بەهۆی سایتە ئەلیکترۆنیەکانەوەیە، لەبەر ئەوە تکاتان لێ دەکەم ئەم یاسایە با وای لێ نەکرێت کە ئەمە دژی بەشێکەو لە قازانجی بەشێکە، یاخود بەشێك لە بەرامبەر بەشێکی تر، نەخێر، حکومەت مولزەمە، رێکخراوەکانی کۆمەلّگای مەدەنی مولزەمن، کۆمپانیاکان، خۆ ناچن هەندێك وردەکاری هەیە بلاّوی بکەنەوە، بەلاّم کۆمپانیاکە مەوقیعی خۆی هەیە، بۆ ئەوەی سبەی رۆژێ کە هەلی کاری بلاّو کردەوە، یەك نموونەی زۆر سادە، منی هاوولاّتی خاوەن کۆمپانیام، ئیعلانێك دەکرێت، ئەگەر ئیعلانەکان مەرجەکانی تیا نەبێت و بلاّو نەکرێتەوە، من دەچم تاقەت و وزەی خۆم و پارەی خۆم سەرف دەکەم، دەچم تەقدیمی دەکەم، کاتێك کە دەچم مەرجەکان وەردەگرم ئەگەر ئیعلان نەکرا بێت، ئینجا لەو وەختەدا بۆم دەردەکەوێت پێویستی نەدەکرد من تەقدیمی بکەم، چونکە لەبواری تەخەصوصی مندا نییە، تکاتان لێ دەکەم با ئەم یاسایە بە عاقارێکی خراپدا نەبرێت بەوەی کە مەعلومات بگیرێتەوە، نەگیرێتەوە، سێ مانگ، نازانم چی، هەموو وەزارەتێك، هەموو دامودەزگایەکی حکومی، هەموو کەرتێکی تایبەت وێب سایتێکی دەبێت لەناو ئەم وێب سایتە مەعلوماتی خۆی رۆژانە دەبێت (update) بکات، یەك نموونەی زۆر سادە، داوای لێبوردن دەکەم کە درێژم کردەوە، بەلاّم دەبینم دانیشتنەکەو قسەکان بەو ئاراستەیە دەڕوات، وەکو هەندێك یاسای لێ دێت، نەخێر، وەکو هەندێك یاسای لێ نایەت، ئێمە دەمانەوێت هەموو ئەم شتانە بە شەفافی بلاّو بکرێتەوە، بۆ ئەوەی هاوولاّتی بتوانێت بڕیاری تەندروست بدات، کە دەلّێین هاوولاّتی، مانای هاوولاّتی کەسی مەعنەوی و ئەو کەسایەتیەی کە من وەکو کەسێك بم، بۆیە بەم شێوەیەی کە ئێمە گفتوگۆیەکان دەکەین وای لێ دەکەین خەریکە جۆرێك لە تەحەفوزو، جۆرێك لە ترس دروست دەکەین لەوەی کە ئێمە ئەم یاسایە بەچ شێوەیەك دەربکەین، سادەترین شێوە ئەوەیە، دەبێت کەرتی تایبەت و کەرتی گشتی لە سایتەکانیان هەموو مەعلوماتێك بلاّو بکەنەوە، بۆ ئەوەی هاوولاّتی بە ئاسانی دەستی بە زانیاریەکان بگات، سوپاس.

**بەڕێز د.ارسلان بایز اسماعیل/ سەرۆکی پەرلەمان:**

زۆر سوپاس، کاك ئاسۆ فەرموو.

**بەڕێز بکر کریم محمد(ئاسۆ):**

**بەڕێزسەرۆکی پەرلەمان.**

ئەو ماددەیە وەکو پێشتری گوتم لە چوار بڕگە پێکهاتووە، بڕگەی یەك و چوار هیچ پەیوەندیان بە بڕگەی دوو و سێ وەنییە، بڕگەی یەك و چوار داوای زانیاری دەکات لە هەر کەسێك، ئینجا دواتر بکرێت بە هەر هاووڵاتیەك، هەرچی لێ بێت، لەسەر داوای ئەو کەسە خۆی.

بڕگەی دوو و سێ ئەوەیە دەبێت دەزگا تایبەتیەکە، یان دەزگا گشتیەکە لە خۆوە بەبێ ئەوەی داوای لێ بکرێت زانیاری بلاّو بکاتەوە، بۆیە ئەگەر سەیری بڕگەکان بکەیت لە رووی سروشتەوە جیان، ئەوەیە:

یەکەمیان/ لە بڕگەی یەکەمیان مافی هەر هاووڵاتیەکە داوای زانیاری بکات، ئینجا ئەو دەزگا گشتیە، یان ئەو دەزگا تایبەتیە، ئەو وەسیقەیە، ئەو دۆکیۆمێنتەی لایە کە زانیاریەکەی تێدایە، یان نا؟

دووەمیان/ ئەگەر لای بێت پێویستە زانیاریەکەی پێ بدات، یان کۆپیەك لە زانیاریەکەی پێ بدات، لێرەدا دەبێت موراعاتی ئەحکامەکانی ئەم قانونە بکرێت، مەرج نییە وەرگرتنی زانیاری ئیلا لە رێگەی دۆکیۆمێنتەوە بێت، ئیلا دۆکیۆمێنتێکی پێ بدرێت، گرنگ ئەوەی زانیاری دەستکەوێت، دەکرێت زانیاریەکان تەنانەت بە شەفەویش دەستی بکەوێت، بەبێ ئەوەی بە دۆکیۆمێنت دەستی بکەوێت، یەعنی دەکرێت لە دەزگایەکی گشتیدا تۆ داوای زانیاری بکەیت هەر ئەو دەمە راستەوخۆ زانیاریەکەت پێ بدرێتەوە، زانیاریەکەش بە زارەکی بێت، بەلاّم دەبێت زانیاریەکە تەواو بێت و ورد بێت و راست بێت، ئەوەیان گرنگە، مەرج نییە دانەیەك لەو دۆکیۆمێنتە، ئەگەر خۆی داوای کرد بوو بەچ شێوەیەك داوای کرد بوو، بەڵێ دەبێت رەچاوی شێوەی داوا کردنەکە بکرێت بە موراعات کردنی ئەحکامەکانی ئەو قانونە.

هەروەکو گوتم بەنیسبەت خاڵی دوو و سێ، بەڕاستی ئەوە لەقانونی ئەو وڵاتانەی کە من دیتیتم، دەوروبەری (90) وڵاتن، ئەمە بە ماددەیەکی سەربەخۆ چارەسەر کراوە، نەك لەگەڵ ئەوەی وەکو ئێستا نووسراوە لە یەکەم و ئەوەی ئەخیری چوارەم، چونکە ئەوەی ئەخیری چوارەمیش بەحەقیقەت دیسان قسەی لێ کرا، لە هەندێك دەزگای گشتیدا بۆ نموونە، ئەم پەرلەمانەی ئێمە کۆبوونەوەکانی عەلەنین، بۆ هاووڵاتیانیش هەیە بێن دابنیشن و بەشداری ئەم کۆبوونەوەیە بکەن، لەکاتێکدا ئەمە کۆبوونەوەیەکی گشتیە، کۆبوونەوەی دەستەیەکی گشتییە، بەلاّم بۆی هەیە، لە هەندێك دادگاشدا بۆیان هەیە بەشداری بکەن و بچنە هۆڵی دادگاکان، بۆیە رەنگە ئەمە لە دەزگایەکەوە بۆ دەزگایەکی تر بگۆڕێت، هەر لە سۆنگەی ئەوەشەوە ئێمە وەکو لیژنە داوامان کردووە ئەوە حەزف بکرێت، چونکە بەپێی قانونەکان، بەپێی هەیئەتەکان هەر یەك لەوانە قانون و سیستەمی خۆی هەیە، سوپاس.

**بەڕێز د.ارسلان بایز اسماعیل/ سەرۆکی پەرلەمان:**

زۆر سوپاس، بەڕێز سکرتێری پەرلەمان هەندێك روون کردنەوەی هەیە، فەرموو.

**بەڕێز فرست احمد عبدالله/ سکرتێری پەرلەمان:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

بەنیسبەت فەقەرەی یەکەم، بە رەئی من ئەگەر شەخص وەکو خۆی مایەوە، چونکە زۆر کەس لە فەرمانبەران شارەزای قانون نین، وا تەفسیر دەکات شەخص یەعنی ئینسان، بۆیە زۆر زەرورییە نەصی

قانونی دەقیق و وازیح بێت، ببێتە (لکل شخص طبیعي او معنوي في الاقلیم)، نەك شەخصێك لە جێگایەكی تر داوا بكات، من مولزەم نیم مەعلوماتی پێ بدەم، ئەگەر شەخصەكە بووە مواتن، مانای شاملی ئەشخاصی مەعنەوی نابێت، ئەشخاصی مەعنەویش زۆربەیان، یان هەموویان مەحروم دەبن لەو مافە، وەك نەقابات، جەمعیات، مونەزەمات، ئەحزاب، جامیعاتی ئەهلی، مەراكزی دیراسات، بۆیە لازمە صیاغەكە بەشێوەیەك بێت، (لكل مواطن او شخص طبیعي في الاقلیم)، تاكو شاملی ئەوان بێت، زۆر سوپاس.

**بەڕێز د.ارسلان بایز اسماعیل/سەرۆكی پەرلەمان:**

زۆر سوپاس، لیژنەی یاسایی ئەگەر تێبینیەكتان هەیە، یان روون كردنەوەیەكتان هەیە، فەرموون.

**بەڕێز عمر عبدالرحمن علی:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

ئێمە هیچ تێبینیەكمان نییە، روون كردنەوەشمان نییە، تەنیا ئەو مولاحەزاتانەی كە باسی لەسەر كراوەو وەرمان گرتووە لە كاتی صیاغە بە نەزەری ئیعتیبار وەردەگیرێت، سوپاس.

**بەڕێز د.ارسلان بایز اسماعیل/سەرۆكی پەرلەمان:**

لەڕاستیدا چەندین جارە ژمارەیەك لە پەرلەمانتارە بەڕێزەكان داوای ئەوە دەكەن كە مۆڵەتێكیان بدرێتێ، بۆ ئەوەی لیژنەكان تەفەروغ بكەن بۆ دیراسە كردنی بودجە، ئێستا بە نووسراوێك (14) كەس تەوقیعی كردووە، داوای ئەوە دەكەن ماوەیەكیان بدرێتێ، چونكە ئێمە فەقەرەیەكی زەمەنیمان تەحدید كردووە بۆ هەر یەكێك لە لیژنەكان راپۆرتی خۆی بدات، دوای ئەو فەترە زەمەنیە راپۆرتی لیژنەكان وەرناگیرێت، هەر لەسەر ئەو ئەساسە داوا دەكەن چەند رۆژێكیان بدرێتێ، بۆ ئەوەی لەو فەترە زەمەنیەی كە تەحدید كراوە بتوانن موتەفەریغ بن و ئیش و كارەكانیان خۆی بكەن لەو لیژنانە، ئێمەش لە سەرۆكایەتی پەرلەمان ئەوەمان پێ باشە دانیشتنەكانی ئێستامان تەعلیق دەكەین هەتا رۆژی دوو شەممەی داهاتوو، بۆ ئەوەی لیژنەكان موتەفەریغ بن بۆ ئیش و كارەكانی میزانیە، تا سەعات (11)ی دوو شەممەی داهاتوو بە خواتان دەسپێرین، هیوادارم سەركەوتوو بن، بەلاَم تكاتان لێ دەكەین، بۆیە ئەو چەند رۆژە مۆڵەتتان پێ دەدەین، تاكو ئیش بكەن لەسەر ئامادە كردنی راپۆرتەكانتان، هەر بژین و سوپاستان دەكەین.

| | | |
|---|---|---|
| **فرست احمد عبدالله** | **د.حسن محمد سوره** | **د. ارسلان بایز اسماعیل** |
| **سكرتێری پەرلەمانی** | **جێگری سەرۆكی پەرلەمانی** | **سەرۆكی پەرلەمانی** |
| **كوردستان – عێراق** | **كوردستان – عێراق** | **كوردستان - عێراق** |

11- شێرزاد عبدالحافظ شريف/ مۆڵەت.

12- شەونم محمد غريب/ مۆڵەت.

13- عبدالله محمد امين/ مۆڵەت.

14- عمر عبدالعزيز بهاءالدين/ مۆڵەت.

15- عونی كمال سعيد بەزاز/ مۆڵەت.

16- كاردۆ محمد پيرداود/ مۆڵەت.

سوپاس.

**بەڕێزد.ارسلان بايز اسماعيل/ سەرۆكی پەرلەمان:**

بەڕێزان، لەبەر ئەوەی بەرنامەی كاری ئەمڕۆمان چوار بڕگەيە، بڕگەی يەكەم مومكينە موناقەشەيەكی زۆر هەڵبگرێت، وەختی زياتری بوێت، بۆيە ئێمە ئەم پێشنيارە دەكەين خاڵەكان جێگۆڕكێ پێ بكەين، چونكە هەندێكيان زەرورين و بە پەلەن و زووش تەواو دەبێت، ئەگەر پێتان باش بێت بەم شێوەيەی لێ دەكەين، واتا بەرنامەی كار بەم شێوەيەی لێ دێت:

1- خستنەڕوو و پێداچوونەوەی بڕياری ژمارە (10)ی ساڵی 2012ی سەرۆكايەتی هەرێمی كوردستان سەبارەت بە رەد كردنەوەی ياسای لێبووردنی گشتی ژمارە (2)ی ساڵی 2012.

2- خستنەڕوو و پێكهێنانی ليژنەی پەرلەمان بۆ هەموار كردنی پەيڕەوی ناوخۆی پەرلەمانی كوردستان ژمارە (1)ی ساڵی 1992.

3- دەنگدان لەسەر پرۆژە ياسای هەموار كردنی ياسای دەستەبەری كۆمەڵايەتی كرێكاران ژمارە (39)ی ساڵی 1971.

4- بەردەوامبوون لەسەر خستنەڕوو و گفتوگۆ كردنی پێشنياری ياسای مافی بەدەستهێنانی زانياری.

فەرموو سۆزان خان.

**بەڕێز سۆزان شهاب نوری:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

من پشتگيری لەو پێشنيارە دەكەم، بەڵام پێشنيارێكی ترم هەيە بۆ بەرنامەی كارەكە، بەتايبەتی ئەو فەقەرەيەی كەخرايە فەقەرەی ئەخير، ئەويش ياسای بەدەستهێنانی مافی زانيارييە، بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان، ئێمە چەند رۆژێكە لەوەختی دەستمان كردووە بە گفتوگۆ كردن لەسەر ئەم ياسايە، كۆمەڵێك رۆشنبيرو رۆژنامەنووس و كەسايەتی و ئەديب و ئيتر ئەوەی كە هاووڵاتی ئاساييش بێت پەيوەندييان پێوە كردووين، بێگومان سەنتەرەكانيش داوامان لێ دەكەن، كە ئێمە گفتوگۆيەكانی ئەم ياسايە رابگرين و دوای بخەين، تا دەوڵەمەندی دەكەين، تا گفتوگۆيەكی دەستە جەمعی دروست دەبێت لەناو كۆمەڵگاكەدا، لەبەر ئەوەی ئەم ياسايە ياسايەكی گرنگە، ئەم داواكارييەم ئەگەر جەنابيشت پێويست پێ بوو من ناوی سەنتەرو رۆژنامەنووسانەش دەخەمە بەردەستی جەنابتان كە داوايان كردووە، كە ئەم گفتوگۆيانە رابگيرێ، من

لەگەڵ ئەوەم یاسایەك دەربچێت لەناو كۆمەڵگاكەی ئێمەدا یاسایەك بێت كە ئازادی فەراهەم بكات بۆ گەیشتن بە سەرچاوەكانی زانیاری، دەبێت زامنیشی بكات، بەڵام لە هەمان كاتدا لە هەموو دنیادا كۆمەڵێك پرەنسیپ هەیە كە ئەو یاسایانەی تر، هێشتا ئەو ئەرزیەتە ئامادە نەبووە بۆ دەركردنی ئەو یاسایە، دەبێت گفتوگۆ بكرێت، دەبێت ئەو لایەنە پەیوەندیدارانە قسەیان لەگەڵدا بكرێت، شێوازی یاساكەیان بۆ باس بكرێت، هەروەكو پێشتر ئێمە چەندین یاسامان وا لێ كردووە، یاسای باری كەسایەتیمان بەو شێوەیە دەركردووە، یاسای رۆژنامەگەریمان بەم شێوەیە دەركردووە، لەبەر ئەوەی ئەمانە یاسای گرنگن، چەند ئەندامێكیش لەوەو پێش داوای تەئجیل كردنیان كردووە، لەبەر ئەوەی جەنابت ئەمڕۆ ئەگەر ئەو قسەیەی ئێمە بە نەزەری ئیعتیبار وەربگریت، بۆ ئەوەی ئیتر ئەو یاسایە بخەینە ئەو شوێنەوە تا كاری لەسەر بكرێت و گفتوگۆی لەسەر رابگیرێت، تا كاری باشتری لەسەر بكرێت و، زۆر سوپاس.

**بەڕێزد.ارسلان بایز اسماعیل/ سەرۆكی پەرلەمان:**

زۆر سوپاس، كاتێك هاتینە موناقەشە كردن، یان ئەو بڕگەیە هاتە كار پێ كردنی، ئەو كاتە دەتوانی ئەو تێبینیانە بدەیت، فەرموو كاك كاردۆ.

**بەڕێز كاردۆ محمد پیرداود:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

من پێموایە ئەگەر بە ئەهمیەت وەربگرین، پەیڕەوی ناوخۆ ئەهمیەتێكی گەورەتری هەیەو زۆریش دواكەوت بۆ پەرلەمان و كاری پەرلەمان، پێم باشەو زۆریش ئاسانە یەكەم خاڵ با پەیڕەوی ناوخۆ بخرێتە دەنگدان، بۆ ئەوەی ئەوان دەست بەكار بن، ئینجا بچنە سەر بەرنامەكانی تر، بۆ پرسی یاسای بەدەستهێنانی زانیاریش پێموایە لەكاتی خۆی پێویستە قسەی لەسەر بكەین و، ئێمە لەگەڵ ئەوەین لە بەرنامەی كاری خۆشمان و لە ئامادە كردنی یاساكەش پرس بە رۆژنامەنووسان و بە شارەزایان و بە رێكخراوە نێودەوڵەتیەكانیش بكرێت، ئێستاش پێمانوایە پێویستە گوێ لەو یاداشتەی رۆژنامەنووسان بگرین و ئەو پەرۆشییە بۆ ئەوەی ئێمە بەشێوەیەكی یاسایی رووبەری زانیاری و ئازادی بیرو را فراوانتر بكەین، نەك بەرتەسك بكرێتەوە، كە خزمەتێكی گەورەی شەفافیەت و بەدەستهێنانی سەرچاوەی زانیاری راست و دروست دەكات، بەڵام لەكاتی خۆی قسەی لەسەر دەكەین، پێمانوایە دەبێت ماوەكەی زۆر دیاری كراو بێت و كارنامەش هەبێت بۆ پرس كردنەكەو رەئی وەرگرتنی هاووڵاتیان و رۆژنامەنووسان سەبارەت بە یاساكەو، سوپاس.

**بەڕێزد.ارسلان بایز اسماعیل/ سەرۆكی پەرلەمان:**

زۆر سوپاس، هیچ تەئسیرێكی ئەوتۆ ناكات، ئەگەر بڕگەی پەیڕەوی ناوخۆ پێش بخەین، یان پاش بخەین، گرنگ ئەوەیە ئەمڕۆ هەردووكی تەواو دەكەین، ئەوە ئیشكال نییە، كاك عەدنان فەرموو.

**بەڕێز عدنان عثمان محمد:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

قسەكانی من لەسەر ئەو مەوزوعە بوو، لەسەر مەوزوعی زانیاریەكە بوو، ئەگەر ئێستا بڵێم، یان دوای بخەم بۆ ئەو كاتەی بڕگەكە موناقەشە دەكرێت، لەڕاستیدا ئەم قسانەم هەمووی لەلا گرنگە كە باسی مافی بەدەستهێنانی زانیاری دەكرێت و، پێشتریش كۆمەڵێك ووٚرك شۆپ كرا لەسەری و زۆر لە لیژنەكانی پەرلەمان بەشدار بوون و لە رەنگدانەوەشیدا لە راپۆرتی لیژنەكاندا، بەتایبەتی لیژنەی رۆشنبیری لەگەڵ هەندێك رێكخراوی نێودەڵەوتی قسەو باس كراو، راپۆرتی باش و شیكاری زۆر لەسەر ئەو یاسا كراو، تێبینی و مولاحەزاتی زۆر لە رۆشنبیران و لە رۆژنامەنووسان بە هەند وەرگیراوە، دیارە لەو نیگەرانیەی كە دروست بووە لە ئێستا لەسەر مەوزوعی ئیستیسنائاتە، تەنها قسە لەسەر ئیستیسنائاتەكان كراوە، ئەگەر ئەوەی هاوكاری خۆشەویستم سۆزان خان باسی كرد، ئەگەر نیەتێكی وا لای زۆرینە هەبێت لە پەرلەماندا، لە لیستی كوردستانی وەكو جەنابی سەرۆك نیەتێكی وامان هەبێت كە ئەم یاسایە بەو شێوەیە بڕواتە پێشەوە، كە لە خزمەتی كۆمەڵگاكەو بەرێوەچوونی كۆمەڵگاكە بێت، واتا بە هەمووومان رێكەوتبین لەسەر ئەو ئیستیسنائاتانە، پێموایە دەكرێت لیژنەكان و فراكسیۆنەكان، ئەوانەی كە شارەزان لەو بوارەدا كۆبوونەوەیەكی هاوبەش بكەین، ئەو ئیستیسنائاتانە بكەین بە خاڵێك، دیارە ئیستیسنائات لەو یاسایەدا لە هەموو ولاَتێكدا هەیە، بەلاَم بەشێوەیەك بێت، بەشێوەی ستانداردی نێودەوڵەتی بێت، یان بەشێوەیەك بێت كە ئازادیەكانی گەیشتن بە زانیارییەكان بەرتەسك نەكاتەوە، واتا ئەگەر نیەتێكی وا لە پەرلەماندا هەیە لەلایەن هەمووومانەوە كە ئەو ئیستیسنائاتانە بەرتەسك بكرێتەوە تا ئاستی ستانداردی نێودەوڵەتی و تێگەیشتنێكی باشی هەمە لایەنەی لە هەمووماندا هەیە بۆ یاساكە، هیچ بیانوویەك نادۆزمەوە بۆ تەئجیل كردنی، ئەگەر نیمانەو ئاڵۆزیەك هەیە، لەڕاستیدا ئەوە با مانگێكی تریش بەسەر بچێت، با دوو مانگی تریش بێت، تا بتوانین گفتوگۆیەكی چاكترو كەسانی پسپۆر رایەكانیان مەعلومە چیە، رایەكانیان بۆ ناردووین و لە ووٚرك شۆپەكان قسەیان كردووە، لە رۆژنامەكان قسەیان لەسەر كردووە، كە مەترسی و تێبینیەكانیان چیە، سوپاس.

**بەڕێزد.ارسلان بایز اسماعیل/ سەرۆكی پەرلەمان:**

زۆر سوپاس، پێشتری باسمان لەوە كرد گوتمان كەی هاتینە ئەم بڕگەیە، ئەو كاتە پەرلەمانتارە بەڕێزەكان قسە بكەن، ئێستا ئێمە دەمانەوێت خاڵەكانی بەرنامەی كاری ئەمڕۆمان جێگۆڕكێ پێ بكەین، لەبەر ئەوە ئێستا ئێمە ئەوە دەخەینە دەنگدانەوە، ئێستا لەسەر پێشنیاری پەرلەمانتار كاك كاردۆ بەرنامەكە بەو شێوەیە دەگۆڕین، خاڵی یەكەم/ خستنەڕوو و پێكهێنانی لیژنەی پەرلەمان بۆ هەموار كردنی پەیڕەوی ناوخۆی پەرلەمانی كوردستان ژمارە (1)ی ساڵی 1992.

خاڵی دووەم/ خستنەڕوو و پێداچوونەوەی بڕیاری ژمارە (10)ی ساڵی 2012ی سەرۆكایەتی هەرێمی كوردستان سەبارەت بە رەد كردنەوەی یاسای لێبووردنی گشتی ژمارە (2)ی ساڵی 2012.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

**من پێموایە ڕێژەی نوێنەرایەتی کردنی فراکسیۆنی گۆڕان لەم لیژنەیە کەمە، کە بە لیژنەیەکی گرنگ دەزانم لەڕاستیدا بەگوێرەی ڕێژەکەی نییە لە پەرلەماندا، یەعنی (5) بەرامبەر بە (2)، سوپاس.**

**بەڕێز د.ارسلان بایز اسماعیل/سەرۆکی پەرلەمان:**

**زۆر سوپاس، بەپێی ڕێژە ئەگەر بەراورد بکەین لەگەڵ فراکسیۆنی کوردستانی (2)ی بەر دەکەوێ، چونکە ئێوە (23) کورسیتان هەیە، فراکسیۆنی کوردستانی (59) کورسی هەیە، (2) بە (5) دەبێت، فەرموو کاك شیڤان.**

**بەڕێز شڤان احمد عبدالقادر:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

**ناوی سکرتێری پەرلەمان نەهاتووە، من پێموایە ئێمە وەختی خۆشی ئیتیفاقمان لەسەر ئەوە کرد کە سکرتێری پەرلەمان لە ئێمە شارەزاترە لەو بوارە، ئەگەر مەسئوولی هەموو لیژنەکە نەبێتن، دەبێت ئەندامێکی کارای ئەم لیژنە بێت، سوپاس.**

**بەڕێزد.ارسلان بایز اسماعیل/ سەرۆکی پەرلەمان:**

**زۆر سوپاس، جیا لەو ناوانەی کە خوێندرایەوە، هەر پەرلەمانتارێك بۆی هەیە لەکاتی کۆبوونەوەکان بچێت بەشداری بکات و ڕەئیەکانی خۆی لەوێ بڵێت، فەرموو کاك برهان.**

**بەڕێز برهان رشید حسن:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

**من داواکارییەکم هەیە، پێم باشە ئەگەر دەکرێت جەنابتان بتوانن بە خیبرەی قانونی خۆم ببم بە ئەندام لەو لیژنەیە، سوپاستان دەکەم، سوپاس.**

**بەڕێز د.ارسلان بایز اسماعیل/سەرۆکی پەرلەمان:**

**زۆر سوپاس، کاتی خۆی ئیتیفاق کراوە بەنیسبەو تەناسوب، جەنابت دەتوانی لە کۆبوونەوەکان بەشداری بکەیت و ڕەئیەکانی خۆشت بدەیت، فەرموو سۆزان خان.**

**بەڕێز سۆزان شهاب نوری:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

**تەبعەن هەر بلاَوکردنەوەی ناوەکان نابێتە ئەوەی ئەم لیژنەیە، کە دەبێت وەك بەڕێز کاك شڤان گوتی یاخود سکرتێری پەرلەمان، یاخود جێگری سەرۆکی پەرلەمان کۆمان بکاتەوە، یاخود یەك ڕۆژ دیاری بکات، یاخود یەکێك دەبێت ئەو جەلسانە بەڕێوە بەرێت، چونکە ئەستەمە لەناو خۆماندا کەسێك هەڵبژێرین و،**

کەسێکیش بکەینە ئەوەی کە پەیوەندی بکات بەم خەڵکانەوە، کەسێك دەبێت لە سەرۆکایەتی ئەم جەلسانەی گۆڕینی پەیڕەوی ناوخۆ بگرێتە ئەستۆ و، زۆر سوپاس.

**بەڕێز د.ارسلان بایز اسماعیل/سەرۆکی پەرلەمان:**

زۆر سوپاس، کاتێك ئێمە ئەو لیژنەیە پێك دەهێنین ئەکید لە کۆبوونەوەی یەکەم ئێمە خۆمان ئامادە دەبین، ئینجا یەکمان، دووانمان ئامادە دەبین و لەویٚ ئیتیفاق دەکەین لەسەر ئەوەی کە سەرۆك و جێگرو بڕیاردەرێکیشی بۆ دادەنێین، لەویٚ لەکۆبوونەوەکە ئیتیفاق لەسەر ئەوە دەکەین، ئێستا سەر لەنویٚ ناوەکان بخوێنمەوە، یان نا؟ باشە ئەو ناوانەی کە خوێندمەوە، نوقتەی نیزامیت هەیە؟ فەرموو.

**بەڕێز د.احمد ابراهیم علی(وەرتی):**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

وابزانم نوێنەری مەسیحی تێدا نەبوو، ئەگەر ئەویشی تێدا بێت زۆر باشە، سوپاس.

**بەڕێز د.ارسلان بایز اسماعیل/سەرۆکی پەرلەمان:**

زۆر سوپاس، خوشك و برا مەسیحیەکان ئەگەر پێیان خۆشە، یان داوایان کردووە، یان دەتوانن ئەندامێك دابنێن، بەس تاکو ئێستا داوایان نەکردووە، فەرموو.

**بەڕێز جهان اسماعیل بنیامین:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

مە بخۆ موزەکەرە وەختی خۆ تەقدیم کر مە نوێنەر، یەعنی نەدانا بوو بۆ ڤیٚ لیژنە، مە بخۆ دانەنا بوو، وەك لیستا رافیدەین، نازانم کاك ئەمیر، یەعنی وەك لیستا رافیدەین نوێنەر نەداینە، سوپاس.

**بەڕێز د.ارسلان بایز اسماعیل/سەرۆکی پەرلەمان:**

زۆر سوپاس، هیچ پەرلەمانتارە مەسیحیە بەڕێزەکان نوێنەری خۆیان نەنووسیوە، نووسراویان نەنووسیوە، ئەگەر ئێستاش دەیانەوێت نوێنەری خۆیان دابنێن ئیشکالمان نییە، فەرموو.

**بەڕێز امیر یوسف گۆگا:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

وەختی دەما نوێنەر دانانیٚ، بەس نوکە ئەز ژی د. ثائر بنووسن ئەم حەز دکەین، مە پیٚ خۆشە ئەگەر د.ثائر ئەندامیٚ لیژنە بێت، سوپاس.

**بەڕێز د.ارسلان بایز اسماعیل/سەرۆکی پەرلەمان:**

زۆر سوپاس، ئێمە لەو ناوانەی کە خوێندمانەوە ناوی د.ثائر بە نوێنەری مەسیحیەکان ئیزافە دەکەین، ئەو ناوانەی کە خوێندمانەوە بۆ پێکهێنانی ئەو لیژنەیە تکایە کیٚ لەگەڵدایە دەستی بەرز بکاتەوە؟ زۆر سوپاس، کیٚ لەگەڵدا نییە دەستی بەرز بکاتەوە؟ (4) کەس لەگەڵدا نییە زۆر سوپاس، بەزۆرینەی دەنگ پەسند کرا، ئومێد دەکەین ئەو لیژنەی کە پێك دێت کاری جددی بکات، ئەو لیژنەیە بەزۆرینە ئیقرار کرا، بۆیە ئێمە داوا دەکەین ئەو لیژنەیە دەست بەکار بن، دوایی ئێمە کۆبوونەوەیەکیان پیٚ دەکەین و تکاش

دەکەین دەست وبرد بکەن و دیقەت بکەن بۆ ئیستیفادە لە شارەزایان و پسپۆران، بۆ ئەوەی بتوانن بەشێوەیەکی سەردەمیانە ئیستیفادە لە تەجروبەی ولأتان بکەن بۆ هەموار کردنی پەیرەوی ناوخۆ، ئێستا بۆ خالی دووەم لە بەرنامەی کار/ خستنەڕوو و پێداچوونەوەی بڕیاری ژمارە (10)ی ساڵی 2012ی سەرۆکایەتی هەرێمی کوردستان سەبارەت بە ڕەد کردنەوەی یاسای لێبووردنی گشتی ژمارە (2)ی ساڵی 2012. لیژنەی یاسایی فەرموون بۆ شوێنی خۆتان، فەرموو کاك جەلال.

**بەڕێز جلال علی عبدالله:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

بەڕاستی ئەگەر بڵێم هەموومان کەسمان لەو یاسایەمان پێ نییە، واتا هەموار کردنەوەی یاساکە، چۆن موناقەشەی لەسەر بکەین، سوپاس.

**بەڕێز د.ارسلان بایز اسماعیل/سەرۆکی پەرلەمان:**

زۆر سوپاس، فەرموو دکتۆرە رۆژان.

**بەڕێز د.رۆژان عبدالقادر دزەیی:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

دوای پەسند کردنی ئەو یاسایە لەلایەن پەرلەمانەوەو گەڕانەوەی لەلایەن سەرۆکی هەرێم، پێویستە وەکو هەر پرۆژەیەکی دیکە مامەڵەی لەگەڵدا بکرێت، خوێندنەوەی یەکەمی بۆ بکرێت، ئاراستەی ئەندامانی پەرلەمان و لیژنەی پەیوەندیدار بکرێت، دواتر بێتە هۆڵی پەرلەمان بۆ گفتوگۆ کردن، سوپاس.

**بەڕێز د.ارسلان بایز اسماعیل/سەرۆکی پەرلەمان:**

زۆر سوپاس، فەرموو کاك ئیسماعیل.

**بەڕێز اسماعیل محمود عبدالله:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ئەو کۆبوونەوەیەی لەسەر یاسای لێبوردنی گشتیە، پێشتر ئێمە ئیتیفاقمان کرد کە کۆبوونەوەکە داخراو بێت، بۆیە پێشنیار دەکەم کۆبوونەوەکە داخراو بێت، مادام پێشتر داخراو بوو، دەبێت ئەوجارەش داخراو بێت، زۆر سوپاس.

**بەڕێز د.ارسلان بایز اسماعیل/سەرۆکی پەرلەمان:**

زۆر سوپاس، فەرموو کوێستان خان.

**بەڕێز کوێستان محمد عبدالله:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

**من پێشنیار دەکەم داخراو نەبێت، چونکە هەموو جەلسەکانی لێبوردنی گشتی بوو، هەموو قسەکان گواسترا بۆوە بۆ زیندانیەکان، جا با خۆیان ببینن وەك خۆی، نەك بە دەستکارییەوە بۆیان بگێڕنەوە، لەبەر ئەوە هیچ پێویست ناکات داخراو بێت، کە قسەکان بگێڕێتەوە بە دەستکارییەوە، وا باشترە خۆیان ببینن و سوپاس.**

**بەڕێز د.ارسلان بایز اسماعیل/سەرۆکی پەرلەمان:**

**زۆر سوپاس، ئێمە موتەئەسفین بۆ ئەو مەسەلەیە، کە ئەگەر پەرلەمانتارێك قسەکانی ناو پەرلەمان بگوازێتەوە بۆ هەر کەسێك لە دەرەوەی پەرلەمان ئەگەر جەلسەکە نهێنی بێت، چونکە پەرلەمانتار دەبێت موراعاتی وەزعی پەرلەمانتاری خۆی و پەرلەمان بکات بەڕاستی، چونکە جەلسەکانی پێشوو لەبارەی ئەو یاسایەوە نهێنی بووە، ئەم جەلسەیەش نهێنی دەبێت، لەبەر ئەوە تکا دەکەین ئەوانەی کە میوانن و کامیرەکان بچێتە دەرەوە، بەس تەنیا یەك فەرمانبەر بمێنێتەوە بۆ نووسینی مەحزەر، داوای لێبوردنیان لێ دەکەین، بفەرموون، چونکە دانیشتنەکەمان نهێنی دەبێت، کاتی خۆی موناقەشەمان کردووەو ئیقرارمان کردووە کە دانیشتنەکە دانیشتنێکی نهێنی دەبێت، فەرموو پەیمان خان.**

**بەڕێز پەیمان عزالدین عبدالرحمن:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

**لەڕاستیدا ئێستا ئێمە لەبەردەمی دوو خاڵ داین، یەکێك لەوەی کە دکتۆرە رۆژان پێشنیاری کرد، ئەوەی ئەمە وەکو پرۆژەیەکی نوێ مامەڵەی لەگەڵدا دەکرێت، لەبەر ئەوەی هاتۆتەوە، کە ئێمە جاری تر بۆ پرۆژە یاسای وەزارەتی رۆشنبیری وامان نەکردووە کە سەرۆکی هەرێم برگەیەکی ناردبۆوە، بەلاّم بۆ جارێکی دیکە موناقەشە کردنی، لەبەر ئەوەی ئێمە تەداعیاتی ئەو دانیشتنە نهێنیەمان بینی کە بە بڕوای من سلبی بووە، مەفروزە جارێکی تر بخرێتە دەنگدانەوە، کە ئایا دووبارە موناقەشە کردنەوەی بە نهێنی بێت؟ یەعنی ئەمە فەرقێکە لەنێوان گێڕانەوەی لەلایەن سەرۆکی هەرێم بۆ پەرلەمان، کە ناکرێت بە هەمان بڕیاری یەکەمجار موناقەشەمان کردووە بڕۆین، مەفروزە جارێکی تر بخرێتەوە دەنگدان، ئەگەر هەر بە نهێنی بوو بە نهێنی دەبێت، سوپاس.**

**بەڕێز د.ارسلان بایز اسماعیل/سەرۆکی پەرلەمان:**

**زۆر سوپاس، فەرموو کاك عەونی.**

**بەڕێز عونی کمال سعید بەزاز:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

**من پێم باشە بڕیاری سەرۆکایەتی هەرێمی کوردستان بە ژمارە (10) بە راشکاوانە بخوێندرێتەوە لە هۆڵی پەرلەمان، ئینجا دەنگدان لەسەر ئەوە بدرێت ئایا دانیشتنەکە بە نهێنی بێت، یان نا؟ ئەویش بەپێی ماددەی (9)ی پەیڕەوی ناوخۆ چارەگی ئەندامانی پەرلەمان موافەقەت بکەن، ئەگەر ویستیان دانیشتنەکە بە نهێنی بێت، سوپاس.**

**بەڕێز د.ارسلان بایز اسماعیل/سەرۆکی پەرلەمان:**

زۆر سوپاس، فەرموو کاك عەونی.

**بەڕێز عونی کمال سعید بەزاز:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

**کۆماری عێراق**

**هەرێمی کوردستان**

**سەرۆك**

**بڕیار**

ژمارە (10)ی ساڵی 2012.............

**بەڕێز د.ارسلان بایز اسماعیل/سەرۆکی پەرلەمان:**

فەرموو کاك بلال.

**بەڕێز احمد سلیمان عبدالله(بلال):**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

زۆر سوپاس، من پێموایە یەکەم سەبارەت بە نهێنی بوونی دانیشتنەکە دەبێت دەنگدانی بۆ بکرێت، چونکە ئەمە جەلسەیەکی ترە جیایە لەوەی پێشوو، لەلایەك.

لەلایەکی ترەوە، ئەگەر فەرەزەن بە نهێنیش دەرچوو، موتەبەع ئەوەیە ئەوەی من بەدواداچوونم بۆ کرد بێت، هەتا لە ئەنجومەنی نوێنەرانی عێراقیش وایە، ئەو دانیشتنانەی کە نهێنیشن تەسجیل دەکرێن، بەڵام بڵاو ناکرێتەوە، دەبێت ئەوانە تەسجیل بکرێت و بمێنێتەوە لەپرۆتۆکۆل، هەر کاتێك بە پێویست زانرا لەوانەیە بەپێی ئەم با بڵێین بەدەست هێنانی زانیاری ئێمەش ئەو شتانەی کە سرِین دوای چەند ساڵێك دەبێت ئاشکرا بکرێت، مودەی بۆ داناوە، یەعنی ئەمە لە چەندین وڵاتی دنیاش هەروایە، یاسایە رێکخراوە، دانیشتنە نهێنیەکان لەو کاتەی بە پێویست زانرا ئەو چەند ساڵەی بۆ دیاری دەکرێت ئاشکرا دەکرێن، بۆیە من پێم باشە یەکەم ئەگەر نهێنیش بێت، نهێنیەکە تەسجیل بکرێت و لە پرۆتۆکۆڵ بنووسرێت، ئەمە یەکەم.

دووەم/ من تاکو ئێستا ئەم یاسایە کە جەنابی سەرۆکی هەرێم راپۆرتی لیژنەکانمان بە دەست نەگەیشتووە تا ئێمە موناقەشەی بکەین و بزانین چی تێدایەو چی تێدا نییە، بۆیە من پێشنیار دەکەم راپۆرتەکان بگاتە دەستمان و ئیجا قسەی لەسەر بکەین، زۆر سوپاس.

**بەڕێزد.ارسلان بایز اسماعیل/ سەرۆکی پەرلەمان:**

زۆر سوپاس، کاك شوان.

**بەڕێز شوان عبدالکریم جلال:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

من یەك پرسیار لە سەرۆكایەتی بەڕێز دەكەم، جەنابی سەرۆكی هەرێم تێبینی هەبوو لەسەر وشەی جەندەر لە یاسای وەزارەتی رۆشنبیری هاتەوە ناو پەرلەمان خوێندنەوەی یەكەممان بۆ كرد، دواتر لە دانیشتنێكی تر گفتوگۆمان كرد لەسەر گۆڕینی ئەو وشەیەو دانانی پێناسەیەك بۆی، جیاوازی ئەمە چیە لەگەڵ ئەویتردا؟ هەردووكی هەر ئیعتیرازی سەرۆكی هەرێمە، بۆ ئەمە یەكسەر بێتە ناو دانیشتنی پەرلەمانەوە بەبێ ئەوەی خوێندنەوەی یەكەمی بۆ بكرێت و گفتوگۆی لەسەر بكرێت، لەكاتێكدا ئێمە راپۆرتیشمان لەبەردەستدا نییە، زۆر سوپاس.

**بەڕێز د.ارسلان بایز اسماعیل/سەرۆكی پەرلەمان:**

زۆر سوپاس، فەرموو دكتۆر احمد.

**بەڕێز د.احمد ابراهیم علی(وەرتی):**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

من پشتگیری رایەكەی كاك شوان دەكەم، فیعلەن ئەو پرۆژانەش كە لەلایەن سەرۆكی هەرێمەوە گەڕاوەتەوە بۆ پەرلەمان، پێشتر ئێمە عورفێ پەرلەمانی واهاتووە خوێندنەوەی یەكەمی بۆ كراوە، پاشان خوێندنەوەی دووەممان بۆ كردووە، فیعلەن ئەوەی كاك شوان گوتی لە 100٪ راستە، من پێشنیار دەكەم ئەمەش خوێندنەوەی یەكەمی بۆ بكرێت، پاشان موناقەشەی بكرێت، لەبەر ئەوەی راپۆرتەكان لەبەردەستی ئەندامانی پەرلەمان نییە، ئەو كاتەش دوای ئەوەی خوێندنەوەی یەكەمی بۆ كراو لە جەلسەیەكی دیكە كە خوێندنەوەی دووەمی بۆ دەكەین، ئەو كاتە بخرێتە دەنگدانەوە، كە ئایا دانیشتنەكە نهێنی دەبێت، یان نا؟ ئێستا راپۆرتەكە لەبەردەستی ئەندامان نییە، زۆر سوپاس.

**بەڕێز د.ارسلان بایز اسماعیل/سەرۆكی پەرلەمان:**

زۆر سوپاس، ئێوە هەمووتان لەكاتی موناقەشە كردنی ئەو پرۆژە یاسایە پەلەی ئەوەتان بوو كە ئەمە لە خێری ژمارەیەكی زۆر عائیلە دایە كە لە زینداننن، زیندانیەكان چاوەڕێ دەكەن، تەلەفۆنتان بۆ دەكەن، دەڵێن چیتان كرد لەو یاسایە، بۆ یاساكەتان دەرنەكرد؟ خەڵك چاوەڕوانە، خەڵك هەیە منداڵی وردی هەیەو چەندین ساڵە ژنی خۆی نەبینیوە، ئێمە لەسەر ئەو ئەساسە ویستمان یەكسەر پەلە بكەین لە رواندنی كارەكە، بەڵام ئەگەر خۆتان پێتان باشە خوێندنەوەی بۆ بكرێت و تەئجیلی بكەن، دیسان رەوانەی لیژنەكان بكرێتەوە، ئێمە هیچ مانیعێكمان نییە، بەڵام ئێمە لە پێناوی بەرژەوەندی گشتی، لە پێناوی بەرژەوەندی زیندانیەكان ئەوەمان كرد، ئێستاش دەخەینە بەردەمی ئێوەی بەڕێز، چ قەرارێكتاندا ئێمە مانیعەتمان نییە، ئێستا بەڕێز سكرتێری پەرلەمان تێبینی هەیە، فەرموو.

**بەڕێز فرست احمد عبدالله/ سكرتێری پەرلەمان:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

ئەگەر خوێندنەوەی بۆ بکرێت شتێکی زۆر ئیعتیادیە، بەس نابێت ببێتە خوێندنەوەی یەکەم، چونکە خوێندنەوەی یەکەم بۆ پرۆژەی قانونییە، خوێندنەوەی بۆ دەکرێت، راستە، بەلاَم نەك خوێندنەوەی یەکەم، هەتا ئێمە بە غەڵەتی نەچین، زۆر سوپاس.

**بەڕێز د.ارسلان بایز اسماعیل/سەرۆکی پەرلەمان:**

زۆر سوپاس، فەرموو لیژنەی قانونی.

**بەڕێز عونی کمال سعید بەزاز:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

من دەمەوێت ئاماژە بەشتێك بدەم، ئەویش بڕگەی سێی بەرنامەی کاری ئەمڕۆ دەڵێت خستنەڕوو و پێداچوونەوەی بڕیاری ژمارە (10)ی ساڵی 2012 سەرۆکایەتی هەرێمی کوردستان سەبارەت بە رەد کردنەوەی یاسای لێبووردنی گشتی ژمارە (2)ی ساڵی 2012، ئایا هیچ ئەندام پەرلەمانێك گلەیی هەبوو لەسەر داڕشتنەوەی بڕگەی بەرنامەی کار بەو شێوەیەی کە داڕێژراوە؟ واتا موافیق بوونە کە خستنەڕوو و پێداچوونەوە بکرێت لە هەمان دانیشتندا. دوو/ ئێمە چوار لیژنە کۆبوونەوەمان لەسەر راپۆرتەکە کردووە، راپۆرتمان ئامادە کردووەو برادەران هەموو ئاگادارن و واژوویان کردووە، تاخیر بوونی دابەش کردنی راپۆرتەکە بەهۆی ئەوەوە بووە چەند ئەندام پەرلەمانێك لێرە نینە واژووی راپۆرتەکە بکەن، ئەوە بووە هۆی دابەش نەکردنی راپۆرتەکە، ئەگینا هەرچوار لیژنە ئاگایان لە راپۆرتەکە هەیەو تەقریبەن دەتوانم بڵێم بە تەوافوق لەسەری پێك هاتین و رەئی خۆیاندا لەسەر هەر ماددەو بڕگەیەك کە لە پرۆژەکەدا هاتووە، پێشنیارەکانی جەنابی سەرۆکی هەرێمی کوردستان بە نەزەری ئیعتیبار وەرگیراوە، کە تێیدا داوا دەکات فراوان بکرێت و مەودای ئەو کەسانەی کە سوودمەند دەبن لەو یاسایەدا، بۆیە من بەباشی دەزانم ئێستا بڕیارەکەی جەنابی سەرۆکی هەرێم بخوێنمەوە، دوایی بەنیسبەت دەنگدانەوە ئایا کۆبوونەوەکە بە نهێنی بێت، یان نا؟ ئەمە رەئی ئەندامانی پەرلەمانە بەپێی ماددەی (9)ی پەیڕەوی ناوخۆ دیاری کراوە چۆن ئیشی لەسەر دەکرێت، سوپاس.

**بەڕێز د.ارسلان بایز اسماعیل/سەرۆکی پەرلەمان:**

زۆر سوپاس، سۆزان خان فەرموو.

**بەڕێز سۆزان شهاب نوری:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

من پشتگیری لە پێشنیارەکەی جەنابت دەکەم، ئەگەر چوار لیژنە بێت هەر لیژنەی (11) ئەندام بێت (44) ئەندام پەرلەمان بەشدار بوون، ئەگەر غیاباتیش هەبوو بێت (10) ئەندام ئامادە نەبوو بێت، (33) ئەندام بەشدار بووە لە گفتوگۆ کردنی ئەو چوار لیژنەیە بۆ ئەم هەموار کردنە، هەمووشی تێبینی ئەو ئەندام پەرلەمانانە بووە کاتی خۆی لەناو کۆبوونەوەکاندا باس کراوە، بۆیە من پێم باشە ئەگەر بەردەوام بین جارێ لە خاڵی یەکەمدا تێبینیەکانی سەرۆکی هەرێم بخوێندرێتەوەو لە خاڵی دووەمدا تاکو راپۆرتەکە

کۆپی دەکرێت و دەگاتە دەستی ئەندامانی پەرلەمان، چونکە کەسمان لەبەردەستماندا نییە، تاکو بکەوینە گتفوگۆ کردن و یاسای لێبوردنی گشتی ئەمڕۆ تەواو بکەین و پەسندی بکەین، زۆر سوپاس.

**بەڕێز د.ارسلان بایز اسماعیل/سەرۆکی پەرلەمان:**

زۆر سوپاس، کاك برهان فەرموو.

**بەڕێز برهان رشید حسن:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

من پشتگیری ڕەئی لیژنەی قانونی دەکەم، پێویستە ئیعتیرازەکەی بەڕێز سەرۆکی هەرێم بخوێندرێتەوە، دوای ئەوە بڕیاری لێ بدرێت لەسەر ئەو خاڵانەی کە ئیعتیرازی هەیە، تەقریری موشتەرەك حازرە، بۆ نموونە ئیعتیرازی لە ماددەی (3) هەیە بۆ مەحکوم، ئیعتیرازی لە ماددەی (6) هەیە ئیستیسنائەکان زۆرە کەم بکرێتەوە، تەنها ئەو فەقەرانەی ئیعتیرازی گرتووە دەخرێتە دەنگدانەوەو، دوای خوێندنەوەی ئیعتیرازەکەی، زۆر سوپاس.

**بەڕێز د.ارسلان بایز اسماعیل/سەرۆکی پەرلەمان:**

زۆر سوپاس، ئێستا ژمارەیەك پەرلەمانتار داوا دەکەن بخوێندرێتەوەو تەحویلی لیژنەی یاسایی و مافی مرۆڤ بکرێت، دواتر لە دانیشتنەکانی داهاتوو موناقەشە بکرێتەوە، فەرموو پەیمان خان.

**بەڕێز پەیمان عزالدین عبدالرحمن:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ئەم پرۆژەیە ڕاستە ئێستا ڕاپۆرتی هاوبەش لەبەردەستی ئەندامانی پەرلەمان ئامادە نییە، بەڵام بە فیعلی هەرچوار لیژنەی پەیوەندیدار کۆبوونەوەی هاوبەشمان لەسەر کردووە، زۆرینەی ئەندامەکان ئامادە بووین، وەکو کاك عەونی گوتی جۆرێك لە تەوافوقی لەسەر بەشێکی زۆر لەسەر ماددەکان هەیە، ئەوەی کە بکرێت بە تەنیا ئەوەیە ماوەیەك، نیو سەعاتە، بە چەند فریا دەکەون بۆ کۆپی کردن، تاکو بەسەر ئەندامەکان دابەش بکرێت، چونکە لە ئەسڵدا پرۆژەیەکی تازە نییە، ئێمە بە دوو ڕۆژ گفتوگۆمان لەسەر ماددەکان تەواو کردووە، بۆیە هیچی تازەی تیا نییە، ئەگەر بە تەنیا ئەوەندە کاتە بێت تا دابەش دەکرێت بەسەر ئەندامانی پەرلەماندا، زۆر سوپاس.

**بەڕێز د.ارسلان بایز اسماعیل/سەرۆکی پەرلەمان:**

زۆر سوپاس، دەنگێك هەیە دەڵێت نەمادیتوەو بیگەڕێننەوە بۆ لیژنەکان، ڕەئیەکی وا هەیە، فەرموو.

**بەڕێز کوێستان محمد عبدالله:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ئەوەندەی من تێبینیم کرد چ لیژنەی یاسایی، چ هەندێك لەو بەڕێزانەی قسەیان کرد مەبەستیان ئەوە بوو کە ئێستا بخوێندرێتەوەو هەر ئەمڕۆ موناقەشە بکرێت، چونکە کاتمان لەبەردەستدا نەماوە، دەکرێت ئێستا دە دەقیقەیەك، یان نیو سەعاتێك ڕاپۆرتەکان ئامادە بکرێت، چونکە پێشتر لە جەلسەکانی

موناقەشەی عەفوی عامدا لەبەردەستی هەمووماندا بوو، ئەوەندەشی بەسەردا تێ نەپەڕیوە لە زاکیرەماندا ماوە، هەر ئەو راپۆرتە کۆپی بکرێت و بدرێتەوە بە ئەندامان و موناقەشە بکرێت، سوپاس.

**بەڕێز د.ارسلان بایز اسماعیل/سەرۆکی پەرلەمان:**

زۆر سوپاس، بەڕاستی ئێمە بە سەهو تێگەیشتین، یان دەنگێك هەبوو گوتی ئەوە بخوێندرێتەوەو بنێردرێتەوە بۆ لیژنەکان، وا بوو؟ فەرموو حاجی بلال.

**بەڕێز احمد سلیمان عبدالله(بلال):**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

من یەکێك بووم لەوانەی کە باسی راپۆرتەکەم کرد، بەس مەبەستم ئەوە نەبوو تاخیر بکرێت، من پێمە باشە هەر ئەمڕۆ گفتوگۆی لەسەر بکرێت، بەلاَم پەلە بکرێت لە تەوزیع کردنی راپۆرتەکان، بۆ ئەوەی لەبەردەستمان بێت، سوپاس.

**بەڕێز د.ارسلان بایز اسماعیل/سەرۆکی پەرلەمان:**

زۆر سوپاس، کاك جەمال فەرموو.

**بەڕێز جمال طاهر ابراهیم:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

پێشنیار دەکەم جەلسەکە نیو سەعات دوا بخرێت، تا راپۆرت تەوزیع بکرێت بەسەر هەمی و بێتە دەنگدانێ، سوپاس.

**بەڕێز د.ارسلان بایز اسماعیل/سەرۆکی پەرلەمان:**

زۆر سوپاس، باشە جەلسەکە نیو سەعات تەئجیل دەکەین، دوای نیو سەعاتی تر وەرنەوە ژوورەوەو راپۆرتەکان دابەش بکەن بەسەر پەرلەمانتارە بەڕێزەکان، پاشان دێینەوە قسەی لەسەر دەکەین، سوپاس.

دانیشتنی دووەم بە نهێنی کرا.

| | | |
|---|---|---|
| **فرست احمد عبدالله** | **د.حسن محمد سوره** | **د. ارسلان بایز اسماعیل** |
| **سکرتێری پەرلەمانی** | **جێگری سەرۆکی پەرلەمانی** | **سەرۆکی پەرلەمانی** |
| **کوردستان – عێراق** | **کوردستان – عێراق** | **کوردستان - عێراق** |

1- بەردەوام بوون لەسەر خستنەڕوو و پێداچوونەوەی بڕیاری ژمارە (10)ی ساڵی 2012ی سەرۆکایەتی هەرێمی کوردستان سەبارەت بە ڕەد کردنەوەی یاسای لێبووردنی گشتی ژمارە (2)ی ساڵی 2012.

ئێستا بەڕێز جێگری سەرۆکی پەرلەمان ناوی پەرلەمانتارەکانی مۆڵەت و ئەوانەی ئامادە نەبوون دەخوێنێتەوە، با بفەرمووێت.

**بەڕێز حسن محمد سورە/ جێگری سەرۆکی پەرلەمان:**

ناوی ئەو ئەندامانەی لە دانیشتنی ژمارە (19)ی ئاسایی لە 2012/5/29 مۆڵەتیان پێ دراوە، یان ئامادە نەبوونە، ئەمانەن:

1- اسماعیل سعید  محمد/ مۆڵەت.

2- پەیام احمد محمد/ مۆڵەت.

3- تارا تحسین ئەسعەدی/ مۆڵەت.

4- د.دانا سعید سۆفی/ مۆڵەت.

5- رازاو محمود فرج/ مۆڵەت.

6- سمیر سلیم امین/ مۆڵەت.

7- د.سەروەر عبدالرحمن عمر/ ئامادە نەبووە

8- شلێر محمد نجیب/ مۆڵەت.

9- شلێر محی الدین صالح/ مۆڵەت.

10- شێرزاد عبدالحافظ شریف/ مۆڵەت.

11- شێردڵ تحسین محمد/ مۆڵەت.

12- د.صباح محمد نجیب/ مۆڵەت.

13- صباح بیت الله شکری/ مۆڵەت.

14- عبدالقادر اکرام جمیل/ مۆڵەت.

15- عماد محمد حسین/ مۆڵەت.

16- د.عمر محمدامین/ مۆڵەت

17- عظیمة نجم الدین حسن/ مۆڵەت.

18- قادر حسن قادر/ مۆڵەت.

19- محمد علی احمد/ مۆڵەت.

سوپاس.

**بەڕێز د.ارسلان بایز اسماعیل/سەرۆکی پەرلەمان:**

داوا لە لیژنەی پەیوەندیدار دەکەین بێنە شوێنی خۆیان، فەرموون.

دانیشتنەکە بە نهێنی بەڕێوە چوو.

1- بەردەوام بوون لەسەر خستنەڕوو و پێداچوونەوەی بڕیاری ژمارە (10)ی ساڵی 2012ی سەرۆکایەتی هەرێمی کوردستان سەبارەت بە رەد کردنەوەی یاسای لێبووردنی گشتی ژمارە (2)ی ساڵی 2012.

ئێستا بەڕێز جێگری سەرۆکی پەرلەمان ناوی پەرلەمانتارەکانی مۆڵەت و ئەوانەی ئامادە نەبوون دەخوێنێتەوە، با بفەرموویٚت.

**بەڕێز حسن محمد سورە/ جێگری سەرۆکی پەرلەمان:**

ناوی ئەو ئەندامانەی لە دانیشتنی ژمارە (20)ی ئاسایی لە 2012/5/30 مۆڵەتیان پێ دراوە، یان ئامادە نەبوونە، ئەمانەن:

1- پەیام احمد محمد/ مۆڵەت.

2- تارا تحسین یاسین/ مۆڵەت.

3- حازم تحسین سعید/ مۆڵەت.

4- د.دانا سعید سۆفی/ ئیفاد.

5- سەردار رشید محمد/ مۆڵەت.

6- شلێر محمد نجیب/ مۆڵەت.

7- شەونم محمد غریب/ مۆڵەت.

8- عبدالقادر اکرام جمیل/ مۆڵەت.

9- عماد محمد حسین/ مۆڵەت.

10- محمد احمد علی/ مۆڵەت.

سوپاس.

**بەڕێزد.ارسلان بایز اسماعیل/ سەرۆکی پەرلەمان:**

داوا لە لیژنەی پەیوەندیدار دەکەین بێنە شوێنی خۆیان، فەرموون.

دانیشتنەکە بە نهێنی بەڕێوە چوو.

| فرست احمد عبدالله | د.حسن محمد سوره | د. ارسلان بایز اسماعیل |
|---|---|---|
| سکرتێری پەرلەمانی | جێگری سەرۆکی پەرلەمانی | سەرۆکی پەرلەمانی |

لە کۆبوونـەوەکانی پێشوودا گفتگۆ لەسـەر شـەش مـاددە کـرا، لـە ئـەنجامی گفتوگۆکـان گەیشـتینە مـاددەی حەفتەم، ئێستا ماددەی حەفتەم دەخوێنمەوە:

المادة السابعة:

مقاصد هذا القانون/

1- تتضمن الوثيقة جميع المعلومات المسجلة بصرف النظـر عـن شكلها و مصـدرها و تـاريخ إنشـائها أو حالتهـا القانونية سواء أنشئت من قبل الهيئة العامة و الخاصة التي تحتفظ بها أو كانت سرية.

2-تحتفظ الهيئة العامة أو الخاصة بالوثيقة إذا:

أ-إحتفظت بها لديها أو بالنيابة عن شخص آخر.

ب-أو إحتفظ بها شخص بالنيابة عنها.

**بەڕێز ئاواز عبدالواحد خضر:**

ماددەی حەوتەم/

بۆ مەبەستەکانی ئەم یاسایە/

1-بەڵگەنامەکـە هـەموو زانیارییـەکانی تۆمـارکراو لـەخۆ دەگرێـت بـە چاوپۆشـین لـە شـێوە و سەرچـاوە و ڕێککەوتەی دامەزراندن یان حاڵەتی یاساییەکەی چ لەلایەن دەستەی گشتی و تایبەتییەوە کە لـەلای خۆیـان گرتووە دامەزراوە یان ناوە چ نهێنی بێت یاخود نا.

2-دەستەی گشتی یان تایبەتی بەڵگەنامەکە لای خۆی دەهێڵێتەوە ئەگەر:

أ- ئەگەر لەلای خۆی بهێڵێتەوە یان بە نوێنەرایەتی کەسێکی تر بێت.

ب- یان کەسێك بە نوێنەرایەتی ئەو بەڵگەکە لەلای خۆی بپارێزێ.

**بەڕێز د. ارسلان بایز/سەرۆکی پەرلەمان:**

فەرموو سۆزان خان.

**بەڕێز سۆزان شهاب:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

بەڕێزان ئەندامانی پەرلەمان، ئێمە لە جاری پێشووش دا ئـەم داوایـەم کـردەوە، وتم/ ئـەم یاسـایە زۆر زۆر گرنگە مشتوومڕێکی زۆر زۆریشی دروست کردووە لە ناو ناوەندەکانی ڕۆژنامەنووسی و ڕۆشنبیران دا، ئـەوە داواکارییەکـە پێشکەشـی هـەموو فراکسـیۆنەکان کـراوە، کـە داوا دەکـەن، نـاڵێن بـا دەرنـەچـێت، دەڵـێن/ گفتوگۆکان دوا بخەن بۆ ئەوەی دەوڵەمەند بکرێ، ئێمە تەنها داواکارییەکەمان ئەوەیە کە گفتوگۆکانی سـەر ئـەم یاسـایە ڕابگیرێـت، ئـەوانیش بێـنن ئـەم ڕۆژنامەنووسـانەی کـە ئـەم تـرس و گومانـەیان هەیـە، ئـەم ڕۆشنبیرانەی کە ئەم ترس و گومانەیان هەیە، کۆیـان بکەنـەوە، بۆیـان شـەرح بکـەن، بۆیـان بـاس بکـەن بـۆ

ئەوەی پشتگیری لە دەرچوونی ئەم یاسایە بکەن، ناکرێ ئێمە ئێستا یاسایەك دەربکەین هەتا ئێستا 10 کەمپەینی بۆ بەڕێ خراوە، من زۆر زۆر سوپاستان دەکەم.

**بەڕێز د. ارسلان بایز/سەرۆکی پەرلەمان:**

فەرموو کاك عبدالله.

**بەڕێز عبدالله ملا نوری:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

دیارە کەسمان لاریمان لەوە نیە کە ئەم یاسایە یەکێکە لەو یاسا گرنگانەی کە دەتوانێ ڕۆڵێکی هەرە گەورە بگێڕێ لە دەستەبەر کردنی دام و دەزگای شەفاف و ڕۆڵێکی باش دەگێڕێ لە دەستبەر کردنی ماف بۆ هاووڵاتی کە بە ئاسانی دەستی بە زانیاری بگات، بۆیە پێویست دەکات زۆر بە وریاییەوە، زۆر بەهەستیاریەوە مامەڵەی لەگەڵ دا بکەین، پێویستە پەرلەمانی کوردستان کار لەسەر ئەوە بکات باشترین یاسا دەرچێت، بەڵام لە ڕاستی دا پێم سەیرە یەعنی قسەکەم، ئەم قسەیە با ئەو لێکدانەوەی بۆ نەکرێت، من زۆر لەگەڵ ئەوەدام لەسەر ئەم پرۆژە یاسایە ڕای زۆرترین خەڵکی پسپۆر، ڕای زۆرترین خەڵکی پەیوەندیدار وەربگیرێ بۆ دەوڵەمەند کردنی، بەڵام هەرگیز ئەوە بەو مانایە نایێ، ناکرێ بیکەیتە پاساوێك بۆ دواخستنی ئەم پرۆژە یاسایە، لە ڕاستی دا من یەك مەترسی زۆر گەورەم هەیە، لە ڕابردوودا زۆر پرۆژە یاسای تری گرنگی وەکو ئەم پرۆژە یاسایە دواخرا، ئێستاش نەگەڕایەوە بۆ پەرلەمان، لەوانە یاسای کۆمسیۆن، یاسای با بڵێین پێدانی بودجە بە ئەحزاب، ئەوانە کە هەموو یاسان و ڕەهەندی نیشتمانییان هەیە، یاسای زۆر گرنگن، بۆیە من جارێکی تر تەئکید لەسەر ئەوە دەکەمەوە پێویستە پەرلەمانی کوردستان گوێ لە بۆچوونی ڕۆژنامەنووسان، ڕۆشنبیران، ڕێکخراوەکانی کۆمەڵگەی مەدەنی بگرێت، بەڵام لەگەڵ ئەوەدام پرسی دواخستنی ئەم پرۆژەیە تەنها بیست ڕۆژ دیاری بکرێت، لێرە پەرلەمانی کوردستان دیاری بکات بیست ڕۆژ، پێنج ڕۆژ، 10 ڕۆژ بەسە بۆ ئەوەی ئێمە ڕاو و بۆچوونی هەموو لایەك وەرگرین، ئێمە مەترسییەکان لە یەك شوێنە، مەترسی لە ڕیز پەڕەکانە، لە ئیستیسنائاتە، من بۆ خۆم مەترسیم زۆر لەو ماددەیە هەیە، پێموایە بە شێوەیەکە کە چوارچێوەکان تەسك دەکاتەوە بۆ ئەوەی کە دەست بە زانیارییەکان بگات، بەڵام ئەوە پەرلەمانە، پەرلەمان دەتوانێ هەر ئێستاش لەم دانیشتنەی ئەمڕۆدا ئەگەر نییەتێکی جیددی لای پەرلەمانتارە بەڕێزەکان هەبێت بۆ ئەوەی ڕیز پەرەکان کەم بکرێتەوە، پێموایە هەر ئەمڕۆ دەتوانین ئەم ڕیز پەڕانە کەم بکەینەوە، ئازادییەکان فراوان بکەین بە شێوەیەك کە زۆرترین زانیاری بە خەڵك بگات، بۆیە تەئکید لەسەر ئەم خاڵە دەکەمەوە، تکایە ئەم پاساوەی ڕۆژنامەنووسان و ڕۆشنبیرانی بەڕێز کە زۆر مەعقولن، نەکرێتە هۆکارێك بۆ ئەوەی یاساکە (إلى الأبد) دەرنەچێت، تکایە تەنها بیست ڕۆژ با دەستنیشان بکرێ، لەگەڵ ڕێزدا.

**بەڕێز د. ارسلان بایز/سەرۆکی پەرلەمان:**

ئەو پرۆژە یاسایانەی کە پێش ماوەیەك تەئجیل کران، تا ئێستا موناقەشەمان لەسەر نەکردۆتەوە، حەز دەکەن بەیانی دەیهێنینەوە موناقەشەی لەسەر دەکەین، بەڵام بە زۆرینە و کەمینە دەردەچێ، بۆیە ئێمە نایهێنینەوە بۆ موناقەشە کردن، بۆ ئەوەی بە زۆرینە و کەمینە دەرنەچێ، بۆ ئەوەی تەوافوقێکی نیشتمانی لەسەر بێ بەڕاستی، ئیشکال لەوەدا نیە کە ئێمە نەمانهێناوەتەوە بە مەقصەدێکی ئەوە بووە، فەرموو کاك شوان.

**بەڕێز شوان کریم کابان:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

لەگەڵ ڕێزم بۆ هاوکارانم من بۆ خۆم وەکو ئەندام پەرلەمانێك ڕازی نیم کەس شك لە جیددیەتم، لە ئیش کردنی پەرلەمان دا لە ناو پەرلەمان دا دروست بکات، ئەوە یەکەم، دووەم/ لە ڕاستی دا هاوکارانیشم باسیان کرد ئەم یاسایە ماوەیەکی زۆرە لە کەناڵەکانی میدیاوە قسەی لەسەر دەکرێت، ڕاو بۆچوونی زۆری لەسەر گوتراوە، بەداخەوە دوو تێگەیشتن دروست بووە، هۆکارەکەی هەر چیەکە، بەڵام دوو تێگەیشتن دروست بووە، من پێموایە دواتر دەبێتە کێشە بۆ پەرلەمان، تێگەیشتنێکیان ئەوەیە کە ئەم یاسایە وا دەکات دەستکەوتنی زانیاری ڕەهابێ، هەموو دەرگاکان والآ بێ، هەر کەسێك بیەوێت بچێتە هەر دام و دەزگایەك و تەنانەت لە ماڵەکانیشەوە دەست بداتە هەر فایلێك و هەر دۆسیەیەك، بیەوێ بیهێنێتە دەرەوە و بەکاری بهێنێت، ئەمە یەك، دوو، تێگەیشتنی دووەم ئەوەیە کە لەناو یاسایەکە ئەو ئیستیسنایانەی کە هاوکارم عەبدوڵلای مەلا نوری باسی کرد، دەبێتە ڕێگری لە بەرامبەر ئازادی ڕا دەربڕین، کاری ڕۆژنامەوانان وەکاری ڕۆژنامەنووسی، بەڕاستی ئەمە هەردووکی من پێموایە بۆ یاسایەکە خراپە، دواتر بە سلبی دەشکێتەوە لەسەر کاری پەرلەمان، وەکو بەشێك لەو یاسایانەی تر کە دواتر قسەی زۆری لەسەر کرا، جارێکی تر گەڕایەوە ناو پەرلەمان، ئەوە تەئجیلەی کەوا داوا دەکرێت لە قازانجی یاساکەیە، بە دڵنیایشەوە حەز دەکەم هەموو لایەك ئەوە بزانن، هیچ یاسایەکی بەدەست هێنانی زانیاری لە دونیا دەرنەچووە ئیستیسنائاتی تیا نەبێ، ئێمە هەتا نەکەین بە مۆتەکەیەك لەناو یاسایەکە خەڵکی پێ بترسێنین بەڕاستی، هەقێکی تەبیعی مەشروعی دام و دەزگاکانی حکومەتە، هەم ڤیتاعی تایبەتە کە بەشێك لە یاسایەکە ئەیانگرێتەوە، هەندێ زانیاری هەیە بەڕاستی تایبەتمەندێتی خۆی هەیە، نابێ دەستی هەموو کەسێك والآ بێ بۆ ئەوەی دەستی بگاتە ئەو زانیاریە، بۆیە بەڕاستی تەئجیل کردنەکە بۆ ئەوەیە کە زیاترین تێگەیشتن وە باشترین تێگەیشتن، لە ئامانجی دەرچوونی ئەم یاسایە ئەبێ، زۆر سوپاس.

**بەڕێز د. ارسلان بایز/سەرۆکی پەرلەمان:**

**کاك ئارام فەرموو.**

**بەڕێز ایوب نعمت قادر(ئارام):**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ئەم یاسایە ئێمە وەکو پەرلەمان کۆمەڵێك کۆبوونەوەی گشتی لەسەر کراوە، یەکێك لەوانە ڕێکخراوی (NDI) کە ئەوەش ڕاپۆرتەکەی لەبەر دەستمان دایە، کۆمەڵێك لە ئەندام پەرلەمانەکان بەشداریان کرد، کۆمەڵێك تێبینی زۆر زۆر جوانیان خستەڕوو بۆ ئێمە، کۆبوونەوەیەکی فراوان لە پەرلەمان کرا، کە زۆربەی زۆری ڕۆژنامەنووسان و ڕێکخراوەکان هاتن، ڕاو بیرو بۆچوونی خۆیان دەربڕی، من لەگەڵ زیاتر لێکۆڵینەوەو ورد بوونەوەی ئەو یاسایەم، بەڵام ئەگەر بێتو ئێمە ئەو ڕاو بیرو بۆچوونانە بە هەند وەربگرین، ڕۆژنامەنووسانیش یاسایەکەیان بەدڵ ئەبێ، یاسایەکەش بەشێوەیەکی ڕێك و پێك دەردەچێت، لەبەر ئەوەی من پاساو نابینم کە دوابخرێت، بەڵکو بایەخدان بە ڕاو بیرو بۆچوونی ڕۆژنامەنووسان، هەروەها ڕێکخراوەکان بگیرێت، مەسەلەی ئیستیسناکان، زیاتر لە 100 دەوڵەت ئەم یاسایەیان هەیە، من کۆمەڵێك لە یاسایەکانم لەبەر دەستدایە، کێشە لە ئیستیسناکان ئەوەیە کە ئیستیسناکان دیاری بکرێت، مەبەست چیە لەوە؟، بۆ ئەوەی کە کەس لە دوای دەسەلاَتی جێبەجێ کردن تەئویل و تەفسیر نەکا بۆ ئیستیسنائەکان، لەبەر ئەوە من پێم باشە بەردەوام بین لەسەر گفتوگۆکان، سوپاس.

**بەڕێز د. ارسلان بایز/سەرۆکی پەرلەمان:**

کاك جمال فەرموو.

**بەڕێز جمال طاهر ابراهیم:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

پەرلەمانتارێت بەڕێز، مەبەست ژ ڤێ یاسایێ چیە؟، مەبەست ئەوە مەعلومات زانیاری بدەنە ئەوی جهێ کو ئیستیفادەی ژێ بکەت، ئەگەر بێینو سەیری قانونی بکەین، قانون زیاتر تەفسیل و ئیجرائات، هەندێ مەواد سیغەی ئیجرائات وەرگرتینە، هەندێك مەواد حکومەت دەتوانێ بە نیزام و تەعلیمات دەربکات، ئەگەر بێتو ئێمە ئەو یاسایە بەم شێوەیە بەم داڕشتنە مەعە ئیحتیرام بۆ ئەو کەسەی ئەو یاسایەی بەم شێوەیەی داڕشتووە، بڕواتان هەبێ من دەڵێم وەك سیغەی مەقالەیەك لەناو جەریدە دەرئەچێت، بۆیە من پێشنیار دەکەم دووبارە پێداچوونەوە لە هەموو یاسایەکە بکرێت، بە سیغەی قانونی بە مەوادی پوختەو مەحکەم بێ، نەوەك بەرەڵایی بێ و بە کەیفی خۆیان دایان نابێ چۆن ئیش دەکەین، بۆ نموونە، سەرۆکی پەرلەمان، دەڵێت، (الوثائق مقاصد هذا القانون) ببینە جوملە چۆن رەکیك ئەبێ، چ (مقاصد هذا القانون)،( الوثائق)چیە؟، عیلاقەی (مقاصد هذا القانون) چیە؟، بۆچی ئێمە وەسائق نابەنە ماددەی یەکەم تەعریف بکەن، مانای وەسیقە چیە؟، بۆیە من پێشنیار دەکەم ئەو بابەتە دوابخرێت، دووبارە دیراسەت بکرێت، پێداچوونەوە بکرێت، تا بتوانین ئێمە یاسایەکی ڕێك و پێك دەربکەین خەڵکەکە ئیستیفادەی لێ بکات، چەند بتوانین ئیستیسنا کەم بکەین باشە، زۆر سوپاس.

**بەڕێز د. ارسلان بایز/سەرۆکی پەرلەمان:**

کاك عدنان فەرموو.

**بەڕێز عدنان عثمان محمد:**

**بەڕێز سەرۆكی پەلەمان.**

من یەك، دووخاڵ تەوزیح دەكەم، جارێ تەبعەن پێموانیە كەسێك هەبێ كوفرێكی وابكات بڵێ لە یاسای بەدەست هێنانی زانیاری لەم پەڕی دونیا تا ئەوپەڕی دونیا، ئیستیسنائاتی تیا نەبێ، یا یاسایەك دەربكەین ڕەهابێ، یەعنی ئازادیەكی رەها دەستەبەر بكەین، جارێ هەر بە مەنتقی كۆمەڵێك مەلەفات هەیە، ئیستیسنایە لە بەدەست هێنانی زانیاری، مەسەلەن حیساباتی بانقیە، مەسائیلی سەحی و ئەوانەیە، یەعنی هەندێ ولاَت كەمن سەیرم كردووە 40 ئیستیسنائی ڕیز كردووە، ولاَتی ئەوروپی 40ئیستیسنا ڕیز ئەكات، بەلاَم قسە لەسەر ئیستیسنا لەم ولاَتانە لە سیستەمی دیموكراتی لە ستانداردا، لە ڕاستیەكەیا تەحدید كردنی ئیستیسنائەكەیە، یەعنی ئەوەندەی ڕوون ئەكاتەوە مەجالی ئیجتیهاد بە مودیر عامێ یان بە وەزیرێ یان بە بەرپرسێ، یان موەزەفێك نەدات، كە بتوانێ تەئویلی ئەم فەقەرەیە بكات، بڵێ كاكە ئەمە، مودیر عامێ لە شارۆچكەیەكی بچووك بڵێ كاكە ئەمە خەتەرە بەسەر ئیقتیصادی ئیجتیماعی، من مەجالی پێنادەم، یاسایەكە مەجالی پێداوە، ئینجا تۆ سێ، چوار مانگ بڕۆیتە مەحكەمەو شكایەتی لێ بكەی تا وای لێ بكەی، ئیستیسنائەكان زۆر تەحدید كراون، كەوا ئەڵێ ئەمە چ بوارێك ئەگرێتەوە، بۆ نموونە، مەوزوعی موخابەرات ئەگرێتەوە، هەندێ مەلەف ئەگرێتەوە، كە لە ولاَتانی وەكو بەریتانیاو ئەوانە كە 25 ساڵ حەجزی ئەخرێتە سەر، مەلەفاتی ئەمنیەكی تایبەتە، مەلەفاتی لەوانەیە ئەسلیحەی نەوەوی بێت لە ولاَت، بەلاَم مەوازیعێكی تر بۆ نموونە لە وەزارەتی پێشمەرگە لە وەزارەتی دیفاع لەوانەیە ئەوە هەمووی بچێتە بابی ئەمنیەوە، لای ڕۆژنامەنووسێ یان ڕێكخراوێك یان لای كەسێكی ئاسایی پێیوابێت ئەوە بەشێكە لە مافی هاوولاَتیان بۆ بەدەست هێنانی ئەمە، جا قسە لەسەر ئیستیسنائاتەكانە، یەعنی هەموو ئیشكالیەتێك كە لەم یاسایەو ئەم چەند ڕۆژە قسەی لەسەر كراوە، لەم هینانە ئیستیسنائاتەكانە، ئەگەر 100جاری تر و 100 كۆبوونەوەی تریش بكرێت، لەسەر ئەوەیە كە دێتە ئەم پەرلەمانە، واتە تێگەیشتنە سیاسیەكان و مەفاهیمە سیاسیەكان، دواتر بڕیار ئەدەن لەسەر ئەوەی ئەم یاسایە دەربچێت لە كوردستان یان دەرنەچێت، تەقیدی ئازادیەكان لە چ ئاستێك بێ، لە چ ئاستێكدا نەبێ، من بۆ ئەوەی لەم كێشەیە دەرباز بێ، من پێم باشە ئێمە ئەگەر دەمانەوێ یاسایەكی ستاندارد دەربكەین، بە گوێرەی مەعایری دوەلی دەربكەین، یان یاسایەكی باش بێ، وەكو ئەوەی كاك عبداللە باسی كرد، لە ڕاستیدا كێشەمان لەسەر وەقت نیە، بەلاَم ئەم وەقتە ئەمە بەم شێوە كراوەیە نەبێ، من لەگەڵ ئەو ڕەئیەی جەنابت نیم بەڕاستی، هەندێ یاسا هەیە كە تەئجیل كرا، تەئجیل كردنەكە نە بۆ دیراسەت كردن بووە، نە بۆ شتێكی تر بووە، تەئجیل كراوە، ئێمە ئەوە بە مافی هاوولاَتیان سەیری بكەین، وەها سەیری نەكەین كە لایەنێكی سیاسی، یا گروپێ لەناو پەرلەمان پێشكەشیان كردووە، ئەمە بەشێكە لەمافە سەرەتاییەكانی هەموو ئینسانێك، قسە لەسەر كۆمەڵگای دیموكراسی دەكەین، بەبێ بوونی مافی بەدەستهێنانی زانیاری، دەست كەوتنی زانیاری، شەفافیەتی دام و دەزگاكان ناتوانین قسە لەسەر دیموكراسیەت بكەین، جا ئەم یاسایە گرنگە، كە گرنگە لە ڕاستیدا دەبێ قسە لەسەر ئەوە بكەین ئەولەویاتەكانی چۆن بێ، بۆیە من پێشنیازێك دەخەمە بەر دەمی

جەنابتان، ئەم چەند ڕۆژەی کە ئێمە گفتوگۆ لەسەر بودجە دەکەین، قسەو باس لەسەر بودجە ئەکرێت، ماوەیەکی دیاریکراو وەکو ئەوەی کاك عبداللە باسی کرد، من پێموایە کەمتر لەوەی ئەو باسی کرد بدەن بە لیژنەی ڕۆشنبیری، ئەگەر کاك ئاسۆ گوێم لێ بگرێت، لیژنەی ڕۆشنبیری لەماوەی ئەم چەند ڕۆژەدا سەیری ئەو هینانە بکەن، من ئەتوانم هاوکاریشیان بکەم، سەیری کۆمەڵێك لەم یاسایانە بکەن، کە دەربارەی زانیاری لە وڵاتانی ئینگلیزیش هەیە، خۆشیان ئەتوانن، موتەرجممان هەیە لەم پەرلەمانە، بەس قسە لەسەر ئیستیسنائاتەکان بکرێت، ئەو ئیستیسنائاتانە بخرێتە بەرچاو، ڕاپۆرتێ حازر بکەن لەسەر ئەو ئیستیسنائاتانە، بە ستانداردی جیهانی، سایت هەیە، سایتێك هەیە کە تەنها پەیوەستە بە مافی بەدەستهێنانی زانیاری، سەیر بکەن بزانن ستاندارده جیهانیەکان چیە لەسەر ئیستیسنائات، پێموایە لەماوەی هەفتەیەکدا ئەم ئیشە ئەکرێت، موباشەرەتەن لە دوای گفتوگۆی یاسای بودجە ئەم یاسایە بخەینە بەرنامەی کار، بەرنامەی کاری داهاتوومان لەدوای بودجە ئەم یاسایە بێت.

**بەڕێز د. ارسلان بایز/سەرۆکی پەرلەمان:**

د.عمر فەرمووو.

**بەڕێز د.عمر حمدامین خدر(نورەدینی):**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

هەمووومان موتەفقین لەسەر ئەوەی کە ئەم یاسایە گرنگەو دەیەوێ مافێکی گرنگی هاووڵاتیان لەم وڵاتە ڕێك بخات، بەڵام لەم چەند دانیشتنانەی کە تەرخانمان کرد بۆ گفتوگۆ لەسەر ئەم پڕۆژە یاسایە، بۆمان دەرکەوت کە یەك: لیژنە پەیوەندیدارەکان ڕاپۆرتی هابەشیان نیە، جیاوازی بیرو بۆچوون لە نێوانیاندا زۆر زۆرە، دوو: بۆمان دەرکەوت کە جیاوازی هەڵوێست لە فراکسیۆنەکان وئەندامانی پەرلەمان لەناو خودی فراکسیۆنێکیش زۆرە، سێ: بۆمان دەرکەوت کە دیسان دام و دەزگاکانی پەیوەندیدار لە بواری کۆمەڵگای مەدەنی و میدیا دیسان سەرنج و پێشنیاریان لەسەر ئەم پرۆژە، توخوا ئیجازە بدە قسەکانم تەواو بکەم، دیسان بیرو بۆچوونی ئەوانیش لەسەر ئەم پڕۆژە یاسایە هەیە، داوایان لە هەموو فراکسیۆنەکان هەموو ئەندامانی پەرلەمان کردووە، بە مەبەستی دیراسە کردن و باشتر دەوڵەمەند کردن و هەڵسەنگاندنێکی فرە ڕەهەندی بابەتیانەی یاسایەکە، با پەلە کردن لە یاسایەکە نەبێتە مایەی ئەوەی کە ئێمە یاسایەکی باش لەم بوارە دەرنەکەین، خاڵێکی تر ئەوەیە کە لە ڕاستیدا ئێمە گفتوگۆ لەسەر ئەم بابەتانە دەکەین، پێویستە ئێمە پرسیار لەسەر نیەت و لەسەر بیرو بۆچوونی هەڤاڵانمان وەکو ئەندامی پەرلەمان دروست نەکەین، شك و گومان دروست نەکەین، بڵێین نیەتی من چیەو نیەتی ئەو چیە، هەروەها سەبارەت بە یاساکانیش، بەلای منەوە هەموو ئەو یاسایانەی کە لە پەرلەمانی کوردستان دەردەچێ، ڕەهەندی نیشتیمانیان هەیە، یاسایەکم بۆ بێنە کە ڕەهەندی نیشتیمانی نەبێ، بەڵام یاسا هەیە تەبیعەتی سیاسی بوونی بەراورد لەگەڵ یاسایەکی تر زۆرترە، بیرو بۆچوونی جیاوازی زیاتر لەسەرە، پێویستی بەوە هەیە تۆ تەوافوقی لەسەر بکەی، یا گفتوگۆی لەسەر بکەی، پێکەوە سازدانێکی قانونی و سیاسی لەسەر بکەی، بەڵام

دیسان گفتوگۆ لەسەر هەموو پڕۆژە یاسایەکان، کورت نەکەینەوە بەوەی بڵێین ڕەهەندی نیشتیمانی هەیەو نیەتی، یان پێویستی بە تەوافوقە، بۆیە زەرورەتی مەوزوعی بۆ مامەڵە کردن لەگەڵ ئەم یاسایە، پێویستی بەوە هەیە دوای بخەین کاتی زیاترمان لەژێر دەست بێ، تا هەوڵ بدەین گفتوگۆی زیاتری لەسەر بکەین، بۆ ئەوەی لەو سەر پڕۆژە یاسایەکی باشتر و دەوڵەمەند ترمان هەبێ، زۆر سوپاس.

**بەڕێز د. ارسلان بایز/سەرۆکی پەرلەمان:**

کاک عمر فەرموو.

**بەڕێز عمر عبدالرحمن علی:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ڕاستە ئەم یاسایە هەدەفی ئەسلی ئەوەیە کەوا بەرفراوان بێ، ڕێگە بدات بۆ ئەوەی کە ئەوانی تر، ئەو کەسانەی کە داواکاری مەعلومات و زانیاریەکان ئەکەن، دەستیان بکەوێ بەشێوەیەکی یاسایی، دیارە دەست کەوتنی زانیاری لە دام و دەزگاکانی دەوڵەتەوە سیمایەکە لە سیمایەکانی دیموکراتی ئەو نیزامە کە وڵات ئەبات بەڕێوە، هەروەها دروست بوونی پردێکی پڕ لە سیقەیە لەنێوان خەڵك و حکومەت بۆ دانی زانیاری، ئەم زانیاریانە کە ئەدرێت، پێویستە لەسەر بنەمایەك بدرێت، پیویستە باس لە چۆنیەتی دانی بکرێت، پێویستە باس لە چۆنیەتی بلاّو کردنەوەی بکرێت، پێویستە باس لە چۆنیەتی ئەو کەسانە بکرێت کە کێن ئەو کەسانە کە داواکاری ئەم زانیاریانە بن، ڕاستە ئەم زانیاریانە کە ئەدرێت، کۆمەڵێکی زۆر خەڵك سوودی لێ وەرئەگرێت، تەنیا سەحافیەکان نیە، تەنیا ئیعلام نیە، باحیسەکانن، موستەسمیرەکانن، ئەو کەسانەن کە بەدوای زانیاریەکان ئەگەڕێن، ئەو کەسان یەکێکن لە تۆڕەکانی جاسووسی و شەبەکاتی تەجەسوس و دانی پەیوەندی و مەعلومات بە لایەنەکانی تر، کە لەساڵحی ئەوانە ئیش دەکەن، بە واتا ئەم یاسایە زۆر بەر فراوانە کۆمەڵێکی زۆر لە خەڵك ئەگرێتەوە، کۆمەڵێکی زۆر لە چین و توێژەکان ئەگرێتەوە، کە داوای ئەو زانیاریانە بکەن، ڕاستە ئەم یاسایە هەمووومان کۆکین لەسەر ئەوەی کە پێویستە یاسایەکی زۆر تۆکمەی ڕێك و پێکمان هەبێ، لەسەر چەند بنەمایەك کاك عدنان ئیشارەتی پێیدا بە ئیستیسنائەکان، منیش تەئکید لەسەر ئەوە دەکەم کە ئەبێ ئەم یاسایە پەیوەست بێ بە هەندێ لە ئیستیسنائەکانەو کە تایبەت بێ لەسەر ئەو پەیوەندیانەی لەناو وڵاتدا هەیە، ئەو عیلاقەتە سیاسیانەی کە بە دەرەوە هەیە، مەسەلە ئیقتیسادیانە، ئەو عەقدە ئیقتیسادیانە، ئەو عەقدە تیجاریەی کە دام و دەزگاکانی دەوڵەت دەیکەن، پێویست ناکات زۆر بەرفراوان بکرێت و بلاّو بکرێتەوە، خەڵك زانیاری لەسەر وەربگرێت، لەبەر ئەوە پێویستە ئەم یاسایە جەنابی سەرۆکی پەرلەمان، دیراسەیەکی باشتر بکرێت، بەتایبەت ئەو لیژنانەی کە لەم بوارە ئیش دەکەن و رەبتیان بە لیژنەی ڕۆشنبیریەوە هەیە، چۆن باسی لەسەر بکەن، چۆن ئەو زانیاریانە بدەن، بیدەن بەکێ؟، لەسەر چ ئەساسێك بدرێت؟، ڕاستە ڕاپۆرتێکی لیژنەی یاسایی هەیە لەسەری، ئەم ڕاپۆرتە پێموایە گەڵێك نەقوسانی تری تیایە، ئەگەر ئێستا ئەم ڕاپۆرتە کراوەتە ئەساس بەم شێوەیەی ئێستا بڕوات، من پێموایە یاسایەك دەرئەچێت ناتوانێت بگاتە ئەو هەدەفەی پێویست بوو

خزمەتی خەڵکی پێ بکات، بۆیە کە پێویستە بە ڕای من باس لەسەر کردنی ئەم یاسایە، فەترەیەکی تری بدرێتێ، پرسیاری زیاتری لەسەر بکرێت، گەلێك وڵات هەیە یاسای لەم بابەتەی دەرکردووە، وەکو وڵاتە عەرەبیەکان، لە ئوردن هەیە، لە لوبنان هەیە، لە یەمەن هەیە، لەمیسر هەیە، لە وڵاتانی دەرەوە هەیە، پێویستە ئیستیعانەی پێ بکرێت، بۆ ئەوەی بتوانین یاسایەکی چرو پڕی لەسەر دەربکەین، سوپاس.

**بەڕێز د. ارسلان بایز/سەرۆکی پەرلەمان:**

ئاشتی خان فەرموو، تکایە، چونکە زۆر دەتانەوێ قسە بکەن، بۆ ئەوەی بەشی هەمووتان بکات، نەختێ بە موختەسەری قسە بکەن، فەرموو.

**بەڕێز ئاشتی عزیز صالح:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ئەم یاسایە کەدەرچوو لە هەقیقەتێکەوە دەرچوو کە ئەزمەیەك هەیە لە کوردستان، موشکیلەی گەیشتنە بە زانیاری، من خۆم وەکو ئەندام پەرلەمان تاوەکو ئەو لەحزەیە کە لە کۆتایی پەرلەمانین، ئەزمەیەکم هەیە کە سەرچاوەکانی زانیاری نازانم لە کوێوە زانیاریم دەست بکەوێ، زۆر جار لێرەو لەوێ دەوترێ بەشێوەیەکی نا یاسایی، زانیاری دەست هەندێ کەس ئەکەوێ، دەست هەندێ کەسی تر.....

**بەڕێز د. ارسلان بایز/سەرۆکی پەرلەمان:**

ئاشتی خان، هەموومان دەمانەوێ دەستمان بگاتە زانیاریەکان، بەڵام ئێستا ئێمە موناقەشەمان لەسەر مەسەلەیەکی موعەیەنە، ئەوە موناقەشە بکرێ، تەئجیل بکرێ، ئەگەر تەئجیل بکرێ چۆن تەئجیل بکرێ، شەر دەکەین بۆ ئەوەی دەستمان بگات بە زانیاری؟، فەرموو.

**بەڕێز ئاشتی عزیز صالح:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ئاماژە بەوە بکەم، ڕۆژنامەنووسان، یان هەندێ لە ڕێکخراوەکانی کۆمەڵگەی مەدەنی داوای ئەوەیان کردووە زیاتر یاسایەکە دەوڵەمەند بکرێ، لە مەجرایاتی موناقەشەکردنی ڕۆژانی پێشووی پەرلەمانەوە ئەو ترسە لەلای ئەوان دروست بوو، کەبەرەو دەوڵەتی حەسر ئەڕوات، زانیاری بکەوێتە دەستی ڕۆژنامەنوسان و خەڵکی ئاسایی، باوەڕم نیە لەوەوە بێ کە ئەم زانیاریە دەرفەتی پێویستی وەرنەگرتبێت، ئەم یاسایە کە زانیاری تەواوی لەسەر کۆ بکرێتەوە، لە مانگی 11ی 2008 ئەم یاسایە خوێندنەوەی یەکەمی بۆ کراوە، ئەگەر نیەتێك هەبوایە بۆ دەرچوواندنی ئەم یاسایەو بۆ دەوڵەمەند کردنی، دەرفەتێکی زۆر بووە لەبەردەم ئەندامانی پەرلەمان و لیژنە پەیوەندیدارەکان، بۆیە من داوای ئەوە دەکەم ئەگەر تەئجیل دەکرێ بەهەر بیانوویەك، ئەم یاسایە دەبێ دەربچێ زەرورەتە، لەبەرامبەریش سەقفی زەمەنیەکەی بۆ دیاری بکرێ، زۆر سوپاس.

**بەڕێز د. ارسلان بایز/سەرۆکی پەرلەمان:**

من دڵنیات دەکەم، چەندین سەحەفی پەیوەندیان بە خۆشمەوە کردووە، کە هیچیان وەکو ئەوەی تۆ دەڵێی دەسەلاًتیش نین، دەڵێن ئەم یاسایە دەوڵەمەند بکرێ و زیاتر فورسەت هەبێ، بۆ موناقەشە کردنی، د.احمد فەرمووو.

**بەڕێز د.احمد ابرهیم علی(وەرتی):**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

من پێشنیارێکی موحەدەد دەکەم بۆ ئەوەی کە ڕەئی ئەوانەی تێبینیان هەیە لەسەر پڕۆژە یاسایەکە، کە زیاتر پێموایە لەسەر ئەسلی پڕۆژە یاسایەکە هەیانە، چونکە ئەو پڕۆژە یاسایەی کە پێشکەش کراوە، ئەوەنیە کە ئێستا لیژنەکانی پەرلەمان ڕاپۆرتیان لەسەر ئامادە کردووە، من پێموایە هەر یەکە لە لیژنەکان لە لای خۆیەوە دەسکاری پڕۆژە یاسایەکەی کردووە، بەشێوەیەکی تر دایڕشتۆتەوە، ئێمە بە تایبەت لە لیژنەی پەیوەندیەکان و ڕۆشنبیری، خەڵکی پەیوەندیداریشمان بانگ کردووە، پڕۆژە یاسایەکانی تریش و هی وڵاتانی تر سوودمان لێی وەرگرتووە، چەندین کۆبوونەوەمان لەسەری کردووە، داڕشتنەوەکەی بەشێوەیەکە کە ڕەنگە زیاتر تێبینیەکان لەسەر ماددەی 15 بێ، کە لەسەر ئیستیسنائاتە، من پێشنیارێکی موحەدەد ئەکەم، کەوا کاتێکی دیاریکراو 10 ڕۆژ یان 15 ڕۆژ کۆبوونەوەکە تەئجیل بکرێ، گفتوگۆکان لەسەر پڕۆژەکە، هەرچوار لیژنەکە، ڕاپۆرتێکی هاوبەش ئامادە بکەن، بە لەبەرچاو گرتنی تێبینیەکانی ڕۆژنامەنووسان و ئەوانەی کە تێبینیان لەسەری هەیە، پاشان بێینەوە گفتوگۆ لەسەر یاسایەکە بکەین، زۆرسوپاس.

**بەڕێز د. ارسلان بایز/سەرۆکی پەرلەمان:**

د.دانا فەرمووو.

**بەڕێز د.دانا سعید سۆفی:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

دیارە هەمووومان پێمان وایە ئەوە یاسایەکی گرنگە، بەلاًم ئەوەی لە هەمووی گرنگتر ئێمە بتوانین ئەو پرەنسیپە بچەسپێنین کە پرەنسیپی مافی بەدەستهێنانی زانیاریە، بەلاًم بە داخەوە لە خیلالی موناقەشەکان بینیمان کە کۆمەڵێك خەلەل هەبوو، هەم لە خودی پڕۆژە یاسایەکە هەم لە ڕاپۆرتی لیژنەکان، بۆیە هەمووومان درکمان بەوە کرد کە پێویستی بە چارەسەر کردن هەیە، لە ڕووی تەکنیکیشەوە بوونی چوار ڕاپۆرتی جیاواز، بەڕاستی زۆر کێشەی مەسەلەی گفتوگۆ کردنی دروست کردووە لێرە لەناو پەرلەماندا، بەڕاستی ئێمە نازانین، بۆ نموونە، لەسەر ماددەیەك کە تۆ ڕای جیاواز هەیە لەسەر ئەوەی کە ئایا دەستەیەك هەبێ یان نەبێ، دواتر بە هەمان شێوە موناقەشە دەکرێتەوە، لە کاتێکدا ئێمە هەمووومان ئەندامانی پەرلەمان بەشێکی زۆرمان لەگەڵ ئەوە دانین کە دەستە نەبێ، بەڕاستی ئەو هەم موناقەشەکان درێژ دەکاتەوە، یەعنی بە هیچ نەتیجەیەك ناگەین، بۆیە بەڕای من ئەوەی زەرورە بۆ ماوەیەکی زیاتر بدرێ بە لیژنەکان، بۆ ئەوەی دیراسەت بکرێ، بە ڕەسمیش داوایان لێ بکرێت کە لە ماوەیەکی دیاریکراودا

دەبێ بە ڕاپۆرتی هاوبەش بێن بەڕاستی، لەبەر ئەوەی کە ڕاپۆرتی هاوبە نەبێ بەڕاستی ئێمە ناتوانین بگەینە نەتیجەیەك، بەهیچ شێوەیەکیش لەگەڵ ئەوە دانین کە یاسایەکە بەیەکجاری ڕەت بکرێتەوە، بەڵکو ئیشی لەسەر بکرێ بۆئەوەی چاك بکرێت، ئەو تێبینیانەی کە لەسەرمان هەبوو، با چاك بکرێتەوە، زۆر سوپاس.

**بەڕێز د. ارسلان بایز/سەرۆکی پەرلەمان:**

خۆی ئێستا سێ ڕەئی گەلاڵە بووە ، هەموو قسەکان لەسەر ئەو سێ ڕەئیەیە، یەکێکیان دەڵێ، درێژە بە گفتوگۆ بدرێت، دووەم، دەڵێ دوابخرێت بۆ دەوڵەمەند کردنی، سێیەم ، دەڵێ دوابخرێت بۆ کاتێکی تر، پێشنیاری تر هەیە، حەز دەکەن هەرسێکیان دەخەینە دەنگەوە، بە کامەی ڕازی بوون ئێمەش ڕازین، فەرموو کاك حەمە سەعید.

**بەڕێز حەمە سعید حەمە علی:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

دەستخۆشی لە بەڕێزت دەکەم، هەر ئەو سێ ڕایە هەیە، باسی من باسی گرنگی و ئەهمیەتی ئەو یاسایە و زانیاری و ئەوانەیە، بەلام، سەقفی زەمەنیەکە، چونکە ئەگەر ئێمە لەم خولەیە دوای بخەین بەپێی پەیڕەو پرۆگرام ئەبێ بچێتە خولی گرێدانێکی تر، لەبەر ئەوە من هیوادارم و داواکارم لەم خولە موناقەشەکە بکەین و گفتوگۆی لەسەر بکەین، زۆر سوپاس.

**بەڕێز د. ارسلان بایز/سەرۆکی پەرلەمان:**

ئێستا ئەو سێ ڕەئیە کافیە، هەرسێکی دەخەینە دەنگەوە، کامیان دەنگی هێنا ، ئێمە دەڵێین ئەوە دەبێ، یەك بە یەك دەیخەینە دەنگدانەوە، پێتان باشە، ئێستا ڕەئی یەکەم، درێژە بە گفتوگۆی ئەو یاسایە بدرێت، تکایە کێ لەگەڵ دایە دەستی بەرز بکاتەوە؟، سوپاس، 19 کەس دەڵێ، درێژە بە گفتوگۆ بدرێت، کێ لەگەڵدانیە تکایە دەستی بەرز بکاتەوە؟، ئەغلەبیە دەڵێ درێژە پێ نەدێت، دێینە سەر خاڵی دووەم، دوابخرێت بۆ دەوڵەمەند کردنی، کێ لەگەڵدایە دەستی بەرز بکاتەوە تکایە؟، من سێ رەئیم دا گوتان باشە ڕەئیەکان، ڕەئی یەکەم درێژە بە گفتوگۆ بدرێت ئەوە سەرنەکەوت، ئێستا ڕەئی دووەم، دەڵێ دوابخرێت بۆ دەوڵەمەند کردنی بەبێ سەقفی زەمەنی، خاڵی سێیەم، دەڵێ دوابخرێت، بەمەرجێك بۆ کاتێکی دیاریکراو بێ، کە هەردووکی دەخەمە دەنگەوە، فەرموو کاك کاردۆ.

**بەڕێز کاردۆ محمد پیرداود:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ڕەئیەك هەیە ئەڵێ، دوابخرێت بۆ دەوڵەمەند کردنی، مەبەست بۆ دەوڵەمەند کردن بەس بۆ سەقفێکی دیاریکراو، ڕەئیەك هەیە دەڵێ با دوابخرێت بۆ دەوڵەمەند کردنی، بەلام ئەوەی بۆ سەقفێکی دیاریکراو مەبەستی دەوڵەمەندەکەشی تیابێ.

**بەڕێز د. ارسلان بایز/سەرۆکی پەرلەمان:**

دووەم، دوابخرێت بۆ دەوڵەمەند کردنی، ئەوە دووەمە، سێیەم، دوابخرێت بۆ دەوڵەمەند کردنی بە مەرجێ بۆکاتێکی دیاریکراو بێ، باشە ئێستا دووەم دەخەینە دەنگەوە بەو حیسابە بێ، دوابخرێت بۆ دەوڵەمەند کردنی، کێ لەگەڵدایە تکایە دەستی بەرز بکاتەوە؟، سوپاس، 46 کەس دەڵێ دوابخرێت بۆ دەوڵەمەند کردنی، سێیەم، کێ دژیەتی تکایە دەستی بەرز بکاتەوە؟، 38 کەس دژە، ئێستا سێیەم دەخەینە دەنگدانەوە، باشە سێیەمیش دەخەینە دەنگدانەوە، دوابخرێت بۆ دەوڵەمەند کردنی بەمەرجێ بۆ کاتێکی دیاریکراو بێ، کێ لەگەڵدایە تکایە دەستی بەرز بکاتەوە؟، 45 کەس لەگەڵدایە، ئەوەی تر 46 بوو، ئەمەیان 45، کێ دژە تکایە دەستی بەرز بکاتەوە؟، ئێستا زۆرینەی دەنگ 46 لەگەڵ ئەوەنە دوابخرێت بۆ دەوڵەمەند کردنی، بەڵام دوابخرێت بۆ دەوڵەمەند کردنی بەمەرجێك بۆکاتێکی دیاریکراو، 45 کەس بوو، کەواتە دوا دەخرێت بۆ دەوڵەمەند کردنی ئەوە 46 دەنگی هێناوە، بەم جۆرە ئەم پڕۆژە یاسایە دواخرا بەپێی زۆرینەی دەنگی پەرلەمانتارەکان، داوا دەکەین لیژنەکانی موختەس پەرلەمانتارە بەڕێزەکان، بە ئیستیفادە کردن لە پسپۆران، لە ڕۆژنامەنووسان، لە خەڵکی شارەزا، دەست و برد بکەن بۆ دەوڵەمەند کردنی بە سیاغەیەکی تازە بۆمان بێنەوە، بۆ ئەوەی بتوانن خەڵکی کوردستان بە ئاسانی بتوانن دەستیان بگاتە سەرچاوەی زانیاریەکان، هەر سەرکەوتوو بن، تا کۆبوونەوەی داهاتوو بەخواتان دەسپێرین، هەربژین، سبەینێ سەعات (11)ی پێش نیوەڕۆ کۆبوونەوەمان هەیە.

| | | |
|---|---|---|
| **فرست احمد عبدالله** | **د.حسن محمد سوره** | **د. ارسلان بايز اسماعيل** |
| **سكرتێری پەرلەمانی** | **جێگری سەرۆكی پەرلەمانی** | **سەرۆكی پەرلەمانی** |
| **كوردستان – عێراق** | **كوردستان – عێراق** | **كوردستان - عێراق** |

**قانون التعديل الثاني لقانون الاكاديمية الكوردية**

**رقم (12) لسنة 1997 المعدل في اقليم كوردستان - العراق**

**المادة (الاولى) من المشروع: هناك ثلاثة أراء بشأنها:**

**الرأي الاول: الاكاديمية الكوردية هي احدى المراجع العليا في كل ما يتعلق باللغة الكوردية ولهجاتها والحفاظ عليها واغناءها، بهدف الوصول الى لغة رسمية موحدة، ولها شخصية معنوية مستقلة.**

**الرأي الثاني: الاكاديمية الكوردية هي الاطار العام لتوحيد المساعي العلمية ولتقريب وجهات النظر الاكاديمية للمؤسسات المعنية باللغة الكوردية ولهجاتها بغية الوصول الى لغة رسمية موحدة ولها شخصية معنوية مستقلة.**

**الرأي الثالث: الاكاديمية الكوردية هي المرجع الاعلى في كل ما يتعلق باللغة الكوردية ولهجاتها والحفاظ عليها واغناءها بغية الوصول الى لغة رسمية موحدة وعلى المؤسسات والجهات الحكومية الالتزام بقراراتها في هذا المجال ولها شخصية معنوية مستقلة.**

**بەڕێز د.ارسلان بایز/ سەرۆکی پەرلەمان:**

**فەرموو بە کوردیەکەش.**

**بەڕێز بکر کریم محمد (ئاسۆ):**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

**دەمەوێت بڵێم ئەو کوردیە ئێمە وەکو لیژنەی هاوبەش تەرجومەمان نەکردووە، بۆ ئەوەی لەسەر ئێمە وەکو لیژنەی هاوبەش نەکەوێت.**

**بەڕێز د.ارسلان بایز/ سەرۆکی پەرلەمان:**

**تکایە کاك ئاسۆ وەکو خۆی بخوێنەوە ئێمە دەدەینە دەنگدانەوە.**

**بەڕێز بکر کریم محمد (ئاسۆ):**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

**ماددەی (یەکەم) لە پڕۆژەکە: سێ را هەیە لەبارەیەوە:**

**رای یەکەم: ئەکادیمیای کوردیی یەکێکە لە سەرچاوە بەرزەکان بۆ هەرچیەکی کە پەیوەستە بە زمانی کوردیی و شێوە زارەکانییەوەو پارێزگاریی لێکردن و دەوڵەمەندکردنی، بەمەبەستی گەیشتن بە زمانێکی فەرمیی یەکگرتوو، کە کەسایەتیی مەعنەویی سەربەخۆی هەبێت.**

**رای دووەم: ئەکادیمیای کوردیی چوارچێوەی گشتییە بۆ یەکخستنی هەوڵە زانستییەکان و نزیك خستنەوەی باری سەرنجە ئەکادیمییەکانی دەزگاکانی خاوەن مەبەستی زمانی کوردیی و شێوە زارەکانی بەئامانجی گەیشتن بە زمانی فەرمیی یەکگرتوو کە کەسایەتیی مەعنەویی سەربەخۆی هەبێت.**

**رای سێیەم: ئەکادیمیای کوردیی سەرچاوەیەکی بەرزە بۆ هەرچیەکی کە پەیوەستە بەزمانی کوردیی و شێوە زارەکانییەوەو پارێزگاریی لێکردن ودەوڵەمەند کردنی بۆگەیشتن بە زمانێکی فەرمیی یەکگرتوو**

رەئی دووەم بەم شێوەیەی خوێندرایەوە دەیخەمە دەنگدانەوە، کێ لەگەڵدایە دەستی بەرز بکاتەوە؟ (14) ئەندامی بەڕێز لەگەڵدایە، زۆر سوپاس، کێ لەگەڵدا نییە دەستی بەرز بکاتەوە؟ زۆر سوپاس، بەزۆرینەی دەنگ لەگەڵدا نییە، فەرموو رەئی سێیەم بخوێنەوە.

**بەڕێز عونی کمال سعید بەزاز:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

الرأي الثالث: الاكاديمية الكوردية هي المرجع الاعلى في كل مايتعلق باللغة الكوردية ولهجاتها والحفاظ عليها واغناءها بغية الوصول الى لغة رسمية موحدة وعلى المؤسسات والجهات الحكومية الالتزام بقراراتها في هذا المجال ولها شخصية معنوية مستقلة.

**بەڕێز د.ارسلان بایز/ سەرۆکی پەرلەمان:**

دەیخەمە دەنگدانەوە، کێ لەگەڵدایە دەستی بەرز بکاتەوە؟ (30) ئەندامی بەڕێز لەگەڵدایە، زۆر سوپاس، کێ لەگەڵدا نییە دەستی بەرز بکاتەوە؟ (35) ئەندامی بەڕێز لەگەڵدا نییە، زۆر سوپاس، بەو پێیە رەئی یەکەم زۆرینەی دەنگی هێناوە کە (40) دەنگ بوو، کەواتە رەئی یەکەم تەسبیت بوو، فەرموو بەڕێز سکرتێری پەرلەمان تێبینی هەیە.

**بەڕێز فرست احمد عبدالله/سکرتێری پەرلەمان:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

من نوقتەیەکی نیزامیم هەیە، ئەگەر ئیشی لیژنەکان ئەوە بێت رێکخستنی رەئیەکان لەناو قاعە، کە چەند رەئی هەیە بێن لێرە عەرزی بکەن، ئەوە فەرمانبەرێك دەتوانێت ئەو ئیشە بکات، بە رەئی من مەفروزە بەیانی بکەن بەخۆیان وەك لیژنەی موختەس لەگەڵ کامە رەئینە، چ بە تەوافوق، چ بە ئیجماع، چ بە ئەکسەریەت، رەئی ئەقلیەتیش با بەیانی بکەن لە راپۆرتی خۆیان، زۆر سوپاس.

**بەڕێز د.ارسلان بایز/ سەرۆکی پەرلەمان:**

فەرموو لیژنەی قانونی بۆ برگەی تر.

**بەڕێز عونی کمال سعید بەزاز:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

المادة (الثانية) من المشروع: هناك رأيان مختلفان بشأنهما:

الرأي الاول: الابقاء على اصل المادة (الرابعة) المعدلة من القانون كالآتي:

تهدف الاكاديمية الى تحقيق مايلي:

1- المحافظة على اصالة اللغة الكوردية وتنميتها وتطويرها.

2- العمل على الوصول الى لغة كوردية رسمية موحدة بالاستفادة من مفردات ومصطلحات جميع اللهجات.

3- الاهتمام بالبحوث العلمية واللغوية.

4- الاهتمام بالثقافة القومية الكوردية.

**5- الاهتمام بالدراسات التأريخية والجغرافية والأثرية للكورد وكوردستان.**

**6- تشجيع وتعضيد التأليف والكتابة باللغة الكوردية والاهتمام بعلم اللغة بجميع فروعها.**

**7- الاهتمام بالترجمة من اللغة الكوردية الى اللغات الأخرى وبالعكس.**

**8- تمتين العلاقات مع الاكاديميات العلمية والجامعات ومراكز الدراسات العلمية في داخل الاقليم وخارجه.**

**الرأي الثاني:**

**الفقرة (1): المحافظة على اللغة الكوردية والعمل على اعداد الدراسات التي من شأنها خلق الارضية المناسبة لتوحيد مصطلحاتها بالاستفادة من لهجاتها.**

**الفقرة (2):النهوض بالدراسات الكوردية لمواكبة التقدم العلمي والثقافي.**

**الفقرة (3): احياء التراث الكوردي في العلوم والآداب والفنون وابراز دور العلماء الكورد فيه.**

**الفقرة (4): الاهتمام بدراسة تأريخ الكورد وكوردستان وحضارتها.**

**الفقرة (5): هناك رأيان بشأنها:**

**الرأي الاول: حذف الفقرة.**

**الرأي الثاني: التثبت في عناوين لوحات الشوارع العامة في المدن والقصبات، وفي اسماء المدارس ودور العبادة والمكاتب والمحلات التجارية وغير التجارية لغويا وتسميتها باسماء إعلام كوردستان ورموزها وإعلام الجهات المعنية لاتخاذ ما يلزم بشأنها.**

**الفقرة (6): اقامة العلاقات مع المجاميع العلمية والجامعات ومراكز البحث العلمي وتوثيقها وتعزيزها داخل الاقليم وخارجه.**

**هناك رأي باضافة فقرة جديدة:**

**العمل على اغناء المفردات وتوحيدها في مناهج التربية والتعليم بالتنسيق مع وزارة التربية.**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان. بەڕێزان ئەندامانی پەرلەمان. سەبارەت بەم ماددەیە حاڵەتی یەکەم ئەسڵی قانونەکەیە، بەلاّم هەموار کراوە، واتا ماددەی چواری قانونەکە هەموار کراوە، بەو شێوەیە، بەلاّم صیاغەی قانونی غەڵەتی مەتبەعی تێدا بوو، چاکمان کردۆتەوە.**

**رەئی دووەم/ بڕگە بە بڕگەی ماددەکانە، کە ئێستا باسمان لێ کرد، ئایا فەقەرەی یەکەم بەو شێوەیە بێت، یان ئەو گۆڕانکارییانەی بۆ نموونە وا باسی دەکەین، سوپاس.**

**بەڕێز د.ارسلان بایز/ سەرۆکی پەرلەمان:**

**کامەیان دوورترە لە ئەسڵی قانونەکە، بیخوێنەوە، بۆ ئەوەی بیخەینە دەنگدانەوە، فەرموو کاک ئاسۆ.**

**بەڕێز بکر کریم محمد (ئاسۆ):**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

بەنیسبەت ڕەئی یەکەم، ئەسڵی قانونەکەیە پێش مەشروعی تەعدیلەکە بەو شێوەیە، وەکو خۆی دانراوەتەوە، بە تەئکید ئەوە دوورترە لە ئەو مەشروعەی کە پێشکەش کراوە، پرۆژەی تەعدیل کراوەکە، بۆیە یەکەم جار پێمان باشە ئەوەی یەکەم بخرێتە دەنگدانەوە، چونکە بەشێك لە ئەندامانی پەرلەمان داوایان کردووە ئەسڵی ماددەکە وەکو خۆی بمێنێتەوە، نەك تەعدیل کراوەکە.

**بەڕێز د.ارسلان بایز/ سەرۆکی پەرلەمان:**

ئەوەی دوورترینیانە بیخوێنەوە، دەیخەینە دەنگدانەوە، فەرموون.

**بەڕێز عونی کمال سعید بەزاز:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

دوورتری تێدا نییە، ئەگەر تێبینی بڕگەی دووەم بکەین، بابەت جیاوازی هەیە، بڕگە بە بڕگە باسی لێ کراوە، دەڵێ صیاغەی فەقەرەی یەکەم بەو شێوەیە بێت، هی دووەم بەو شێوەیە بێت، هی سێیەم بەم شێوەیە بێت، ئەسڵەکە قانونەکە وەکو خۆی.

**بەڕێز د.ارسلان بایز/ سەرۆکی پەرلەمان:**

فەرموو کاك دکتۆر.

**بەڕێز ڕێباز محمود فتاح:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

نوقتەی نیزامیە، بەڵام نوقتەیەکی نیزامی قانونی نییە، بەڵکو ئەدەبیە، یەعنی مەعقولیەتی تیا نییە موناقەشەی یاسای ئەکادیمیای کوردی بکەیت، ئەسڵەن فاولێکی گەورەیە، کە موناقەشەی یاسای ئەکادیمیای کوردی دەکەیت، بەڵام نوسخەی کوردی نییە، تەنها عەرەبی هەیە، تەنها عەرەبیەکە دەخوێندرێتەوە.

**بەڕێز د.ارسلان بایز/ سەرۆکی پەرلەمان:**

ئەکادیمیا خۆیان بەعەرەبیان ناردووە، ئەوە موشکیلەکەی ئێمەیە، فەرموو.

**بەڕێز بکر کریم محمد (ئاسۆ):**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

بەنیسبەت ڕەئی دووەم پێمان باشە بەم شێوەیە:

تهدف الاكاديمية الى تحقيق ما يلي:

الفقرة (1): المحافظة على اللغة الكوردية والعمل على اعداد الدراسات التي من شأنها خلق الارضية المناسبة لتوحيد مصطلحاتها بالاستفادة من لهجاتها.

الفقرة (2):النهوض بالدراسات الكوردية لمواكبة التقدم العلمي والثقافي.

الفقرة (3): احياء التراث الكوردي في العلوم والآداب والفنون وابراز دور العلماء الكورد فيه.

الفقرة (4): الاهتمام بدراسة تأريخ الكورد وكوردستان وحضارتها.

الفقرة (5): هناك رأيان بشأنها:

الرأي الاول: حذف الفقرة.

الرأي الثاني: التثبت في عناوين لوحات الشوارع العامة في المدن والقصبات، وفي اسماء المدارس ودور العبادة والمكاتب والمحلات التجارية وغير التجارية لغويا وتسميتها باسماء إعلام كوردستان ورموزها وإعلام الجهات المعنية لاتخاذ مايلزم بشأنها.

الفقرة (6): اقامة العلاقات مع المجاميع العلمية والجامعات ومراكز البحث العلمي وتوثيقها وتعزيزها داخل الاقليم وخارجه.

هناك رأي باضافة فقرة جديدة:

العمل على اغناء المفردات وتوحيدها في مناهج التربية والتعليم بالتنسيق مع وزارة التربية.

**بەڕێز د.ارسلان بایز/ سەرۆكی پەرلەمان:**

فەرموو دكتۆرە.

**بەڕێز د.رۆژان عبدالقادر دزەیی:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

لەبەر ئەوەی رەئی دووەم دوورتر لەو پێشنیارەی كە كراوە، ئەوە دەنگدانی لەسەر دەكرێت، بەلاَم رەئی دووەم چەند كێشەیەكی لەسەرە سەبارەت بە بڕگەی شەشەم و زیاد كردنی بڕگەیەك بە بڕگەی پێنجەم، بۆیە یەكەمجار ئەوە بدرێتە دەنگدان، زیاد كردنی بڕگەكەیە، كە پێشنیار كراوە لە كۆتایی رەئی دووەم، دواتر رەئی جیاواز لەسەر بڕگەی پێنجەم هەیە، ئینجا بڕگەكانی تر ئەگەر پێكەوەش بدرێتە دەنگدانەوە كێشە نییە، كە رەئی دووەم تەواو بوو، ئینجا رەئی یەكەم دەنگدانی لەسەر بكرێت و، زۆر سوپاس.

**بەڕێز د.ارسلان بایز/ سەرۆكی پەرلەمان:**

یەك، یەك لەوانە بیخوێننەوە، بۆ ئەوەی بیخەینە دەنگدانەوە، فەرموو.

**بەڕێز د.رۆژان عبدالقادر دزەیی:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

پێشنیاری زیاد كردنی بڕگەیەك بەم شێوەیە، دەقە عەرەبیەكە لەبەر دەستمانە:

(العمل على اغناء المفردات وتوحيدها في مناهج التربية والتعليم بالتنسيق مع وزارة التربية).

**بەڕێز د.ارسلان بایز/ سەرۆكی پەرلەمان:**

دەیخەمە دەنگدانەوە، كێ لەگەڵدایە دەستی بەرز بكاتەوە؟ زۆر سوپاس، كێ لەگەڵدا نییە دەستی بەرز بكاتەوە؟ (2) ئەندامی بەڕێز لەگەڵدا نییە، زۆر سوپاس، فەرموو بۆ فەقەرەیەكی تر.

**بەڕێز د.رۆژان عبدالقادر دزەیی:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

**برگـەی (5) دوو پێشـنیارە، یـەکیان/ حـەزف کردنەکەیـە، لادانـی ئـەو برگەیـە، سـەرەتا ئـەوە بخرێتـە دەنگدانەوە، ئینجا دوایی ئەگەر دەنگی نەهێنا پێشنیاری دووەم.**

**(التثبـت في عنـاوين لوحـات الشـوارع العامـة في المـدن والقصـبات، وفي اسمـاء المـدارس ودور العبـادة والمكاتـب والمحلات التجارية وغير التجاريـة لغويـا وتسـميتها باسمـاء إعـلام كوردسـتان ورموزهـا وإعـلام الجهات المعنيـة لاتخاذ مايلزم بشأنها).**

**ئەو برگەیە رەئیەك لەگەڵ ئەوەیە بەو شێوەیە بێت، رەئیەکیش لەگەڵ ئەوەیە حەزف بکرێت.**

**بەڕێز د.ارسلان بایز/ سەرۆکی پەرلەمان:**

**دەیخەمە دەنگدانەوە، کێ لەگەڵدایە حەزف بکرێت دەستی بەرز بکاتەوە؟ (27) ئەندامی بەڕێز لەگەڵدایـە، زۆر سوپاس، کێ لەگـەڵ مانەوەیـەتی دەسـتی بـەرز بکاتـەوە؟ (29) ئەنـدامی بـەڕێز لەگەڵـدا، زۆر سـوپاس، فەرموون بۆ برگەیەکی تر، فەرموو کاك عبدالسلام.**

**بەڕێز عبدالسلام مصطفى صديق:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

**نوقتە نیزامیەکەم لەوە دایە، ئێمە بڕیارماندا بمێنێت، بەڵام ئەم نەصە من تەسەور دەکەم ئەگەر هەندێك بیری لێ بکەینەوە، (وتسميتها باسماء اعلام...........).**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

**کاك عبدالسلام تکایە ئەوە کۆتایی هات و دەنگی لەسەر درا، ئەگەر مولاحەزەیەکت هەیە بماندێ، تکایە.**

**بەڕێز عبدالسلام مصطفى صديق:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

**تەسبیت بکرێت و فەرزی دەکەیت لەسەر ئەصحابی مەحەلات و دەوائیرو بە حکومەت بڵێی دەبێ بیکـەیت، من ئەوە دەڵێم، ئەوەی وەربگرن بە نەزەری ئیعتیبار کەیفی خۆتانە.**

**بەڕێز د.ارسلان بایز/ سەرۆکی پەرلەمان:**

**فەرموون بۆ فەقەرەیەکی تر.**

**بەڕێز د.رۆژان عبدالقادر دزەیی:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

**بڕگەکانی تر، بڕگەی (1 و 2 و 3 و 4 و 5 و 6 و 7) بە یەك شێوەیە، ئێستا دەیخوێنمەوە.**

**الفقرة (1): المحافظة على اللغة الكوردية والعمل على اعداد الدراسات التي من شأنها خلق الارضية المناسبة لتوحيد مصطلحاتها بالاستفادة من لهجاتها.**

**الفقرة (2):النهوض بالدراسات الكوردية لمواكبة التقدم العلمي والثقافي.**

**الفقرة (3): احياء التراث الكوردي في العلوم والآداب والفنون وابراز دور العلماء الكورد فيه.**

فەرموو كاك دڵشاد.

**بەڕێز دڵشاد حسين قادر:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

لە برگەی چوارەم بەڕاستی كۆمەڵێك راو پێشنیار هەبوو، سێ كەس، لە پێنج كەس زیاتر بوو، ئەویش برگەی چوارەم پشتگیریی زاناو توێژەر وئەدیبان، گوتمان لەبواری زمانی كوردی، برگە ئەسڵەكەش هونەرمەندانی تیایە، ئێوە هونەرمەندانتان لاداوە لە برگە ئەسڵیەكە، ئەمەتان داناوە زائیدەن زاناو توێژەرو ئەدیبان لەبواری زمانی كوردی ئیزافەتان نەكردووە، بۆیە برگەی چوار هەڵەیە، یان برگە ئەسڵیەكە، یان ئیزافەی بۆ بكرێت، لەبەر ئەوەی موناقەش كراو زیاتر لە سێ ئەندام پەرلەمان قسەی لەسەر ئەو بابەتە كردووە، زۆر سوپاس.

**بەڕێز د.ارسلان بایز/ سەرۆكی پەرلەمان:**

منیش شاهێدیت بۆ دەدەم، فەرموو.

**بەڕێز د.رۆژان عبدالقادر دزەیی:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

ببورە، مەبەستت (دعم العلماء والباحثين والأدباء في مجال اللغة الكوردية)؟

بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان:

فەرموو.

**بەڕێز عونی كمال سعيد بەزاز:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

سەبارەت بە پێشنیارەكە كاك دڵشاد، لێرە پێشنیاری تر هەیە كە دەڵێت ئەو برگەیە حەزف بكرێت، بە رەئی ئێمە ئەو برگەیە بۆ حەزفەكە بخرێتە دەنگدانەوە، ئەگەر دەنگی هێنا ئەوە حەزف بوو، ئەگەر دەنگی نەهێنا، ئینجا پێشنیارەكەی كاك دڵشاد لەوانەیە چارەسەری بكەین (فنانين) ئیزافە بكرێت، سوپاس.

**بەڕێز د.ارسلان بایز/ سەرۆكی پەرلەمان:**

ئێستا لە ماددەی سێیەم بەو شێوەیەی كە خوێندرایەوە، رەئیەك هەیە دەڵێت فەقەرەی (4 و 5 و 6) لە مەشروعەكە حەزف بكرێت، یەك، یەك بخەینە دەنگدانەوە، فەرموو یەك، یەك بخوێنەوە.

**بەڕێز عونی كمال سعيد بەزاز:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

الفقرة (4): دعم العلماء والباحثين والأدباء.

**بەڕێز د.ارسلان بایز/ سەرۆكی پەرلەمان:**

دەیخەمە دەنگدانەوە، کێ لەگەڵدایە حەزف بکرێت دەستی بەرز بکاتەوە؟ (12) ئەندامی بەڕێز لەگەڵدایە، زۆر سوپاس، کێ لەگەڵدایە بمێنێتەوە دەستی بەرز بکاتەوە؟ (32) ئەندامی بەڕێز لەگەڵدیە، زۆر سوپاس، بەزۆرینەی دەنگ مایەوە، فەرموو بۆ فەقەرەکەی تر.

**بەڕێز د.رۆژان عبدالقادر دزەیی:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

الفقرة (5): تأسيس مكتبة ومطبعة خاصة بالأكاديمية.

پێشنیاری حەزف کردنی کراوە، لەبەر ئەوەی ئەوە ئەرکی ئەکادیمیا نییە، پێویستە ئەرکە سەرەکیەکانی خۆی جێ بەجێ بکات، ئەگەر ئەو دەقەش نەبێت رێگر نییە، بۆیە پێشنیاری حەزف کردنی بڕگەی (5) کراوە، کە باس لە تەئسیسی مەکتەبەو مەتبعە خاصەی ئەکادیمیا دەکات.

**بەڕێز د.ارسلان بایز/ سەرۆکی پەرلەمان:**

دەیخەمە دەنگدانەوە، کێ لەگەڵدایە حەزف بکرێت دەستی بەرز بکاتەوە؟ (42) ئەندامی بەڕێز لەگەڵدایە، زۆر سوپاس، کێ لەگەڵدایە بمێنێتەوە دەستی بەرز بکاتەوە؟ (9) ئەندامی بەڕێز لەگەڵدایە، زۆر سوپاس، بەزۆرینەی دەنگ حەزف کرا، بۆ فەقەرەیەکی تر.

**بەڕێز د.رۆژان عبدالقادر دزەیی:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

بڕگەی شەشەم کە پێشنیار کراوە حەزف بکرێت:

الفقرة (6): انشاء مركز للوثائق والمخطوطات الخاصة بالأكاديمية.

**بەڕێز د.ارسلان بایز/ سەرۆکی پەرلەمان:**

دەیخەمە دەنگدانەوە، کێ لەگەڵدایە حەزف بکرێت دەستی بەرز بکاتەوە؟ (12) ئەندامی بەڕێز لەگەڵدایە، زۆر سوپاس، کێ لەگەڵدایە بمێنێتەوە دەستی بەرز بکاتەوە؟ زۆر سوپاس، بەزۆرینەی دەنگ مایەوە، فەرموو بۆ فەقەرەیەکی تر.

**بەڕێز د.رۆژان عبدالقادر دزەیی:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ماددەکە هەموو دەخوێنمەوە، پاش ئەو دەنگدانە لەسەر حەزف کردنی بڕگەکان پێکەوە.

**بەڕێز د.ارسلان بایز/ سەرۆکی پەرلەمان:**

فەرموو کوێستان خان.

**بەڕێز کوێستان محمد عبداللە:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

**مادام بڕگەی چوار ماوەتەوە، بەدەنگدان مایەوە، دەبێت ئەو ئیزافەیەی كاك دڵشادیش بخرێتە دەنگدانـەوە، سوپاس.**

**بەڕێز د.ارسلان بایز/ سەرۆكی پەرلەمان:**

**فەرموو.**

**بەڕێز د.رۆژان عبدالقادر دزەیی:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

**زیادمان كردووە، بەڵام نەدراوەتە دەنگدانەوە، ئێستا بڕگەی چوار بەو شێوەیە دادەڕێژینەوە:**

**الفقرة (4): دعم العلماء والباحثين والأدباء والفنانين في مجال اللغة الكوردية.**

**بەڕێز د.ارسلان بایز/ سەرۆكی پەرلەمان:**

**فەقەرەی چوار بـەو شـێوەیەی خوێنـدرایـەوە دەیخەمـە دەنگدانـەوە، كـێ لەگەڵدایـە دەسـتی بـەرز بكاتـەوە؟ (22) ئەندامی بەڕێز لەگەڵدایە، زۆر سوپاس، كێ لەگەڵ ئەسڵەكەیە وەكو خۆی بێت دەستی بەرز بكاتەوە؟ (29) ئەندامی بەڕێز لەگەڵ ئەسڵەكەدایە، زۆر سوپاس، ئێستا ماددەكە بخوێنەوە.**

**بەڕێز د.رۆژان عبدالقادر دزەیی:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

**المادة الخامسة: تحقق الاكاديمية اهدافها بالوسائل الآتية:**

**الفقرة (1): وضع المعاجم والمراجع والموسوعات العلمية واللغوية.**

**الفقرة (2): اصدار مجلة دورية أكاديمية.**

**الفقرة (3): نشر وترجمة الكتب العلمية واللغوية وعقد الندوات والمؤتمرات واقامة المواسم العلمية والثقافية والاسهام فيها داخل الاقليم وخارجه.**

**الفقرة (4): دعم العلماء والباحثين والأدباء.**

**الفقرة (5): انشاء مركز للوثائق والمخطوطات الخاصة بالأكاديمية.**

**الفقرة (6): التنسيق والتعامل مع الجهات الحكومية وغير الحكومية المعنيـة بالاهـداف الـتي تعمـل الاكاديميـة من اجلها.**

**الفقرة (7): تشجيع البحوث والدراسات المقارنة في مجال اللغة والتأريخ والتراث.**

**بەڕێز د.ارسلان بایز/ سەرۆكی پەرلەمان:**

**ماددەی سێیەم، ڕەئی دووەم بەو شێوەیەی كـە هەنـدێك گۆڕانكـاری لەسـەر كـرا، دەیخەمـە دەنگدانـەوە، كـێ لەگەڵدایە دەستی بەرز بكاتەوە؟ (40) ئەندامی بـەڕێز لەگەڵدایـە، زۆر سـوپاس، كـێ لەگەڵـدا نییـە دەسـتی بەرز بكاتەوە؟ زۆر سوپاس، بەكۆی دەنگ پەسند كرا، فەرموو بۆ ماددەیەكی تر.**

**بەڕێز عونی كمال سعید بەزاز:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

**سەبارەت بە ماددەی چوارەم لە ماددەکە سێ را هەیە، رەئی یەکەم دەڵێت ماددەکە وەکو خۆی بمێنێتەوە بەو شێوەیە:**

**(المادة السادسة/أ: اعضاء عاملين لايقل عددهم عن (9) ولايزيد عن (15) ويكون (5) خمسة منهم متفرغين).**

**الرأي الثاني:**

**تعدل الفقرة (أ) من المادة السادسة و تقرأ كالآتي:**

**(المادة السادسة/أ: اعضاء عاملين لا يقل عددهم عن (13) ولايزيد عن (17) ويكون (5) خمسة منهم متفرغين).**

**الرأي الثالث:**

**تعدل الفقرة (أ) من المادة السادسة وتقرأ كالآتي:**

**(المادة السادسة/أ: اعضاء عاملين لا يقل عددهم عن (15) ولايزيد عن (19) ويكون (5) خمسة منهم متفرغين).**

**بەڕێز د.ارسلان بایز/ سەرۆکی پەرلەمان:**

**لیژنەی یاسایی.**

**بەڕێز عونی کمال سعید بەزاز:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

**ئێمە وەکو لیژنەی یاسایی لە راپۆرتی خۆشمان ئاماژەمان بەوە کرد کە ژمارەکان وەکو خۆی بمێنێتەوە، واتا رەئی یەکەم رای لیژنەی یاساییە، رەئیەکانی تر نازانم ئەندامانی پەرلەمان چۆن دەنگی لەسەر دەدەن.**

**بەڕێز د.ارسلان بایز/ سەرۆکی پەرلەمان:**

**فەرموو لیژنەی رۆشنبیری.**

**بەڕێز بکر کریم محمد (ئاسۆ):**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

**رەئی دووەم رای لیژنەی رۆشنبیرییە، رای سێیەمیش دیارە رەئی حکومەتە، واتا لە حکومەتەوە هاتووە.**

**بەڕێز د.ارسلان بایز/ سەرۆکی پەرلەمان:**

**کامەیان دوورترە لە ئەسڵیەکە، یەك، یەك بیانخوێنەوە، فەرموو دکتۆرە رۆژان.**

**بەڕێز د.رۆژان عبدالقادر دزەیی:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

**ئەو ماددەیە ماددەی شەشی ئەسڵی یاساکە باس لە ژمارەی ئەندامان دەکات، ئەسڵی قانونەکە دەڵێت لە (9) ئەندام کەمتر نەبێت، لە (15) زیاتر نەبێت، ئەوە رەئیەکە.**

ئەو ژمارەیەی کە هاتووە لە (9) ئەندام کەمتر نەبێت و لە (15) ئەندام زیاتر نەبێت ئەوە ئەسڵی یاساکەیە وەکو خۆی، کە هەموار کردنەکە دەنگی نەهێناو واتا یاساکە وەکو خۆی دەمێنێتەوەو ژمارەی ئەندامان زیاد نەکرێت.

**بەڕێز د.ارسلان بایز/ سەرۆکی پەرلەمان:**

باشە موبارەکە، کەواتە بڕۆ سەر ماددەیەکی تر.

**بەڕێز عونی کمال سعید بەزاز:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

المادة (الخامسة) من المشروع: هناك رأيان:

الرأي الاول: تكون صياغتها كالآتي:

(المادة الخامسة: تعدل الفقرات (أ/1 و ب/1 و ج/2) من (المادة السابعة) من القانون كالآتي:

أ- يشترط في العضو العامل:

1- ان يكون من مواطني كوردستان وبلغ الاربعين من العمر.

ب- يشترط في العضو المؤازر:

1- ان يتقن اللغة الكوردية.

ج- يشترط في عضو الشرف:

2- أن لا يقل عمره عن (50) سنة.

الرأي الثاني: حذف شرط العمر.

**بەڕێز د.ارسلان بایز/ سەرۆکی پەرلەمان:**

ڕەئیە دوورەکە بخوێنەوە دەخەینە دەنگدانەوە.

**بەڕێز عونی کمال سعید بەزاز:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

لادانی مەرجی تەمەن.

**بەڕێز د.ارسلان بایز/ سەرۆکی پەرلەمان:**

فەرموو دکتۆر سەروەر.

**بەڕێز د.سەروەر عبدالرحمن عمر:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ئەوەی لێرەدا داڕێژراوە نە ئەسڵی ئەو پرۆژەیە کە ئەکادیمیا ناردوویەتی، نە ئەوەش لەبەرچاو گیراوە وەکو پێویست چەند کەسێك لە ئەندامان داوایان کرد بێت، دوو بڕگەی زۆر گرنگی تێدایە کە هەردووکی حەزف کراوە، یەکێکیان لەویَ دەڵێت مەرجە کورد بێت، لێرە دەڵێت مەرجە هاووڵاتی کوردستانی بێت.

دووەمیشیان/ مەسەلەی تەمەن لەگەڵیدا، ئەمە چۆن دەکرێتەوە؟

**بەڕێز د.ارسلان بایز/ سەرۆکی پەرلەمان:**

لیژنەی هاوبەش.

**بەڕێز د.ڕۆژان عبدالقارد دزەیی:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ئـەوە پێشـنیاری ئەنـدامان بـوو داوایـان کـرد لـە هەرسـێ جـۆر ئـەو ئەندامانـەی کـە دانـراون و جیـاواز کراونەتەوەو مەرجەکانیان بۆ دانراوە، مەرجی تەمەن دیاری نەکرێت، دەنا خۆی لە پرۆژەی حکومەت (بلغ الاربعين من العمر)، لە ئەسڵی قانونەکەش (40) ساڵەکە دانراوە، بەڵام پێشنیاری ئەندامان بوو کە مەرجی تەمەن دانەنرێت، (ان يكون كوردياً) ئەوەش لە پرۆژەی حکومەت هاتووە، لە ئەسڵی قانونەکەش وایـە، واتـا حکومەت هەمواری ئەو بڕگەیەی نەکردووە، لە بڕگەی یەکەمی خاڵی (أ)ی ماددەی حەوت (ان يكون كوردياً بلغ الاربعين من العمر)، ئەسڵی قانونەکەش دەڵێت (ان يكون كوردياً او عراقياً بلغ الاربعين من العمر)، بەس دوای گفتوگۆ بەم شێوەیە ئەندامان پێشنیاریان کـرد (ان يكـون مـن مـواطني كوردسـتان وبلـغ الاربعـين مـن العمر)، ڕەئیەکیش هەبوو تەمەنەکە دیاری نەکرێت، بۆیە هەڵگرتنی مـەرجی تەمـەن ئـەو سـەرەتا بخرێتـە دەنگدانەوە، ئەگەر دەنگی هێنا ئـەوە لـە هـەر سـێ جۆرە ئەندامـەکان مـەرجی تەمـەن هەڵدەگیرێت (40) ساڵە، لە یەکیان (50) ساڵە.

**بەڕێز د.ارسلان بایز/ سەرۆکی پەرلەمان:**

ئێستا ماددەی (5)ڕەئـی دووەم ئەوەیـە مـەرجی تەمـەن هـەڵبگیرێت، دەیخەمـە دەنگدانـەوە، کـێ لەگەڵدایـە دەستی بەرز بکاتەوە؟ (36) ئەندام لەگەڵدایە، زۆر سوپاس، کێ لەگەڵدایە مەرجی تەمـەن بمێنێـت دەسـتی بـەرز بکاتـەوە؟ (27) ئەنـدام لەگەڵدایـە، زۆر سـوپاس، کەواتـە زۆرینـە لەگـەڵ ئەوەدایـە مـەرجی تەمـەن هەڵبگیرێت، فەرموون بۆ بڕگەیەکی تر.

**بەڕێز د.ڕۆژان عبدالقارد دزەیی:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

المادة الخامسة:

أ- يشترط في العضو العامل:

1- ان يكون من مواطني كوردستان.

ب- يشترط في العضو المؤازر:

1- ان يتقن اللغة الكوردية.

ئێستا مـادام مـەرجی تەمـەن هـەڵگیرا لـە بڕگـەی (ج) تەمەنەکـە هـەموار بکرێـت، کـە تەمەنەکـە هـەڵگیرا، پێویست ناکات (ج) هەموار بکرێت، ئێستا دەقی ماددەکە دەخوێنمەوە پاش ئەو هەموار کردنانە.

المادة السابعة:

أ- يشترط في العضو العامل:

1- ان يكون من مواطني كوردستان.

ب- يشترط في العضو المؤازر:

1- ان يتقن اللغة الكوردية.

بڕگەی سێیەم نەما لە (ب)، چونکە مەرجی تەمەنمان هەڵگرت، (ج)یش بڕگەی (2)ی تێدا نەما، مەرجی تەمەن (50) ساڵ دانرا بوو، مەرجی تەمەن لە هەرسێ خاڵ نەما، سوپاس.

المادة السابعة:

أ- يشترط في العضو العامل:

1- ان يكون من مواطني كوردستان.

2- له اطلاع واسع في اللغة الكوردية وفي فرع او اكثر من فروع المعرفة ونتاج اصيل فيه او تضلع في احدى اللغات الحية او القديمة وقدرة على تحديد المصطلحات.

ب- يشترط في العضو المؤازر:

1- ان يتقن اللغة الكوردية.

2- ان تكون له احاطة واسعة بفرع من فروع المعرفة وله نتاج جيد.

ج- يشترط في العضو الشرف:

1- ان يكون قد قدم خدمات جليلة في احدى فروع المعرفة.

**بەڕێز د.ارسلان بايز/ سەرۆكی پەرلەمان:**

ماددەی پێنج بەو شێوەیەی خوێندرایەوە، فەرمووو ئامینە خان.

**بەڕێز امينە ذكري سعيد:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

مە ب زمانی كوردی بزانی یەعنی چی، یەعنی كە كەسەك بزانی باش درست كوردی ئەڤە نە مەرجە، دڤێت پسپۆڕی شارەزایی زمانی كوردی بیتن، كیرێ دا ئەز ئەڤە مەرج بە ئەندام بوون ياريدەدەرە، یەعنی بزانی كوردی نە مەرجە، ڤی شارەزا بی لە زمانێ كورديدا.

**بەڕێز د.ارسلان بايز/ سەرۆكی پەرلەمان:**

بە تەئكيد هەمووومان زمانی كوردی دەزانين و شارەزای زمانی كورديش نين، ئينجا ئەوە لەوێ عيلاج كراوە.

**بەڕێز د.رۆژان عبدالقادر دزەيی:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

مەرجەكان ئەوەيە هی يەكيان كە شارەزايەكەی زمانی بگاتە دەرەجەی ئيتقان، (اطلاع واسع في اللغة الكوردية، تضلع في احدى اللغات الحية، احاطة واسعة فرع من فروع المعرفة وله نتاج جيد، قدم خدمات

جليلة)، ئەو مەرجانە هەمووی دانراوە، یەعنی ئەو شارەزاییە بگاتە حەدی دەرەجەی ئیتقان دیاری کراوە لە ئەسڵی یاساکە، ئەو بڕگانەمان هەموار نەکردووەو دەستکاریمان نەکردووە، سوپاس.

**بەڕێز د.ارسلان بایز/ سەرۆکی پەرلەمان:**

ئێستا ماددەی (5) بەو شێوەیەی کە دکتۆرە ڕۆژان ئاخیر جار خوێندیەوە، دەیخەمە دەنگدانەوە، کێ لەگەڵدایە دەستی بەرز بکاتەوە؟ زۆر سوپاس، کێ لەگەڵدا نییە دەستی بەرز بکاتەوە؟ (6) ئەندام لەگەڵدا نییە، بەزۆرینەی دەنگ پەسند کرا، فەرموو بۆ ماددەیەکی تر.

**بەڕێز د.رۆژان عبدالقارد دزەیی:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

سەبارەت بەو ماددەیە پێشنیار کراوە بەڕێوەبەرایەتی تەرجومە وەرگێڕان زیاد بکرێت، ئێمەش پێشنیاری ئەوەمان کردووە، کە پێویست ناکات بەڕێوەبەرایەتیەك زیاد بکرێت بەو شێوەیە، لەبەر ئەوەی دەقێکی یاسا پێویست ناکات، دەسەڵاتی ئەوەیان هەیە کە بەڕێوەبەرایەتی تەرجومە، یاخود وەرگێڕان زیاد بکەن، بۆیە پێشنیار دەکەین ماددەکە حەزف بکرێت، سوپاس.

**بەڕێز د.ارسلان بایز/ سەرۆکی پەرلەمان:**

ئێستا ماددەی (6) دەیانەوێت ئەو فەقەرەیە حەزف بکرێت، دەیخەمە دەنگدانەوە، کێ لەگەڵدایە دەستی بەرز بکاتەوە؟ زۆر سوپاس، کێ لەگەڵدا نییە دەستی بەرز بکاتەوە؟ زۆر سوپاس، بەکۆی دەنگ پەسند کرا حەزف کرا، فەرموو بۆ ماددەیەکی تر.

**بەڕێز عونی کمال سعید بەزاز:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

المادة (السابعة) من المشروع:

الرأي الاول: يقترح صياغتها كالآتي:

تعدل الفقرة (أ) من (المادة العاشرة) من القانون وكالآتي:

(المادة العاشرة: أ- يتم انتخاب رئيس الاكاديمية بالاكثرية المطلقة لعدد اعضاء مجلس الاكاديمية بالاقتراع السري ولمدة أربع سنوات قابلة للتجديد مرة واحدة ، ويصدر بذلك قرار من رئاسة الاقليم ).

الرأي الثاني: يقترح صياغتها كالآتي:

(المادة العاشرة/ أ: يتم انتخاب رئيس الاكاديمية بحضور ثلثي عدد الاعضاء العاملين على الاقل وفي اقتراع سري وبالاكثرية المطلقة لمدة اربع سنوات قابلة للتجديد مرة واحدة، ويصدر بذلك قرار من رئاسة الاقليم).

ڕەئی یەکەم ڕەئی دوورە، پێشنیار دەکەین ئەوە بخرێتە دەنگدانەوە، سوپاس

**بەڕێز د.ارسلان بایز/ سەرۆکی پەرلەمان:**

ڕەئی یەکەم دوورە بیخوێننەوە سەرلەنوێ، بۆ ئەوەی بیخەینە دەنگدانەوە.

ئەو بڕگەیەی کە زیاد کراوە بەو شێوەیەی کە خوێندرایەوە، دەیخەمە دەنگدانەوە، کێ لەگەڵدایە دەستی بەرز بکاتەوە؟ (30) ئەندام لەگەڵدایە، زۆر سوپاس، کێ لەگەڵدا نییە دەستی بەرز بکاتەوە؟ (3) ئەندام لەگەڵدا نییە، زۆر سوپاس، فەرموو.

**بەڕێز د.رۆژان عبدالقادر دزەیی:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ئەو دوو بڕگەیەی کە زیاد کرا بڕگەی (د) حەزفەکە دەنگی نەهێنا، پێویستە صیاغەکە بخوێندرێتەوە، ئێستا هەردوو بڕگە دەخوێنمەوە، زیاد کردنی دوو بڕگە بۆ ماددەی (21):

ج- يمنح مكافأة شهرية لاعضاء مجلس الاكاديمية غير المتفرغين.

د- في حالة انتهاء عضوية العضو العامل غير المتفرغ، يخصص له راتب تقاعدي ان لم يكن يستلم راتباً ومرتبطاً بوظيفة أخرى).

**بەڕێز د.ارسلان بایز/ سەرۆکی پەرلەمان:**

ئێمە بڕگە بە بڕگە دەنگمان لەسەردا، ئێستا ماددەکە وەکو خۆی بەو شێوەیەی کە خوێندرایەوە، دەیخەمە دەنگدانەوە، کێ لەگەڵدایە دەستی بەرز بکاتەوە؟ (34) ئەندام لەگەڵدایە، زۆر سوپاس، کێ لەگەڵدا نییە دەستی بەرز بکاتەوە؟ (10) ئەندام لەگەڵدا نییە، زۆر سوپاس، بەزۆرینەی دەنگ پەسند کرا، فەرموون بۆ ماددەیەکی تر.

**بەڕێز عونی کمال سعید بەزاز:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

المادة (العاشرة) من المشروع:

تكون صياغتها كالآتي:

تلغى المادة (الثانية والعشرون) من القانون ويحل محلها ما يلي:

أ- يمارس العضو العامل عمله في الاكاديمية ويشارك في لجانها واجتماعاتها ونشاطاتها العلمية.

ب- يفقد العضو العامل عضويته في احدى الحالات الآتية:

1- الاستقالة.

2- اذا تخلف عن حضور ثلاث اجتماعات متتالية بدون عذر مشروع او عدم استمراره في اداء واجباته بصورة مرضية وذلك بقرار من مجلس الاكاديمية وبتصويت سري.

3- اذا حكم عليه بجناية او جنحة مخلة بالشرف.

4- الوفاة.

ج- عند شغور مكان عضو من اعضاء المجلس، يعلن الرئيس ذلك في أول جلسة ويجري اشغاله خلال (ثلاثة اشهر) بقرار من مجلس الاكاديمية.

**بەڕێز عونی كمال سعید بەزاز:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

المادة (الثالثة عشرة) من المشروع: (مادة مضافة جديدة في المشروع): هناك رأيان بشأنها:

الرأي الاول: الغاء المادة.

الرأي الثاني: يقترح صياغتها بالشكل الآتي:

(احلال عبارة (امين عام المجلس) محل عبارة (سكرتير المجلس) اينما وردت في هذا القانون).

**بەڕێز د.ارسلان بایز/ سەرۆكی پەرلەمان:**

فەرموو دكتۆرە.

**بەڕێز د.رۆژان عبدالقادر دزەیی:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

ئەوە لە پێشنیاری حكومەتە، ئەسڵی قانونەكە دیارە ئەو دەستەواژانە بەكار نەهاتووە، واتا دەستەواژەی ئەمین عام و ئەوانە، حكومەت پێشنیاری كردووە لە پرۆژەی ئەنجومەنی وەزیران (احلال عبارة (امين عام المجلس) محل عبارة (سكرتير)، احلال عبارة (اكاديمية) محل عبارة (مجمع))، ئەوە پێشنیاری ئەنجومەنی وەزیرانە بەو شێوەیە، ئەكادیمیاكە پێشتر كراوە، بۆیە ئێمە لە راپۆرتە هاوبەشەكە باسمان لێ نەكرد، چونكە ئەو یاسایە هەموار كراوە، وشەی مەجمع نەماوە هەمووی گۆڕاوە بۆتە ئەكادیمیا، بەڵام تەنها دەستەواژەی سكرتێرو ئەمین عامەكە ماوە، كە جێگۆڕكێی بكرێت ئەو لەجیاتی ئەو بەكار بێت و، سوپاس.

**بەڕێز د.ارسلان بایز/ سەرۆكی پەرلەمان:**

ماددەی سێزدە، دوو رەئی هەیە، رەئیەكیان دەیەوێت ئیلغای ماددەكە بكرێت، لەبەر ئەوەی ئەمەیان دوورترینەكەیانە، دەیخەمە دەنگدانەوە، كێ لەگەڵدایە دەستی بەرز بكاتەوە؟ (45) ئەندام لەگەڵدایە، زۆر سوپاس، كێ لەگەڵ ئەوەیە بمێنێتەوە دەستی بەرز بكاتەوە؟ (3) كەس لەگەڵدایە، زۆر سوپاس، بەزۆرینەی دەنگ ئیلغا كرا، فەرموون بۆ ماددەیەكی تر.

**بەڕێز عونی كمال سعید بەزاز:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

المادة (الرابعة عشرة) من المشروع : على مجلس الوزراء و الجهات ذات العلاقة تنفيذ أحكام هذا القانون.

**بەڕێز د.ارسلان بایز/ سەرۆكی پەرلەمان:**

ئەو ماددەیە بەو شێوەیەی خوێندرایەوە، دەیخەمە دەنگدانەوە، كێ لەگەڵدایە دەستی بەرز بكاتەوە؟ زۆر سوپاس، كێ لەگەڵدا نییە دەستی بەرز بكاتەوە؟ زۆر سوپاس، بەكۆی دەنگ پەسند كرا، فەرموون بۆ ماددەیەكی تر.

**بەڕێز عونی كمال سعید بەزاز:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

ئێمە ئەو راپۆرتانەمان نەبینیوە، عەفو ئەو پرۆژانەمان نەبینیوە، ئەوان چۆن راپۆرت ئامادە دەکەن و ئەندامان پرۆژەکەیان نەبینیوە؟ ئەوە خاڵی یەکەم.

خاڵی دووەم/ برگەی دووەم و برگەی پێنجەم لەسەر یەك یاسا قسە دەکات، یەکیان/ یاسای ژمارە (9)ی ساڵی 2008 کە دەڵێت کار نەکرێت، یەکێکیشیان/ دەڵێت هەموار بکرێت، دەبێت ئێستا ئێمە ئێستا یەکلای بکەینەوە، ئایا گفتوگۆی هەموار کردنەکە بکەین، یان کارنەکردنەکە؟ دەبێت ئەو دوو شتە یەکلا بکەینەوە.

خاڵی تر/ من پێشنیار دەکەم لەبەر ئەوەی خاڵی شەشەم گرنگە، پەیوەندی بە هەموو لیژنەکانەوە هەیە، مەسەلەن هەیە سەرۆکی لیژنەی نییە، هەیە جێگری نییە، هەیە موقەریری نییە، هەیە ئەندامەکانی نیصابی تەواو نییە، چەند لیژنەیەك پەکی کەوتووە، بۆیە ئەو خاڵی شەشە بێنینە پێشەوە، بۆ ئەوەی خاڵی شەشەم تەواو بکەین و، سوپاس.

**بەڕێز د.ارسلان بایز/ سەرۆکی پەرلەمان:**

لیژنەی یاسایی.

**بەڕێز د.رۆژان عبدالقادر دزەیی:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

سەبارەت بەو سێ پرۆژە یاسایە کە ئەمڕۆ خوێندنەوەی یەکەمی بۆ کرا، سێ پرۆژە یاسا بوو ئاراستەی لیژنەی پەیوەندیدار کرا، پرۆژەکان کە خوێندنەوەی یەکەمی بۆ کرا لە هەمان کاتدا دەتوانرێت حەسم بکرێت و یەکلا بکرێتەوە، لەبەر ئەوەی یەکیان تەمدید کردنە، درێژ کردنەوەی کارکردن بە یاساکە، کێ لەگەڵ تەمدیدەکەیە، کێ لەگەڵدا نییە؟ هەمان شت بەنیسبەت پرۆژەی هەموار کردنی یاسای ئەنجومەنی وەزیران یەك ماددەیە، واتا دەستکاری تەنها یەك ماددەو یەك برگەو یەك وشەیە زیاد دەکرێت، ئەمەش بە دەنگدان یەکلا دەکرێتەوە، سەبارەت بە یاسای بەکرێدانی خانووبەرە، کە ئێستا ئەمڕۆ لە بەرنامەی کار پرۆژەیەکیان خوێندنەوەی یەکەمە لەلایەن ئەنجومەنی وەزیران بۆ تەمدید کردنە، پرۆژەیەکیش بۆ هەموار کردنە، ئەگەر تەمدید کردنەکە دەنگی هێنا، ئەوە هەموار کردنەکە دواتر کاری لەسەر دەکرێت، کە تۆ بڕیارتدا لەسەر تەمدید کردن پێویست بە گفتوگۆی ئەویتر ناکات، سەبارەت بە پێکهێنانی لیژنەکان، کە بەڕێزی گوتی هەندێك لیژنەی سەرۆکی نییە، لە هۆڵی پەرلەمان تەنها ئەندامانی ناو لیژنەکان دەست نیشان دەکرێن، دەستەی سەرۆکایەتی خۆی لیژنەکان لە رێگای هەڵبژاردن دەستەی سەرۆکایەتی خۆیان دەست نیشان دەکەن بە هەڵبژاردن و، زۆر سوپاس.

**بەڕێز د.ارسلان بایز/ سەرۆکی پەرلەمان:**

دانیشتنی ئێستامان هەڵدەگرین، سەعات (1,30) دێینەوە بۆ کۆبوونەوە، تا ئەو کاتە بەخواتان دەسپێرین، هەر بژین.

ج- پێشـنیار و بڕیـاری ڕاگرتنـی ژمـاره 150 ی سـاڵی 1987 ی ئەنجومـەنی سـەرکردایەتی شۆڕشـی هەڵوەشاوە.

7-خستنەڕوو وگفتوگۆ کردنی پرۆژە یاسای بودجەی هەرێمی کوردستان-عیراق بۆ ساڵی 2012.

ئێستاش بەڕێز جێگری سەرۆکی پەرلەمان، ناوی ئەو پەرلەمانتارە بەڕێزانە دەخوێنێتەوە کە مۆڵەتن، یـان ئامادەنەبوون با بفەرموێ.

**بەڕێز حسن محمد سورە/جێگری سەرۆکی پەرلەمان:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ناوی ئەو ئەندامانەی لە دانیشتنی ژمارە (22) ی ئاسایی لە 2012/6/7 مۆڵەت بوون یـان ئامادەنـەبوون، ئەمانەن، ناوی 20 ئەندام ئەخوێنمەوە کە سەرەتا مۆڵەتیان پێ دراوە،

1- پەیام احمد محمد
2- ئاراس حسین محمود
3- حازم تحسین سعید
4- ئاشتی عزیز
5- ئارام شاهین
6- ئەمیر گۆگە
7- ئاواز عبدالواحد
8- بورهان رشید
9- بێریڤان اسماعیل
10-تارا تحسین
11-خلیل عثمان
12-خورشید احمد
13-ژیان عمر
14-سەرهەنگ فەرەج
15-شیلان عبدالجبار
16-علی حسین
17-عمر عزیز
18-ڤاضل محمد ڤادر
19-ڤادر احمد سمایل
20-صباح محمد نجیب

**بەڕێز د. ارسلان بایز/ سەرۆکی پەرلەمان:**

فەرموو کاك عبدالله.

**بەڕێز عبدالله مەلا نوری:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

من تێبینی ئەوەم هەیە، پێویستی ئەکرد نوێنەرێکی حکومەت لێرەبێ، یەعنی من ئێستا نازانم ئەو دوو وەزیرە بەڕێزە...، ئەوەی کە پێویستە لە ڕاستیدا لێرەدەقێك هاتووە، دەقەکە وازح نیە، پێویست بوو یان جەنابتان وەکو بابڵێین لیژنەی یاسایی، جەنابتان لە سەرۆکایەتی، یان ئەبوو نوێنەری حکومەت لێرەبێ بزانین ئەم دوو وەزیرە چین؟، بۆچ مەبەستێکن؟، یەعنی ڕوون کردنەوەیەك و بەرچاو ڕوونیەك بدەن بە ئێمە، بزانین ئەمانە چیە؟، بۆ ئەوەی لەسەر بنەمای ئەو ڕوونکردنەوانە ئێمە قسە بکەین، ئەگەرنا من ئێستا هەر لە خۆمەوە بڵێم دوو وەزیر زیادە، یاخود کەمە، یان دابندرێت، یان دانەندرێت، من لە ڕاستیا بەرچاوم ڕوون نەبێ ڕەنگە بکەومە هەڵەوە، ڕەنگە ئەگەر بەرچاوڕوونیم پێ بدرێت پشتیوانی بکەم، خۆ ئەگەر بەرچاو ڕوونیم پێ بدرێت ئەوکاتە پاساوی خۆم هەبێ دژی بوەستمەوە، بۆیە تکا دەکەم یان نوێنەرێکی حکومەت بانگ بکەن، یان جەنابتان یان لیژنەی یاسایی با ڕوونکردنەوەمان پێ بدات، بزانین ئەو دوو وەزیرە بۆ چیە؟.

**بەڕێز د. ارسلان بایز/ سەرۆکی پەرلەمان:**

لیژنەی یاسایی فەرموون، نوقتەی نیزامیت هەیە کاك سالار، نوقتەی نیزامی یان قسە، ئەو نوقتە نیزامیە با جواب بدەینەوە، دوای لیژنەی یاسای با قسە بکەن، لیژنەی قانونی وەڵام بدەنەوە فەرموو.

**بەڕێز عونی کمال سعید بەزاز:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

لیژنەی یاسایی ڕاپۆرتی خۆی بە زمانی عەرەبی نووسیویەتی، دابەش کرا لە ڕۆژی 6/7 لە سەر ئەندامانی پەرلەمان، کە لە ئەنجامدا دوایی سەرۆکایەتی پەرلەمان قەراری دا کۆبوونەوەکە دوابخات بۆ ئەمڕۆ، یەعنی واژوویان کردووە لەسەر ڕاپۆرتەکە، بە زمانی عەرەبی، عونی بەزاز، د.ڕۆژان دزەیی، عمر نورەدینی، گۆران ئازاد، د.احمد ابراهیم وەرتی، کاردۆ محمد پیرداود، عبداللە محمدامین، ئارام قادر، واتە نیسابی قانونی هەبووە کاتی نووسینی ڕاپۆرتەکە، تەرجومەکە کە ئیمڕۆ تەرجومەکە دابەش کرا بەسەر ئەندامان، ڕاستە لەوێ واژووی لەسەر نەکراوە، ئەوەش ئەوەندە ئەهمیەتی نیە، مادام نوسخە عەرەبیەکە هەیە، تەحەفوز هەیە لەسەر ڕاپۆرتەکە کە نووسراوە، ئەوانەی کە تەحەفوزیان کردووە، د.ڕۆژان، د.احمد ابراهیم وەرتی، گۆران ئازاد، د.عمر نورەدینی، ببورن، کاردۆ محمد، عبداللە محمدامین، ئارام قادر، سەبارەت بەدانانی

وەزیـری هـەرێم بـۆ كاروبـاری ...، ئیزافـە كردنـی وەزیرێـك لـە ئەنجومـەنی وەزیـران، ئـەوە مەبەسـتەكەی ئەوەیە جەنابی كاك سعد خالد، ئێستا مونەسقە بەینی پەرلەمان و حكومەت، ناتوانیت لـە كۆبوونـەوەكانی پەرلەماندا ئامادەبێ قسە بكات، ئەگـەر ببیتـە وەزیـری هـەرێم، ئـەو مافـەی دەبـێ، واتـە پەیوەنـدی نێـوان حكومەت وپەرلـەمان ئاسـان دەبـێ، ڕاپـەڕینی ئـیش و كارەكـان بەشـێوازێكی باشـتر بـەڕێوە دەچـێ، بـۆ ئـەم مەبەستەش داواكراوە، كە ئەو یاسایە هەموار بكرێ بەم شێوەیە كە لە حكومەتەوە...

**بەڕێز د. ارسلان بایز/ سەرۆكی پەرلەمان:**

فەرموو كاك عمر.

**بەڕێز عمر عبدالرحمن:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

بەنیسبەت وەڵامدانەوەی ئایا لیژنەی یاسایی تەحدیدی عەدەدی وەزیرەكان یـان نـاوی وەزیرەكـان ئـەكات؟، ئێمە لەسەر پڕۆژە پێشكەش كراوەكەی كە لە حكومەتەوە بۆمان هاتووە، هەروەكو لـە مـاددەی یـەك، یـا لـە فەقەرەكە ئـەڵێ (یجـوز ان یضـم مجلس الـوزراء اقلـیم كوردسـتان- العـراق، وزراء اقلـیم) بـەس، ئـەوە ئیشـی لیژنەی یاسایی نیە، ئێمە چەند وەزیر بڵێین یاخود ناوەكانیان بڵێین ئەوە كاری حكومەتە، سوپاس.

**بەڕێز د. ارسلان بایز/ سەرۆكی پەرلەمان:**

نوقتـەی نیزامـی نیـە، ئـەوەی نـاوی خـۆی دەنووسـێ بـا قسـە بكـات، ناوتـان دەنووسـم، مـن قسـەم لەگـەڵ سـەرۆكایەتی حكومـەت كـردووە، ئێمـە تەحدیـدمان كـردووە، دەڵـێین لـە دوو وەزیـر زیـاتر نـەبێ، ئـەویش وەزیری هەرێم، هەقم نیە قسە بكەم كاك عبدالله، كەتۆ قسەت كرد كەس موفاتەعەی كـردی بـرای مـن، بـۆ موفاتەعـەم دەكـەی، سـەرۆكایەتی حكومـەت دەڵـێین ئێمـە پێویسـتیمان هەیـە بـە دوو وەزیـری هـەرێم، یـەكێكیان مومكینـە بـۆ تەنسـیق لـە نێـوان پەرلـەمان و نێـوانی حكومـەت، كـە جـارانیش ئـەوە هـەبوو، وەزیرەكەی دیكە نازانم بەڕاستی بۆ چیانە، ئێوە پەرلەمانتارن پێتـان باشـە دەنـگ بـدەن، پێتـان بـاش نیـە دەنگ مەدەن، نوقتەی نیزامی نیە، كێ قسە دەكات فەرموو با ناوی بنووسم، فەرموو كاك شڤان.

**بەڕێز شڤان احمد عبدالقادر:**

**بەڕێز سەرۆكی پەلەمان.**

من هەقیقەتەن با جواب نەدەن، ئەوە مـەوزوعێكی عامـە هـەمووومان پێمـان مەعلومـە، ئـەوەی كـاك عـونی باس دەكات، ئیلحاحێكە كە كوردی بوون، لەو پەرلەمانە شتێكی قەدەغەیە، شتێكی تافهە هیچ مانـانی نیـە، یەعنی ئەمە خیلافی هەموو مەبادء و هەموو ئەوەكانی وەكو دەڵێن خوێنمان بۆ ڕشتووە، جا بۆیـە ئـەوەی كەموهیم نیە، دەبێ ڕەش بكرێتەوە لە پرۆتۆكۆل ئەوەی كاك عونی باس دەكات، زۆر سوپاس.

**بەڕێز د. ارسلان بایز/ سەرۆكی پەرلەمان:**

فەرموو سۆزان خان.

**بەڕێز سۆزان شهاب نوری:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

لە مولاحەزەی وەڵامدانەوەکەی بەڕێز کاك عونی، دەڵێ ئەوەندە ئەندام پەرلەمان بە تەحەفوزەوە ئیمزای کردووە، کەواتە موناقەشە نەکراوە ئەو بابەتە، ئەگەر موناقەشە بکرایە بگەیشتنایە سیغەیەك لیژنەی یاسایی، هەڵبەتە ئەو ئیمزایانە ئیمزا ئەبوو بەبێ تەحەفوز، بەلام گوێ نەگرتن لە خودی ئەندامانی لیژنەکە، من ڕەئیم هەیە ئەندامی لیژنەی یاسایم ئەڵێم با بە ڕەهایی نەبێ با تەحدیدی بکەین، ئەگەر بینیم وەکو لیژنە یەك، دوو، سێ ، چوار، پێنج، شەش ئەندام دەڵێ من تەحەفوزم هەیە بەرامبەر ئەو ڕەهاییە، ڕاپۆرتی لیژنەکە بە عەدەدێکی دیاریکراوەوە بێ من مەبەستم لەوەیە یەعنی، لیژنە موسر بووە لەسەر نووسینی ڕاپۆرتەکەی بەو شێوە، موسریشە لەسەر ئەو ئەندامانە بە تەحەفوزەوەیەتی، بەڕاستی ئەوە جێگەی ڕەخنەیە.

**بەڕێز د. ارسلان بایز/ سەرۆکی پەرلەمان:**

لە ڕووی تەحدیدی عەدەدەوە، من عەدەدەکەم تەحدید کرد، مومکینە ئەو ئیتیفاقە لەدوای ڕاپۆرتی لیژنەی قانونیەوە بێ، فەرموو د.سەروەر.

**بەڕێز د.سەرومر عبدالرحمن عمر:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

من قسەکانم کاك شوان کردی، بەلام ئەوەندەیە تکا دەکەم فەرمان بدەی ئەو دەستەواژەیەیەی کاك عونی بەکاری هێنا بسردرێتەوە لە پرۆتۆکۆل، ناکرێ لە ناو پەرلەمانی کوردستاندا بلێین زمانی کوردی ئەهمیەتی نیە، ئەمە ئەهمیەتی نیە لێرەدا بەکاربێت، ئەمە بۆ مێژوو ئەمێنێتەوە، تکا دەکەین ئەمە بسڕێتەوە.

**بەڕێز د. ارسلان بایز/ سەرۆکی پەرلەمان:**

هیچ کەسێك ئەو قسەیە ناکات، ئێمە بۆ خۆمان کوردین کەس هەیە بەزمانی خۆی بڵێ ئەهمیەتی نیە، فەرموو ناسك خان.

**بەڕێز ناسك توفیق:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

من پێموایە کاتێك کە یاسایەك دەردەکەین، ئەو یاسایە عامە، ئێستا کە جەنابت ئەڵێی من تەحدیدم کردووە بۆ دوو وەزیر، یاساکە وانالێ، ناکرێ جلێك بدوورین بۆ مەقتەعێك، ئەوە بە مەفتوحی ئەمێنێتەوە، بەڕاستی ئەبوو لیژنەی یاسایی ئەو ڕاپۆرتە وەکو ڕاپۆرت بینووسێ، ئێمە ئێستا نازانین گفتوگۆ لەسەر چی بکەین، لەبەر ئەوە من پێموایە ئەمە ئەبێ تەئجیل بکرێ.

**بەڕێز د. ارسلان بایز/ سەرۆکی پەرلەمان:**

فەرموو کاك کاردۆ.

**بەڕێز کاردۆ محمد:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

بەڕاستی خستنەڕووی ئەم بەرنامەی کارە، بەتایبەتی ئەم پڕۆژەیە، ئەمە پەلە پەلی پێوە دیارە، یەك: پێشتر قەرار بوو چوار شەم بخرێتە بەرنامەی کار، ئێمە پێمان وابوو ئەوە پێشێلکاریە بەرامبەر پەیڕەوی ناوخۆ، بەو پەلە پەلیە ڕۆژی یەکەم خوێندنەوەی یەکەم، ڕۆژی دووەم یەکسەر ڕاپۆرت بنووسێ، لیژنەکەش دیارە لەو پەلە پەلیە کە زۆربەیان تەحەفوزیان نووسیوە، ئەمەخاڵێك، خاڵێکی تر هەر یاسایەك دێتە پەرلەمان، دەبی هۆکاری دەرچوونی دیاربێ، ئەمە هۆکارەکەی نیە کە لەسەر چ ئەساسێك تۆ وەزیر دادەنێی، خاڵێکی تر، حکومەت دەبێ ڕوونکردنەوەمان بداتێ، لەبەر ئەوەی پرسیارمان هەیە تۆ دوو وەزیرت بۆ چیە؟، ئێمە قسە لەسەر کەم کردنەوەی وەزارەتەکان دەکەین، پێویست ناکات دەرگا بکەینەوە بۆ ئەوەی دیسان وەزیر بۆ کاروباری هەرێم داندرێت، لەبەر ئەوە پێمان وایە دەبێ هەم نوێنەری حکومەت بێت، هەم هۆکاری دەرچوون ڕوون بکرێتەوە، ئینجا قسە لەسەر ئەم پڕۆژەیە بکرێت، سوپاس.

**بەڕێز د. ارسلان بایز/ سەرۆکی پەرلەمان:**

کاك گۆران فەرموو.

**بەڕێز گۆران ئازاد محمد:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

بەڕاستی من پێم سەیرە قسە لەسەر جەدەلێك دەکەین پەلەمان کە ئەلف و بێی قانونە، بەیانی هیچ کەسێك ناگەڕێتەوە سەر ڕەئی بەڕێزت، ناگەڕێتەوە سەر رەئی کاك عونی، ناگەڕێتەوە سەر ڕەئی من، دەگەڕێتەوە سەر دەق، دەڵێ حکومەتی هەرێم بۆی هەیە وەزیری هەرێم دابنێ، یەکێك دەڵێ لەوانەیە وەزیر ئەو مونەسقەی نێوان حکومەت و پەرلەمان بێ، من دەڵێم ئەوەنیە شتێکی ترە، حکومەتیش دەست کراوەیە، ئەمە یاسایە، دەبێتە یاسای ئەنجومەنی وەزیران، ئەوەهیچ بە موتلەقی هاتووە، لەبەر ئەوە پرس کردن بە حکومەت، گوتراوە و نەگوتراوە ئێمە قانون دەردەکەین، دەق دادەڕێژین، بەیانی سوڵتەی تەنفیزی و خەڵك و دەسەڵات دەگەڕێتەوە سەر دەقەکە، دەقەکە کە باسی دوو وەزیر دەکات، ئەگەر دوو وەزیر بێ و سێ بێ ، دەبێ بە تەحدید بڵێ، وەزیری یەکەم بۆ کاروباری پەرلەمان، دوو، وەزیری هەرێم بۆ فلان شت، ئەوەی لیژنەی یاسایی وەری گرتووە، لەڕووی قانونی ئەوە ئیعتیبارێکی بۆناکرێ، دوو، من دەپرسم ئێمە پێنج شەممە ئیمزامان کردووە، لەبەرچی سەرۆکایەتی پەرلەمان ئەو ڕاپۆرتە دابەش ناکات کە ئیمزای ئەندامانی لەسەرە، بۆ ئێستا ڕاپۆرتێك دەخاتە بەردەستمان کە ئیمزای لەسەر نیە.

**بەڕێز د. ارسلان بایز/ سەرۆکی پەرلەمان:**

هێشتا ئەو قانونە ئیقرار نەکراوە، بەڵام حکومەت پێشنیارێکی ناردووە، پێشنیارەکە ئێمە بە شەفەهی تەوزیحم دا بە شەفەهی لەگەڵ سەرۆکایەتی حکومەت، ئێوە دەتوانن ئەوە تەحدید بکەن چەند وەزیر بێ و چەند وەزیر نەبێ، حکومەت خۆشی داوای کردووە بە شەفەهی، دەڵێ لە دوو زیاتر نەبێ، بەهەر حاڵ ئێستا موناقەشەکە ئەوەیە، کێ دەیەوێ ئەمە تەئجیل بکرێتەوە، تا لەگەڵ حکومەت بکرێت، حکومەت خۆی حازر

**بابەت/ ڕاپۆرتی هاوبەش لەبارەی پرۆژە یاسایەك**

هەردوو لیژنەی کاروباری یاسایی و لیژنەی دارایی و کاروباری ئابووری لە ڕۆژی 17/جۆزەردان 2712 کوردی بەرامبەر 2012/6/7 زاینی کۆبووەوە، بۆ دیراسەت کردنی پرۆژە یاسای درێژ کردنەوەی کار کردن بە یاسای ژمارە (16) ی ساڵی 2010یاسای هەموار کردنی یەکەمی یاسای بەکرێدانی خانووبەرە ژمارە (9) ساڵی 2008 لە هەرێمی کوردستان-عیراق، بۆ ماوەی یەك ساڵ لە ڕێکەوتی 2010/7/15، کە لە لایەن ئەنجومەنی وەزیرانەوە پێشکەش کراوە، لە دوای خوێندنەوەی یەکەمی لە پەرلەمان لەدانیشتنی ئاسایی ژمارە (23) لە 2012/6/7 ڕەوانەی لیژنە پەیوەندیدارەکان کراوە، دوای گفتوگۆ و تاوتوێ کردن لیژنەکان پشتگیری پرۆژەکە دەکەن بەم دارِشتنەی خوارەوە بۆ ماددەی یەکەم.

ماددەی یەکەم: کار نەکردن بە یاسای ژمارە (16) ساڵی (2010) هەموار کردنی یەکەمی یاسای بەکرێدانی خانووبەرە ژمارە (9) ساڵی (2008) لە هەرێمی کوردستان، بۆ ماوەی ساڵێك لە ڕێکەوتی (2012/7/15).

تکایە ئاگاداری بفەرموون بۆئەسڵی پرۆژەکەو ڕاپۆرتی هاوبەش لەو بارەیەوە بخرێنە بەردەم پەرلەمان بۆ دەنگدان، سوپاس.

**بەڕێز د. ارسلان بایز/ سەرۆکی پەرلەمان:**

فەرموو کاك حەمە سعید نوقتەی نیزامیت هەیە؟

**بەڕێز حەمە سعید حەمە علی:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ئەم درێژ کردنەوەو کارنەکردن بەم یاسایە ئێمە جارێکی تر درێژمان کردۆتەوە، هێشتنەوەی کۆمەڵێك گرفتی یاسایی و دارایی و کۆمەلأیەتی من پێموایە موعەقەد تر و ئاڵۆزتری ئەکات، بۆیە لە نووسینگەی پەرلەمان، کۆمەڵێکی زۆر لە کرێچیەکان، کۆمەڵێکی زۆر خاوەن موڵك هاتن، من پێموایە داوا دەکەم ئەو درێژ کردنەوە نەکرێت، بەڵکو گۆڕانکاری و تەعدیلی یاسایەکە بکرێت بۆ ئەوەی ئەو کێشانە ئەوەندەی تر ئاڵۆز نەبن و گرفتی لێ نەکەوێتەوە، سوپاس.

**بەڕێز د. ارسلان بایز/ سەرۆکی پەرلەمان:**

کاك کاردۆ فەرموو.

**بەڕێز کاردۆ محمد:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ئێمە ئێستا لەبەردەم دوو پرۆژە داین، پرۆژەی یەکەم تەئجیلەکەیە، پرۆژەیەکی تر هەیە کە ئەویش ڕاپۆرتی هەیە، ئەگەر ئەوەی یەکەم بکەینە موناقەشە، بەڕاستی ئەوەی تر بەتاڵ دەکاتەوە، خستنەڕوو و گفتوگۆ کردنی پێشنیاری یاسای ژمارە (9)ش هەم لەپێشتر هاتووە، دووساڵە تەقدیم کراوە، هەم

وەعدیشمان داوە گۆڕانکاری لێ بکەین، پێویستە ئەم دوو خاڵە بکرێتە یەك خان، موناقەشەی لەسەر بکەین، بڕیاری لەسەر بدەین و سوپاس.

**بەڕێز د. ارسلان بایز/ سەرۆکی پەرلەمان:**

شلێر خان فەرموو.

**بەڕێز شلێر محمد نجیب:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

بەڕاستی لە 7/15 ئەو کرێ نشینانە نارەزاییەکی زۆریان هەیە، لەکاتی پشوی پەرلەمان، یاسای بەکرێدانی خانووبەرە، ژمارە (9) ساڵی 2008، ئەچێتە بواری جێبەجێ کردنەوە، ئێمە پار لە ساڵی 2010، لە مانگی 12 ئەم یاسای ژمارە (16) ن دەرکرد، کە بۆماوەی بە حیساب دوو ساڵ بێ ئەو تەمدید کردنی، لەبەر ئەوە ئێستا هەتاوەکو 2013/7/15 تەمدید بکرێ، بۆ هەموو لایەك باشە لەو ساڵەشا بێجگە لەو پڕۆژەیەی کە هەیە، ئێمە پڕۆژەیەکی تر لەگەڵ هەموو لایەك قسەمان کردووە، لەمەسلەحەتی هەموو لایەکە بەڕاستی، چونکە ئەگەر ئێمە مەسلەحەتی یەك لا ڕەچاو بکەین، ئەوا مەجالی عەقارات لەکوردستان بە هەموو نەوعێك ئەوەستێت، لەبەر ئەوە چ خاوەن موڵك چ کرێچی، ئەبێ بە هەموو لایەکمان هەوڵ بدەین مافی هیچ لایەکیان نەفەوتێت، بۆ ئەوەی وڵاتەکە بەو شێوەیە نەمێنێتەوە کە ئەو یاسا کۆنەی رەقەم (78) کە هیچ لە مەسلەحەتی ساحێب موڵك نیە، ئەمەشی کەدرچووە لەمەسلەحەتی هینەکە نایێ، یەعنی هەر ساحێب موڵکەکەیە بە تەواوی، ئەمەی کە ئێمە تەئجیلی دەکەین لە مەسلەحەتی کرێچیەکەیە ئەوەی کەموناقەشەی دەکەین، هیوادارم لەم ساڵە بتوانین یاسایەکی باشتر دەربکەین.

**بەڕێز د. ارسلان بایز/ سەرۆکی پەرلەمان:**

ئێستا ناوەکان دەنووسین، چونکە وامزانی نوقتەی نیزامیە، هاژە سلیمان، بشیر خلیل، اسماعیل، کوێستان محمد، ئاشتی عزیز، دڵشاد حسین، کاردۆ محمد، ڤیان عبدالرحیم، جمال طاهر، جلال علی، خورشید احمد، سالار محمود، کاوە محمدامین، سیوەیل عثمان، سەرهەنگ فەرەج، عبداللە مەلا نوری، عظیمة نجم الدین، فەرمان عزالدین، نەسرین جمال، نەریمان عبداللە، فاضل بەشارەتی، ڕۆژان دزەیی، عمر نورەدینی، ژیان عمر، ئەم بەڕێزانە ناویان نووسراوە، فەرموو هاژە خان.

**بەڕێز هاژە سلیمان:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

دەربارەی ئەو پڕۆژەیەی کەحکومەت ناردوویەتی داوای کردووە کە بۆماوەی یەك ساڵ درێژ بکرێتەوە، لە ڕاستیدا من پێشنیاری ئەوە دەکەم کە بۆماوەی دووساڵ درێژ بکرێتەوە، چونکە لە ڕاستیدا ئەو هەموار

کردنە بەهیچ شێوەیەك لە بەرژەوەندی کرێچیەکان نیە، یەعنی لە بەرژەوەندی ساحێب موڵکەکە دایە زیاتر، لەوەی لە بەرژەوەندی کرێچیەکان بێ، بۆیە بەڕاستی ئەگەر هەر پڕۆژەکیش هەبێ، ئێستا لەبەردەستمان بێ بۆ هەموار کردنەوەی یاخود بەهەر شێوەیەك بێ، کە پڕۆژەکە گۆڕانکاری بەسەردا بێ، من پێموانیە کە ڕێ گربێ لەبەر ئەوەی کە ئێمە دووساڵ درێژی بکەینەوە، چونکەهەر کاتێك کە پڕۆژەکە دەستکاری کرا یان هەموار کرایەوە، ئەوکاتە بەخۆی پڕۆژەکەی تر ئیلغا دەکرێتەوە، کار لەسەر پڕۆژەی نوێ ئەکرێت، بۆیە من ئەو پێشنیارە دەکەم، کە بۆ ماوەی دوو ساڵ درێژ بکرێتەوە، لەبەر ئەو هۆیانەی کە باسم کرد، چونکە بەڕاستی کێشەیەکی زۆر هەیە لە نێوان خاوەن موڵك و کرێچیەکان لەسەر ئەوەی کە ئەگەر هاتو ئەو پڕۆژەیە، ئەگەر هاتو ئەو یاسایە جێبەجێ بکرێت، داوا دەکەم کە دووساڵ درێژ بکرێتەوە، تاوەکو ئەوەی کە پڕۆژەیەکی تر هەموار دەکرێ یاسایەك دەردەچێت، کە ئەوکاتە ئەوەکەی تر بەخۆی ئیلغا دەبێتەوە، زۆر سوپاس.

**بەڕێز د. ارسلان بایز/ سەرۆکی پەرلەمان:**

د.بەشیر فەرموو.

**بەڕێز د.بشیر خلیل حداد:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

بەڕاستی یاسایەك ئێمە لە پەرلەمان دەری بکەین، لەخیلالی پێنج ساڵ نەتوانێ ئەو یاسایە بچێتە بواری جێبەجێ کردنەوە، دیسان دووبارە درێژ کردنەوەی بۆچیە؟، پاش ئەو دووساڵە چی دەبێ؟، من دڵنیام پاشی دووساڵەکەش دێین دەڵێینەوە با ساڵێکی تر یان دوو ساڵی تر درێژی بکەینەوە، ئەگەر ئەمە هاتووە موعالەجەی قانونێکی سەقەتی پێشتر دەکات، دەبا ئەمە قانونێکی چاکتر بێ، جێبەجێ کردنەکەی باشتر بێ، ئەمە قانونی یەکەمەکەش سەقەتە ئەمەش سەقەتە، بەڕای من ئەمە ئیلغا بکەینەوە، ئەمە گەورەترین بەڵگەو نیشانەیە، قانونێك بە پێنج ساڵ نەچێتە بواری جێبەجێ کردنەوە، ئیلغای بکەینەوە، با پڕۆژە یاسایەکی تر پێشکەش بکەینەوە، بەزووترین کات بۆ موعالەجە کردنی ئەو قانونەی کە لە قانونە پێشینەکە هەیە، زۆر سوپاس.

**بەڕێز د. ارسلان بایز/ سەرۆکی پەرلەمان:**

کاك اسماعیل فەرموو.

**بەڕێز اسماعیل سعید:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

پەرلەمانتارانی بەڕێز، ئێمە لەبەردەم دوو یاساین، یاسایەك کە لە ڕژێمێکی شمولی بەناو سۆشیالیستی دەرچووە، تەعدیلێکیش کراوە سرف هی دونیای سەرمایەداریە، کە بەڕاستی لەوەدا بۆشاییەك هەیە، لەو نەقلە بە ڕاستی قوربانیەك ڕوودەدات، بۆیە ئەو یاسایە دەبێتە چوارەمین ساڵ، تەمدید دەکرێت، ئەو تەمدیدەش بەو شێوازە، یەعنی بەڕاستی ئەوەندەی تر کێشەکە گەورەتر دەکات، چونکە ئێستا

حەرەکەیەکی عومرانی سەریع هەیە، ڕۆژانە عیمارەو بازاڕو دوکانێکی زۆر دەکرێتەوە، یەعنی کێشەکە ڕۆژ بەڕۆژ گەورەتر دەبێ، لەبەر ئەوە من لەگەڵ تاجیردام، بەلأم بە سەقفێکی زەمەنی کورت، یـەعنی بەڕاسـتی لە شەش مانگ تێنەپەڕێت، هەرچەند تەئجیلی دەکەین کێشەکان..، مەسەلەن ئەگەر دووسـاڵ پـێش ئێسـتا، وەختێ کە تەمدیدمان کرد، ئیحتیمال بوو کێشەی 100 هەزار دوکان هەبووبێ، دڵنیابە لەم دوو ساڵەبۆتە دووسەد هەزار دوکاندار، لەبەر ئەوە چەند تەمدیدەکە درێـژ بـێ کێشـەکە لـە ئایندەدا قـورس تـر دەبـێ و چارەسەر کردن زەحمەت دەبێ، بۆیە من لەگەڵ تەمدیدی کاتی دام، زەمەنەکە لە شەش مانگ تێنەپـەڕێت، زۆر سوپاس.

**بەڕێز د. ارسلان بایز/ سەرۆکی پەرلەمان:**

کوێستان خان فەرموو.

**بەڕێز کوێستان محمد:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

وەك هاوکارانم باسیان کرد ئەم یاسایە چوار ساڵە دەرچووە، نەچۆتە بواری جێبەجێ کردنەوە، ئەمـە ئـەوە ئەسەلمێنێ کە ئەم یاسایە کەمو کورتی تیایە، هەمووومان ئەزانین کە ئەم یاسایە نـەیتوانیوە، هاوسـەنگیەك بپارێزێ لە بەینی خاوەن موڵك و کرێچی، بۆیە هەر دووساڵ جارێك ئێمـە دێـین تەمدیـدی دەکـەین، ئێمـە ساڵی 2010 مانگی 12 کاتێك ئەم یاسایەمان هەموار کرد، بەڕێزتان سەرپەرشتی کۆبوونەوەکانتان دەکرد، ئەوکاتە سێ جار بەڕێزتان بەڵێنتاندا پێش ئەوەی کە ئەم دووساڵە تەواو بێ یاساکە هەموار ئەکرێت، ئەمە لە پرۆتۆکۆڵ یاداشت کراوە، بۆیە من داوا دەکەم کە ئەمڕۆ ئێمە لەسەر ئەو پـرۆژە یاسایەی کـە پێشـکەش کـراوە هـەمواری یاسـایەکە بکـەین، ئەمـە بخرێتـە دەنگـەوە، ئەگـەر دەنگـی نـەهێنا، تەمدیـدمان کـردەوە، تەمدیدەکە تەنها بۆ وەرزی داهاتووبێ بۆ مانگی 10 ، بە مەرجێك لـە مـانگی 10 ئێمـە هـەمواری بکـەین، چونکە ناکرێ بەم شێوەیە هـەروەکو کـاك اسماعیـل باسـی کـرد، ئـەم کێشـەیە کەڵەکـە ئـەبێ، هـەردوو سـاڵ جارێك کێشەکە زیاتر ئەکرێت، دواتر چارەسەر کردنی ئاسان نیە، سوپاس.

**بەڕێز د. ارسلان بایز/ سەرۆکی پەرلەمان:**

ئاشتی خان فەرموو.

**بەڕێز ئاشتی عزیز:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

پشتگیری لە ڕای ئەو هاوکارانەم دەکەم، کە تەئکید لەسەر ئەوە دەکەنەوە کە ناکرێ بەرپرسیارێتی تەئجیل بکرێ، پێویستە یەکلا بکرێتەوە لەم خولەی پەرلەمان، چونکە ئەو کێشانەی خەڵکیش ئـەم یاسـایە نـاتوانێ چارەسەری بکات، ئێمەش جۆرێك لە بـەنج بـەکاری دەهێـنین، بـۆ موعالەجـە کردنـی کێشـەکە، جۆرێـك لـە قەلەقی بۆ خەڵك دروست کردووە، بۆیە مـن پشـتگیری لـەو ڕایـە دەکـەم پێویسـتە لـەم خولـە ئـەم کێشـەیە

یەکلا بکرێتەوە، ئەم پڕۆژەیە دەوڵەمەند بکرێ، کار بکەی لەسەر هەموار کردنی نەوەك تەئجیل کردنی، زۆر سوپاس.

**بەڕێز د. ارسلان بایز/ سەرۆکی پەرلەمان:**

کاك دڵشاد فەرموو.

**بەڕێز دڵشاد شهاب حاجی:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

زۆر سوپاس قسەکانی من کرا.

**بەڕێز د. ارسلان بایز/ سەرۆکی پەرلەمان:**

کاك کاردۆ فەرموو.

**بەڕێز کاردۆ محمد پیرداود:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

من سەرەتا پێشنیارێکم کرد، کە پێموایە ئەم ڕاپۆرتەی کە لیژنەی یاسایی نووسیویەتی سەبارەت بە ئیلغا کردنەوەی ئەو یاسایەی کە هاوکارانم باسیان کرد، کە ئەم یاسایە ئەمە چوار ساڵە دەرچووە، ناتوانێ ئەو ئامانجە بپێکێ، کە بۆی دەرکراوە، کەواتە چ سوودێکی هەیە ئێمە ساڵ بە ساڵ خەڵك دەخەینە نیگەرانی، تەئسیر لەسەر لایەنی ئابووری دەکات، لەسەر ژیانی خەڵك دەکات، ئێمە ئەو یاسایە بە موعەلەقی دەهێڵینەوە، بۆ ئەوەی جارێکی تر چاوەڕێ بین بۆ تەمدید کردنی، سەرەڕای ئەوەی ئێمە بڕیارمان دابوو، بەڵێنمان بە خەڵك دابوو کە ئێمە چارەسەرێکی بنەڕەتی بکەین، هاوسەنگی نێوان کرێچی و خاوەن موڵك بپارێزین و عەدالەتیشی تێدابێ، پێشموایە ئەو پێشنیارەی لیژنەی یاسایی بەئیلغا کردنەوەی یاسایەکە، لە بڕگەیەکی تر بە پێشنیار کردنی بوونی لیژنەیەك بۆ هەڵسەنگاندنێکی نوێ لەسەر ئەساسی هاوسەنگی و عەدالەت، باشترین پڕۆژەیە هەق وایە قسەی لەسەر بکرێت، سوپاس.

**بەڕێز د. ارسلان بایز/ سەرۆکی پەرلەمان:**

ڤیان خان فەرموو.

**بەڕێز ڤیان عبدالرحیم:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

من پشتگیری ئەو ڕایە دەکەم کە ئەگەر موناقەشە کردنەکەی تەئجیلیش بکرێت، تاوەرزی داهاتوو بێ، بۆ نموونە، مانگی 10، ناکرێ ئێمە تا دووساڵ یان سێ ساڵی تر درێژی بکەینەوە، ئێمە لە ساڵی 2010 دا جارێکی تر هەموو ئەو هۆکارانەی کە لێرە وترا لەناو هۆڵی پەرلەمان، هەمان ئەو هۆکارانە وترایەوە، بەڵێنی ئەوە درا کە بە زووترین کات پێش تەواو بوونی ئەم ساڵە، پڕۆژەی تەعدیلەکە بە باشترین شێواز لە لایەن لیژنەکانەوە بە پێشنیاری باش بێتەوە ناو پەرلەمان، بۆ ئەوەی ئێمە ئەو کێشەیەی پێ چارەسەر بکەین،

چونکە ئەوکاتە ژمارەیەکی زۆی پەرلەمانتاران ئیشارەتیان بە سەدان ئیمزا کرد، کە لە نووسینگەکانی پەرلەمانی کوردستان، لە لایەن کرێچیەکانەوە گەیەندراوەتە ئەندامانی پەرلەمان، کەواتە لەهەرێمی کوردستاندا کۆمەڵێك کێشەی گەورە هەیە، ئەی پەرلەمانی کوردستان چارەسەرکردنی لە ڕێگەی یاساکانیەوە دەکات، یاخود لەڕێگەی تەعدیلی ئەم یاسایانەوە چارەسەر ئەکرێ؟ کەواتە ئەم یاسایە خۆی لە ئەساسدا خەلەلی تیایە، تۆ چوار ساڵە نەتوانیوە جێبەجێی بکەی، ئێستا چ مەنتقێکی تیایە جارێك درێژ کراوەتەوە، تۆ بێی لەسەر هەمان پەیڕەو ساڵێکی تر یان دووساڵی تر درێژە بدەیتەوە بەم یاسایە، کەواتە تۆ یاسیەکەت خەلەلی تیایە، ئەی پەرلەمان کەواتە ئەرکی چیە؟، ئەرکی یاسا دانانە یاخود تەعدیل کردنی ئەو بڕگانەیە کە سوود ناگەیەنێ بە هاووڵاتیان لە هەرێمی کوردستان، بۆیە من پێشنیار دەکەم بە زووترین کات ئەم پڕۆژەی تەعدیلە بکەوێتە بواری موناقەشە کردنەوە، سەرلەنوێ داڕشتنەوەی ئەو پەیوەندیەو هاوسەنگی پاراستن لە نێوان کرێچی و خاوەن موڵکدا، زۆر سوپاس.

**بەڕێز د. ارسلان بایز/ سەرۆکی پەرلەمان:**

کاك جمال فەرمووو.

**بەڕێز جمال طاهر:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ئەگەر بێینو بابەتێك بەراورد بکەین، دەقەکەی هاتووە، تەعدیلەکە لەگەڵ خشتە یان جەدوەلی ئەعمال ناڕوات، خاڵی دووەم دەڵێت، خستنەڕوو و گفتوگۆ کردنی پڕۆژە یاسای درێژ کردنەوەی کارنەکردن بە یاسای بەکرێدانی ....هتد، ئەگەر بێتو سەیری مادده بکەین (عدم العمل بالقانون رقم (16)قانونی ژمارە (9) ی وەستاندووە، بۆیە من ئەبینم ناکۆکیەك هەیە، یەعنی تەواو نیە، ئەگەر مەبەستمان ئەوەیە درێژە پێدانە، بۆ 2013/7/15 وانیە جەماعەتی قانونی؟، ئێمە لازمە بڵێین (المادة الاولى:يمدد العمل بالقانون رقم 16 لسنة 2010 قانون تعديل الاول لقانون الايجار رقم (9) لسنة 2008في اقليم كوردستان لمدة سنة واحدة اعتباراً من 7/15) ئێمە ساڵی داهاتوو ئیحتیماله خۆمان دەزانین پەرلەمان مانگی حەوت و هەشت عوتلە دەبێت، ئەگەر ئێمە بێین و تەمدید بکەین، ئیحتیماله ئەوەندە دوا بخرێت بۆیە من پێشنیار دەکەم ئەگەر هاتو تەمدیدیش کرا، بە زووترین کات ئەم بابەتە چارەسەر بکرێت، چونکە ئیحتیماله هەتا کێشەکە لەجیاتی عەقد و ئیجار، شۆڕ ببێت بۆ مەسائیلی ئیجتیماعی و کێشەی ئیجتیماعی لێ ببێت، زۆر سوپاس.

**بەڕێز د. ارسلان بایز/ سەرۆکی پەرلەمان:**

کاك جلال فەرمووو.

**بەڕێز جلال علی عبدالله:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

لەگەڵ پشتگیریم بۆ مولاحەزەکەی کاك جمال، دیارە ئەو کێشەیەی کە لەناو کۆمەڵ و وڵاتی ئێمە هەیەو کێشەیەکی موزمنە، لەوانەیە 10 ساڵ بێ ئەو کێشەیە مابێتەوە بۆ ئێمە، ئەو یاسایەی پێ دەرکراوە، درێژە

دانە بەو یاسایەی لە زەمەنی شمولیەت دەرچووە، لە خوارو، لەناوەڕاستی عیراق کێشەی گەورەی لێکەوتەوە، خەڵکی لەسەر کوژرا، بۆیە من بە باشی ئەزانم ئەگەر تەئجیل بکرێ، ڕێ لە هەموار کردن و دانانی یاسا ناگرێ، بەلاّم ئیحتیماله ئێمه بۆ هەموار کردنەکەو یاسا دانانەکە ڕێك نەکەوین، یان درێژە بکێشێ کە ئێستا بودجە هاتۆتە پێشەوەو، مانگی شەشە و مانگی حەوت و هەشت پشووە، بۆیە من پشتگیری لەوە دەکەم کە بۆ ساڵێ بێ بەلاّم ساڵەکە نەبێتە هۆی ئەوەی کە ئێمە یاسایەك دابنێین یان ئەو دوو یاسایەی کە پێشکەش کراوە لەناو هۆڵی پەرلەمان موناقەشە نەکرێت، بەڵێ، موناقەشە بکرێ، بەلاّم تەئجیل کردن ڕێگە لەو موناقەشەو هەموار کردنە ناگرێت، زۆر سوپاس.

**بەڕێز د. ارسلان بایز/ سەرۆکی پەرلەمان:**

کاك خۆرشید فەرموو.

**بەڕێز خورشید احمد:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

چارەسەر کردنی ئەم بابەتە بە تەئجیل وەکو حەبی موسەکینە، حەبی موسەکین عیلاجی ئێش نیە، ئەمە چەند جارە، بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان، ئەم بابەتە بە موسەکینات چارەسەر نابێ، تەئجیل یەعنی حەبی موسەکینە، ئێمە بەرامبەر کێشەیەکین، بەرامبەر یاسایەکین کە ئەم یاسایە ئیسپات بوو، قابیل نیە بۆ جێبەجێ کردن، بۆ؟، چونکە باڵانسی مابەینی خاوەن موڵك و کرێچی باڵانسەکە تەواو نیە، کە دێیە سەر یاسایەك دەسەلاّتەکی رەها یان مافێکی ڕەها دراوە بە خاوەن موڵك، کەی ویستی کرێچیەك دەر بکات، ئەمە ئەسلی کێشەکەیە، ئەگەر بێن و بمانەوێت ئێمە یاسایەك هەموار بکەین، یان یاسایەکی تازە دەربکەین، دەبێت باڵانسەکە ڕاگیرابێ لە مابەینی هەردوو لایەن، لایەنی کرێچی وە لایەنی خاوەن موڵك، نە ئەو ئەو دەسەلاّتەی هەبێ کەی حەزی کرد کرێچی دەر بکات، نەك کرێچی بچێت بە کەیفی خۆی کرێیەکە لە مەحکەمە دابنێ، ئەمە چەندەها ساڵە بە پارەیەکی زۆر کەم، بەڕاستی غەدرە لەساحێب موڵك، ساحێب موڵکیش ئەو دەسەلاّتەی هەبێ کەی ویستی کرێچی دەر بکات، ئەمەش غەدرە، دەبێ ئێمە بیر لەوە بکەینەوە، یاسایەك یان هەموار کردنیك دەربێنین لیژنەیەکی بێ لایەن بێ تەقدیری ئەم کرێیە بکات، کرێی ئەم دوکانە ئەوەندەیە، عەقڵی گرت کرێچی لەناویدا بمێنێتەوە، عەقڵی نەیگرت دەرچێت لە کرێیەکە، ئەمە شتەکە وابمێنێت هەر بە تەئجیل و تەئجیل، بەڕاستی تەئجیل حەلی موشکیلەکە ناکات، موشکیلەکە هەروەکو خۆی لە جێگای خۆی ماوە، خەڵکێك گلەیی دەکات دەڵێ موڵکمان لە دەستی خەڵك دایە، ئێمە لە خانووی کرێداین، ئەوەی لە موڵکی ئێمەدایە ساحێب عیمارەیە، یەعنی بەڕاستی ئەمەش هەتا حەدێك نەهەقیەك پێیەوە دیارە، لەبەر ئەوەی چارەکردن بە تەئجیل نابێ، ڕاستە کاتەکە لەبار نییە تەئجیل بکەین بۆ چەند مانگێك، پێنج مانگ شەش مانگ، پرۆژەیەکی ڕێك و پێك ئامادە بکەین، ئەم کێشەیە چارەسەر بکەین، بە ڕاستی پەرلەمان بێ هەڵوێستە لەو مەسەلەیە، یان بێ دەسەلاّتە ناتوانێ چارەسەر بکات، دەبێ ئێمە جورئەت بەخۆمان بدەین، تەحەدای ئەو

موشكیلەیە بكەین، چارەیەكی بۆ بدۆزینەوە و عیلاجی بكەین، بۆ ئەوەی خەڵكیش ئارام بێ، هەرساڵێ جارەك كرێچی و خاوەن موڵك هەردووكیان لەوەزعێكی نەفسی نارەحەت دان، ئایا مەسەلەكە چ لێدێت؟، تەئجیل دەبێ؟، تەتبیق دەبێ؟، ئەمە وەزعێكی نا تەندروستی لە بازاڕی هەرێمی كوردستان دروست كردووە، زۆر سوپاس.

**بەڕێز د. ارسلان بایز/ سەرۆكی پەرلەمان:**

كاك سالار فەرمووو.

**بەڕێز سالار محمود:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

لە ڕاستیدا ئەم بابەتە لە چوارچێوە گشتیەكەیدا ڕاستە پەیوەندی بە دوو لایەنەوە هەیە، خاوەن موڵك و كرێچی، بەڵام لە جەوهەردا پەیوەندی بە پرەنسیپی عەدالەتەوەهەیە، پەیوەندی بە ئاراستەی ئەم سیستەمە سیاسیە هەیە، بۆ پاراستنی عەدالەتی كۆمەڵایەتی، ڕاستە ئەم بابەتەی ئێستا لەناو موجتەمەعدا وا دەخوێندرێتەوە كە تەزاروبی بەرژەوەندیەكانی لێكەوتۆتەوە، بەڵام ڕەئی حكومەتە، داواكارم ساڵێك تەئجیل بكرێتەوە، من پێموایە ئەم بابەتە پەیوەندی لەدواجاردا لە ڕێگەی پەرلەمانەوە، ببەسترێتەوە بەو گۆڕانگاریانەی كە لە كوردستان و ناوچەكەدا ڕوویداوە، ئێمە پێویستیمان بە یاسایەكە مواكەبەی گۆڕانكاریەكانی بازاڕ ومەسەلە ئابووریەكان و موڵكداری بكات، بۆ ئەوەی بتوانین ئەو عەدالەت و ئەو هاوسەنگیە بپارێزین، ئەگەر ئەم پرۆژەیە لە ئێستادا بە دیرێك قسە لەسەر ئەو هەموار كردنەوەی بكرێت، پێموایە ئەمە تووشی ئیشكالمان ئەكات، چونكە لە جەوهەردا ئەم بابەتە هەڵگری جەدەلێكی فكریە، كە پەیوەندی بە بازاڕی ئازاد و پەیوەندی بە بەرژەوەندی تاك و كۆمەڵەوە هەیە، لەو ڕوانگەیەوە كە پێموایە ئەو هەفتەیە پرۆژە یاسایەكی نوێ پێشكەش كراوە، لە لایەن چەند ئەندامێكی پەرلەمانەوە، ئەم بابەتە بە زوویی لە ڕێگای سەرۆكایەتی پەرلەمانەوە، خوێندنەوەی یەكەمی بۆ بكرێ، بۆ ئەوەی لەوەرزی داهاتوودا بتواندرێت بخرێتە بواری گفتوگۆ كردنەوە، ئەو ماوەیەش كە ئەوترێ زۆرە، پێموایە كورت ئەكرێتەوە لە ڕێگەی هەموار كردنەكەوە، سوپاستان دەكەم.

**بەڕێز د. ارسلان بایز/ سەرۆكی پەرلەمان:**

مامۆستا كاوە فەرمووو.

**بەڕێز كاوە محمدامین:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

بە ڕەئی من ئەو یاسایە یاسایەكی گرنگە، پەیوەندی بە سەدان خەڵكی كاسب كارو كرێچی و خاوەن موڵكەوە هەیە، تۆزێك دیقەتی بدەی، دەبێ بە وریایی تەعامولی لەگەڵ بكەین، من پشتگیری تەئجیل كردنەكە دەكەم،

لە هەمان کاتیشدا بۆ هەموار کردنەکە دەبێ لیژنە پەیوەندیدارەکان بە جدی لەو مەوزوعە لەهەموار کردنەکە گفتوگۆی تێرو تەسەلی لەگەڵ بکەن، هەروەها پێم باشە ئەو لیژنانەی کە موناقەشەی هەموار کردنی پڕۆژە یاسایەکە دەکەن، نوێنەری کرێچیەکان و نوێنەری موڵکدارەکان بێن لە موناقەشەکە پرس و ڕایان وەربگرن، هەروەها ئەو خەبیرانەی کە لە حکومەتیشن بیرو ڕایان وەربگرن، بۆ ئەوەی هاوسەنگی هەبێ و ناعەدالەتی لەو پڕۆژە یاسایە سەر هەڵنەدات، چونکە بەڕاستی کێشەی کۆمەڵایەتی زۆر گەورەی لێ دروست دەبێ، باشترین بەڵگە ئەوەیە تەئجیل کردنەوەی ئەم پڕۆژە یاساو هەموار کردنە ساڵ بۆ ساڵێکی تر نیشانەی ئەوەیە، فیعلەن دەبێ ئێمە زیاتر بە وریایی موناقەشەی بڕگەکان و ماددەکانی ئەو پڕۆژە یاسایە بکەین، زۆر سوپاس.

**بەڕێز د. ارسلان بایز/ سەرۆکی پەرلەمان:**

سیوەیل خان فەرموو.

**بەڕێز سیوەیل عثمان:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

قسەکانی من کرا سوپاس.

**بەڕێز د. ارسلان بایز/ سەرۆکی پەرلەمان:**

کاك سەرهەنگ فەرموو.

**بەڕێز سەرهەنگ فرج:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

وەکو هاوکارەکانم باسیان کرد، دیارە ئەم یاسایە دەرکەوتووە کە قابیلی جێبەجێ کردن نیە، لە ڕاستیدا قەلەقیەکی دروست کردووە لەناو بازاڕ، ئەم یاسایە ناعەدالەتی دروست کردووە، بۆیە من پشتیوانی ئەو ڕایە دەکەم کە هەموار بکرێتەوە بە زووترین کات، بەلاَم تەئجیل کردنەکەی بۆ هەموار کردن لە مانگی 10 بەلایەنی کەم لەمانگی 11ی ئەم ساڵ تێپەڕ نەکات، تا ئەو کاتە بەڕاستی پڕۆژەیەکی باش ئەوەی کە هەیە ئیشی لەسەر بکرێت، پڕۆژەیەکی تر ئەگەر هەبێ بهێندرێت ئیستیفادەی لێبکرێت، لە هەر موناقەشەیەك کە ئەکرێت زۆر زۆر گرنگە، هەر دوو لایەنەکە کرێچیەکەش و خاوەن موڵکەکەش بەڕاستی موشارەکەیان پێ بکرێت لە مەسەلەی موناقەشەو دانانی هەر بڕگەیەکی یاسایی کە پەیوەندی بە ئەوانەوە هەبێ، ئەمە لە نزیکترین دەرفەتدا بکرێت، ئەوە قسەکانی منەو زۆر، سوپاس.

**بەڕێز د. ارسلان بایز/ سەرۆکی پەرلەمان:**

کاك عبداللە مەلا نوری فەرموو.

**بەڕێز عبداللە مەلا نوری:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

سوپاس قسەکانم کرا.

**بەڕێز د. ارسلان بایز/ سەرۆکی پەرلەمان:**

عظيمة خان فەرمووو.

**بەڕێز عظيمة نجم الدين:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

سوپاس قسەکانم کرا.

**بەڕێز د. ارسلان بایز/ سەرۆکی پەرلەمان:**

مامۆستا فەرمان فەرموو.

**بەڕێز فەرمان عزالدين:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

قسەکانی من هاوکارانم کردیان, سوپاس.

**بەڕێز د. ارسلان بایز/ سەرۆکی پەرلەمان:**

نەسرین خان فەرموو.

**بەڕێز نەسرین جمال:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

دیارە ئەوەی هاوکارانم ئامەژەیان پێدا ئەو کێشەیە کێشەیەکی موزمنە، بەڕاستی کێشەش نیە لەم ژیانە, لەم سەر ئەرزە چارەسەری نەبێ, کێشەیەك کە چارەسەری هەبێت, ڕاستە کێشەکان بەپێی گەورەیی و بچووکی چارەسەرەکان تەحدیدی بکات, ئەم کێشەیە ناکرێت تاسەر لەهەرێمی کوردستان بەموزمینی بمێنێتەوە, کەچارەسەری هەیە, دیارە ئێمە ماوەی چوارساڵە خاوەن موڵك و کرێچی لە قەلەقی دەژین, ناکرێ هەم درێژ بکرێتەوە بۆ ماوەی ساڵێك یان دوو ساڵی تر کەواتە ئەکاتە پێنج ساڵ بۆ شەش ساڵی تر خاوەن موڵك و کرێچی لە قەلەقی بژین, بۆیە دەبێت ئەم یاسایە هەموار بکرێتەوە, پرۆژە یاساشمان هەیە بۆ هەموار کردنەوەی ئەم یاسایە, دەکرێت ئەو پرۆژە یاسایە نالێم لە 100٪ هەموو هەدەفەکان ئەپێکێ, بەڵام دەکرێ ئەو پرۆژە یاسایە دەوڵەمەند بکرێت، بۆ ئەوەی کە تەوازنێك ڕابگرێت، هاوسەنگی ڕابگرێت لەنێوان خاوەن موڵك و کرێچیەکان، یەعنی ئەو پرۆژە یاسایە کە دەوڵەمەند کرا, تەوازن ڕابگرێت لەبەینی هەردوو لایەن، بۆیە دەبێ ئەم هەموار کردنە لە ڕاستی تەئخیر نەکرێت، لە وەرزی داهاتوو بتواندرێت هەموار بکرێ، سوود بە هەردوو لایەن بگەیەنێت، واتە بە خاوەن موڵکیش و بە کرێچیش، زۆر سوپاس.

**بەڕێز د. ارسلان بایز/ سەرۆکی پەرلەمان:**

کاك نەریمان فەرموو.

**بەڕێز نەریمان عبدالله:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

له ڕاستیدا زۆربەی قسەکانی من کرا، بەلاّم وەکو من ئەوندەی ئەمەوێ بڵێم ئێمە لەکاتێك ئەو پڕۆژە یاسایەمان داناوە لە خولی پێشوو، دیارە لەم پەرلەمانە بە ئێستاش و بە خولی پێشووش دیارە مۆفەق نەبووین لەوەی کە دامان ڕشتووە، قابیلی جێبەجێ کردنە، بۆیە بەڕاستی ئەمە بۆخۆی پرسیارێکە هەقە خەڵك لە پەرلەمانەکەی بکات، بۆچی ئەوە بۆ پێنج ساڵ دەچێت تاوەکو ئێستا یاسایەك کە داینائوە مەنتقی نیە؟، بۆ جێبەجێ کردن ناشێ، نەیتوانیوە بیگۆڕێت، ئەم پرسیارەش ئێستا ئاراستەی ئێمە ئەکرێت، هەقی خۆیەتی خەڵك ڕەخنە لە ئێمە بگرێت، ئەمە پڕۆژە یاسایەکە ئەکرێت ئێمە بە ڕەچاو کردنی عەدالەت لە نێوان خاوەن موڵك و کرێ نشین یاسایەك دابنێین کە قابیلی گونجان بێ، لە ڕاستی ئەم پەرلەمانە پێموایە ئەوە چەندین حاڵەتە ئێمە کات ئەکوژین، دەیخەینە بەرنامەی کارەوە، لە کاتێك کە هەر لە سەرەتاوە..، یەعنی نەکراوە تۆ یاسایەك دابنێی کاری پێ نەکرێت و تەمدیدیشی بکەی، یەعنی تەمدید کردن بە کار پێنەکردن لەکوێی یاسا هەیە؟، لەکوێی پەرلەمانی دونیا هەیە ئەمە؟، بۆیە کە خەلەل تێدا هەبوو ئەبوایە هەر لیژنەی یاسایی و لیژنە موختەسەکانی تایبەت بەم بوارە بەڕاستی تەعدیل بکرایە، یان ئیلغا بکرێت، پڕۆژە یاسایەکی تر دابندرێت، یان تەعدیل بکرێت، بۆیە ئەمە بەڕاستی شپرزەییەکی دروست کردووە، پاشاگەردانییەکی دروست کردووە لەناو بازاڕ، پەیوەندی بە ژیانی خەڵکەوە هەیە، چی بە خاوەن موڵك، چی بەکرێچی، بۆیە هەڵناگرێ ئێمە زۆر تەئخیری بکەین، دەکرێ لەمانگی 9 و 10ی خولی داهاتوو کە دێت بەڕاستی، ئێمە یان پڕۆژەیەکی نوێ پێشکەش بکەین، یان تەعدیلی بکەینەوە بۆیە بەڕاستی ئەو ڕەخنەیە با ئیتر نەیەتە سەرمان، لە هەندێك لە پڕۆژەکانی تریش هەندێ لەم حاڵەتە هەیە، تەمدید کردنەوە بە کار پێکردن تا حەدێك مەعقولە، بەس تەمدید کردن بە کار پێنەکردن بەڕاستی ئەمە زۆر نا مەعقولە، زۆر سوپاس.

**بەڕێز د. ارسلان بایز/ سەرۆکی پەرلەمان:**

کاك فاضل بەشارەتی فەرموو.

**بەڕێز فاضل محمد قادر (بەشارەتی):**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

بەڕاستی ئێمە لە ساڵی ڕابردوو ئەم پڕۆژەیە هاتە بەر دەست و تەئجیل کرا بۆ ئەمساڵ، پارەکە واسواسەیەك و ڕا ڕایەکی زۆری لەناو خەڵك دروست کرد، بۆیە بەڕاستی منیش ڕەئیم وایە وەکو هاوەڵانم تەئجیل بوونەکە ماوەیەکی کورت بێ، زۆر نەبێ، چونکە بەڕاستی تەئجیل بوون وەکو ئەمساڵەی ڕابردوو بێ، دوو ساڵ و چوار ساڵی تریش تەئجیلی بکەین، هیچ لە مەسەلەکە ناگۆڕێت، بەلاّم ئەوەی کە من تێبینی دەکەم بەڕاستی یەکەم: پڕۆژەکە زۆر بە لاوازی هاتووە، دوو مادده هاتووە، چونکە ئەمە عیلاقەیەکی موباشری بەنفوسێکی زۆری خەڵکی کوردستانەوە هەیە، ئەوەشی کە واقعە من تێبینیم کردووە، بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان، بەڕاستی ئەوەی کە خاوەن موڵکی قەدیمە مەغدورە لەم مەسئەلەیە، ئەوەی کە کرێچی ئێستاشە مەغدورە، بۆیە ئەمە بەهەقیقەت پێویستی بە چارەسەر کردن هەیە بە زوویی، چونکە دوو لایەن و

دوو تـەرەف مەغـدور دەبـێ، ئـەوەش هـەمووی هـاوولاّتی ئێمەیـە، هـەم خـاوەن موڵـك و هـەم كرێچـی، بۆیـە مەسەلەن ئێستا دوو دوكان هەیەلە پاڵ یەك پێموایە لەهەموو شارەكانی كوردستان، یـەكێكیان كرێكـەی 150 دینارە یەكێكیان كرێكەی ملیۆنێك دینارە، ئەمە عیلاقەی بە كرێچی قەدیم و بە كرێچی نوێوە هەیـە، بۆیـە پێویستە بەڕاستی منیش لەگەڵ تەئجیل بوون دام، بەشەرتێك بـە پرۆژەیـەكی دەوڵەمەنـد كـە عیلاجـی ئـەو كێشەیە بكات، چونكە لەساڵی ڕابردوو كە ئەم موناقەشەیە هاتە پێشەوە تەئجیل كرا تەقریبـەن واسواسـیەك و ڕا ڕاییەكی زۆر..، هەتا كێشەی دروست كرد، من بۆخۆم لەنووسینگەی هەڵەبجە چەندین جار خەڵك هاتۆتە لام، هەم خاوەن موڵك هەم كرێچیەكان، ئەمە پێویستی بە چارەسەرێكی وا هەیە كە هیچ لایـەك لـەو لایەنانـە مەغدور نەبێ، زووش عیلاج بكرێت، زۆر سوپاس.

**بەڕێز د. ارسلان بایز/ سەرۆكی پەرلەمان:**

د.ڕۆژان فەرموو.

**بەڕێز د.ڕۆژان عبدالقادر دزەیی:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

باشترین بەڵگە لەسەر ئەوەی كە ئەو یاسایە كەم و كوڕی تیایـە، حكومـەت لەسـاڵی 2010 و هـەروەها لەسـاڵی 2012داوای تەمدید كردنی دەكات، جگە لەوەی كە دوو پڕۆژە یاسـا لـە لایـەن پەرلـەمانتاران ئامـادەكراوە بـۆ چارەسەر كردنی ئەو كەم و كورتیانەی كە لە پـڕۆژە یاسـاكە هەیـە، سـەبارەت بـە كـاتی خـۆی كـە ئـەو یاسـایە دەرچوو، ئێمەدەبێ بگەڕێینەوە دوای نیەتی موشەریع، ساڵی 2008، پرۆتۆكۆڵەكان هەمووی ماون، باس لەوە دەكـات نیـەتی موشـەریع چ بـوو؟ ماوەیـەك دانـرا كـە دوو سـاڵە ئـەوجا یاسـایەكە جێبـەجێ دەكـرێ، نیـەتی موشـەریع ئـەوەبوو، قـەیرانی نیشـتەجێبوون لـە هـەرێمی كوردسـتان چارەسـەر دەكـرێ لـە مـاوەی دوو سـاڵ، حكومەت پڕۆژەی لەبەر دەست دابـوو، بۆیـە چارەسـەر كردنـی كێشـەی نیشـتەجێبوون لەهـەرێمی كوردسـتان ماوەی دووساڵی هەیە، دوای ئەو دوو ساڵە یاساكە جێبەجێ دەكرێ، بـەلاّم بەرنامـەكان وەكـو خـۆی جێبـەجێ نەكرا، لەبەر ئـەو هـەموو زورفـە سیاسـیەی بەسـەر هـەرێمی كوردسـتاندا هـات، بۆیـە زەمینـە خـۆش نیـە بـۆ جێبەجێ كردنی ئەم یاسایە، من خۆم پێشنیاری ئیلغا كردنەوەی دەكـەم، پشـتگیری ئـەو بەڕێزانـە دەكـەم كـە پێشنیاری ئیلغا كردنەوەیان كرد، چونكە ئەو یاسایە كێشـە دروسـت دەكـات، حكومـەت ڕووبـەڕووی كۆمـەڵێك كێشە دەبێتەوە لەكاتی جێبەجێ كردنی، ئەگەر هەر تەمدید كرا، تەمدید كردنەكە ماوەیەكی باشـی بـدەینێ، بۆ نموونە پێشنیاری دوو ساڵ دەكـەم، لەبەرچی دوو سـاڵ؟، خـۆت كـە پێشـنیاری دوو سـاڵ دەكـەی یـاخود بـۆ دووساڵ تەمدید كراوە، دەتوانی لەماوەی سێ ڕۆژ یاساكە تەعـدیل بكـەی و هـەمواری بكـەی، بـەلاّم بـۆ مـاوەی یەك ساڵ، 2013/7/15 هەرێمی كوردستان بەپێی یاسا، سەرقاڵی هەڵبژاردنە، ئەوكاتە دەتوانین بێین یاسای بەكرێدانی خانووبەرە هەموار بكەین، ئێمـە كـاتی پەسـەند كردنـی دەسـتوور لـەماوەی درێـژە پێـدانی مـاوەی پەرلەمان، شكایەتمان لە مەحكەمەی دەسـتووری لێ كـرا، ئایـا دەتـوانین لەماوەیـەكی ئـاوا ئـەو یاسـایە هـەموار بكەین، یا دووبارە تەمدیدی بكەینەوە و ڕووبەڕووی ئەو كێشەیە ببینەوە، بۆیە با ماوەیەكی زۆر بـۆ تەمدیـد

کردنەکە دابنێین، ئەگەر ماوەکە دوو ساڵ بوو، ئێمە لە سێ مانگ، لە سێ ڕۆژ، لە دە ڕۆژ بتوانین هەمواری بکەین، واتە ماوەی تەمدیدی کردنەکە ئەگەر زۆر بێ، ڕێگر نیە لەبەردەم ئەوەی کە پرۆژە هەموار کردن پێشکەش بکەین، ئەگەر تەمدیدەکە پەسەند کرا، ڕای زۆرینەی بەڕێز لەگەڵ ئەوەبوو تەمدید بکرێ، کار نەکردن بە یاساکە یاسای ژمارە (9) ی 2008 بگرێتەوە، زائیدەن یاسای ژمارە (16) ی 2011) ڕاستە کە یاسایەك تەمدید دەکرێ هەموار کردنەکەش دەگرێتەوە، بەڵام لەبەر ئەوەی ئەحکامەکانی جودایە، لەبەر ئەوە هەردوو یاساکە کاری پێنەکرێت، ئەسڵی یاساکەو هەموار کردنەوەکە کە لە ساڵی 2010پەسەند کراوە، زۆر سوپاس.

**بەڕێز د. ارسلان بایز/ سەرۆکی پەرلەمان:**

د.عمر فەرمووو.

**بەڕێز د.عمر حمدامین نورەدینی:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ئەگەر ئێمە بمانەوێ ئەو یاسایە ڕەت بکەینەوە، ئێستا فەراغێکی یاسایی دروست دەبێ بۆ بابەتێکی گرنگ و هەستیار، کە بە یاسایەك ڕێکخراوە لە ڕابردوودا، چونکە داواکاری هەیە بۆ درێژ کردنەوەی وەستاندنی جێبەجێ کردنی یاساکە، لەبەر ئەوەی لایەنێك لەو لایەنانەی کە مافەکانی ئەوان ڕێك دەخات گللەیان هەیە، ئەگەر ئێستا یاساکە ڕەت بکەینەوە، بۆشایی یاسایی دروست ببێ، لایەنەکەی تریش دیسان بەهەمان شێوە گللەیی و گازندەو ناڕەزایەتی دەبێ، بۆیە ڕەنگە بۆچوونی دروست و بابەتیانە ئەوەبێ کە ئێمە هەوڵ بدەین هەردوو خاڵ بەیەکەوە ئەنجام بدەین، یەکێکیان ئەوەیە کە یاساکە درێژ بکەینەوە، هەتا وەستاندنی جێبەجێ کردنی یاساکە، وەکو حکومەتیش خۆی داوای کردووە، درێژ بکەینەوە بۆماوەی ساڵێك، لەماوەی ئەمساڵەدا دوو پرۆژە هەیە، پرۆژەیەکیان خوێندنەوەی بۆ کراوەو ڕاپۆرتی لەسەر ئامادە کراوە، پرۆژەیەکی تریش هەیە پێشکەش کراوە، لە خیلالی ئەمساڵەدا ئێمە بە ئاسانی دەتوانین هەردوو پرۆژە ئاوێتەی یەکتری بکەین، بکەین بە پرۆژەیەکی باش، پێشکەشی بە پەرلەمانی بکەین، ئەوکات کە قبوڵ کرا، یاسا کۆنەکە ڕەت دەکرێتەوەو یاسا تازەکە جێبەجێ دەکرێت، بۆ ئەوەی کە ئێمە یاسایەکی تازەمان هەبێ، بۆ ئەوەی کە فەراغی قانونی دروست نەبێ، زۆر باشە ئێمە هەوڵ بدەین بۆ ماوەی ساڵێك درێژ کردنەوەی کار نەکردن بەو یاسایە درێژ بکەینەوە، زۆر سوپاس.

**بەڕێز د. ارسلان بایز/ سەرۆکی پەرلەمان:**

ژیان خان فەرمووو.

**بەڕێز ژیان عمر شریف:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

بەنیسبەت هەڤالأنم کە قسەیان کـرد لـە نووسـینگەی سـلێمانی، ئێمـە چـەندین جـار لەگـەڵ ئـەو هاوولأتیانـە دانیشـتووین، دیـارە ئەگـەر چارەسـەر نـەکرێت کێشـەی کۆمەلأیـەتی زۆر گـەورەی لێ ئەکەوێتـەوە، منـیش پشتگیری هەڤالأنم دەکەم لە نووسینگەی سلێمانی کە پێویسـتە ئـەو پـڕۆژە یاسـا تازەیـەی کـە تەقـدیم کـراوە، خوێندنەوەی یەکەمی بۆ بکرێت، ئینشائەڵلا لە $10/1$ موناقەشەی بکەین، چارەسەرێك بدۆزرێتەوە هـەموار بکرێت ئەو یاسایە، زۆر سوپاس.

**بەڕێز د. ارسلان بایز/ سەرۆکی پەرلەمان:**

ئاهەنگ خان فەرموو.

**بەڕێز ئاهەنگ عارف:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

هەموار کردنی ئـەو یاسـایە تۆکمـەی شـتێکی موهیمـە بەنیسـبەت حکومـەتیش، ئێمـە زۆرجـار ڕووبـەڕووی ڕەخنە دەبینەوە، کە دەڵێن بودجەی حکومەت بە هەدر دەدرێت، یان ڕەخنەی لە حکومەت دەگرین، ئەگەر تەماشای ماستەر پلانی شاری هەولێر بکەی  و تەتبیقاتی، زۆرجار دەبیـنین بـەڕێز پارێزگـاری هـەولێر کـە دەڵێ من تەعویزم دایتە خاوەن ملکەکان، ئەگەر بێتو یاسـایەکی تۆکمـە لـە پەرلـەمان هـەبێ، ئـەوە دەبێتـە ئیسراحەت لۆ حکومەتیش، کە دێت و تەتبیق دەکات تووشـی ئـەو تـەعویزەی نابێتـەوە کـە دەیـدات، بۆیـە هەدر نابێ لە ئەموالی بودجە، ماسـتەر پلانـیش خـۆی بـا حـەلی نـەکات زۆر جێگـا هەیـە مـولکی بازرگانیـە، کەونە خانووە، بەلأم ساحێب مولکەکە لێی دانیشتووە چونکە کرێکەی کەمە، ساحێب مولکەکـەش پارەکـەی وەرناگرێ، باشە ئەوە کە ماستەر پلان تەتبیق دەکرێـت، دێ شـۆفەرەکی لێـدەدات حکومەتناچـار دەبـێ یـان محافز ناچار دەبێ پارەی بداتە خاوەن مولکەکەو بداتە مالیکەکش، باشـە ئـەوەش هـەدری ئـەموالی دەوڵەتـە بۆ ئەوەی ماستەر پلانیش دەبێ ڕەچاو بکەین دەبێ یاسایەکی تۆکمە بۆئەوەی حازر بکەین. .سوپاس

**بەڕێزد.ڕۆژان عبدالقادر احمد:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

تەنها یەك ڕوونکردنەوەم هەیە، لەبەر ئـەوەی مـن قسـەم کـرد ئێسـتا یاسـای عێراقـی جـێ بـەجێ دەکرێـت خانوو بەرە یاسای ژمارە $87$ی ساڵی $1979$ ئەگەر ئەو یاسایە ئیلغا کراوە هیچ بۆشایی یاسایی لە هـەرێمی کوردستان نابێ هەروەکو ئێستا یاسای ژمارە $87$ی ساڵی$1979$جێ بەجێ دەکرێ، هـەتا ئـەوکات پەرلـەمانی کوردستان یاسایەکی نۆی پەسند دەکات . سوپاس.

**بەڕێز عونی کمال سعید بەزاز:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

1. پێشەکی من پێم باش بوو ئەندامانی پەرلەمانی کە لە پڕۆژەی یەکەم وتیان تەرجومەی کوردی ئیمزا نەکرایە من تێبێنیم لە سەر ئەوە هەیە، من کوردم، شانازی بە کوردایەتی خۆم دەکەم وە نەم گوتیە ئەهمیەتی نیە ڕاپۆرت بە زمانی کوردی، برادەران بە هەڵە تەفسیریان کرد من گوتم ئەهمیەتی ئیمزاکە نیە لە ڕاپۆرتەکە، چونکە ڕاپۆرتەکە بە زمانی عەرەبی نووسرابوو وە تەرجومەکەش کرایە، پاش ئەوەی کە ئەمە ڕاپۆرتمان نووسیە.

2. سەبارەت بەو پێشنیارەی کە لەو پڕۆژەیە پێشکەش کرا ژمارەیەك لە ئەندام پەرلەمان داوا دەکەن هەموار بکرێت، ژمارەیەکی تر داوا دەکەن قانوونەکە ئیلغا بکرێت ، ژمارەکی تر داوا دەکەن تەئجیل بکرێت، باشە ئەگەر ئیلغا کرا، ئایا فەراغیکی قانوونی دروست نابێ؟ چونکە ئەگەر تێبێنی ئەوە دەکەین ئەگەر لەو ماوەیە نەمانتوانی هەموارەکە تقدیم بکەین، فراغیکی قانوونی دروست دەبێ لە بابەتەکە، پشتگیری لە قسەکانی ﴿دکتۆر عمر نورەدینی﴾ دەکەم چونکە ئێستا قانوونێکمان هەیە کە قانوونی ژمارە 9ی ساڵی 2008 دەرچوو، هەموارکرا چەند حاڵەتێك هەیە بەردەوامە کاری پێدەکری لە کوردستان، ئەحکامی جیاوازە، بەڵام خیلاف بوو لە ئەنجامی دوو ئیدارەیی، بەڕاستی با بەڕاشکاوانە قسە بکەین لە هەولێر یاساکە جێ بەجێ کرا، لە دهۆك جێ بەجێ کرا، لە سلیمانی جێ بەجێ نەکرا، کێشەکە لەوێ ڕوویدا، ئێمە پەیوەندیمان کرد بە دادوەرە بەڕێزەکان لە سلێمانی وتیان لۆمە هیچ تەعمیمێك نەهاتیە بلێ بە قانوونی ژمارە 9ی ساڵی 2008ئیش بکەن، لەبەر ئەوەی ئێمە لجانەکانی زەریبەی عقار لە سلێمانی ئیشیان نەکردیە وە هەڵنەسان بە تەقدیری موڵکەکان بەگوێرەی ئەو ماددەیە کە لە قانوونەکەدا هەیە بەهەرحاڵ لێرە پێشنییارەکە بەو شکلەیە داوا لە سەرۆکایەتی پەرلەمان دەکەم من خۆم لەگەڵ ئەوەمە قانوونەکەی ئیجار عقار ئیلغا بکرێت وە قانوونێکی نوێ دابنێین لەماوەیەکی کەمدا بتوانین عەدالەت تەحقیق بکەین لەنیوان ساحب موڵك و کرێچیەکاندا، ئەوە نوقتەکی ئەساسیە ئەوا ڕەئی شەخسی خۆمە وە ئێستا پێشنیارەکان بەو شکلەیە ئایا تەعدیل بکرێ قانوونەکە؟ ئەگەر تەعدیل بکرێ دەبێ مەشروعی حکومەت ڕەفز کەینەوە، واتە بگەڕێینەوە سەر برگەی سێەمی بەرنامەی کاری ئەمڕۆ موناقەشەی قانوونەکە بکەین ئایا کاتمان هەیە ئێستا موناقەشەکی مەعقولی بۆ بکەین؟ بتوانین قانوونێکی ڕێك و پێك دەرکەین لەو ماوە کورتەدا کە عەدالەتی تەحقیق کەین لەنیوان کرێچی و ساحب مۆڵك، ئێمە ئاگامان لەوەیە فیعلەن کێشە هەیە، کرێچیەکان مەغدوورن، بەڵام لە هەمان کاتدا با بەعەدالەت و ئێنساف قسە بکەین بەنیسبەت کرێچی کەون، ساحب مۆلك مەغدوورە، کرێچی کەونە ئەوانەی موراجەعەی زەریبەیان نەکردیە کێشەیان بۆ دروست بووە یان نەکرایە وە لە هەمان کاتدا بینای نوێ کە تازە بکرێ درایە ساحب مۆڵکەکان موستەفیدن، قازانجیان کردیە بە ئارەزووی خۆیان بەکرێیان دایە، بەهەرحاڵ ئەمن ئەو قسانە دەکەم لە لایەنی یاسایی، من خۆم لەگەڵ ئەویدامە قانونیکی نوێ دەر بکەین لە ماوەیەکی کورتدا عەدالەتی تەحقیق بکەین لە نیوان خاوەن موڵك و کرێچیدا، ئێستاش ئارائی ئەندامانی پەرلەمان بەو

شكلەیە، تەعدیل كردن یان تەمدیدكردن یان تەئجیل كردن یان ئیلغائی قانوونەكە؟ داوا لە لە سەرۆكایەتی پەرلەمان دەكەم یەك، یەك ئەو رایانە بداتە دەنگدان.سوپاس.

**بەڕێز د. ارسلان بایز/ سەرۆكی پەرلەمان:**

دەڵێن تەئجیل، دوو ڕەئی تەئجیل هەیە یەكێكیان دەڵێت شەش مانگ یان بۆ وەرزی داهاتوو، یەكێكیان دەڵێ ساڵێك ئەوی تریان دەڵێ دووساڵ یەكێكی دەڵێ ئەگەر قانوونەكە لەغوو بكرێ فەراغی قانوونی دروست نابێ وەكو د. رۆژان دەڵێ قانوونێكمان هەیە بۆ ئەوەی بەو قانوونە ئیش بكەین یەكیان دەڵێ ئەم قانوونە ئەوەی كە پەرلەمانتارە بەڕێزەكان تەقدیمیان كردووە لە فەترەیەكی داهاتوو موناقەشە بكرێ، جا ئەوە لە ڕووی قانوونیەوە چۆن صیاغەی بكەن بۆ ئەوەی ئەو رەئیانە بخەنە تەصویتەوە؟ ئەوە بۆ خۆتان صیاغەی قانوونەكە بكەن .

**بەڕێز د.رۆژان عبدالقادر احمد:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

لەبەر ئەوەی دوورترین پێشنیار ئیلغاكردنەكەیە، ئیلغاكردنەكە بدرێتە دەنگدان دواتر تەمدید كردنەكە، تەمدیدكردنەكەش سێ ماوە داندرایە، شەش مانگ ویەك ساڵ و دووساڵ كامەیان دەنگی هێنا ئەو تسبیت دەبی.

**بەڕێز د. ارسلان بایز/ سەرۆكی پەرلەمان:**

فەرموو كوێستان خان.

**بەڕێز كۆیستان محمد عبدالله:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

پیوێستە سەرەتا ئەوە بخرێتە دەنگدان ئایا ئێستا ئێمە هەموارەكە بكەین ئەوەی لە بڕگە سێەمە یان نا ئەگەر ئەوە دەنگی نەهێنا ئینجا بچینە سەر ئەوەی ئیلغای بكەین یان تەمدیدی بكەین ، بەڵێ وایە، چونكە سێ كەس قسەی لەسەر كردووە، چۆن وا نیە؟ ئینجا پێویست ناكات ئەندامی پەرلەمان لە شوێن خۆی وەلآم بداتەوە، بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان تكایە ڕێگا مەدە.

**بەڕێز د. ارسلان بایز/ سەرۆكی پەرلەمان:**

فیعلەن پەرلەمانتار كەس جەوابی كەس نەداتەوە كەسیش لە شوێن خۆی قسە نەكا، فەرموو لیژنەی قانوونی ئێوە چۆن ئەم پێشنیارانە دەخەنە چوارچیوەی قانوونیەوە؟

**بەڕێز عمر عبدالرحمن علی:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

ئەم موناقەشە دوورو درێژە كە كراوە لەسەر ئەم بڕگەیە كراوە ئەم بڕگەیە كە لەبەرنامەی كاردا هاتووە جارێ رەبتی بە بڕگەكەی دوای خۆی نیە، ئەمە رەبتی بە خستنە روو و گفتوگۆكردنی پڕۆژە یاسای ژمارە 9 یە، ئایا

ئەمە تەمدید بکرێ یەعنی ئیقاڤ ئیشکردنی پێ بکرێ یاخۆد پێی نەکرێ؟ لێرەدا حەوت ئەندام پەرلەمانی بەڕێز هەبوو کە تەئیدی ئەوەیان کرد تەمدید بکرێتەوە، ئیتر تەمدیدەکەیان کرد، یەعنی بە واتە لەسەر پڕۆژەکەی کە حکومەت ناردوویەتی ئیش نەکردن بە یاسای ژمارە 9ی ساڵی2008 وەتەعدیلەکەی کە بەدوایەوە هاتووە بە ژمارە 16ی ساڵی 2002بە واتە ئیش نەکردن بە یاسای ژمارە 9ی ساڵی2008 وەهەموارکراوەکەی ژمارە16ی ساڵی 2010 ئەمە حەوت ئەندامی بەڕێز داوای کرد، بەڵام بە موختەلیفی مودە داوایان کرد یەك ساڵ یاخۆد دووساڵ، سێ ئەندامی بەڕێز داوای ئیلغای کردووە دوانزە ئەندامی بەڕێز داوای تەئجیلی کردووە، بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان ئێمە دەبێ لەم مەجالە قسەی بکەین ئێستا ئایا تەمدیدی کەین لەسەر پڕۆژەی حکومەت کە هاتووە حەوت ئەندامی بەڕێز قسەی لەسەر کردووە وە ئەو پڕۆژەیە کە لە حکومەت هاتووە، حکومەت جێبەجێکاری ئەم یاسایەیە، ئایا تەمدیدکری وە ئەم تەمدیدکردنە ئەگەر بکرێ بۆ ساڵێك بێ یان دووساڵ؟ بە واتە ئیقاف العمل ژمارە 9 ئەمە ڕیگر نیە لە هیچ پڕۆژەیەیەك هەبێ سبەینێ تەعدیلی یاسای بەکرێدانی خانوو بەرە بکات ئەگەر هات و هەر پڕۆژەیەك تەعدیل کردنی ئەم یاسایەی بە دواداهات ولە یاسایەی هەموارکراوی ژمارە 9 هەموارەکەی ژمارە 16ی بە قوەتر بوو، باشتر بوو، لە صالحی هەردوولا بوو، ئەوا ئۆتۆماتیکیەن ئەم یاسایەی کە ئێستا هەیە ئیلغا ئەبێ و ئەو تەعدیلەی کە پێشکەش ئەکرێ ئەبێتە یاسایەکی جێبەجێکار، لەبەر ئەوەی پیوێستە پەرلەمان ڕایەکەی حکومەت کە هاتۆتە پەرلەمان ئەوە بخرێتە دەنگدان هەروەکو لە بەرنامەی کاریشدا هاتووە. سوپاس.

**بەڕێز د. ارسلان بایز/ سەرۆکی پەرلەمان:**

بەڵام زیاد لە سێ ئەندام پەرلەمان داوایان کردووە بۆ وەرزی داهاتوو تەئجیل بکرێ، ئێستا لەڕووی قانوونیەوە یەك، یەك بیخەێنە دەنگەوە کامەیان ئصولی ترە بۆ ئەوەی دەنگی لەسەر بدەین، بەڕاستی زۆر مناقەشەی لەسەر کرا

**بەڕێز د.ڕۆژان عبدالقادر احمد:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

سەرەتا دوورترین پێشنیار ئەوە بوو کە ئیلغاکردنەکە لەلایەن پێنج پەرلەمانتار پێشنیار کرا، پێشنیارەکان دەبێ دەنگدانی لەسەر بکرێ، دوورترین پێشنیار ئیلغا کردنەکەیە، دواتر تەمدیدەکە.

**بەڕێز د. ارسلان بایز/ سەرۆکی پەرلەمان:**

فەرموو سۆزان خان.

**بەڕێز سۆزان شهاب نوری:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ئیلغاکە لەناو ڕاپۆرتەکە نەهاتووە، ئەمە پێشنیارە کەواتە تۆ جارێ لە پێشەوە ئەوەی لە ڕاپۆرتەکە هاتووە تەئجیلەکەیە، تەئجیلەکە بە مودەی موختەلیف باس کراوە ئەگەر تەئجیلەکە دەنگی نەهێنا ئەوسا دوو بابەتمان لەبەر دەستە یان ئیلغاکردنەوەی یان کارکردن بەو هەموارەی کە پێشکەشکراوە.

**بەڕێزد. ارسلان بایز/ سەرۆکی پەرلەمان:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

ئێمە یان بە پەیڕەو كار دەكەین یان عورفێك لە پەرلەمان هەیە لە ڕابوردوو ئیشمان پێ كردووە كە دوورترین پێشنیار دەخرێتە دەنگدانەوە، بەڵام بە ڕاستی برادەرانی لیژنە كە لەوێ دادەنیشن هەستی خۆیان تیكەڵ بە ڕایەكان دەكەن، زۆرینەی چی. لیژنە یاسایی لەوێ دانیشتیە، یەعنی كام زۆرینە؟ كام گفتوگۆ؟

**بەڕێز د. ارسلان بایز/ سەرۆكی پەرلەمان:**

فەرموو دكتۆر عومەر.

**بەڕێز د.عمر حمد امین خدر(نورەدینی):**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

لە شێوەی گشتی دا دوو بۆچوون هەیە، یەكێكیان دەڵێ ئیلغا بكرێتەوە، ئەوەی تریان دەڵێ تەمدید بكرێتەوە، ئەگەر تەمدید كرایەوە، دوای ئەمە چەند تەمدید بكرێتەوە؟ ئێستا ئەم پێشنیارانە بخەنە دەنگدانەوە ئیترحەسم دەبێ.

**بەڕێز د. ارسلان بایز/ سەرۆكی پەرلەمان:**

فەرموو سۆزان خان.

**بەڕێز سۆزان شهاب نوری:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

یەعنی من بە داخەوە جارێكی تر ئەیڵێمەوە ئەمڕۆ لیژنەی یاسایی نازانم بۆچی نە لە ڕاپۆرتەكانیاندا ئەگەر لەناو ئەو لیژنەی یاسییە موقتەرحێك هەبووبێت بە ئیلغاكردنەوە بۆ لە ناو راپۆرتەكاندا نیە؟ ئەوی كە لە لای منە یەك بابەتە ئەڵێ ماددەی یەكەم كارنەكردن بە یاسای ژمارە 16ی ساڵی2010 ئەگەر رەئێكی تر هەبوایە من مەبەستم لە چی یە كاری لیژنەكە ئەگەر دانە نیشتوون دیارە دانەنیشتوون، یەكسەر بڕیاریان داوە كە ڕاپۆرتەكە بەم نەوعە بنووسرێ و ئیمزایان كۆ كردۆتەوە، چونكە ئەگەر كۆ ببنەوە دەتوانن هیچ نەبێ قەناعەت بكەن بەیەكتری ئەگەر ڕەئیەكی تازە هەیە بیانەوێ ئیزافەی بكەن بۆ ئەم ڕاپۆرتە دەتوانن بیخەنە ناو ڕاپۆرتەكەی خۆیانەوە ئەوسا دەڵێن وەكو چۆن هاتووە ئەڵی ئەغلەبیە ڕەئی ئەوەیە تەمدید بكرێ، ئەقەلیە ڕەئی ئەویە ئیلغا بكرێتەوە، ئەوە بوونی نیە لە ڕاپۆرتەكەیدا من تیناگەم ئێستا هاتووتە ئەوێ لەوێ دانیشتوون تەمسیلی ڕەئی خۆیان نابێ بكەن، دەبێ تەمسیلی ئەم ڕاپۆرتە بكەن كە قسەیان لەسەركردووە ئیمزایان كردووە.

**بەڕێز د. ارسلان بایز/ سەرۆكی پەرلەمان:**

فەرموو ئەڤین خان.

**بەڕێز ئەڤین عمراحمد:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

ئێمە لێرە پڕۆژە یاسایەکمان بۆ هاتووە لەلایەن حکومەتەوە کە داوای تەئجیل دەکات، ئەساس ئەوەیـە ئـەو پڕۆژە، ئەم یاسایە یەك خاڵە کە تەئجیلە، بۆیە من ڕێزم هەیە بۆ هەموو بۆچوونەکان، بـەڵام خـۆی ئـەبێ ئەساسی پڕۆژەکە بخرێتە دەنگدان کە پڕۆژەکە داوای تەئجیل ئەکا پاشان ئەڕۆین بۆ ئارائی تر ئەگەر ئـەوە دەنگی نەهێنا، بەڵێ وایە، لەبەر ئەوەی پڕۆژە یاساکە خـۆی تـەنها یـەك خاڵـە داوای تـەئجیل کردنـی ئـەکا ئەمرۆ بەرنامەی کار لەسەر تەئجیل  کردنەکەیە، لەبەر ئەوە ئەبێ ئەساسەن ئەوە بخرێتە دەنگدان، دەنگی نەهێنا ئەو کاتە ئەچێنە خاڵی تر. سوپاس.

**بەڕێز د. ارسلان بایز/ سەرۆکی پەرلەمان:**

فەرموو دکتۆر ئەحمەد.

**بەڕێز د.احمد ابراهیم علی(وەرتی):**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ئـەوەی لەڕاپۆڕتەکـەی لیژنـەی یاسـاییدا هـاتووە ئەوەیـە کـە لـە حکومەتـەوە هـاتووە، حکومـەت ئـەوەی داواکردوەو،لیژنەی یاسایی ڕەئی خۆی لەسەر ئەوە داوە، شتێکی دیکەی تێنەخستووە، بۆیە هەر ئەبێ ئەمە ڕەئی بێ، بەڵام بۆ چەند بێ تەمدیدەکەی؟ بۆ چەند ساڵ بێ؟ بۆ چـەند مـانگ؟ بـێ ئەوەیـە بەڕاسـتی مـن هەست ئەکەم یەعنی حزورو کاری لیژنـەی یاسایی کـە زۆر حـزورو کـاری هەیـە بەڕاسـتی تەقـدیر نـاکرێ، یەعنی کۆبوونەوەیان نەکردووە، ئەی ئەم ئیمزایانە لـە چیەوە هـاتوون؟ یـەعنی ئەمـە بەڕاسـتی ئێجحافـە بەحەقی لیژنەی یاسایی، من پێم وایە لیژنـەی یاسـایی کـاری خـۆی کـردووە، ڕاپـۆرتی داوە لەسـەر هـەموو، بەڵام هەندێکێان ڕەنگە پەلەپەلی تیدا کرابێ کە ئیمزا کوردیەکان نیە، دەکرا ئیمزا عەرەبیـەکانیش لەگـەڵ ئیمزا کوردیەکان ئیستنساخ کرابایە، زۆر تەبیعی بوو، مـن پـێم وایـە وەکـو ئـەوەی ئـەڤین خـان وتـی ئەمـە ئەسڵە، ئەمـە بخرێتـە دەنگدانـەوە، ئەگـەر دەنگـێ هێنـا، ئەگـەر نـا ڕەئیـەکانی دێکـە بخرێتـە دەنگدانـەوە. سوپاس.

**بەڕێز د. ارسلان بایز/ سەرۆکی پەرلەمان:**

فەرموو کاك عبدالسلام.

**بەڕێز عبدالسلام مصطفى صديق:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

بەڕاستی من ئەمەوێ شتێك بڵێم لە ترسی ئـەوەی پـاش دەنگدانەکـە بڵـێن بـا بـەردەوام بـین دەنـگ بـدەین لەسەر ماددەی یەکەم، پێش قسەکەی خۆم بکەم ، چونکە ئەوە بە گرنگ ئەزانم هەر یەکێك ئەوە بخوێنێت مەعنای پێچەوانەی مەبەسـت دەدات واتـە کـار کـردن بـە یاسـای ژمـارە﴿ 9 ﴾دکتـۆرە رۆژان باشـتر لـە مـن دەزانێت، کار نەکردن بە یاسای ژمارە ﴿16﴾ی هـەموارکردنی یەکـەمی یاسـای بەکرێـدانی خـانوو ئیلغـائی هەموارکردنەکە بە تەنیا ئەکات، بەڵام ئەو کارنەکردنەی ئێمە تەمدیدمان کردبوو بە سـاڵێك، تـەواو ئـەبێ

واتـه قـانوونى ﴿9﴾ى ئێمـه هـەموومان قسـه لەسـەرى ئەکـەین، تـەنفیز ئەکـەین، ڕجاتـان لێ ئەکـەم ئـەو صیاغه خەتەره تەعـدیلی کـەن. ئەگـەر هـاتو دەنگـدان بـوو لەسـەر مـاددەی یەکـەم کـار نـەکردن بەیاسـای ژماره﴿ 9 ﴾ی 2008وه هەموارکردنەکەی، ئیقتراح ئەکەم ئـەم نەصـه بنووسـرێت، ئەمـه خەتەرەکـه بـوو ویستم بیهێنمه بیرتان پێش دەنگدان، دووەم: ئێمـه نـه یەکـەمین پـڕۆژه یاسـای هـاتووه لای ئێمـه ڕاپـۆرتی لەسەره، ڕاپۆرتی لیژنەکان یان دەڵێت رەد بکرێ یان دێت لێرەش نووسراوه پڕۆژەکـه دەکـەن، پـاش ئـەوەی دەستکاریمان لێ کردووه، ئەڵێت خۆی که مادام دەستکاریتان کردووه واته ئارا ئەبێ صیاغەی ماددەی یەکـەم چۆن ئەبێت؟ ئەگەر هاتو هەموو صیاغه رەفز کـران، یاسـاکه رەفـز ئـەبێت، بـەڵام مـن ئەمـه ئێسـتا سـەیر ئەبینم، ئێمه له موناقەشەکردنی یاسایەك دێین ئیقتراحاتی تری تازه تەقدیم دەکەین، به دڵمـان نیـه ئـەم یاسـایه بـا دەنـگ نـەدەین لەسـەری بـه دەنگـدانی ئێمـه ئـەو کاتـه دەنـگ نادرێـت لەسـەری یاسـاکەش دێنـه مەوزوعیك، باشه ئەوه یاساکه رەد کرا، پێشنیاری یاسایەکی تازه پێشنیاری خستنه پێشی ئەوەی یاسای تازه دێت، بۆیه به رەئی منی شەخصی لەسـەرەتاوه ئـەم نەصـه پـاش دروسـتکردنی بخرێتـه دەنگـدان، ئەوانـەی ئێمـه پێمـان ناخۆشـه رەدی ئەکـەین وه پاشـان رەدی خـودی هـەموو یاسـاکه دەکـەین وه تـەواو ئـەبێت موزوعەکه. سوپاس.

**بەڕێز د. ارسلان بایز/ سەرۆکی پەرلەمان:**

فەرموو کاك پێشەوا.

**بەڕێز پێشەوا توفیق مغدید:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ئەگەر بڕیار وایه ئەصل ئەوەیه که ئەوەی لەڕاپۆرتی لیژنەی یاساییدا هاتووه بخرێتـه دەنگدانـەوه، کەواتـه پیوێستی بـەوه نـەدەکرد ئەنـدامانی پەرلـەمان هـیلاك بکـەن ئـەو هـەموو موناقشـەیەو موداخەلـەی بکـەن لەسەر ئەوه، بۆیه وا پیوێست دەکات ئیحترام له رەئی، له پێشنیارەکانی ئەندامانی پەرلەمان بگیرێت بەوەی که ئـەو پێشـنیارانەی کـه ئێسـتا هەیـه دوورتـرین یـان بخرێتـه دەنگدانـەوه، نـەك ئـەوەی لـه ڕاپۆرتەکـەی لیژنەی یاساییدا هاتووه. سوپاس.

**بەڕێز د. ارسلان بایز/ سەرۆکی پەرلەمان:**

فەرموو کاك خورشید.

**بەڕێز خورشید احمد سلیم:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

دیاره له هۆڵی پەرلەمان بۆچوونی تەئجیل کردن هەیه، دیـاره مـن پێشـنیار دەکـەم فکـرەی تـەئجیل کـردن بخەینه دەنگدان، ئەگەر دەنگی هێنا ئینجـا بـێین شـەش مـانگ، سـاڵیك یـان دووسـاڵ ئەگـەر ئـەوه هـەمووی دەنگی نەهێنا، ئینجا دەچینه رەئی تر بۆ ئەوەی بابەتەکه یەك لا بێ.سوپاس.

**بەڕێز د. ارسلان بایز/ سەرۆکی پەرلەمان:**

فەرموو كاك حەمە سەعيد.

**بەڕێزحەمە سعيد حەمە على:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

بەپێی پەیڕەوی ناوخۆ كە جەنابتان ئەزانن كە ڕەئیەك تەرح كرا زیاد لە سێ كەس پشتگیری كرد، ئەبێ ئەمە بخرێتە دەنگدانەوە با لە ڕاپۆرتیشا نەبێ، ئەمە خاڵێك، خاڵێكی تریش، ئەوەیە كە بەپێی ئەم عورفەی كە ئێمە پەیڕەومان كردووە ئەوەیە كە دوورترین دەخەینە دەنگدانەوە، خاڵێكی تریش كە حەز دەكەم هەروەكو، مولاحەزە بیڵێم ئێمە لە موناقەشەی ڕاپۆرتەكانی تر كە موناقەشە كراوە دواتر لیژنەی یاسایی چون ڕەئیە كانیان گەلاڵە كردووە هاتووین دیسان دەنگمان داوەتەوە، یەعنی لە كاتی موناقەشە دەنگمان نەداوە بۆڕاپۆرتەكانی تر، بەس ئێستا بۆ لەكاتی مناقەشەكە دەنگ دەدەین؟ كە من ئەمەیانم پێ بەپێی پەیڕەو وپرۆگرامەوە موفەزەڵە، بۆیە من پێم وایە، جەنابت بەپێی دوورترین بیانخەیتە دەنگدانەوە .سوپاس.

**بەڕێز د. ارسلان بایز/ سەرۆكی پەرلەمان:**

فەرموو نەسرین خان.

**بەڕێز نەسرین جمال مصطفى:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

دیارە وەڵلا من نازانم ئەو برادەرانەی دەڵێن تەنها ئەوەی لە ڕاپۆرتەكەدایە حكومەت ناردوویەتی تەئجیل كردنەكە بخرێتە دەنگدانەوە، بەڕاستی ئەمە ناكرێ ئەگەر دەنگ ئەدەن بەوە، ئەی بۆ هێناوتانە ناو هۆڵی پەرلەمانەوە موناقەشەی لەسەر بكرێ؟ ئەندامانی پەرلەمان ئەگەر موناقەشە لەسەر ئەو بابەتە نەكەن بۆ دەوڵەمەند كردنی بابەتەكە، ئەی ئەبێ ئیشمان چێ بێ؟ بەڕاستی من پشتێوانی لە ڕایەكەی كاك پێشەوا و كاك حمە سعید دەكەم، دوورترین ڕا چییە ئەوە بخەنە دەنگەوە. سوپاس.

**بەڕێز د. ارسلان بایز/ سەرۆكی پەرلەمان:**

فەرموو كاك ئیسماعیل.

**بەڕێز اسماعیل محمود عبدالله:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

حكومەت ئەو پرۆژەی ناردووە بۆ تەمدید كردن، لیژنەی یاسایی پشتیوانی لە تەمدیدەكە دەكات، لێرە كە ئەخرێتە بەردەم گفتوگۆ لە پەرلەمان تا ئێستا هەروا عورف بووە، بۆیە پرۆژەی تریشی بەدوا دادیت لە سەرەوە ڕێككەوین دوورترین ڕا چ بووە پێشنێار كراوە، دوورترین ڕا بخەینە دەنگدانەوە، دوورترین ڕا داوای ئیلغا ئەكاتن، ئەگەر ئیلغا كرا ئەوە تەواو ئەبێ و كۆتایی دێت، ئەگەر ئیلغا نەكرا ئێنجا دێینە سەر ڕەئیەكانی تر، ئەو رەئیانەی كە هاتووە {شەش مانگە، یەك ساڵە، دووساڵە} قسەی لەسەر دەكرێ، دوایێ پرۆژەكە پێشكەش دەكرێ، پێم وایە لەوە زیاتر نابێ. سوپاس.

**بەڕێز د. ارسلان بایز/ سەرۆکی پەرلەمان:**

ئاخیر کەس دکتۆرە رۆژان قسە دەکات، دوایێ دەخەینە تەصویتەوە.

**بەڕێز د. رۆژان عبدالقادر دزەیی:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

سەبارەت بە ڕاپۆرتی لیژنەی یاسایی کەوا دەڵێن هەندێك پێشنیار نوێیە لە کۆی هەشت ئەندام شەش ئەندام تەحەفوزی هەیە، سێ ئەندام نووسیتیان داوای ئیلغا بکەین، واتە ئیلغا کردنەکە نوێ نیە، پێشنیارەکی ئێستانیە، ڕاپۆرت تەسبیت کرایە ئەوە یەك، دوو:لە ڕاپۆرتی لیژنەی یاسایی رۆژی $4/30$ لەسەر پرۆژەی هەموارکردنەکە کە لەلایەن ژمارەی یاسایی ئەندامانی پەرلەمان پێشکەشکرایە هەرچەند خاڵی سێیەمی بەرنامەی کارە، بەڵام لەوێش دوو ڕا هەبوو لەگەڵ لیژنەکە ڕایەکیان لەگەڵ ئیلغاکردنەکە بوو، ڕایەك لەگەڵ هەموار کردنەکە بوو، بۆیە من ئەم بەڵگانە دەینمەوە تەنها بۆتان بسەلێنم کە ئیلغا کردنەکە پێشنیارەکی نوێ نیە ئێستا پیشنیار کرابێ لەڕاپۆرتەکە ئیلغا تەسبیت کرایە، لەڕاپۆرتی رۆژی $4/30$دوو ڕا لە ناو لیژنە هەبووە کە لەسەر پرۆژەی هەموار کردنەکەیە. سوپاس.

**بەڕێز د. ارسلان بایز/ سەرۆکی پەرلەمان:**

خۆی لەڕاستیدا، تکایە نەختێك بێ دەنگی، دوو ڕەئی یەکێکیان دەڵی ئیلغا بکرێ، یەکێکیان دەڵی تەمدید بکرێ، ئەگەر تەمدیدەکە دەنگی هێنا ئێنجا دەبێ بیخەینەوە دەنگدان، جارێکی دێکە ئایا تەمدیدەکە بۆکەی؟ بۆ شەش مانگ؟ بۆساڵێك؟ بۆدووساڵ؟ لەبەر ئەوە دوورترینەکەیان ئیلغایەکەیە تکایە لیژنەی یاسایی ئیلغایەکە بخوێنەوە بۆ ئەوەی بیخەێنە تەصویتەوە.

**بەڕێز د. رۆژان عبدالقادر دزەیی:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

پێشنیارەکە بدرێتە دەنگدان کێ لەگەڵ ئیلغاکردنە؟ ئەگەر دەنگی هێنا ئینجا صیاغە دەکرێت، جارێ پێشنیارەکان دەدرێتە تەصویت، دوایێ صیاغەی ماددەکە لەسەر ڕۆشنایی پێشنیارەکان دادەرێژرێتەوە.

**بەڕێز د. ارسەلان بایز/ سەرۆکی پەرلەمان:**

کێ لەگەڵ ئەوەدایە یاساکە ئیلغا بکرێ تکایە دەست بەرز بکاتەوە؟ ﴿30﴾کەس لەگەڵ لەغو کردنی دایە، کێ لەگەڵدا نیە لەغو بکرێ؟ ﴿47﴾کەس لەگەڵ ئەوە دایە ماددەکە تەمدید بکرێ، یەعنی بەعەکسی ڕەئیەکەی یەکەمە، ئیلغا نەکرێ، ئێستا لیژنەی یاسایی بۆتەمدیدەکەی بزانە چۆن صیاغەی دەکەن؟

**بەڕێز عونی کمال سعید بەزاز:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ئێستا سەبارەت ماوەکە ئێمە صیاغەکمان ئامادەکردووە، ئایا شەش مانگ بێ یان ساڵەك بێ یان دوو ساڵ بێ؟

**بەڕێز د. ارسلان بایز/ سەرۆکی پەرلەمان:**

فەرموو کوێستان خان.

**بەڕێز کویستان محمد عبدالله:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

هەموو ئەوانەی داوای تەمدیدیان کردووە لەگەڵ وتیانە هەموار بکرێ ئەمە چۆن جێ بکەێنەوە بۆ ئەوەی ئەمەش وەکو بەڵێنەکەی ساڵی 2010ی لێ نەیە، هەمواری نەکەین، یەعنی ئەمە چۆن جی بکەێنەوە؟ کە ئێمە ئیلتیزام بەوە بکەین کە پێش تەواو بوونی ئەو وادەیە یاساکە هەموار بکەین و. سوپاس.

**بەڕێز د. ارسلان بایز/ سەرۆکی پەرلەمان:**

فەرموو کاك ئیسماعیل.

**بەڕێز اسماعیل سعید گەلاڵی:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

بەڕاستی ئەمڕۆ لیژنەی یاسایی جێگای گلەیی بوون، یەعنی ئێمە موهم ترین و فەعال ترین سێکتەر ئێستا لە کوردستان کە کار بکات سێکتەری عقاراتە، هەموو سێکتەرەکانی ترمان مردووە، صناعەیە، زراعەیە، سیاحەیە، ئەم سێکتەرە وجودی هەیە حەتتا موناقەشەیەکی وامان هێشتا بەرچاوی زۆربەی هاوڕێکانمان نا ڕەوشنە، بۆیە من جارێکی کە داوا ئەکەم فرسەتێکی کە بدرێت هەرچی وەقتەکە تەمدید دەکرێ، تۆ لە بەردەم یاسایەکی زۆر کۆن دای بە ڕاستی ڕێگرە لە بەردەم گەشەکردن، بۆیە من داوا ئەکەم ئەمە بە نەزەری ئیعتیبار وەربگیرێ، ئێمە موهم ترین سێکتەر، سێکتەری عقاراتە ئێمە ئەو یاسایەی چوار ساڵ پێش ئێستا لە پەرلەمانی کوردستان موناقەشە کراوە یاسایەکی تۆکمەیە، تەنها یەك فەقەرەی تیایە زوڵمی تیایە لە سەر کرێچی، دەنا یاساکە یاسایەکی عەصریە، تەنها ئەوەیە حسابی بۆ ئەو کرێچیانە نەکردووە کە زەمەنێکی زۆرە لە ناو خانووەکانە یان سەر قفڵی زۆریان داوە، بۆیە ئیلغاکردنەوەی بە ڕاستی شتێکی سەیر بوو پێم وایە لیژنەی یاسایی دەبوایە فرسەت نەدەن، بۆیە من داوا ئەکەم تەمدیدکردن بە کارنەکردن بەشەش مانگ تێنەپەڕی، چونکە لەبەردەم گەشەکردنێکی. زۆر سەریعە لە کوردستان.سوپاس.

**بەڕێز د. ارسلان بایز/ سەرۆکی پەرلەمان:**

خۆی لە ڕاستیدا ئەگەر نەختێ بەرچاومان روون بێ، ئەگەر ساڵێك تەمدیدی کەین پێمان نەکرێ ساڵی داهاتوو، چونکە دەکەوینە بەردەم ئینتیخابات یان دەبێ شەش مانگ بێ یان ئەبێ دووساڵ بێ.

**بەڕێز اسماعیل محمود عبدالله:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

کە دەڵێ ساڵێك شەرت نیە بزەبت، ئیلا ساڵەکە تەواو بێ، لەو ساڵەدا دەتوانی لە شەش مانگدا تەواوی بکەی، تەعدیل دەکەی.

**بەڕێز د. ارسلان بایز/ سەرۆکی پەرلەمان:**

فەرموو کاك عومەر.

**بەڕێز عمر عبدالرحمن علی:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

لیژنەی یاسایی ئەمڕۆ هیچ تەفسیرێکی لە سەر ئەوە نەبووە جائیزە کەم و کوڕیشی هەبوو بێ، بەڵام بەم شێوە نیە ڕاستە ئێمە هەست پێ ئەکەین کە ئیستثماری عقاری گەورەترین ئیستثمارة ئەمڕۆ لە وڵاتەکەی ئێمە ئەگەر ڕوویدات، بەڵام هیچ موستەسمیرێك نایەت بە مەلاین دۆلار سەرف کات بە گوێرەی یاسایەکی کۆن بە عەقلێکی ئیجار مستائجێرێك بچێتە ناوی هەتا قیامەت بۆی نەبێ بێتە دەرێ، سوود لە عقارەکانی وەربگرێ وە یاخود تەعدیلێکی تیا نەبێ تەبدیلی، یەعنی تەحدیدی بەدەلاتی ئیجار لە چەندساڵێکە یەك بەدوای یەکە بۆی نەکرێ، کەس هیچ مستەسمیرێك نایێت مەلاین دۆلار دابنێ بە سەد دۆلارو دووسەد دۆلارو بۆ ئیستا تا سی ساڵی کە بە هەمان کرێ بڕوا بەڕێوە، لەبەر ئەوەی ئێمە ئەم یاسایەمان زۆر بە گرنگ هاتووەتە بەر چاو، وەزۆر بەگرنگیش دێتە بەرچاومان وە پیوێستیشمانە تەعدیلێکی زۆر باشی تیا بکرێ وە پێویستیشمانە یاسایەکی زۆر ڕێك و پێك، ئەحکامەکانی قانوونی مەدەنی کە لە دونیای سەر زەمینە ئەمڕۆ هەموو عقودی ئیجار بە مودەیە بە گویرەی قانوونی مەدەنیە، بەڵام پیوێستە بە شروتی خۆی بێ، تەوازنە لە بەینی ماڵك و موستەئجیرە، خۆ کاکە ساحب موڵکەکەش مواتنە، هاووڵاتی ئەم وڵاتەیە، خۆ لە شۆێنیکی کە نە هاتووە، ئێمە نابێ هەر لایەنی کرێچیەکە بگرین، پێویستە لایەنی ساحب موڵکەکەش بگرین بۆ ئەوەی ئیستسماری عەقاری لە وڵاتەکەی ئێمە بەرەو زیادی بڕوا. ئەمە یەك.

دوو.: ئێمە لە سەرقسەی کاك اسماعیل ئێمە ئیلغامان نەکردووە باسیشمان نەکردووە ناشڵێین ئیلغای ئەکەین، دەڵێین ئیقافی ئیشکردن بەو یاسایەی کە خەڵکی بە دڵی نیە، بۆچی بەدڵی نیە؟ بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان، ئەندامە بەڕێزەکان، لەبەر ئەوەی مەحلاتی تیجاری زیاتر ئەگرێتەوە، مەحلاتی تیجاری کۆمەڵە پارەیەکی زۆر لەسەر سەر قفڵی ئەدرێ، ڕاستە هیچ کەسێ دەیان دەفتەر دوڵار کە سەد هەزار دوڵار ئەکات نادات کە ساحێب موڵك پاش دووساڵ، پاش ساڵێك بیکاتە دەرەوە پارەکەی بڕوا، ئەمەیە کێشەکەی دروست کردووە، لەبەر ئەوە پێویستە حەلێك بۆ ئەمە بدۆزرێتەوە، حەلێك بۆ ئەمە بکرێ ئەم تەمدیدەی کە ئێمە ئەیکەین، ساڵ کەمتربێ وارد نیە، ساڵ زیاتر بێ واردە، وە دواتر ئەتوانێ خۆ هەر کاتێك پڕۆژە یاساکە بۆ تەعدیل کردن دەستی کەس نەگیراوە ئەگەر سێ مانگی تر پڕۆژەیەك بێنن پڕۆژەیەکی زۆر باش بێ دەنگی خۆی بێنێ، هەموو ئەمانە ئیلغا ئەکاتەوە. سوپاس.

**بەڕێز د. ارسلان بایز/ سەرۆکی پەرلەمان:**

فەرموو دکتۆر عومەر.

**بەڕێز د.عمر حمد امین خدر(نورەدینی):**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

لەڕاستیدا ئێستا ماوەتەوە سەر ئەوەی کە تەمدیدەکە چەند بێ؟ ئەگەر بمانەوێ بڵێین تەمدیدەکە بەمەرجی تەعدیلەوە بی، لە ڕاستیدا ئەمە ڕەنگە پێشینەیەکی قانوونی لەو بابەتەمان نەبێت، من ڕەئی

خۆم دەڵێم، من وەڵامی کەسم نەداوەتەوە، من پێم وایە ئەو ڕەئیە نا قانوونیە، ئازادم لە ڕەئی گوتن، من پێم وایە ئەمە ناکرێ ئێمە بڵێین تەمدیدی دەکەین بە مەرجی تەعدیل لە ناو قانوونە چونکە ڕێکاری تری قانوونیمان لە پێشە بۆ تەعدیل کردنی قانوونەکە هەر وەکو ئێستا گیراوەتە بەر، پڕۆژەیەك هەیە ڕاپۆرتی بۆ ئامادەکراوە، پڕۆژەیەك هەیە پێشکەش کراوە با لیژنە پەیەندیدارەکان، سەرۆکایەتی لە سەقفێکی زەمەنی کورتدا هەوڵ بدەین تەعدیلەکە بخەنە ناو بەرنامە و موناقەشەی بکەین و دەنگی لە سەر بدەین و یەك لای بکەینەوە، بەڵام ئێمە بڵێین شەش مانگ سەقفە زەمەنیەکە کورتتر دەبێ، ئەگەر بڵێین ساڵێك سەقفە زەمەنیەکە لە بەر دەم زۆرتر دەبێ بۆ ئەوەی بتوانین، ڕەنگە بتوانین بە دوو مانگی تر بیکەین، ڕەنگە بتوانین بە سێ مانگی تر بیکەین، ڕەنگە بتوانین بە شەش مانگی تر بیکەین، بۆیە ماوەی ساڵێك گونجاوە بۆ ئەوەی ئەم دوو پڕۆژەیە گفتوگۆی لە سەر بکەین پاشان هەمواری بکەینەوە. سوپاس.

**بەڕێز د. ارسلان بایز/ سەرۆکی پەرلەمان:**

فەرموو کوێستان خان.

**بەڕێز کوێستان محمد عبدالله:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

وەڵلا من بە داوای لێبوردنەوە ڕەخنەیەکم لە سەرۆکایەتی هەیە، ئەم بابەتە گفتوگۆی لە سەر کرابوو، حەق نەبوو ڕێ بدەن نە بە{ کاك اسماعیل نە بە کاك عمر} قسەی لە سەر بکەنەوە، چونکە ئەمە لایەنە لە پەیڕەوی ناوخۆ. یەك: دووەمیش: هەر ئەندام پەرلەمانێك هەڵدەستێ یان قسەیەکی بۆ هاتووە، یان وەڵامی برادەرەکی خۆی ئەداتەوە کە حەق نیە ئەمەش ڕێگای پێ بدرێ، من ئەو پرسیارە ئاراستەی سەرۆکایەتی ئەکەم، پڕۆژە یاسایەك هەیە سێ ساڵە خوێندنەوەی یەکەمی بۆ کراوە، بەڵام ئەوەی ئێستا موناقەشەمان کرد سێ ڕۆژە خوێندنەوەی یەکەمی بۆ کراوە، سەرۆکایەتی بە چ پێوەرێك خاڵی دووەمی خستە پێش خاڵی سێیەم، یەعنی ئەو پێوەرەمان بۆروونکردنەوە. سوپاس.

**بەڕێز د. ارسلان بایز/ سەرۆکی پەرلەمان:**

پێوەرەکە ئەوەیە پڕۆژەی حکومەت ئەفزەلیەتی هەیە. دووەمیشیان ئەوان موخالەفەیان کرد لە قسە کردن، جەنابیشت موخالەفەت کرد لە قسە کردن، ئەی تۆ بۆ قسەت کرد؟ پەرلەمانتار حەقی خۆی هەیە ڕەئی خۆی دەربڕێ، بەڵام کەس حەقی نیە وەڵامی کەس بداتەوە، ئێستا تکایە ئەم ڕەئیانە بخەنە دەنگەوە، لیژنەی قانوونی، هەیە ساڵ داوا دەکات، هەیە شەش مانگ داوا دەکات، بزانە کامەیان دوورترە ئەوە بخەنەوە دەنگەوە زەحمەت نەبێ.

**بەڕێز عونی کمال سعید بەزاز:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

﴿المادة (1): يوقف العمل بالقانون رقم 9 لسنة 2008﴾

**دوورترین ڕا دووساڵەکەیە.**

**يوقف العمل بالقانون رقم9لسنة 2008 وتعديله المرقم 16 لسنة 2010 في اقليم كردستان ـ العراق لمدة سنتين اعتباراً من 2012/7/15.**

**بەڕێز د. ارسلان بايز/ سەرۆكی پەرلەمان:**

**فەرموو مامۆستا عمر عبدالعزيز.**

**بەڕێز عمر عبدالعزيز بهاءالدين:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

**بە كوردیەكی ڕەوانی سادە ماوەی درێژكردنەوەكەی بخەنە دەنگەوە، بەڕێزت پێویست ناكات سێ صیاغە بخوێنێتەوە بۆ دووساڵ، و بۆ ساڵێك، و بۆ شەش مانگ، بڕیار بدەن لە سەر ماوەكە چەندە ئینجا صیاغەكە بخەنە دەنگدانەوە، بە ڕەئی من پێویست ناكات هەموو جارێ صیاغەكە دووبارە بكاتەوە.**

**بەڕێز عونی كمال سعيد بەزاز:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

**پێشنیارەكەی كاك عمر عبدالعزيز بە ڕاستی لە جێی خۆیەتی. بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

**صیاغەی ماددەكە بەم شێوەیە دەبێ﴿كار نەكردن بە حوكمەكانی یاسای بە كرێدانی خانوو بەرەی ژمارە﴿9﴾ی ساڵی 2008 درێژ دەكرێتەوە بۆ ماوەی دووساڵی ترلە بەرواری 2012/7/15﴾**

**بەڕێز د. ڕۆژان عبدالقادر دزەیی:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

**تەنها ئاماژەی بە یاسای ژمارە﴿ 9﴾ی ساڵی 2008 كرد، ئەی هەمواركردنەوەكەی ژماە﴿ 16﴾ی 2010؟حوكمەكانی جیاوازە، ئەگەر ئەوت تەمدید كرد ئەو دەچێتە بواری جێبەجێكردنەوە.**

**بەڕێز عونی كمال سعيد بەزاز:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

**﴿كار نەكردن بە حوكمەكانی یاسای بە كرێدانی خانوو بەرەی ژمارە﴿9﴾ی ساڵی 2008 هەمواركردنەكەی ژمارە﴿ 16 ﴾ی ساڵی 2010 درێژدەكرێتەوە بۆ ماوەی دووساڵی ترلە بەرواری 2012/7/15﴾**

**بەڕێز د. ارسلان بايز/ سەرۆكی پەرلەمان:**

**بەو شێوەیەی كە لیژنەی یاسایی خوێندیانەوە، تكایە كێ لەگەڵ دایە دەستی بەرزكاتەوە؟ چوار كەس.**

**بەڕێز عونی كمال سعيد بەزاز:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

**﴿کار نەکردن بە حوکمەکانی یاسای بە کرێدانی خانوو بەرەی ژمارە ﴿9﴾ی ساڵی 2008 و هەموارکردنەکەی ژمارە﴿ 16 ﴾ی ساڵی 2010 درێژدەکرێتەوە بۆ ماوەی یەك ساڵی تر لە بەرواری 2012/7/15﴾.**

**بەڕێز د. ارسلان بایز/ سەرۆکی پەرلەمان:**

**تکایە کێ لەگەڵ دایە؟ 48 کەس لەگەڵ ئەوەدایە بۆ ماوەی یەك ساڵ بێ.**

**بەڕێز عونی کمال سعید بەزاز:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

**ماددەی یەکەم ﴿کار نەکردن بە حوکمەکانی یاسای بە کرێدانی خانوو بەرەی ژمارە ﴿9﴾ ی ساڵی 2008 و هەمارکردنەکەی ژمارە﴿ 16﴾ی ساڵی 2010 درێژدەکرێتەوە بۆ ماوەی شەش مانگی تر لە بەرواری 2012/7/15﴾.**

**بەڕێز د. ارسلان بایز/ سەرۆکی پەرلەمان:**

**بەو صیغەیەی کاك عەونی خوێندیەوە کێ لەگەڵ دایە؟ ﴿ 38﴾ کەس لەگەڵ شەش مانگ، دایە کەواتە زۆرینەی دەنگ﴿ 48 ﴾دەنگ بوو، لەگەڵ یەك ساڵ دایە.**

**بەڕێز عونی کمال سعید بەزاز:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

**ماددەی دووەم ﴿پێویستە لەسەر ئەنجومەنی وەزیران و لایەنە پەیوەندارەکان حوکمەکانی ئەم یاسایە جێبەجێ بکەن﴾**

**بەڕێز د. ارسلان بایز/ سەرۆکی پەرلەمان:**

**کێ لەگەڵدایە؟ کێ لەگەڵدا نیە؟ بە کۆی دەنگ پەسندکرا، فەرموو بۆ ماددەیەکی تر.**

**بەڕێز عونی کمال سعید بەزاز:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

**ماددەی سێیەم: ئەم یاسایە لە ڕۆژی دەرچوونی کاری پێ دەکرێ و لەڕۆژنامەی فەرمی (وەقائیعی کوردستان) بڵاو دەکریتەوە.**

**بەڕێز د. ارسلان بایز/ سەرۆکی پەرلەمان:**

**کێ لەگەڵ دایە؟ کێ لەگەڵدا نیە؟ بە کۆی دەنگ پەسندکرا، یاساکە هەمووی بەو شێوەی کە گۆڕانی بە سەر داهات کێ لەگەڵ دایە، کێ لەگەڵدا نیە؟﴿ 9 ﴾ کەس لەگەڵدا نیە، بە زۆرینەی دەنگ پەسندکرا ئومێد**

دەكەین سوود بەخش بێ و ئومێد دەكەین  لە ماوەی ئەم ساڵەی دادێ پەرلەمانتارە بەڕێزەكان لە سەر ئەو شێوە صیاغەی كە دەیانەوێ یاسایەك دەرچێ یان یاسایەك بێت بەپێی گۆڕانكاریەكانی ئەمڕۆی كوردستان بێ كە مومكینە هەندێك لە كرێچیەكان خۆیان بە مەغدوور بزانن یان یەك لە ساحێب مولكەكان خۆیان بە مەغدوور بزانن بۆ ئەوەی تەوازنێك لە یاساكە ڕابگرین، سەركەوتوو بن انشاءالله بە خۆشی هەموو لایەك، فەرموو بۆ بڕگەی سێ لە بەرنامەی كاری ئەمڕۆمان، فەرموو كاك عبداللەی مەلا نوری.

**بەڕێز عبدالله مەلا نوری:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

وەڵلا لە میانی گفتوگۆكانەوە نوقتەیەكی نیزامی دروست بوو پەیوەندی بە سیستەمی هینەكەوە هەیە، بۆیە حەزم كرد دوای خەم، بۆیە ئێستا بەڕێزت هەندی شت ئەوترێ بە ڕاستی هەست ئەكەم بنەمای یاسایی نیە، ئیتر هیوادارم من هەڵە بم، بەڕێزت باسی ئەوەت كرد وتت لە پێشكەشكردنی پڕۆژە یاسا ئەفزەڵیەت بۆ حكومەتە یاخود دانانی لە كارنامەیە، یەعنی لە ڕاستیدا لە پەیڕەوی ناوخۆیە لە مادده 71 بۆ78 كە سیستمی گفتوگۆ كردن و پێشكەش كردنی پڕۆژە یاسای دەست نیشان كردووە بە هیچ جۆرێك ئاماژە بەو دەقانە نەدراوە، یەعنی ئەمە بە شێوەیەك لە شێوەكان ئەم دەقانە ئەم جۆرە عورفانە كە لە ساڵانی ڕابووردووە پەیڕەو كراوە هەست ئەكەم هەندێك جار بەشێوەیەك كەڵكی لێ وەردەگیرێ ڕەنگە جۆرێك لە لایەنداری تێدا بێ، ئەمە لە لایەك. جارێكی تر بە دەرفەتی دەزانمەوە ئەم دەنگدانەی كە ئێستا كرا لە سەرئەم یاسایە، كە جارێكی تر كۆی پڕۆژە یاساكە ئەخەیتە دەنگدانەوە بە ڕاستی ئەگەر عورفیش بێ عورفێكی زۆر نا مەنتقییە، یەعنی لە دنیایە ئەوانەی لە بواری فقهی یاسایی كار دەكەن بەدەستی یەك ئیشكالی گەورەوە هەمیشە ئەناڵێنن، ئەویش ئەمەیە هەمیشە كاڵ كردنەوە و لابردنی عورفەكان زۆر قورسترە لە هەمواركردنەوەی یاساكان، كاتێك تۆ پڕۆژە یاسایەكت هەیە بە ئاسانی ئەتوانی هەمواری بكەی، بەڵام عورفێك زەحمەتە، ئەركی پەرلەمانە بە ڕاستی ئەم عورفە كۆتایی پێ بێنێ، ئێستا ئەم پڕۆژە یاسایە بۆ نموونە لە ماددەی یەكەمی كۆمەڵێ خەڵك لەگەڵدا بوو، كۆمەڵێ تر لە گەڵدا نەبوو، بەڵام تۆ هاتی جارێكی تر كۆی یاساكەت خستە دەنگدانەوە، ئەو كەسەی كە لەگەڵێدا بووە، لەبەر ئەوەی لە هەندێ شتی تردا، كە هەست ئەكا نا مەنتقیە لە ناچاریە دەنگی نەدا ، ئەوەیشی كە لەگەڵیدا نەبووە هەست ئەكا لە هەندێ شتی تر مەنتقیە ئەبێ لەگەڵیابێ، بۆیە هیوادارم یەعنی ئەگەر شتێك لە پەیڕەوی ناوخۆ نەهاتووە با كاری پێ نەكەین وە ئەگەر ئەزانین شتێك كە پێویستە كاری پێ بكەین خۆ ئاسانە با پەیڕەوەكە هەموار بكەین بە شێوەیەك لە شێوەكان جارێكی تر شتی نا یاسایی و نا مەنتقی ئەنجام نەدرێ. لەگەڵ ڕێزم.

**بەڕێز د. ارسلان بایز/ سەرۆكی پەرلەمان:**

فەرموو.

**بەڕێز عونی كمال سعید بەزاز:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

قاعیدەی قانوونی ئەوەیە ئەگەر نەصیکی قانوونیت نەبوو دەگەڕییەوە عورف وە ئێستا ئەمە عورفە ئیتباعی دەکەین، لەبەر ئەوەی کۆی یاساکە دەخرێتە دەنگدانەوە، پاش ئەوەی کە یاساکە تەواو دەبێ.

**بەڕێز د. ارسلان بایز/ سەرۆکی پەرلەمان:**

فەرموو بۆ بڕگەی سێیەم.

**بەڕێز عونی کمال سعید بەزاز:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

بڕگەی سێیەمی بەرنامەی کار خستنە روو و گفتوگۆکردنی پێشنیاری یاسای گۆڕانکاری لە یاسای ژمارە﴿ 9 ﴾ی ساڵی 2008 یاسای بەکرێدانی خانوو بەرە کە لەلایەن ژمارەی یاسایی ئەندامانی پەرلەمانەوە لە دانیشتنی یاسایی ژمارە﴿12﴾ی رۆژی 2010/12/18 خوێندنەوەی یەکەمی بۆ کراوە بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان. ئێستا لەم دانیشتنە دەنگمان لەسەر ئەوەی دا کەوا یاسای بەکرێدانی خانوو بەرە و هەموارکردنەکەشی تەمدید بکرێ، واتە کاری پێ بکرێ بۆ ماوەی ساڵێکی تر، بۆیە دەبێ ئەم بڕگەیە تەئجیل بکرێتەوە هەتا لەم ماوەیەدا بتوانین یاسایەکی رێك و پێك ئامادە بکەین، تەحقیقی تەوازن و عەدالەت بکات لە نیوان ساحیب موڵك و کرێچیەکاندا. سوپاس.

**بەڕێز د. ارسلان بایز/ سەرۆکی پەرلەمان:**

فەرموو کاك ئارام.

**بەڕێز ایوب نعمت قادر﴿ئارام﴾:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ئیلغاکە تەنها بۆ ئەوە بوو کە ئەو پێشنیارەکەی حکومەت بوو، بەڵام لە ماوەی ئەم ساڵەدا یەعنی خۆشیان تەئکیدیان کردەوە، بەڕێزیشت تەئکیدت کرد کە هەوڵ بدرێ پڕۆژەیەکە ئامادە بکرێت پڕۆژەکە ئامادەیە، یەعنی هەموارێك ئامادە بێ کە پێشکەشکراوە بۆ گفتوگۆی لە سەر نەکرێت؟ سوپاس.

**بەڕێز د. ارسلان بایز/ سەرۆکی پەرلەمان:**

فەرموو.

**بەڕێز عونی کمال سعید بەزاز:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

پێشنیار دەکەم بڕگەی سێ بخرێتە دەنگدانەوە، هەتا بتوانین لە ماوەی ساڵێکدا کە دەنگمان لە سەردا یاسایەکی رێك وپێك ئامادە بکەین و بۆگفتوگۆ پێشکەشی پەرلەمانی بکەین، لەبەر ئەوە یاسایەکی هەستیارە پەیوەستی بە کۆمەڵێك خەڵکانی کوردستانەوە هەیە و نیەتی ئێمە وەکو پەرلەمان بەتەئکید خزمەت کردنی خەڵکی کوردستانە، پاراستنی مافی دوو لایەن بەپێی ماددەی 14ی دەستوری هەمیشەیی عێراق کە دەڵێ هەر قانوونێك دەردەچێ دەبێ موڕاعاتی ئەوە بکات کە عەدالەت لە نیوان هەموو چین و توێژەکانی رەچاوبکات.

**بەڕێز د. ارسلان بایز/ سەرۆکی پەرلەمان:**

فەرموو پەیمان خان.

**بەڕێز پەیمان عزالدین عبدالرحمن:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

بەڕاستی ئەمە هێشتا وەخت بە سەری دا نەڕۆیشتووە لە بەینی دوو بڕگەیە کەوتینە ئەو مەترسیەی کە پێشتر لە موناقەشەی بڕگەی دوو قسەمان لە سەر دەکرد، یەعنی سەرۆکایەتی و لیژنەی یاساش بە نەفەسێك قسەمان لە سەر ئەم پڕۆژەیە ئەکرد کە پڕۆژە نیە بۆ هەموارکردن و پێشکەش نەکراوە و سێ ساڵە داوا دەکەن و تەکلیف دەکەن لە ئەندامانی پەرلەمان کە پڕۆژە ئامادە بکەن، پڕۆژەی ئامادەکراو هەیە کە پێشکەش کراوە گرفتەکەی چییە کە بۆی ناکرێ؟ یەعنی ئەم وتنەوەی قسەیە حیکمەتی چیە کە پڕۆژەیەك ئامادە بکەن؟ ئەگەر پڕۆژەکەش بە خراپ دەزانن، ئەوە لیژنەی یاسایی نیە وە سەرۆکایەتی پەرلەمانیش نیە، کە قەرار لەوە دەدات ئەم پڕۆژە یاسایە لە بەرژەوەندی هاووڵاتیان نیە ئەبێ بهێنرێتە موناقەشەکردنەوە لە گفتوگۆکانی پەرلەمان دەربکەوێ کە لە بەرژەوەندی خەڵك نیە ئینجا داوا بکرێ پڕۆژەیەکی باشتر لەوە پێشکەش بکرێ. سوپاس.

**بەڕێز د. ارسلان بایز/ سەرۆکی پەرلەمان:**

بەپێی پێشنیاری لیژنەی یاسایی بڕگە سێ دەخەینە دەنگەوە، فەرموو کاك بلال.

**بەڕێز احمد سلیمان عبدالله(بلال):**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ئەم بڕگەیە وەکو هەر بڕگەیەکی تر قابیلی ئەوەیە گفتوگۆی لە سەر بکرێت، ئایا ئیلغا یان ئەم پڕۆژە یاسایەی کە پێشکەش کراوە گفتوگۆی لە سەر بکەین یان ئیلغای بکەین؟لەبەر ئەوەی ئێمە لەبڕگەی دوو ئیلغامان نەکرد ئەم یاساکە، ئەگەر ئیلغامان بکردبا ئێستا بۆ خۆی ئۆتۆماتیکیەن ئیلغا ببوو، بەس مادام ئیلغا نەبووە ئێستا قابیلی گفتوگۆیە، ئایا ئێمە گفتوگۆی لەسەر بکەین، یان ئەصلەن پڕۆژەکە ڕەت کەینەوە ئەبێ ئەمە بخەێتە دەنگدانەوە من پێم وایە. سوپاس.

**بەڕێز د. ارسلان بایز/ سەرۆکی پەرلەمان:**

فەرموو کاك عمر.

**بەڕێز د.عمر حمد امین خدر(نورەدینی):**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ئەم بڕگەیەی ئێستا پێشتر باسکرا درێژکردنەوەی بۆ ماوەی ساڵێك بۆ ئەوەی بتوانین هەموارکردنەوەکە بەشێوەیەك بێت کە لە ئاستی داواکراوەکانی هەردوو لایەن دابێ کە مولاحەزاتیان لە سەر ئەم یاسایە هەیە، ئێستا پڕۆژەیەك هەیە خوێندنەوەی بۆ کراوەو ڕاپۆرتی لە سەر ئامادەیە، بەڵام پڕۆژەیەکی تریش

پێشکەش کراوە لەلایەن جەنابتانەوە، بۆ ئەوەی دەرفەتمان هەبێ هەردوو پڕۆژەکە بکەین بەپڕۆژەیەك لە داهاتوودا کاری لە سەر بکەین، بۆیە دواخستنی لە بەرژەوەندی تەعدیل کردنەوەیەتی بە شێوەیەکی باشتر.

**بەڕێز د. ارسلان بایز/ سەرۆکی پەرلەمان:**

هەمووتان قسەتان کرد، تکایە هەر کەسەو ڕەئی خۆی دا جەواب و جەواب کاری خراپە، ڕێگا بە جەواب و جەواب کاری نادەین، ئێستا ئەوە پڕۆژەیەك هەیە هەندێك دەڵێن موناقەشەی بکرێ هەندێکیش دەڵێن دوا بخرێ نەك لەغو بکرێ، دوا بخرێ، جا ئەوە یەك، یەك بخرێتە دەنگەوە «کاك عەونی» بۆ ئەوەی، هەمووتان قسەتان کرد، فەرموو کاك کاردۆ، ئاخیر کەس کاك کاردۆ قسە بکات، فەرموو کاك کاردۆ.

**بەڕێز کاردۆ محمد پیرداود:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ئێمە هۆکار چیە دوای دەخەین؟ ئێمە دەڵێین ئەم یاسایە پێویست بە هەموارکردنە، پێویست بە بوونی پڕۆژەیە، پڕۆژەکە هەیە، یەعنی حیکمەتەکە چیە؟ ڕاپۆرت هەیە، حیکمەتەکە چیە لە دواخستنی؟ ئەمە سەرەتا پێشنیاریشم کرد با بیخەێنە یەك خاڵ، بۆ ئەوەی موناقەشەی لەگەڵ بکەین، کەچی قەبوڵ نەکرا، ئێستاش پڕۆژەکە هەیە بۆ لە سەر چ ئەساسێك ئێمە گفتوگۆ ناکەین؟ سوپاس.

**بەڕێز د. ارسلان بایز/ سەرۆکی پەرلەمان:**

چونکە ڕەئی تر هەیە دەڵێ پڕۆژەکە با تەئجیل بکرێ بۆ ئەوەی بە تێرو تەسەل تر موناقەشەی لە سەر بکرێ، بۆ ئەوەی کامل بێ، بۆ ئەوەی بە تێرو تەسەلی موناقەشەی لە سەر بکەین بەڕاستی. ئێستا ئەمە دەخەینە دەنگەوە کێ دەڵێ ئەمە، ئەگەر ڕێگام پێ بدەن، کاك حەمە سعید دەیخەمە پێش تۆ، فەرموو کاك حەمە سعید. بۆ ئەوەی دڵێشت ئاشتبێتەوە، فەرموو.

**بەڕێزحەمە سعید حەمە علی:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

جارێ دڵم هەر ئاشتە تۆ بەڕێزی، من ئەڵێم جەنابت ئەگەر لەگەڵما بی، یەکەم ئەمە ئەصلەن لە کارنامەیە کە گفتوگۆی لەسەر بکرێ ئەوا داوا ئەکەم گفتوگۆی لەسەر بکرێ، خاڵێکی تر ئەگەر گفتوگۆکە دوائەخرێت ئەصڵ وایە سەقفێکی زەمەنی بۆ دیاری بکەین. سوپاس.

**بەڕێز د. ارسلان بایز/ سەرۆکی پەرلەمان:**

فەرموو کاك عبدالله.

**بەڕێز عبدالله مەلا نوری:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ئەبوایە پێش ئێمە برادەرانی لیژنەی یاسایی داکۆکی لەمە بکەن، ئەمە قسە لەسەر ئێمە نازانین ڕەنگە هەمان  ئەنجام بەدەست بێ کە ئێستا بە دەست هاتووە، بەڵام لە ڕووی یاساییەوە ئەمە لە بەرنامەی کارایە بەپێی پەیڕەوی ناوخۆ ئەبێ  هەموو ئەو بابەتانەی  کە لە خاڵی سێ هاتووە بە ڕاپۆرت و هەموو شتەکان بێتە بەر دەستی پەرلەمانتارەکان وە ئەبێ خاڵ بە خاڵ گفتوگۆی بکرێ، ئەم بابەتە ئەبێ تۆ بۆ ئەوەی حەقی قانوونی ئەو ژمارە پەرلەمانتارە بدەی کە پڕۆژەیەکیان پێشکەشکردووە ئەبێ دەرفەت بدەی، ئەمە مەسەلەیەکی قانوونیە ئەمە مەسەلەیەکی ئەوە نیە کاکە لەسەر بنەمای ڕاو ئەوە نیە ڕای فلان و ڕای فیسار، بۆیە بەڕاستی ئەبوایە برادەرانی لیژنەی یاسایی پێش هەر کەسێك داوای داکۆکیان بکردایە، یەعنی حەقێکی قانوونیە بەپێی پەیڕەوی ناوخۆ ئەگەر ڕەت بکرێتەوە ئەگەر گفتوگۆ بکرێ، ئەگەر هەرچی بێ، حەتتا یەك کەسیش قسە بکا، ئەبێ گفتوگۆ بکرێ.

**بەڕێز د. ارسلان بایز/ سەرۆکی پەرلەمان:**

فەرموو گەشە خان.

**بەڕێز گەشە دارا جلال:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ئێمە هەمووی پێش پێنج دەقە دەنگمان دا لە سەر ئەوەی کە ئەم یاسایە تا ماوەی ساڵێکی تر تەمدید بکرێتەو، باشە خۆ دەمانزانی لە بەرنامەی کارەکە پڕۆژەی هەموارکردنەکە خراوەتە بەرنامەی کارەوە بۆ گفتوگۆکردن، پێش پێنج دەقە ئێمە دەنگمان لە سەر ئەوە دا تا ساڵێکی تر ئەبرێ بە نیەتی موشەریعە کە مەبەست لێی لە دەوڵەمەندکردنی ئەو پڕۆژەیە بووە کە ئەمڕۆ خراوەتە بەرنامەی کارەوە، لەبەر ئەوە ئەمە پێچەوانەی ئەو یاسایەیە کە ئێمە دەنگمان لەسەر داوە.

**بەڕێز د. ارسلان بایز/ سەرۆکی پەرلەمان:**

فەرموو کاك عومەر.

**بەڕێز عمر صدیق محمد:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

هەروەکو بەڕێز گەشە خان هاوکارم ئاماژەی پێ دا ئێمە بۆ ئەو پڕۆژەیە پێویستمان بە ڕەئی حکومەت بوو، ڕەئی حکومەت هەر نزیك نیو سەعات پێش، سەعاتێك پێش عەرزی پەرلەمان کرا و پەرلەمانتارە بەڕێزەکان قسەیان لەسەرکرد، دواتر دەنگیشمان لەسەر دا بەوەی کە کارکردن بەو یاسایە ڕابگیرێت تا ساڵێکی تر، واتا لە ئێستادا، لەم لەحزەیە ئەگەر موناقەشە بکەین لەسەر ئەم پڕۆژەیە، لە بەرژەوەندی نەیاساکە دەبێ، نە لە بەرژەوەندی هاووڵاتیانیش دەبێت، بۆیە عەجەلە کردن لە موناقەشە کردنی ئەم بابەتە بە باوەڕی من لەوانەیە ئێمە تووشی گرفت بکات، ئێمە دەنگمان دا وتمان کار نەکرێ بەم یاسایە تا

سالێك بۆ ئەوەی پەرلەمان و حكومەت ماوەیان لەبەردەست بێت، كار بكەن بۆ ئەوەی عیلاجی ئەو موشكیلەیە بكرێ كە ئێستا لە هەرێمی كوردستان دا هەیە، زۆر سوپاس.

**بەڕێز د. ارسلان بایز/ سەرۆكی پەرلەمان:**

ئاخیر كەس كاك پێشەوایە، تەواو.

**بەڕێز پێشەوا توفیق:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

دیارە لە خاڵی 3ی بەرنامەی كار خستنەڕوو و گفتوگۆكردنی پێشنیازی یاسای گۆڕانكاری بەو شێوەیە هاتووە، كە لە 2010/11/18 خوێندنەوەی یەكەمی بۆ كراوە، تەبع وایە كاتێ كە پرۆژەیەك خوێندنەوەی یەكەمی بۆ دەكرێ دەبێ ڕاپۆرتی لێژنەی تایبەتمەند هەبێ لەسەر ئەو پرۆژەیە، من دەپرسم ئایا ئەو ڕاپۆرتەی كە لەسەر ئەم یاسایە ئامادەكراوە لەبەر دەستی ئەندامانی پەرلەمان هەیە تا گفتوگۆ لەسەر ئەم یاسایە بكەین؟ نازانم لەبەر دەستی من نیە وەكو ئەندامی پەرلەمان، بۆیە یەعنی ناكرێ تۆ موناقەشە لەسەر شتێ بكەی كە هیچ شتێكت لەبەر دەست دا نەبێ، زۆر سوپاس.

**بەڕێز د. ارسلان بایز/ سەرۆكی پەرلەمان:**

ئێستا زۆربەتان قسەتان كرد، بڕگەی سێیەم بۆ خستنەڕوو و گفتوگۆ كردنی پێشنیاری یاسای گۆڕانكاری تا نیهایەتی ڕەئیەك هەیە دەیەوێ تەئجیل بێ، كێ لەگەڵ ئەوەدایە تەئجیل بێ تكایە دەستی بەرز بكاتەوە؟ 53 كەس دەڵێ تەئجیل بكرێ، كێ لەگەڵ دا نیە؟ 24 كەس دەڵێ با بەردەوام بین لەسەر گفتزگۆ كردنی، كەواتە زۆرینە دەڵێ با تەئجیل بكرێ، تەئجیل كرا، ئینشاڵلا پەرلەمانتارە بەڕێزەكانیش لەو ماوەیەی داهاتوو زیاتر دەوڵەمەندی دەكەن، زیاتر بە تێر و تەسەلی قسەی لەسەر دەكەن، بۆ ئەوەی لە قازانجی هەموو لایەك دابێ، فەرموون بۆ بڕگەیەكی تر.

**بەڕێز عونی كمال سعید بەزاز:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

بەڕێزان ئەندامانی پەرلەمان، بڕگەی چوارەمی بەرنامەی كار خستنەڕوو و گفتوگۆ كردنی پرۆژە یاسای درێژ كردنەوەی كار كردن بە یاسای ژمارە 3 ساڵی 2006، یاسای بە رەنگاربوونەوەی تۆقاندن، تیرۆر لە هەرێمی كوردستان، داوا لە سەرۆكایەتی پەرلەمان دەكەم داوا بكات ئەندامان، نوێنەرانی لێژنەی ناوخۆ ئامادە بن لەسەر مینەصە لە گەڵمان دا، زۆر سوپاس.

**بەڕێز د. ارسلان بایز/ سەرۆكی پەرلەمان:**

نوێنەری لێژنەی ناوخۆ فەرموون بۆ سەر سەكۆی لیژنەكان، فەرموو پەیمان خان.

**بەڕێز پەیمان عزالدین:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

تاوتوێ كردن هەردوو لیژنە پشتگیری پرۆژەكە دەكەن وەك ئەوەی لە حكومەتەوە هاتووە، تكایە ئاگاداری بفەرموون و ئەصڵی پرۆژەكە و ڕاپۆرتی هاوبەش لەو بارەیەوە بخرێنە بەردەم پەرلەمان بۆ دەنگدان.

لەگەڵ ڕێزمان.

**بەڕێز عونی كمال سعید بەزاز:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

**ماددەی یەكەمی پرۆژەكە بەم شێوەیەیە:**

كاركردن بە حوكمەكانی یاسای بەرەنگاربوونەوەی تیرۆر ژمارە 3ی ساڵی 2006 لە بەرواری 2012/7/16 درێژ دەكرێتەوە بۆ ماوەی دوو ساڵی تر.

**بەڕێز د.ارسلان بایز اسماعیل/ سەرۆكی پەرلەمان:**

ئێستا ئەو ماددەیە كە بە كوردی خوێندرایەوە دەربارەی بەرەنگاربوونەوەی تیرۆر، تكایە كێ دەیەوێ قسەی لەسەر بكات با ناوی بنووسین؟ ئەم بەڕێزانە ناویان نووسراوە: كاك سمیر سلیم، كاك نەریمان عبداللە، كاك شێرزاد حافظ، مامۆستا فەرمان عزالدین، پەیمان خان، ڤیان خان، كاك عبداللە مەلا نوری، كاك سەرهەنگ، سەرگوڵ خان، كاك حەمە سعید، حاجی بیلال، ئاواز خان، ئاشتی خان، كاك كاردۆ، كاك إسماعیل، سۆزان خان، ئەڤین خان، كاك ئارام، كاك شڤان، د.أحمد وەرتی، مامۆستا عمر عبدالعزیز، كاك سمیر فەرموو.

**بەڕێز سمیر سلیم امین بەگ:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

سەبارەت بە یاسای ژمارە 3ی ساڵی 2006، لە ڕاستیدا كۆمەڵێ سەرنجم هەیە لەسەری كە پێشنیارەكە باسی درێژكردنەوە و تەمدیدە، یەكەم دیارە هەموو كەسێك دژی مەسەلەی ئیرهاب و ترس و تۆقاندن و بڵاوكردنەوەی ئەو حاڵەتەیە، مولاحەزەی یەكەمم ئەوەیە ئەم یاسایە لە دۆخێكی سیاسی و ئەمنی دا نووسراوە ئەو دۆخە ئێستا تێپەڕیوە، دۆخە سیاسییەكە و دۆخە ئەمنییەكە كاریگەری زۆری بووە لەسەر ناوەڕۆكی یاساكە و لەسەر ئیستیهداف كردنی سەرچاوەكانی تۆقاندن و لەسەر شێوازی ئیستیخدام و بەكارهێنانی یاساكە، چ لە مەحاكیم دا بێ، چ لە واقیعی تەتبیق كردن دا بێت، بۆیە من تێبینی یەكەمم ئەوەیە ئێمە جارێكی تر دەست بكەین بە هەمواركردنەوەی ناوەڕۆكی یاساكە ئەگەر درێژ دەكرێتەوە، بیگونجێنین لەگەڵ ئەو دۆخە سیاسییەی كە ئێستا لەبەردەممانداییە، لەگەڵ ئەو ئاراستە سیاسییەی كە كوردستان بەرەو ڕووی دەبێتەوە، ڕووبەڕووی دەبێتەوە، ئەوی كە سەیری ئاراستە سیاسییەكە دەكەی بەرەو ڕووی حاڵەتێكی تیرۆر و تۆقاندن و ئەو حاڵەتە نابینەوە، چونكە خودی پرۆژەی ئیرهاب لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست دا شكستی خواردووە بە تایبەت لە دوای ئەو شۆڕشانەی لە جیهانی عەرەبی دا ڕوویان داوە، مەشرووعی ئیرهاب و تۆقاندن بەرەو ڕووی فەشەلێكی گەورە ڕۆیشتووە، ئێمە مادام ئاماژەكانی بەرەو موستەقبەل بوون و ئێمە ئێستاش ئەوە نیە، من پێشنیار دەكەم جارێكی تر ئەگەر قسە لەسەر ئەم یاسایە

بكرێتەوە ناوەڕۆكەكەی دارێژینەوە، ئەوە خاڵی یەكەم، خاڵی دووەم/ مەصادری ئیرهاب كە لە یاساكەدا ئیستیهداف كراوە لە ڕاستی دا قسەیەك لەسەر ئەو مەصدەرانەی تریش بكەین كە لە ناو یاساكە ئاماژەی پێ نەكراوە، هیچ كاتێك ڕووبەڕوو بوونەوەی ئیرهاب پاساو نادات بە خوڵقاندنی جەوێكی ئیرهابی، هیچ كاتێك ڕووبەڕوو بوونەوەی ئیرهاب، ڕووبەڕوو بوونەوەی ترس و بیم پاساو نادا بەوەی بە هۆی بە ناوی ڕووبەڕوو بوونەوەی ترس و بیمەوە ترس و بیم ئینتاج بكەین لە كۆمەڵگادا، ئیرهابێكی تر ئینتاج بكەین، ئیرهابەكە نەفسی بێ، فكری بێ، سیاسی بێ، یاخود ئەمنی بێ، هەر كامێك لەوانە بێ هەر ئیرهابە، لە كۆمەڵگای ئێمەدا لە چەند ساڵی ڕابردوودا بە ناوی ڕووبەڕوو بوونەوەی ئیرهابەوە كەش و هەوایەكی ترس و بیم، كەش و هەوایەكی مەترسیدار، كەش و هەوایەكی ئیرهابی نەفسی و سایكۆلۆژی لەم وڵاتەدا دروست بووە كاریگەری لەسەر ئازادی هاووڵاتیان بووە، كاریگەری لەسەر ئارامی دەروونی هاووڵاتیان بووە، كاریگەریشی لەسەر ئارامی كۆمەڵایەتی كۆمەڵگەی كوردی بووە، دەبێ ئەوەش یەكێك بێ لەو خاڵانە فیعلەن لە یاساكەدا سەرچاوەكانی ئینتاج كردنی ئیرهاب، سەرچاوەكانی ئینتاج كردنی ترس و بیم لەسەر دڵی هاووڵاتیان دەبێ لەم یاسایە بە جارێك هۆی سەرچاوەكان ئاماژەی پێ بكەینەوە، كە پێموایە خەلەلێكی گەورە لێرەدا ئاماژەی پێ دەكرێ، زەفتر دەیڵێم، صەراحەتتر دەیڵێم لە ڕاستیدا...

**بەڕێز د.ارسلان بایز اسماعیل/ سەرۆكی پەرلەمان:**

با قسەی خۆی بكات، تكایە با قسەی خۆی بكات، تكایە با قسەی خۆی بكات، ڕێگە بدەن پەرلەمانتارە با قسەی خۆی بكات، فەرموو.

**بەڕێز سمیر سلیم امین بەگ:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

خاڵی ئەخیرم/ ئیستیفتاء تەتبیقی قەوانینە لە ناو مەحاكم دا، كە جاری پێشووش لەو مەوزووعە لە مەسەلەی یاسای لێبووردنی گشتی دا ئاماژە بەوە درا كە لێبووردنەكە تۆزێك فراوانتر بكرێ بۆ ئەوانەی كە متەوەریت نین نە لە موتەفەجیرات، نە لە قەتل دا، واتا جەریمەی قەتل و تەفجیر لە زیممەیان دا نیە، دەگونجێ شتێكی تر بكرێ، ئەوەش یەكێكە لەو مەوزوعانەی كە لێرە دەبێ فیعلەن قسەی لەسەر بكرێ، چونكە موفرەداتی قانونەكە لە نووسینی مەقالەیەكەوە هەتا گوێ گرتن بۆ رادیۆ ئەگەر شتی تری تیا ئاماژە كراوە، من یەك نموونە عەرزی جەنابتان دەكەم، لە مەوزووعی ڕووداوكانی 17ی شوبات دا تەبیعی متەوەریت هەیە، موحەریز هەیە، موقەصیر هەیە، بەڵام دادگاكان نەیانتوانی لە مەوزوعی ڕووداوەكانی 17ی شوبات دا نە ئەوانەی متەوەریتن بە قەتل، نە ئەوانەی موحەریزن، موتەهەمن بە تەحریز، نە ئەوانەی بە تەقصیر موتەهەمن جارێكی تر لە ئەجهیزەی ئەمنی نەمانتوانی بیكەین، بۆچی؟ چونكە لە مەوزوعی ئیستیخدامی قەوانین بۆ موحاكەمە كردن و بۆ لێپێچینەوە لەو سێ لایەنانە، ئێمە دڵنیا نەبووین لە مەحاكیم لە دەڤەری سلێمانی دا، لەبەر دڵنیا نەبوون لە مەسەلەی مەحاكیم، لەبەر دڵنیا نەبوون لە شێوازی ئیستیخدام و تەتبیقی قەوانینەكان، مەسەلەی لێپێچینەوە لە متەوەریتین، لە

موقەصیرینی ڕووداوەکانی 17ی شوبات نەکرا، بۆیە من جارێکی تر داوا دەکەم ناوەڕۆکی بابەتەکە هەر هەمووی بڕگە بە بڕگە بخەینە گفتوگۆوە بۆ ئەوەی سەرچاوەکانی دروست کردنی ترس و بیم لە ناو موجتەمەع دا، ئینتاج کردنەوەی ترس و بیم فیعلەن هەمووی ئیستیهداف بکەین و نەیهێڵین، سوپاستان دەکەم.

**بەڕێز د.ارسلان بایز اسماعیل/ سەرۆکی پەرلەمان:**

کاك سمیر مەحاکم خۆت دەزانی سەربەخۆیە، مەحاکیم موئەسەسەیەکی سەربەخۆن، ئەگەر ئێمە گومان بخەینە سەر مەحاکم، ئەوە دوایی تووشی ئیشکالێکی گەورە دەبین لە کوردستان دا بەڕاستی، فەرموو کاك نەریمان.

**بەڕێز نەریمان عبدالله:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ئێمە پەرلەمانتارین و پەرلەمانی کوردستانیش ئەو حاڵەت و بارودۆخی سیاسی و ئەمنی و ئیداری و قانونی یە دەکات کە لە هەرێمەکەدا هەیە، بۆیە بەڕاستی دەرچوونی یاسایەکی لەم بابەتە لە زۆربەی زۆری ئەم وڵاتانەی کە مەترسی ئیرهابیان لەسەر بووە، یان هەر وڵاتەکە خۆی وڵاتێکی دکتاتۆری بووە، یان وڵاتێکی تۆقێنەر بووە، ئەم یاسایانە زۆر ئیستیفادەی لێ کراوە بۆ ئەو حاڵەتانە، لە هەندێ حاڵەت دا ئەو بارودۆخەی کە زۆرێك لە قسەکانی هاوڕێم کاك سمیر قسەکانی منی کرد، بەڕاستی پشتگیری لە زۆری قسەکانی دەکەم، تۆقاندن هەر تۆقاندنە، ئەم تۆقاندنە ئەگەر وەکو تیرۆرستێك خەڵك بتۆقێنێ، ئەگەر وەکو دەسەڵاتێك کە من دەسەڵاتی بدەمێ و خەڵکی پێ بتۆقێنێ، بەڕاستی تۆقاندن هەر تۆقاندنە، بەڵام دەمێنێتەوە ئامانجەکانی جیاوازی لەوانەیە تێدا ڕووبدات، ئێمە ئەم یاسایەمان لە حاڵەتێك دا دەرکردووە وەکو حاڵەتی تارىء وایە، وەکو یاسای تەوارىء وایە، کە لە زۆربەی وڵاتەکانی بەهاری عەرەبی کە ئەو گۆڕانگاری یە سیاسی یە ڕوویدا، ئەم یاسایانە بوونی هەبوو، ئەگەرچی لەوانەیە جیاوازی هەبێ لە هەندێك لە بڕگە و ماددەکانیان لە ناوەڕۆکەکەی دا، بەڵام وەکو لە چوارچێوە و ئیتارە عامەکەی دا من پێموایە دەچوونەوە سەر یەك، بۆیە ئێستا ئەو وڵاتانە کە ڕزگاریان بووە، وڵاتێکی دیموکراتی و بە ئینتیخابات خەڵك دەسەڵات دەگرێتە دەست، یەکەم کاریان کە کردیان ئەم یاسایانەیان ئیلغا کردەوە، کە ئەوە بوو بە ئینجازێکی نیشتمانی زۆر گەورە، ئەوە لەوانەیە لەو کاتەی کە ئێمە ئەو یاسایەمان نووسیوە بارودۆخی هەرێمی کوردستان وای خواستبێ یاسایەك دەربکرێ بە شێوەیەك لە شێوەکان بووە بە ڕەنگاربوونەوەی کاری تیرۆریستی و کاری تۆقاندن و تێکدانی باری ئەمنی و وڵات، پێموایە ئەو کات لە جیهانیش دا تیرۆریستی، کاری تیرۆیستی کە لە ئەفکاری ئایدیۆلۆجیا توندڕەوەکانی جیهان و ناوچەکە و ئیقلیمەکانیش

دا کە لە برەو دا نەبوو، لەوانەیە پێویست بووبێ، بەڵام لەگەڵ ئەوەش دا بەڕاستی بەند و ناوەڕۆك و پرینسیپەکانی ناو ئەو یاسایە کە هاتووە بە دەق، بەڕاستی دەست کرانەوەیەکی زۆر ڕەهای موتلەقی داوە بە هەموو دەزگاکانی هەواڵگری و دەزگاکانی پۆلیس بە ئارەزووی خۆیان چی بکەن بیکەن، بۆیە بەڕاستی ئەو قۆناغە تێپەڕیوە، ئێمە پێویست دەکات پێداچوونەوەیەك بکەین بەم یاسایە، ئەم یاسایە بەڕاستی من پێموایە هەرێمی کوردستان ئێستا لە بارودۆخێکی ئەمنی وەها دایە گۆڕانکارییەکی گەورەی فیکری، ئایدیۆلوجی هاتووە بەسەر هەموو ناوچەکەدا، بۆیە پێویست دەکات ئێمەش بە هەمان شێوە هاوتەریبین لەگەڵ ئەو گۆڕانکارییانە بەڕاستی یاساکانیشمان بگونجێنین، هەروەها ئەم یاسایە کە هاتۆتە پەرلەمانی کوردستانەوە پێویست بوو بەڕاستی ئەسبابی موجیبەی هەبوایە، بە ئێمەیان بوتایە ئەسبابەکەی چیە؟ ئێمە داوای دەکەین تەمدید بکرێتەوە، ئایا حکومەت کە ئەم یاسایەی ناردووە بۆ ئێمە نابێ ئەسبابەکەی بە ئێمە بڵێ؟ بۆچی تەمدیدی دەکەینەوە؟ هۆکارەکەی چیە؟ ڕێژەی تیرۆریستی چیە لەم وڵاتە؟ چ پێویست دەکات چ بگرینە بەر؟ بەم یاسایە چی کراوە، چ گۆڕانکاری کراوە؟ چەند توانراوە موکافەحەی تیرۆری پێ بکرێ؟ بۆ نموونە ئێمە لەساڵی 2010 لە کاتێك دا کە ئەم یاسایەمان تەمدید کردەوە، ئەسبابی موجیبەی لەگەڵ بوو، کە هاتبوو هۆکارێکی دابوو بە دەستی پەرلەمانتارەوە کە پشتگیری لێ بکات، بۆ نموونە دەڵێ/ (لبقاء الأسباب التي تجعل من إستمرار تطبيق أحكام هذا القانون) یەعنی هاتبوو، هۆکارێکی دابوو، بەڕاستی ئێمە بە چ مەنتیقێك؟ چ مەنتیقێك هەیە دەنگ بدەین بە درێژ کردنەوە و کار پێکردنی یاسایەك کە بە بێ ئەوەی هۆکارەکانی بزانین؟ بۆ؟ ئەم یاسایە لەو ماوەیەی کە هەبووە ئێمە وەکو هەرێمی کوردستان ڕێژەی چەندێك سوودمان لێ بینیوە؟ ئایا هۆکارەکانی ئەم یاسایەیە کە کاری تیرۆریستی لە هەرێمی کوردستان کەم بووەتەوە یان موکافەحە کراوە تا ڕاددەیەکی زۆر، کە ئەوە کارێکە بەڕاستی جێگای دەستخۆشی یە لە هەرێمی کوردستان بەو شێوە بێت، یان وەکو ئەو هەوڵە تیرۆریستیانەی پووچەڵ کراونەتەوە، چەندێکن؟ چەند کەسی تیرۆریست گیراوە بەم یاسایە؟ ڕێگری کراوە لە کاری تێکدەرانە و تیرۆریستی؟ یان دەبوایە هیچ نەبێ بەڕێز وەزیری ناوخۆ یان لێپرسراوی دەزگاکانی هەواڵگری لە هەرێمی کوردستان چی ئەنجومەنی ئاسایش بێ؟ چی دەزگای ئاسایش بێ دەبوایە لێرە تەواجودیان هەبوایە، وەکو هەر یاسایەکی تایبەتمەند بە خۆیان، مەنتیقێکیان بە ئێمە بوتایە کە بۆچی؟ ئایا ئەو ئەسبابانەی کە لە 2006ەوە هەیە تا ئێستا باقی یە لە هەرێمی کوردستان؟ کە ئەم یاسایە وەکو خۆی بهێڵینەوە، پێویستە کە تەعدیلی بکەین؟ یان وەکو خۆی بێ؟ ئەگەر وەکو خۆی بێ بۆ هەموو بڕگە و ماددەکانی بەڕاستی زۆر قاسی یە، لە ڕاددە بەدەرە، ئەگەر بێت و وەکو خۆی جێبەجێی بکەی من پێموایە کەم کەسێك دەتوانێ لێی بچێتە دەرەوە، یەعنی بۆ نموونە لە یەکێك لە مادەکان دا، لە ماددەی سێ دەڵێ/ ئەوانە حوکمی هەتا هەتایی دەدرێن، یەك/ تێکدان، ڕووخاندن، لە کەلك خستن، یان زیان گەیاندن بە تەواوی، یان بەشێك لە تەلار و دامەزراوە و سامانی گشتی، یان ئەو تایبەتیانەی تەرخان کراون بۆ فەرمانگە و بەرژەوندییە حکومییەکان، بۆ دەزگا گشتییەکان، بۆ بارەگای ئەو حیزب و یان ئەو کۆمەڵانەی

**که به یاسا ناسراون، هتد. یەعنی ئەگەر ئەوە جێبەجێ بکەین بەڕاستی سووتانی نالیا دەچێتە کاری تیرۆریستییەوە، رادیۆکان، تەلەفزیۆنەکان، کەناڵەکان، بارەگاکانی گۆڕان، بارەگاکانی یەکگرتوو لە زاخۆ، زۆربەی زۆری ئەو بارەگانەی کە لە شوێنەکانی، یەعنی بەم یاسایە دەبێ تەعامولی لەگەڵ دا بکەی، بۆیە ئەوە بەڕاستی ئەم یاسایە پێویست دەکات ئیلغا بکرێ، یان تەعدیل بکرێ بەو شێوەیەی کە لەگەڵ مەنتیقی سەردەمەکەدا بگونجێ، زۆر سوپاس.**

**بەڕێز د. ارسلان بایز/سەرۆکی پەرلەمان:**

**کاك شێرزاد، فەرموو.**

**بەڕێز شێرزاد عبدالحافظ:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

**وەڵلا من جارێ لە پێش دا ڕەخنەیەکم بەڕاستی لە سەرۆکایەتی هەیە بە تایبەتی جەنابی سەرۆك، لەو پڕۆژە یاسایەی بە کرێدانی خانووەکە یان هەندێ تەحەیوزم بەڕاستی بینی بەلایەك دا بڕوات، یەکیان ئەوە بوو کە بۆ ماوەی ساڵەکە کە تەئجیل کرا 52 دەنگ بوو بە بەڵێ، بەڵام بۆ نەخێر نەتخستە دەنگدانەوە، بەس بۆ ئەوەی ئێستا، ئەوەی ئەخیر جار کە خرایە دەنگدانەوە، بەڵێ و نەخێرت دانا، بەڵێ یەکە 53 دەنگ بوو، نەخێرەکە 23 بوو، کە (48)ەکە زۆر نزیکتر بوو لە، نزیکە لەوەی کە بەڵێ بێ یان نەخێر، دەبوایە ئەوەشت خستایە دەنگدانەوە، لەبەر ئەوە جارێکی تر بە هیوام ئەوها بێ، یەعنی هەر جار تەوازوونەکە هەبێ، دووەم/ لێژنەی ناوخۆ باسی ئەوەی کرد کە ڕاپۆرتەکان حازرە، بەڵام بەداخەوە ئەوی تریان وەکو لێژنەی یاسایی ئیمزاکانی تیا نیە، کە ئیمزاکان تەحەفوزی تیایە و شتی تیایە، کە حەقی وابوو ئەو ئەندامە بەڕێزانە هەمووی ئەوە ببینن کە کێ تەحەفوزی لەسەر چی هەیە؟ چونکە من لێرە کە قسە دەکەم دیارە تەحەفوزێکم لەسەر ڕاپۆرتەکە هەیە، ڕاپۆرتی لێژنەی ناوخۆ هەیە، دووەم، بێینەوە سەر ئەصلی مەسەلەکە کە تیرۆرە، تەبعەن من وێرای دەستخۆشیم بەڕاستی بۆ ئاسایشی هەرێمی کوردستان، کە ماوەیەکی زۆر زۆرە نە تەقینەوەیەك، نە کوشتنێ، نە بڕینێ، نە هیچ شتێك لەو وڵاتەی ئێمەدا نەبووە، بۆیە ئاسایش، ئێمە لە هەموو لێژنەکان، لێژنەی ناوخۆ هەموو ساڵەکان باسی ئەوەمان کردووە، تەئکیدمان لەوە کردۆتەوە کە ئاسایش ئێوە چیتان بوێ بۆتانمان جێبەجێ کردوون، هیچ پارەمان لێ نەگرتوونەتەوە، ئەوەی خۆیان داوایان کردووە بە تەواوی کردوومانە، لەبەر ئەوەی ئیشەکانیانمان بینیوە، هەستمان کردووە ئیشەکانیان باشە، بۆیە ئاسایش ئەگەر بتوانێ ئەو ئیشە لە هەرێمی کوردستان دا بکات، ئاسایش بتوانێ ئەمن و ئاسایشمان بۆ بێنێت، ئاسایش بتوانێ ئەوەی کردوویێتی تا ئێستا بەردەوام بێ، ئێمە دژە تیرۆرمان بۆ چی یە؟ ئاسایش هەر ئەوە دەکات کە دژە تیرۆر دەیکات، پێموایە باشتر ئیش دەکات، چونکە دژە تیرۆر ڕەنگە لە هەندێ کات دا هەندێ شت بکات کە زۆر وازح نەبێ وەکو ئەوەی هی ئاسایش وازحە و بە ئاشکرا پێمان دەڵێ، لەبەر ئەوە من بەڕاستی داوای ئەوە دەکەم نامەوێ زۆر درێژەی بدەمێ، داوای ئەوە دەکەم کە**

دژە تیرۆر ئە یاسایە لە بنبڕ دا نەمێنێ، چونکە وەختەکەشی بەسەرچووە وەك ئەوەی هەندێ برادەر باسیان کرد، زۆر سوپاس.

**بەڕێز د. ارسلان بایز/ سەرۆکی پەرلەمان:**

مامۆستا فەرمان، فەرموو.

**بەڕێز فەرمان عزالدین:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

بەڕاستی زۆربەی زۆری قسەکانم هاوکارانم کردیان، جارێ لەگەڵ برگە بە برگەی قسەکانی مامۆستا سمیر دام، برگە بە برگە، وشە بە وشەشی، بۆ تەئکیدی قسەکانی، بەڵێ، تەنها شتێك ئێمە لە هەرێمی کوردستان کە شانازی پێوە دەکەین بەڕاستی پاراستنی ئاسایش و جێگیری ئاسایشە، ئێمە لە هەرێمی کوردستان کە ئاسایشی جێگیرمان هەبێ، لەو کردەوە تیرۆریستانەی کە لە وڵاتان و ناوچەکەدا لە هەرێمی کوردستان دا نەبێت، بەڕاستی ئەوە جێگای دەستخۆشی و شانازی یە بۆ هێزەکانی ئاسایش کە لە هەرێم دا هەیە، بۆیە من پشتگیری لە هاوکارم کاك نەریمانیش دەکەم هەر لەبنەرەت دا ئەو یاسایە ئیلغا بکرێتەوە، بەڕاستی پێویستیمان پێی نیە، لەبەر ئەوە ئاسایشی هەرێم جێگیرە، پاشان پاش ئیلغا کردنەوەی ئەو یاسایە بەڕاستی دەبێ هەوڵی ئەوە بدەین دەزگاکانی ڕاگەیاندن لە مامۆستای مزگەوتەکان، لە خوێندگاکان هەوڵی ئەوە بدەین بەڕاستی ئاسایش خۆشەویست بکەینەوە لای کۆمەڵگا، بەڕاستی لەبەر ئەوەی ئێستا ئاسایش هەر هەموومان دەزانین بە چاوێك تەماشا دەکرێ کە شێوەیەکی تۆقاندنی هەیە لە کۆمەڵگا، کەس بە چاوی خۆشەویست تەماشای ئاسایش ناکات، لەگەڵ ئەو هەموو چاکەی کە هەیەتی، بۆ ئەو هەموو پاراستنی ئاسایشە، زۆر سوپاس.

**بەڕێز د. ارسلان بایز/ سەرۆکی پەرلەمان:**

ئەوە ڕەئی خۆتە مامۆستا، چونکە ئاسایش کە تۆ ئەو هەموو مەدحەی دەکەی، چۆن خۆشەویست نیە کەواتە؟ پەیمان خان، فەرموو.

**بەڕێز پەیمان عزالدین:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

پێش ئەوەی من لەسەر ئەوە قسە بکەم، حەز دەکەم ئاماژە بە دوو خاڵ بکەم، یەکەمیان/ مەسەلەی نەبوونی ڕاپۆرت لەمرۆدا، بەدرێژایی برگەکانی ئەمرۆ، لەگەڵ ئەوەی کە ئێمە لە جەنابتەوە بیستمان ئەولەویەت بۆ پرۆژەی حکومەتە کە ئەوە هیچ پشتیوانییەکی قانونی نیە، لە پەیڕەوی ناوخۆدا ئاماژەی بۆ نەکراوە، بەڵام پێ دەچێ ئەوەش ببێ بە عورفێك تەنانەت ئەوپرۆژانەی کە لە حکومەتەوەیە لێژنە پەیوەندیدارەکان ڕاپۆرتیشی لەسەر ئامادە نەکەن، بۆ ئەوەی لەبەردەمی ئێمەدا بێ بزانین لێژنە پەیوەندیدارەکان ڕەئیان لەسەر ئەو پرۆژەی حکومەت چیە؟ وەکو ئەوەی کە لەمەدا هەیە، بە تەنیا عەرزیان کردۆتەوە وەکو عەرز کە سۆزان خانیش پێشتر لە برگەکانی تردا ئەو ڕەخنەیەی گرت، فیعلەن

ڕەئیەکی وازح، یان ڕاپۆرتێکی وازحمان نەبوو لە هیچ برگەیەکی ئەمڕۆدا، خاڵێکی تر مەسەلەی دیسانەوە خاڵێکی پەیڕەوی ناوخۆ کە پەیڕەوی ناوخۆ ماف دەدا بە ئەندامی پەرلەمان هەر قسەیەکی هەبێت، هەر بیرو ڕایەکی هەبێت بە بێ ئەوەی بڵێ ئەو بیر و ڕایە چۆنە یان چۆن نیە، مافیشی نەداوە نەبە ئەندامی پەرلەمان، نە بە سەرۆکی پەرلەمان کە ڕەئیەکەی بسڕێتەوە لە پرۆتۆکۆلدا، هیوادارم ڕەچاوی ئەوە بکەن جەنابتان، من دێمە سەر ڕەئی خۆم لەسەر درێژ کردنەوەی ئەم پرۆژە یاسایە، ئەم پرۆژە یاسایە دوو دیوی هەیە، یەکێکە لەو یاسانەی کە دوو مەترسی هەیە، دوو مەترسی تەزادی هەیە لەگەڵ یەك دا، یەکێکیان لە مەترسیەکان ئەوەیە کە مەترسی هەمووومانە لە تیرۆر، با بڵێین بڵاو بوونەوەی تیرۆر و تەشەنە کردنی تیرۆر کە ئەوە ترسی هەموو یەکێکە لە ئێمە بە دەسەڵات و ئۆپۆزسیۆنەوە، ترسی هەموو هاوڵاتییەکە، حەقی ئێمەشە وەکو ئەندامی پەرلەمان توندترین ڕێگە و یاسا بگرینە بەر بۆ ڕێگرتن لە تیرۆر، بەڵام ئەوە پێویستی بە ڕوون کردنەوە هەیە، وەکو هاوکارانم باسیان کرد، جیا لەوەی کە من لە بیدایەت دا بە نوقتەی نیزام وتم، ئەم درێژ کردنەوەیە هۆیەکانی دەرچوواندنی لەگەڵ دا نیە، کە هۆیەکانی دەرچوواندن ئەوە دەخاتە بەردەمی ئێمە، مەترسییەکەمان دەڕەوێنێتەوە، ئایا ئەو مەترسییەی کە ئێمە هەمانە بەردەوامە، تیرۆر لەو ئاستەدایە، وەکو کاك نەریمان ئاماژەی پێکرد مەفرووز بوو لە ڕێی لایەنی پەیوەندیدارەوە وەزیری ناوخۆ ئەولایەنانەی کە پەیوەندیدارن ئێمە داتایەکمان لەبەردەم دا بێ، هەتاکو ئێستا ئەم یاسایە توانیوویەتی چەند حاڵەتی پێ کۆنتڕۆڵ بکرێ، چەند کەس بەمە دەستگیرکراوە؟ چەند ئەمنییەتی هەرێمی کوردستانی پاراستووە؟ کە ئەوە دیوێکی مەترسییەکەیە بەڕاستی ڕوون نیە بۆ ئێمە، بە هیچ شێوەیەك نازانین، دیوێکی تری مەترسی بەکارهێنانی ئەم یاسایەیە بۆ دژی با بڵێین ئەو ئامانجەی کە یاساکەی پێ دەرچوێنراوە، ئەوەش دیسانەوە پێویست بوو لێژنەی ناوخۆ لەڕاپۆرتەکەیانداو لێژنەی یاسا کە لێژنەی پەیوەندیدارن لە ڕاپۆرتیاندا ئەو خەتەریانە بخەنە بەرچاوی ئێمە کە ئەم یاسایە خراپ بەکار هێنراوە، یان خراپ بەکار نەهێنراوە، پەیوەندییان بە هەموو ئەو لایەنانە بکردایە کە لە ئەنجامی ئەم یاسایە ڕووبەڕووی مەترسی بوونەتەوە، بۆ ئەوەی چونکە ئەوە یاسایەکی حەتا ختوورەتەکەی وەکو مەسەلەی بەکرێدانی با بڵێین خانووبەرەش نیە، چونکە ئەوە مەترسییەکەی لەسەر سەلامەتی هەموو تاکێکە لە هەرێمی کوردستان دا، ئەگەر بە مەترسی یەکەم بەکار بهێنرێ کە خودی تیرۆر خۆیەتی، یان ئەگەر بە مەترسی دووەم بەکاربهێنرێ کە خراپ بەکارهێنانی ئەم یاسایەیە لە دژی ئازادییەکانی هاووڵاتیە، کە ئەوە مەترسییەکە هەموومان حەقمان هەیە گومانی لەسەر دابنێین، پرسیاری لەسەر بکەین، بابەتێکی تر کە من لەمەدا حەز دەکەم قسەی لەسەر بکەم، یاسا شعر نیە ماناکەی لە دڵی شاعیردا بێ، یاسا پێویستی بە دەربڕین هەیە، پێویستی بەوە هەیە کە ئێمە بزانین بە فیعلی ئەم درێژ کردنەوەیە فیعلەن هی ئەوەیە کە ئێمە ئەو هەموو دام و دەزگایەی کە نازانین لە یاساکەدا، گرفتێکی یاساکە ئەوەیە کە چ دەزگایەك بەرپرسە لە جێبەجێ کردنی ئەم یاسایە، لە کاتێك دا کە دەزانین بێجگە لە دەزگاکانی ئاسایش، چەندین دەزگای تر هەیە کە هەتا ئێستا گومانمان هەیە لە قانونی بوون، یان لە قانونی نەبوونیان، ئەم

یاسایە جێبەجێ دەکەن، لەو کاتەدا کە تۆ گومانت هەبێ لە قانونی بوون یان قانونی نەبوونی دەزگایەك، چۆن زەمانەتی ئەوە دەکەی کە ئەم یاسایە وەکو خۆی بەکار دەهێنییەوە؟ بۆ مەترسی دووەم بەکاری نەهێنێ، کە من ئاماژەم پێ کرد، لە حکومەتی هەرێمی کوردستاندا بەپێی دوا ئامارەکانی بودجەی ئەمساڵ کە بەوەشەوە کە داوا کراوە بۆ موەزەفین، لە هەرێمی کوردستان دا (667849) شەش سەد و شەست و حەوت هەزار و هەشت سەد و چل و نۆ فەرمانبەر هەیە، لەو ژمارەیە (267250)یان هی وەزارەتی ناوخۆ، پێشمەرگە، ئاسایشە، باشە ئێمە ئەم هەمووەمان هەیە بۆ ئەو سێ دەزگا گرنگە، مەفرووزە جگە لەوانە دەزگای تریش هەیە کە ئەم یاسایە جێبەجێ دەکات، فیعلەن بۆیە ئەوەندە زۆرە مەفرووزە تەحصیل حاصل ئەوە بێ، ئەو ژمارەیە بۆیە ئەوەندە زۆرە کە نەتیجەکەی ئەو شانازییەیە کە ئێمە دەیکەین، ئەمن و ئاسایش بەرقەرارە، بەردەوام درێژ کردنەوەی ئەم یاسایە زۆر تەزاد و ناکۆکە، لەگەڵ ئەو شانازییەی کە ئێمە دەیکەین، کەواتە ئەصل ئەوەیە ئێمە دەبێ یان شانازییەکەمان بسڕینەوە، بڵێین و ئیعتیراف بکەین بەوەی کە ئەمن و ئاسایشی هەرێمی کوردستان لە مەترسیدایە، ئەمنییەتی هاووڵاتی کورد و هەرێمی کوردستان لە مەترسی دایە، بۆیە پێویستمان بە درێژکردنەوەی ئەم یاسایە هەیە، ئەگەر نا شانازی کردن، درێژ کردنەوەی ئەم یاسایە پوچەڵ دەکاتەوە، بۆیە من داواکارم لەبەر ئەوەی هاووڵاتی ئەو هەرێمەم، دەزانم ئەمن و ئاسایش لە هەموو بوارەکانی تر زیاتر بەرقەرارە، بۆیە داوا دەکەم کە ئەم یاسایە ئیلغا بکرێتەوە، سوپاس.

**بەڕێز د.ارسلان بایز اسماعیل/ سەرۆکی پەرلەمان:**

ڤیان خان، فەرموو.

**بەڕێز ڤیان عبدالرحیم:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

دیارە من پشتیوانی ئەو ڕایە دەکەم کە ئەو یاسایە پێویست بەوە ناکات لە ئەمڕۆی واقیعی هەرێمی کوردستان دا جارێکی تر ئێمە درێژی بکەینەوە، چونکە لە کاتی دەرچواندنی یاساکە تەنها بۆ دوو ساڵ بووە، لە ساڵی 2006 بۆ دوو ساڵ بووە، ئێمە ناکرێ تۆ لەسەر کۆمەڵێ داتا و ئامار و ڕاپۆرتی وەزارەتە پەیوەندیدارەکان کە تایبەتمەندن بە پاراستنی ئەمن و ئاسایش لە هەرێمی کوردستان دا، تۆ دەبێت ئەو یاسایانەی کە جارێکی تر دەنێردرێت بۆ پەرلەمان و داوای درێژکردنەوەی یاخود هەموارکردنی دەکرێت، تۆ بێی پشت ببەستی بەم داتایانە، ئایا ئەو یاسایەی کە پێشتر تۆ دەرت کردووە، ئەو کەلێنەی کە داوا کراوە پێی پڕ بکرێتەوە، پێی پر کردۆتەوە؟ ئایا ئەو ئامانج و هەدەفەی کە لە یاساکەدا دەرچوێنراوە توانیویەتی ئەگەر بۆ کەمێکیش بێت، توانیویەتی مەهامەکەی خۆی بەجێ بگەیەنێ؟ دیارە ئێمە هەموو یەکێك لە ئەندامانی پەرلەمان بەتایبەتی ئێمە، من وەکو خۆم کە لە لێژنەی مافی مرۆڤم بە حوکمی ئەوەی زۆربەی زۆری ئەو زیندانیانەی کە تایبەتمەند بووە بە ئەرکی ئێمە، بەسەر کردنەوەی ئێمە کە سەردانی ئەو زیندانیانەمان کردووە، بۆ؟ لەبەر ئەوەی لە ژێر سایەی ئەم یاسایەی کە دەرچوێندراوە

کۆمەڵێك پێشێلکاری دەرحەق بە مافی ژمارەیەکی زۆری هاووڵاتیان کراوە، جا ئەم پێشێلکاری یە بە بۆنەی کۆمەڵێك بیر و ڕای سیاسییەوە بووبێ، یاخود بە بۆنەی کۆمەڵێك گومان بووبێت، کە خەڵکانی تر هەڵیان چنیبێت لەسەری، ژمارەیەکی زۆری هاووڵاتیمان هەیە بە هۆی ئەم گومانانەوە لە زیندانەکانی ئاسایش لە ماوەی چەندین ساڵە ماونەتەوە، کە تۆ نەتوانی یاسایەك بۆ چارەسەر کردنی کۆمەڵێك کێشە لە هەرێمی کوردستان دا هەبێت، چۆن دەتوانی لەسەر بنەمای کۆمەڵێك گومان پێشێلکاری جارێکی تر بکەی بە حەقی کۆمەڵێك هاووڵاتی با بیر و ڕایان بۆ کۆمەڵێ لایەنی سیاسی هەبووبێت؟ یەکێك لەو کێشانەی تر کە دەمەوێ باسی بکەم، ئەم یاسایە لە ئێستای هەرێمی کوردستان دا زەرورەتەکانی چیە؟ پێویستە بۆ ئێمە ڕوون بکرێتەوە، بۆ نموونە من کە ئەندامی پەرلەمانم هەرێمی کوردستان بە ئارام دەبینم، بەڵام ئەو کۆمەڵە دام و دەزگایەی لە هەرێم دا کە ئەرك و ڕۆڵیان پاراستنی ئەمن و ئاسایشە، دەبوایە لێرە ڕاپۆرتێکیان بدایە بە ئێمە بیانوتایە ئەم مەترسییانە لەسەر هەرێمی کوردستان هەیە، بۆیە پێویستە ئەم یاسایە بۆ ئەوەندەی تر درێژ بکرێتەوە، بەڵام ئەوەی کە خۆم تێبینیم کردووە لە هەرێمی کوردستان دا ئەو ئەمن و ئاسایشەی کە ئێمە گومانمان هەیە لە ژێر مەترسیدابێ، ئەو مەترسی یە نیە، بۆیە من بە زەرورەتی نازانم جارێکی تر ئەم یاسایە درێژ بکرێتەوە، دواتر ئێمە لە یاسای تیرۆر دا کە دەرچوێنراوە لە ساڵی 2006، نووسراوە لەسەر ئەنجومەنی وەزیران پێویستە ئەم یاسایە جێبەجێ بکرێ، بەڵام ئەوەی ئێمە تێبینیمان کردووە کۆمەڵێ دام و دەزگای تر کە لەوانەیە هەندێکیان هەبێ نا یاسایی بن، ڕێگە پێ نەدراو بن، ئەوانیش بە هەمان شێوە هاتوون ئەم یاسایە بە پێشێلکارییەوە بە کۆمەڵ، بە بوونی کۆمەڵێك پێشێلکارییەوە دەرحەق بە مافی هاووڵاتیان ئەنجامیان داوە، کەواتە تۆ لێرە وەزارەتی ناوخۆمان هەیە، دەزگای ئاسایش، ئەنجومەنی ئاسایشمان هەیە، هەموو ئەوانە بە یاسا ڕێکخراون، ڕۆڵ و مەهام و ئەرکەکانیان بە یاسا ڕێکخراوە، ئێمە کە لە ناو وەزارەتی ناوخۆدا ئەوەمان هەبێت کە پێویستە سەرو ماڵ و دواتر هەرێمی کوردستان لە هەموو مەترسییە دەرەکی و ناوخۆییەکان بپارێزین، چ پێویست دەکات تۆ جارێکی تر یاسایەکی لەو شێوەیە بێنیت بەسەر هاووڵاتیانی هەرێمەکەدا جێبەجێی بکەیت کە ئەو مەترسی یە نەبێت؟ کە تۆ گومانت هەیە هەیبێت. زۆر سوپاس.

**بەڕێز د.ارسلان بایز اسماعیل/ سەرۆکی پەرلەمان:**

کاك عبداللە مەلا نوری، فەرموو.

**بەڕێز عبداللە مەلا نوری:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

وەڵڵا من پێش هەموو شتێك تەئکید لە قسەیەکی پەیمان خان دەکەمەوە، تکا دەکەم بە تایبەتی جەنابتان زۆر دەست بە پەیڕەوی ناوخۆوە بگرن، یەعنی هەوڵی ئەوە بدەن کەمترین پێشێل کاری بەرامبەر پەیڕەوی ناوخۆ بکرێ، زۆر گرنگیشە یەعنی سەرۆکی پەرلەمان ئازادی پەرلەمانتار لە قسە کردن بپارێزێ، ئەوە زۆر گرنگە، ئەوە ڕۆحی کاری پەرلەمانی یە، ئەوەی کە پەیوەندی بە ئەم یاسایەوە هەیە، یاسای تیرۆر،

پرسیارەكە لێرە ئەوەیە/ ئایا ئێمە فەراغێكی یاساییمان دەبێت لە ئەنجامی نەبوونی یاسای تیرۆردا؟ ئەگەر یاسای تیرۆرمان نەبێ ئیتر فەراغی یاسایی هەیە؟ ئەوەندەی من قانونی عقوباتم خوێندبێتەوە، تا ئاستێكی باش قانونی عقوباتی عیراقی چارەسەری ئەو كێشانەی كردووە، یەعنی ئەگەر برادەرانی لێژنەی یاسایی، ئەو كەسانەی كە یاساییین و قانونی عقوباتیان خوێندۆتەوە، تا ئاستێكی باش یەعنی قانونی عقوباتی عیراقی زۆربەی ئەو كێشانەی دەچنە خانەی تۆقاندن و ترس و با بڵێین هێرش كردنە سەر ماڵی گشتی و ژیانی خەڵك، ئەوانە هەمووی لە قانونی عقوباتی عیراقی دا هاتووە، بۆیە پێش هەموو شتێك، پێش ئەوەی قسە لەسەر مەترسی و خراپ بەكارهێنانی یاسای تیرۆر بكەین، لە ڕاستیدا قسە لەسەر ئەوەیە تۆ مادام یاسایەك هەیە لە قانونی عقوباتی عیراقی پێویستت بەوە نیە یاسایەكی ترت هەبێ، بە تایبەت ئەم یاسایە، من لە ڕاستیدا دەمەوێ تەئكید لەسەر قسەیەك بكەمەوە، بۆ ئەوەی زۆر درێژی نەكەمەوە، لە ئەلفەوە تاوەكو یاء لەگەڵ قسەكانی كاك سمیر سلیم دام، وەكو خۆی، وشە بە وشەی، دەمەوێ ئیزافەیەكیشی بۆ بكەم چونكە ئەو خۆزگە خۆی بیكردایە، یان ڕەنگە ئەو ئاگای لێ نەبێ، ئەوە حەقیقەتە دەیگێڕمەوە، یەعنی بەڕێزان ئەوە بزانن خەڵك هەیە لە ناو دەزگای ئەمنی دا پلەی ئەفسەری هەیە، چەند كەس ناوەكانیشتان ئەگەر پێویست بوو بۆتانی دەنێرم، ڕەوانەی سەرۆكایەتی پەرلەمانی دەكەم، پلەیشی هەیە یاسای تیرۆری بەكار هێناوە بۆ تیرۆر كردنی خەڵك، دادگاش بڕیاری گرتنی بۆ دەركردووە لەبەر ئەوەی دەسەڵاتی هەیە خۆی تسلیم ناكات و لەسەر كارەكەی خۆیشی بەردەوامە، یەعنی ئەوە حەقیقەتە، ئیلقا قەبزەكانیشتان بۆ دەهێنم، كاتی خۆی دامە چەند برادەرێكیش، ئەوە هەیە، وجودی هەیە، بۆیە یەعنی حەق نیە ئینكاری واقیعێك بكەین كە لەڕابردوودا ڕوویداوە، بەڕێزان هەمووتان دەزانن هەمووشمان ئاگامان لێیەتی، لە چەندین قۆناغ و وێزگەی جیا جیادا زیاتر بە دیوە سلبییەكە یاسای تیرۆر وەرگیراوە، ئێمە نموونەمان لەبەر دەستە، نموونە كە یاسای تیرۆر بە خراپ بە كار هێنراوە، بەڵام لە ئێوە دەپرسم كامتان نموونەتان لەبەر دەستدایە كە یاسای تیرۆر بە دیوە ئیجابییەكەیدا بەكار هاتبێ؟ فەرموون داتایك بخەنە بەردەستمان، فەرموون وەكو ئەو برادەرانە ئاماژەیان پێدا كە ئێوە داوای درێژ كردنەوەی دەكەن، ئەسبابی مەوجیبەمان پێ بڵێن، هۆكارە پێویستییەكانی درێژ كردنەوەی ئەو یاسایەمان پێ بڵێن، یەعنی بۆیە منیش تەئكید لەسەر ئەوە دەكەمەوە بە تەواوی دژی درێژكردنەوەی ئەو یاسایەم، پێموایە لە ڕابردوودا لە سایەی سێبەری ئەم یاسا خراپەدا پێشێلكاری بەرامبەر بە ئازادی ڕۆژنامەنووسان، ئازادی خۆپیشاندان، ئازادی كاری سیاسی كراوە، یەعنی ئەم یاسایە بە خراپ بەكار هاتووە، زۆر خەڵكیش هەیە ئێستا لە سجنەكاندایە بەڕاستی قوربانی دەستی ئەم یاسایەن، ڕەنگە خەڵك هەیە تاوانێكی كردووە یەعنی گومانی تێدا نیە، بەڵام خەڵكانێك هەیە دەبێ دڵنیا بن لە ئەنجامی ناڕۆشنی ئەم یاسایە ئێستا قوربانی یە بەڕاستی، ئەوە حەقیقەتە ئیتر، هەر تەفسیرێك بۆ ئێمە دەكرێ، بۆیە لەگەڵ ئەوەدام یاساكە درێژ نەكرێتەوە.

**بەڕێز د.ارسلان بایز اسماعیل/ سەرۆكی پەرلەمان:**

كاك سەرهەنگ، فەرموو.

**بەڕێز سەرهەنگ فرج:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

برادەرەكان زۆر قسەیان كرد لە بارەی ئەو مەوزووعە، ئەوەی كە من بمەوێ بیڵێم ئەوەیە تەئكید لە چەند خاڵێك دەكەمەوە، یەكەم/ نەبوونی ڕاپۆرت، ئێمە دەبێ دان بەوەدا بنێین كە لێژنەی یاسایی لەسەر ئەم بابەتەش ڕاپۆرتێكی نیە، چونكە ئەوەی لەبەر دەستی ئێمەدایە هیچی ئیمزا نەكراوە، ئیمزا كردن بە واتای نەبوونی ڕاپۆرت، دەبێ ڕاپۆرتێك هەبێ لەسەر ئەوە، ڕای لێژنەی یاساییمان لەبەر دەست دا بێ بەڕاستی، ئەوە خاڵی یەكەم، خاڵی دووەم/ تەئكید لەسەر ئەسبابی موجیبە دەكەمەوە، هۆیەكانی دەرچواندنی ئەم یاسایە، درێژ كردنەوەی ئەم یاسایە دەبێ ئەسبابەكانی بزانین، لە حاڵەتی نەبوونی ئەوەش دا بەڕاستی ئەوە ناقانونی یە، شتێك كە بە ڕەئی من دەبوایە لێژنەی ناوخۆ و لیژنەی مافی مرۆڤیش بیانكردایە، دەبوایە دیراسەت و موتابەعەیەكی وردی جێبەجێ كردنی ئەم یاسایانەیان بكردایە، بەرچاو ڕۆشنیان بخستایەتە روو، یەعنی ئێمەیان بەرچاو ڕۆشن بكردایە، لەوەی كە ئەندامانی پەرلەمان كە ئەم یاسایە چۆن جێبەجێ كراوە؟ خروقات كراوە یان نەكراوە؟ كە بە ڕای ئێمە بەڵێ زیادەڕۆیی كراوە لە بەكارهێنانی، لە جێبەجێ كردنی ئەم یاسایە، دەبوایە هەموو ئەوانەیان بە داتا بخستایەتە بەردەمی ئێمە، لێژنەی مافی مرۆڤیش ڕای خۆیان هەبوایە لەسەر جێبەجێ كردنی یاساكە، پێشێلكاری كراوە بە پێی ئەم یاسایە نەكراوە، بە ڕەئی من ئەم یاسایە گرنگ نیە درێژ بكرێتەوە، بۆ؟ چونكە سەردەمی دەرچوونی ئەم یاسایە سەردەمێكە تێپەڕیوە، ئێمە دەزانین شەڕی تیرۆر كە لە دنیا ڕاگەیەندرا ئیتر لە دوای 11ی سەپتەمبەرەوە بوو، ئەو قۆناغە ڕۆیشت، بەهاتنی ئۆباما كە خۆی داوای ئەوەی كرد گۆڕانكاری بكرێ، ئەو سەردەمە تێپەڕی، هەتا ئێستا ویلایەتە یەكگرتووەكانی ئەمریكاش لە ستراتیجی خۆی بۆ ئەو شەڕە ستراتیجی خۆی گۆڕیوە، بە نەوعێكی تر تەعامول لەگەڵ ئەو مەسەلەیە دەكات، بۆیە ئەوە سەردەمێك بوو پێموایە ناڵێین مەترسی نەماوە، بەڵێ مەترسی جۆراوجۆر هەر هەیە، بەڵام مەترسییەك كە ببێتە هۆی درێژ كردنەوەی ئەو یاسایە بە بڕوای من نەماوە، بۆیە لەگەڵ درێژ كردنەوەی یاساكە نیم، ئێمە دەزگاكانی ئاسایشمان هەیە، پۆلیسمان هەیە، ئەوانە فەراغی قانونیان نیە وەكو هاوكارەكانم باسیان كرد، ئێمە یاسای عقوباتی عیراقیمان هەیە كە هەموو فەراغە قانونییەكانی بەڕاستی پڕ كردۆتەوە، پێویستمان بە یاسای ئیستیسنائی هەیە، هیچ فەراغێك دروست نابێ لە حاڵەتی درێژ نەكردنەوەی یاساكە، سوپاس.

**بەڕێز د.ارسلان بایز اسماعیل/ سەرۆكی پەرلەمان:**

سەرگوڵ خان، فەرموو.

**بەڕێز سەرگوڵ رضا حسن:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

سەبارەت بە یاسای بەرەنگاربوونەوی تیرۆر، سەرەتا دەمەوێ ئاماژە بەوە بکەم کە تیرۆر هەموومان دەزانین ئەو کردەوە نامەشرووعە دژە مرۆڤایەتییەی کە هەموو کەسێك بە دڵنیاییەوە دژیەتی، چونکە دژی بوون و ئازادی کیانی ئینسانەکانە، بەڕاستی ئەو کەسەی کە هەڵدەستێ بە کاری تیرۆریستی، ئەو کەسە شۆراوەتەوە لە هەموو بەهایەکی مرۆڤایەتی، ئێمە بە تایبەتی ئیسلامییەکان زۆرجار تیرۆر وەکو کالآ بڕاوە بە بالآی ئیسلامییەکان دا، بەڕاستی ئێمە پێش هەموو علمانییەکان دژی تیرۆرین، چونکە خۆمان قوربانی دەستی تیرۆرین، زۆرجار ئەو تیرۆرە فیکرییە، ئەو تیرۆرە مەعنەوییەی کە بەرامبەر ئیسلامییەکان کراوە لە قۆناغێك لە قۆناغەکانی ژیانی سیاسی لە هەرێمی کوردستان بەرامبەر هیچ هێزێك نەکراوە، بۆیە ئێمە بە تەئکید، بە دڵنیاییەوە دژی هەموو کارێکی تیرۆریستین، ئەوەی باس دەکرێ لە تەمدید کردنی ئەم یاسایە، ڕاستە ئەم یاسایە لە کاتێك دا، لە قۆناغێکدا دانراوە لە ساڵی 2006، هەموومان دەزانین لە پرۆسەی ئازادی عیراقەوە بە جۆرێك لە جۆرەکان هەموو عیراق بەر شاڵاوێکی تیرۆریستی کەوت، پێویست بوو لەو قۆناغە یاسایەك هەبێ بۆ ئەم بابەتە، بەڵام ئێستا کە ئێمە گەیشتووینەتە ساڵی 2012 لە دوای تێپەڕبوونی ماوەیەکی زۆر بەسەر ئەم یاسایە، ئەو بانگەشانەی کە ئێمە بە دەسەڵات و ئۆپۆزسیۆنەوە دەڵێین/ هەرێمی کوردستان بە جۆرێك لە جۆرەکان ئاسایش و ئارامی بەرقەرارە، بە شایەتی هەموومان، کەواتە ئێستا لە دوای تێپەڕبوونی ئەم هەموو قۆناغە، ئێمە کە زۆرجار ئەم بانگەشانە دەبیستین و زۆرجار وەبەرهێنەری بیانی کە دێت ئیستیسماری خۆی دەکات لە هەرێمی کوردستان لەسەر ئەو بنەمایە، ناچێ لە ناوەڕاست و باشووری عیراق بیکات، لەسەر ئەو بنەمایەی کە لە هەرێمی کوردستان ئاسایش بەرقەرارە، بۆیە ئەوانە هەمووی بەڵگەو هۆکارن لەسەر ئەوەی کە ئێمە وەکو پەرلەمانی کوردستان دەبێ ئەمساڵ بە تایبەتی لەسەر ئەم بابەتە قسەی خۆمان هەبێ، کاتێك کە ئەم پێشنیارە لەلایەن حکومەتەوە دێ بۆ پەرلەمان من لەگەڵ هاوکارانم هاوڕام کە دەبێ هۆکاری ئەم تەمدیدە بۆ ئێمە ڕوون بێ، حکومەتی هەرێمی کوردستان ئایا چ خەتەرێکی هەست پێ کردووە؟ ئایا ئەو ئامارانەی لەبەر دەستی ئەودایە بۆ ناینێرێ بۆ پەرلەمان تا ئێمە بزانین چ شتێك هەیە هەڕەشە لەم هەرێمە دەکات، کە ئێمە یاسای تیرۆر تەمدید بکەینەوە؟ کە پێموایە بە تەمدید کردنەوەی نیشانەی پرسیار لەسەر هەرێمی کوردستان دروست دەبێ، هەم لەلایەن وەبەرهێنەرەکانەوە، هەم لەلایەن خەڵکی هەرێمی کوردستانەوە ترس و بیمەیەك دروست دەبێ بەم یاسایە، ئێمە لە هەرێمی کوردستان زۆرجار بۆ یاساکان، موناقەشەی یاساکان بە تایبەتی یاسای سزادان ئێمە باسمان لە سزای جێگرەوە کردووە، بەو ئاراستە هەنگاو بنێین کە ئەو یاسایانەی کە ئەو عقوبانەی کە لە یاسای سزادانیشدایە بە ئاراستەیەکی تر کەمی بکەینەوە سزای جێگرەوە بەدیل دابنێین، نەوەکو بێین ئەو سزایانەی کە لە یاسای تیرۆردایە کە لە هەمووی بەڕای من پێچەوانەی بنەماکانی مافی مرۆڤە، کە سزای توندی تێدایە لە سێدارەدانەوە کە لەسەر بچووکترین موفرەداتی قانونی کە ئەگەر سەیر بکەین سزاکان زۆر قورسە بەرامبەر تاوانەکان، لە هەرێمی کوردستانیش دا ئێستا ئێمە وەکو لێژنەی مافی مرۆڤ لەگەڵ UNAMI ڕێکەوتووین لەسەر ئەوەی کە کۆنفرانس بکەین لەسەر

هەڵپەساردنی سزای لە سێدارەدان لە هەرێمی کوردستان، یاخود تەحدید کردنی ئەو سزایە لە هەرێمی کوردستان، ئەوانە هەمووو ئاراستە و هەنگاون بەرەو ئەوەی کە ئێمە هەرێمی کوردستان زیاتر کرانەوەمان هەبێ بۆ پاراستنی بنەماکانی مافی مرۆڤ، بۆیە منیش لەگەڵ ئەو ڕایەم کە باس لەوە دەکەین کە ئەم یاسایە هەڵوەشێتەوە، کە ئیلغا بکرێ لەبەر ئەوەی برادەران باسیان لەوە کرد کە ئایا ئەگەر هەڵوەشێتەوە فەراغێکی یاساییمان بۆ دروست نابێ؟ جگە لەوەی کاك عبداللە باسی کرد کە ئێمە یاسای سزادانمان هەیە، یاسایەکی تریش هەیە لە هەرێمی کوردستان پێش دەرچوونی یاسای تیرۆر کاری لەسەر کراوە، یاسای ژمارە (8)ی 1992 کە لە ساڵی 1992 دەرچووە بۆ ئیستیعمالی موتەفەجیرات و بۆ ئەو بابەتانە کە پێموایە لەگەڵ یاسای سزادان دا بە هەردووکیان دەتوانن جێگرەوەیەك بن بۆ یاسای تیرۆر، بۆیە منیش بە دڵنیاییەوە لەگەڵ ئەوەدام کە ئەو یاسایە هەڵوەشێتەوە، سوپاس.

**بەڕێز د. ارسلان بایز/سەرۆکی پەرلەمان:**

کاك حەمە سعید، فەرموو.

**بەڕێز حەمە سعید حەمە علی:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

سەرەتا من پشتگیری وتەکانی هاوکارانم دەکەم، بەتایبەتی کاك سمیر و کاك نەریمان، بەڕاستی تیرۆر و تیرۆریستی کارێکی زۆر قێزەوەنە، تەبعەن هەموو ئاینەکان و هەموو بیرو باوەڕەکان و هەموو ئینسانێکی خاوەن ویژدان دژی کاری تیرۆر و تیرۆریستی یە، ئێمە ئەوە ڕاستییەکە لای هەموو گەلی کوردستان کە یەکەم زەحییە لە کورستان دا کە زەحییەی تیرۆریستی بوو، دەستی تیرۆیستان بوو، ئێمە بووین کە شەهید مامۆستا فؤاد چەلەبی تیرۆر کرا بەداخەوە، بە دەستی تیرۆریستان، لەبەر ئەوە کاری تیرۆریستی من پێموانییە لەگەڵی دا بێ، تیرۆریستەکانیش کاتێ کە بێ هۆش دەکرێن، بەنج دەکرێن بە دەستێکی تر ئەوە لەسەر دەتوانم بڵێم لە دەستدانی حاڵەتی ئینسانی و عەقلییانە، ئەم یاسایە کە دەرچووە بەڕاستی هەل و مەرجی سیاسی و هەل و مەرجی کۆمەڵایەتی و هەل و مەرجی عەسکەری ئەو کاتەی هەرێمی کوردستان بە تایبەتی و عیراق بە گشتی هەل و مەرجێك بوو کە دەیخواست یاساکە دەربچێ، ئەوە خاڵێك، خاڵێکی تر/ بەڕاستی بەداخەوە ئەم یاسایە سزای زۆر توندی تیایە کە سزانە ئێستا لەگەڵ پێشکەوتنی سیستەمی سیاسی هەرێمی کوردستان و پێشکەوتنی دنیاوە، ئەو گۆڕانکارییانەی ناوچەکە و مافی مرۆڤ دا یەك نایەتەوە کە باسی ئیعدام دەکات، کە هەندێ کار هەیە وەکو لە ماددەی (2) دا باسی دەکات، کە هەر کەسێ ئەو کارانە بکات ئیعدام دەکرێ، کە پێموایە کارەکان زۆر مەتاتین، زۆر عومومین، دەتواندرێت بەکار بهێنرێ بۆ ئامانجی سیاسی، سەرەڕای ئەوە کۆی یاساکە ئەو عومومیەت و مەتاتیەتەی تیایە کە یاساکە بە خراپ بەکار دێ، بەداخەوە، دەتواندرێ بۆ ئامانجی سیاسی و بۆ ئامانجی تر بەکار بهێنرێ، خاڵێکی تر/ ئێمە

سەرچاوەكانی تۆقاندن و ترساندن و تیرۆر لە ناو كۆمەڵگادا ئەگەر دەستنیشانی بكەین و مابێت، بە پێی ماددەی (3) خاڵی سێیەمی دەڵێ/ ڕفاندن و دەستگیر كردن و دەست بەسەر كردن، یان بێ بەش كردنی كەسانێك لە ئازادی، كە پێموایە ڕۆژنامەنووسان، خۆپیشاندان، هاووڵاتیان، خەڵكی هەم ڕفێنراون، هەم ئازار دراون، هەم بێ سەر و شوێن كراون، هەم بێ بەش كراون لە ئازادی، كەچی ئەم مامەڵە یاساییانیان لەگەڵ نەكراوە، لەبەر ئەوە وا ویستراوە، یەعنی ئامانجەكە ئەوە بووە، خاڵێكی تریش كاتێ كە ئەم یاسایە ئیلغا ببێتەوە وەكو باسیان كرد برادەران، یاساناسەكانیش باشتر دەزانن، لە ناو خودی یاساكەش دا خۆی ئاماژەی بە دوو یاسای عیراقی كردووە، دوو یاسای سزادانی عیراقی كردووە، كە بە هیچ شێوەیەك فەراغی یاسایی دروست نابێ، بۆیە بۆ حاڵەتی هەرێمی كوردستان پێموایە پێویستە ئەم یاسایە ئیلغا بكرێتەوە، یاساكانی عقوباتی تر، سزادانی تر ئەوانە كاریان پێ بكرێ، سوپاس.

**بەڕێز د. ارسلان بایز/ سەرۆكی پەرلەمان:**

حاجی بیلال، فەرموو.

**بەڕێز احمد سلیمان(بلال):**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

سەبارەت بەم یاسایە من پێموایە ئەگەر پێناسەی تیرۆر بریتی بێ لە سەپاندنی بیروڕا، بە شێوەی زۆر و ترس و تۆقاندن و ڕەشەكوژی، ئەوە من لە هەموو كەس زیاتر دژی ئەم جۆرە تیرۆرە دەبمەوە، دژی ڕادەوەستم، بەڵام بە تێڕوانینی من ئەم یاسایە ئاماژەی ترسناكی تێدایە، لە دەرەوەی ئەم پێناسەیەدا، لە دەرچواندنی ئەوە دەرچوێندراوە، دەلیلێكی موقنیعكەر نیە بۆ هێشتنەوە و نوێ كردنەوەی ئەو یاسایە، بە پێچەوانەوە دەلیل و هۆكار هەیە بۆ ئەوەی لابدرێت و كۆتایی پێ بهێندرێ بەم یاسایە، ئەم یاسایە كە دانراوە، بە شێوەیەكی كاتی دانراوە، واتا موەقەت، پاشان بۆ دوو ساڵ بووە، دواییش هەر بەو شێوەیە تەمدید كراوەتەوە، كەواتە ئەو یاسایە كاتییە و بۆ كاتێكی دیاری كراو دەرچوێندراوە، ئەگەر پێویست بوایە تەمدید بكرێتەوە، دەبوایە سەرژمێرییەك لەبەر دەست بوایە تا بزانین چەند كەس بەو یاسایە دەستگیر كراون؟ نەتیجەی چۆن بووە؟ تا ئێستا ئامار و داتایەك نیە كە سوودو زیانەكانی ئەم یاسایەمان پێ بڵێت، لە ماوەی شەش ساڵی ڕابردوودا، هەتا حكومەت ئامارێكی نەخستۆتە بەردەم پەرلەمانتاران، لەبەر ئەوە نازانین كە سوود و زیانەكانی چی بووە؟ لە یاساكەدا تەنها بەرەنگاربوونەوە بە هێز و توندوتیژی ئاماژە پێ كراوە، كە دیارە ئەوەش ناتواندرێت بە یاسایەكی باش دابنرێت، چونكە هیچ ئاماژەیەك بۆ ئینزار و دواتر قۆناغەكان نەكراوە، هەروەك میكانیزمەكانی تری وەك ڕوونكردنەوە و پەروەردە و لە یاساكەدا بە هیچ شێوەیەك ناویان نەهێنراوەو و هیچ ئیشارەیەكی پێ نەكراوە، بوونی یاسایەكی لەو شێوەیە حكومەت و دەسەڵاتی هەرێم دەخاتە ژێر پرسیارەوە، چونكە كاتێك باری ئەمنی

باشە و ئاسایش هەیە چی پێویست بە یاسایەکی توندی لەو شێوەیە دەکات؟ یاسای بەرەنگاربوونەوەی تیرۆر پێشێلکاری مافی مرۆڤی تێدایە، کە ئەوەش دووبارە هەڕەشە دەبێت بۆ سەر ئاسایشی هەرێم لە ڕوانگەی نێودەوڵەتییەوە، لە یاساکەدا سزای بێ ڕەحمانە دانراوە، دەسەڵاتی ڕەهای داوە بەلایەنی جێبەجێکار، بۆیە پێموایە ئەوەش ترسناکە، چونکە ئەگەر جێبەجێکاران تا ئێستاش لای ئێمە ڕوون نین و شەفاف نین کە کێن و چۆن هەڵسوکەوت دەکەن لەگەڵ ئەو یاسایەدا؟ لە ماددەکانی یاساکەدا سزاکان زۆر لاستیکین و بە تێکەڵی دانراون، هەروەك لایەنی جێبەجێکار سەرپشك کراوە، دەتوانێت بە بۆ چوونی خۆی تەلاعوب بە سزاکان بکات، ئەوەش پێچەوانەی بنەماکانی یاسا و بنەماکانی مافی مرۆڤە، لە ڕووی نێودەوڵەتییەوە هەرێمی کوردستان دەخاتە مەترسییەوە، چونکە وەك لە هۆکارەکانی دەرچواندنی یاساکەدا هاتووە، ئاماژەی پێ کراوە، پێویستە حکومەتی هەرێم بەرامبەر هەموو تیرۆرێکی نێودەوڵەتی بوەستێتەوە، ئەوەش حکومەتی هەرێم تووشی شەڕێکی نابەرابەر دەکات، کە لەم قۆناغەدا بۆ ئێمە هیچ پێویستیمان پێی نیە، لە کاتێك ئەم یاسایە لە پەرلەمانی کوردستان پەسند کراوە، لە کوردستان و عیراقیش تا ڕاددەیەك توندو تیژی و تیرۆر هەر هەبووە، بەڵام الحمدلله لە ئێستادا نەماوە، جا لەبەر ئەو هۆیانە و چەندین هۆکاری تر و ناتەواوی یاساکە و زوڵم و ستەمی زۆری سزاکان لە یاساکەدا و لە پێناو بەرەو پێشچوونی سیستەمی سیاسی و ئازادی مافی مرۆڤ لە هەرێمی کوردستان، پێم باشە و پێشنیار دەکەم یاساکە ڕەت بکرێتەوە و کۆتایی پێ بهێنرێ، لێرەشەوە جارێکی تر دەستخۆشی لە هەموو ئەو بەڕێزانە دەکەم کە موداخەلەیان کرد، قسەیان کرد، لەگەڵ تەئیدم بۆ هەموو قسەکانیان، زۆر سوپاس.

**بەڕێز د. ارسلان بایز/ سەرۆکی پەرلەمان:**

دانیشتنی ئێستامان کۆتایی پێ دەینین تا سەعات 5ی پاش نیوەڕۆی ئەمڕۆ، بەخواتان دەسپێرین، هەر بژین.

**دانیشتنی دووەم**

**بەڕێز د. ارسلان بایز/ سەرۆکی پەرلەمان:**

**گفتوگۆکانمان ئاواز خان، لیژنەی هاوبەش فەرموون.**

**بەڕێز ئاواز عبدالواحد:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

**سەرەتا من پشتیوانی لە ڕای لیژنەی هاوبەش دەکەم بۆ درێژکردنەوەی کارکردن بە یاسای تیرۆر بۆ ماوەی دوو ساڵ، چەند خاڵێك هەیە کە پێویستە ئاماژەی پێ بکەم، یەکەم/ گەورەترین خاڵی بەهێزی ئەم هەرێمە کە تێیدا دەژین، بەرقەرار بوونی سەقامگیری و ئەمنیەتە لەم وڵاتەدا کە بە شەونخونی و ڕۆڵە گرنگەکەی ئەجهیزە ئەمنیەکان لەم وڵاتەدا هاتووەتە کایەوە، بۆیە ئەو هێزانەی کە بە گیانی خۆیان پارێزگاری لەم وڵاتەدا دەکەن توانیویانە ئەم ئەمنیەتەی کە ئەمڕۆ بەرقەرارە لە هەرێمەکەمان بەرپای بکەن ناکرێت ئێمە بە نەدیدەی بگرین و لێرەدا لەم هۆڵەدا سەرپێی بڕیار لەوە بدەین کە کار بەم یاسایە نەکرێت، سەرەڕای ئەوەی کە ئەم ئەمنیەتە بەرقەرارە لە کوردستان ناکرێت بڵێین کە ئەم هەرێمە بەدەرە لە گەشەی تیرۆر، لە کاتێك دا ئێمە لە ناوچەیەك داین کە نزیکین لە هیڵی مواجهە لەگەڵ تیرۆر و ئەو بارودۆخەی کە ئەمڕۆ لە عیراق و هەروەها لە سوریا دا هاتووەتە کایەوە، ئەمانە هەموویان زەمینە لەبارن بۆ ئەوەی کە مەسەلەی تیرۆرو تەقاندنەوە دزە بکات بۆ ناو**

**خاکی هەرێمی کوردستان، بۆیە ئێمە دەتوانین بە پاڵپشتی لەگەڵ هێزەکانی ناوخۆ و بە بوونی یاسایەك بۆ ئەوەی پێداگیری بکەین و دەستیان کراوە بکەین بۆ ئەوەی بەرەنگاری بکەن لە کاری تیرۆر لە هەرێمی کوردستان دەبێت بتوانین ئەم ئەمنیەت و سەقامگیریە برەو پێ بدەین، ناکرێت ئێمە لێرەدا بڕیار لەسەر ئەوە بدەین بە بێ گەڕانەوە بۆ هێزە ئەمنیەکان و بە بێ گەڕانەوە بۆ ڕای وەزارەتی ناوخۆ بێین لێرە ئێمە سەر پێی قەرار لەوە بدەین کە ئیتر ئەم وڵاتە پێویستی بە یاسای بەرەنگار بوونەوەی تیرۆر ناکات، نازانم من لێرە دوو بۆچوون هەبووە هەتا ئێستا من خۆم خەریکە سەرم لێی دەرنەچێت، لەلایەك دەڵێین وڵات ئارامە و پێویستی بە هیچ یاسایەکی وەکو بەرەنگاربوونەوەی تیرۆر نیە و هەر ماوەکانی پێشتر وڵاتە قەڵتانی ئەمنی و قەڵغانی ئەمنی و هەندێ موستەڵەحاتی سەیروسەمەرەم گوێ لێ دەبوو کە ئێستاش من فکر دەکەمەوە ئایا وڵاتەکەم لەکام دۆخ دایە؟ بزەبت لەو شامە شەریفە دایە کە پێویستی بە هیچ یاسایەکی بەرەنگاربوونەوەی تیرۆر ناکات، یاخود پێویستە ئەو ئالیەتانەی کە بوونەتە هۆی ئەوەی کە ئەو سەقامگیریە بەرقەرار بێت ئێمە زیاتر لەسەری بەردەوام بین و درێژەی پێی بدەین، وەکو ئیشارەتم پێیدا ئەوەی کە ئەو هەرێمەی پاراستووە ڕۆڵی ئەم ئەجهیزە ئەمنیانەیە، بۆیە لێرەدا بە پێویستی دەزانم وەکو خۆم کە یەکێکم لەو ئەندامانەی کە لە لیژنەی ناوخۆ کار دەکەم بە شاهێدی ئەو بەرێزانەش کە هەموو لە لیژنەی ناوخۆ هەموو کات شاهێدی کاری گرنگی ئەم ئەجهیزانە بووینە کە بەردەوام بوونە لە کاری خۆیان و لە سەقامگیری ئەم وڵاتە ناکرێت لێرەدا، بەڵام بە یەك دەقە و بە یەك چرکە ڕەئیەکانمان بگۆڕین و دژی ئەوە بین کە بتوانین ئەم وەسیلانەیان بۆ فەراهەم بکەین کە بتوانن بە کارەکانی خۆیان هەڵبستن، بۆیە من تکام لە هەموو هاوکارانم ئەوەیە کە چۆن ئێمە لە هیچ پرۆژە یاسایەك کە ئەگەر تەبیعەتی مالی تێدا بێت ناتوانین بە بێ گەڕانەوە بۆ ڕای وەزارەتی دارایی سەربەخۆ قەرار لە پرۆژەکان بدەین، بۆیە لەم بارودۆخە و لەم پرسە هەستیارە دا ئێمە ناتوانین بە بێ گەڕانەوە بۆ ڕای ئەجهیزە ئەمنیەکان بێین لێرەدا سەربەخۆ قەرار لەوە بدەین کە بەڵێ وڵاتەکەمان هیچ پێویستی بەم یاسایە نەماوە، بۆیە من لێرە پرسیارەکەم ئەوەیە وڵاتەکەمان پێویستی بەم یاسایە نەماوە، ئایا زەمانەت چیە بۆ ئەوەی کە لە کاتی نەبوونی ئەم یاسایە و بڵاوکردنەوەی ئەم یاسایە ئەم ئەمنیەتە هەروا بەردەوام دەبێت، هەروا بەرقەرار دەبێت، ئایا زەمانەت چیە؟ ئێمە دیوارێکی بەردینمان لەنێوان خۆمان و بەغدا داناوە کە بەدەر بین لە هەڕەشەکانی تیرۆر و تۆقاندن، دووبارەشی دەکەمەوە کە بەداخەوە ئەو هاوکارانەم کە پێم خۆشە قەتعم نەکەن بۆ ئەوەی کە قسەکەم بکەم، ئەوانەی کە ئەم هێزە ئەمنیە گرانەیان بە سومعە خراپ ناو بردووە من دووبارە لێرە تکا دەکەم کە هەموو قسەکانی ئەو هاوکارەم لە پرۆتۆکۆڵ دا بسڕێتەوە، بەدیدێکی جوانتر و بە چاوێکی کراوە تر سەیری ڕۆڵی ئەم ئەجهیزانە**

بکـەن، چـونکە زۆرێـك لـە هاوکارانمـان هـەر لـەم هۆڵـە دانیشـتوونە نـزیکترین کەسـوکاری خێزانەکەیان و کەسی نزیکی خێزانەکەیان لە ئـەنجامی تـیرۆر و لـە ئـەنجامی تەقینـەوە لـەم هەرێمە دا لە دەست داوە و جەنازەیان بۆ هاتووەتە ماڵ، بۆیە داواکارم ئەم قسانە لە پرۆتۆکۆڵ ڕەش بکرێتەوە، ئەگەر کاردانەوەی یاخود ئەفعالی ئەفسـەرێکی هێـزی ئـەمنی ئەگـەر ناشایسـتە بوو ئەمە ڕەنگ ناداتەوە سەر هەموو کارمەنـدانی ئـەم هێزە گرنگـە لـەم وڵاتـە، بۆیـە دووبـارە لێرە دووپاتی دەکەمەوە کە من پشتگیری لەوە دەکەم کـە ئـەم یاسایە بەرقـەرار بێـت و بـۆ دوو ساڵیش درێژ بکرێتەوە، سوپاس.

**بەڕێز د. ارسلان بایز/سەرۆکی پەرلەمان:**

فەرموو کاك کاردۆ.

**بەڕێز کاردۆ محمد پیرداود:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

بەڕاستی ئێمە قسە لەسەر زەرورەتـی ئـەم یاسایە دەکـەین، پێشـنیازەکان پیشـنیازی حکومەتـە، دەبووایە حکومەت نوێنەری لێرە بووایە، چونکە ئەمە یەکێکە لەو یاسایانەی کە قسـەی لەسـەر دەکرێت، ئەهمیـەتی پـێ دەدرێـت و یەکێکیشـە لـەو یاسایانەی ڕاسـتە حکومـەت پابەنـد کـراوە، بەڵام هیچ دەزگایەکی دیاری کراو کە بەرپرسیار بـێ بـۆ جـێ بـەجێ کردنـی ئـەم یاسـایە، بۆیـە دەبووایـــە نوێنـــەری حکومـــەت حـــزوری هەبووایـــە بـــۆ وەڵامـــی هـــەموو ئـــەو پرســـیارانەی پەرلەمانتاران و بۆ ڕوونکردنەوەی زەرورەتی ئەم یاسایە، ڕاسـتە تـیرۆر دیاردەیـەکی جیهانیـە و لەسـەر ئاسـتی ناوچـەکە و لـە عیراقـیش زۆرجـاران کوردستانیشـی گرتووەتـەوە، مەترسـیەکی گەورەیە پێویستە ئێمە هەموو ڕێ و شوێنێکی بۆ بگرینە بەر و بە تایبەتی لایـەنی یاسـایی کـە ئەگـەر زەرورەت بخـوازێ لایـەنی یاسـایی بەرەنگاربوونـەوەی دیـاردەی تـیرۆر، بـەڵام دەبـێ ئـەو پرسیارە لە خۆمان بکەین کە ئەم یاسایە لـە دۆخێکـی دیـاری کـراو و لـە هەلومـەرجێکی دیـاری کراو دەرچووە، کە پێیان وابووە موشەرعین کە ئەم یاسایە دەبێـتە مایەی ئـەوەی کـە پێشـگیری دەکـات لـەم دیاردەیـە وەکـو دیـاردە، ئایـا پرسـیار لـە خۆمـان دەکـەین ئـەو دیاردانـەی یـان ئـەو هەلۆمەرجەی کە ئەم یاسایەی بۆ دەرچووە ئێستا ماوە؟ ئەمە پرسیارەکەیە ئێمە پێمـان وایـە و ئێستا وەکو دیاردە لە کوردستان دیاردەی تیرۆر نیە و ئەگەر تاوانکاریش هەبێ یاسـای تـر هەیـە و یاسای سزادانی عیراقی دەتوانێ هەر کەسێك تاوان بکات بـە سـزای خـۆی بگەیـەنێ و بـە پێـی ئـەوەی کـە یاسـا، چـونکە ئـەو یاسـایە وەکـو هاوکـارنم قسـەیان لەسـەری کـرد دوو دیـوی هەیـە، دیوێکیان دەتوانرێ لەڕێگەی ئەم یاسایەوە کە لە هەلومەرجێکی تایبەت دەرچووە و تایبەتیشـە و موەقەتیشە، تەئکید دەکەمەوە کە بەکاربهێندرێ بۆ پێشێلکاریەکانی کـە پەیوەنـدی بـە مـافی مرۆڤەوە هەیە، بۆیە کاتیە و پێویست ناکات ئێمە ئەگەر ئەم دیاردەیە لـە کوردسـتان نیـە، ئـەم

مەترسیە نیە و ئەم بۆشاییە یاساییەمان نیە، ئێمە کە هەموومان تەئکید لە کوردستان دەکەینەوە دەڵێین ئارامی تیایە بە تایبەتی لەلایەنی ئاسایش و سەقامگیری هەیە و کێشە نیە و دیاردەی تیرۆر نیە، ئەمە لایەنێکی ئیجابیە لە سیستمی سیاسی ئێمە کە ئەوەی پەیوەندارە بە تیرۆری دەرەکیەوە، ئێمە پێمان وایە پێویستە قسە بکەین و ئەم یاسایە ئەمرۆ زەرورەتی نیە و، بەڵام چونکە دیاردەیەکە دیاردەیەکی جیهانیە دەتوانین ئەم یاسایە هەڵپەسێرین، هەرکاتێك ئەم دیاردەیە لە کوردستان دا هەستی پێ کرا زۆر ئاساییە کە پەرلەمانتاران دەتوانن هەڵپەساردنەکە لابەن و ئیش بەم یاسایە بکەن، بەڵام ئێستا ئەم یاسایە هیچ زەرورەتێکی نیە و دەکرێ بە دیوە خراپەکەی بەکاربهێندرێ بۆیە من داوای تەجمید کردنی دەکەم، سوپاس.

**بەڕێز د. ارسلان بایز/ سەرۆکی پەرلەمان:**

سۆزان خان فەرموو.

**بەڕێز سۆزان شهاب:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ئەمرۆ ئێمە قسە لەسەر درێژکردنەوەی ماوەی کارکردن بە یاسای تیرۆر دەکەین بۆ ماوەی دووساڵ، لە کاتێك دا کە هەندێ پێیانوایە زەرورەتی نیە، لە کاتێك دا هەندێ پێیان وایە زەروریە، من یەك سەردی بچکۆلانەی ئەو ئیتفاقیاتانە و ئەو ستراتیجیانەتان بۆ دەخوێنمەوە کە لە ساڵی 1937 ەوە یەکەم ئیتفاقیە ئیتفاقیەی جەزائیر و جنیف بووە، لە دژی کاری تیرۆریستی، دوا بەدوای ئەوە ئیتفاقیەی واشنتن لە ساڵی 1971 لە دوای ئەوە (الاتفاقیە الاوروبیە لستراس بورك) لە ساڵی 1977 لە دوای ئەوە ئیتفاقیەی لاهای لە ساڵی 1970 ، (الاتفاقیة الدولیة لقمع الاعمال الغیر مشروعة ضد الملاحة البحریة) کە ئەویش دەچێتە بەشی فەفسەنەی بەحری و لە دوایی دا ئەویش دەکەوێتە ناو بەشی تیرۆرەوە لە 10ی مارسی 1989 دەرچووە، لە موئتەمەر سانعی سەلام لە 1997/1/3 لە موئتەمەری (مجموعة الدول الصناعیة السبعة لیون) لە فرنسا لە 28/حزیران/1997 (الاعلان عن اهمیة التعاون الدولی ضد الارهاب) لە ساڵی 1997 (الاستراجیة العالمیة) ئەمە کە لەلای ئومەمی موتەحیدەوە ئیقرار کراوە لە 8ی ئەیلولی ساڵی 2006 لە ساڵی 2008 پێداچوونەوەی بۆ کراوە، لە بڕیاری ساڵی 2010 هەمان ستراتیجیە بە میکانیزمی تازە بێ لە یاسایەکان و بێ لەوەی چۆن مەجموعەی دوەلی کارێك بکات کە دژی تیرۆر بوەستێتەوە، یەعنی لە ساڵی 1937 ەوە هەتاوەکو ئێستا زاهیرەی ئیرهاب لا نەچووە، بەڵام شێواز و فۆرمی جیاواز جیاوازی بەخۆیەوە وەرگرتووە، بۆیە ئەوەی پێی وایە

کوردستان دورگەی واق واقە و بە هیچ شێوەیەك تیرۆر نایگاتێ حساباتی غەڵەتی کردووە، حساباتەکەی زۆر غەڵەتە، هەر دوێنێ ئێوارە لە کازمیە و لە بەغدا کاری تیرۆرستی کراوە، چەندین کەس تیایدا کوژراوە کە زیاتر لە سەد تا دوو سەد، مانای ئەوە نیە بە هۆی دڵسۆزی خەڵکی هەرێمی کوردستانەوە و ئەو هەماهەنگیەی کە لەگەڵ دەزگاکانی ئاسایشدا هەیانە کە بیرمان نەچێت دەزگای ئاسایش هەیە و خەڵکی هەرێمی کوردستان پێکەوە ئەو هەماهەنگیەی کە دەیکەن ئەو یاسایە لەژێر چەتری ئەو یاسایە، لە ژێر ئەو بارودۆخەی کە خەڵك بینی کە چەند ناهەموارە لە کاتێك دا کەسەکەی خۆت ڕۆیشتووەتە دەرەوە بۆ جەژنە پیرۆزە لەو سەرەوە مەیتەکەیت بۆ هاتووەتەوە لەکردەوەیەکی تیرۆرستی دا، ئەگەر بەس بیر لە ناسۆری ئەوە بکەیتەوە، ئینجا بیر لەوە دەکەیتەوە دەرگای ئەم هەرێمی بچووکە دانەخراوە لە ئاستی تیرۆردا، بەڵام کاری دەزگاکانی ئاسایش و دڵسۆزی خەڵکی هەرێمی کوردستان کارێکی کردووە کە زەفەرمان پێ نابردرێت، هەر لە هەفتەی پێشوو لە تورکیا موئتەمەری موکافەحەی ئیرهاب بەسترا کە کۆمەڵێك یان زیاتر لە $22$ دەڵەت تیایدا بەشدار بووە، ئایا تیرۆر نەماوە؟ ئێمە لێرە وا دەڵێین پێویستیمان بەم یاسایە نیە؟ نەخێر ترسەکەی ماوە، هەموو شتێك پێش ئەوەی وەك نەخۆشی ئەگەر تۆ بزانی کۆمەڵێك شت هەیە تۆ بۆ ئەوەی بەرەنگاری ببیتەوە کۆمەڵێك شت لەسەر خۆت مەنع دەکەی، بۆ ئەوەی ئەو نەخۆشیە نەگری، بێ گومان ئەمەش عەینەن شتە، بۆ ئەوەی کردەوەی تیرۆرستی نەبێت، پێویستە کۆمەڵێك یاسا و ئالیەت و ستراتیجیەتت هەبێ لەم وڵاتەدا بۆ ئەوەی نەهێڵی ئەوە بێتە ناو وڵاتەکەتەوە، ئەم سەقامگیریەی کە باس دەکرێت بە رەنج و ماندووبوونی کێ کراوە؟ ئاسایشەکان و هێزەکانی ناوخۆ و ئەوانەی کە بەداخەوە لەم هۆڵەدا زۆر خراپ وەسف کران، کە هەمووومان لە سەعات $12$ شەودا کە دەڕۆین و دێینەوە و سەعات یەکی شەو و بەرەبەیان حەرەکەت لەم وڵاتەدا هەیە و بە بێ ترس تۆ هاتوچۆ بکە لەژێر سایەی ئەم ئەمن و ئاسایشەی کە لە هەرێم دا هەیە، ئەم ئاوەدان کردنەوە و هاتنی هەزارەها کۆمپانیا و خەڵکی بیانی بۆ ئەم وڵاتە لەژێر ئەم ئاسایش و سەقامگیریەدا هاتۆتە دی، بۆیە من پشتگیری لەو داوایە دەکەم بۆ دوو ساڵ درێژ بکرێتەوە، دوای ئەوە هەموو کەسێك باسی هەموار دەکات، باسی هەموار هەموار نیە، کەواتە تۆ ئەگەر درێژی نەکەیتەوە و یاسایەکە ماوەی کارپێکردنەکەی ئەو فەراغە یاساییە دروست دەبێت، ئەگەر ڕاست دەکەن ئەوانەی کە دەڵێن با هەموار بکرێتەوە دەبووایە پێش درێژکردنەوەی ئەم یاسایە هەموارکردنەکەیان پێشکەش بکردایە، بۆیە من داوا دەکەم کە ئێمە دەنگ بدەین بۆ درێژکردنەوەی و، زۆر سوپاس.

**بەڕێز د. ارسلان بایز/ سەرۆکی پەرلەمان:**

ئەڤین خان فەرموو.

**بەڕێز ئەڤین عمر:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

هەڵبەتە منیش ڕۆڵی ئەمن و ئاسایش و هێزەکانی ناوخۆ و ئاسایشەکانی هەرێمی کوردستان لەوە کەمتر نابینم کە بەڕێزان سۆزان خان و ئاواز خان باسیان کرد، بۆیە لێرەوە جێگای ئەوەن کەوا هەمیشە دەست خۆشی و ستایشیان بکەین، لەبەرئەوەی ئەم ئەمن و ئاسایشەی کە ئێستا لە هەرێمی کوردستان هەیە و بۆتە مەنفەزێك بۆ ئەوەی کەوا خەڵکی تر سەیری هەرێمی کوردستان بەو شێوەیە بکەن کەوا دیوەکەی تری عیراقە و ئەو ئاوەدانیە و ئەو پەرەپێدان و ئەو هەموو گەشەیەی کە دەبینین کە یەکێك لە فاکتەرەکانی بوونی ئەو ئاوەدانکردنەوە و ئەو پێشکەوتنەی کە لە کوردستان دا هەیە هەڵبەتە ئەمن و ئیستقرارە لە هەرێمی کوردستان ئەمە قسەی هەموومانە باوەڕ ناکەم کەس خیلافی ئەم قسەیەی هەبێت، بەلاّم ئێمە ئەگەر بێین و سەیری تیرۆر بکەین و یاخود سەیری عەمەلیاتی تیرۆرستی بکەین، دەبینین نەك تەنها لە عیراق عەمەلیاتی تیرۆرستی ئەنجام دەدرێت و بۆتە مۆلگەی تیرۆرستان، بەڵکو وای لێ هاتووە زۆربەی ولاّتانیش بوونەتە مۆلگە بۆ تیرۆرستان و ناڵە ناڵیانە لە دەستی تیرۆر کە ئەوە وای لێیان کردووە ژیانی ڕۆژانەی لە خەڵکی تاڵ کردووە، ئێمە بەس تەنها چەند کیلۆ مەترێك لەو لای خۆمانەوە سەیری کەرکووك بکەین، بەڕێزان ماوەیەك پێش ئێستا بە کەرکووکەوە ڕۆیشتم بۆ کفری، بەلاّم باوەڕم پێ بکەن خیلالی ئەم دوو سەعات ڕێگایە تا گەیستمە ئەوێ سیلسلەی عەمەلیەی تەقینەوە بووە کە بە چاوی خۆم بینیم کەوا ئەو خەڵکە لە چ زروفێك دا دەژی، ئەو خەڵکە لە چ ترس و تۆقێك دایە، هەتا گەیەشتوومەتە مەفرەقی کفری کە دەڕوات بەرامبەر بە کفری کە گەیشتمە کفری کە هەرێمی کوردستانە لەوێ ئارامیم بینی، ئەو کاتە زانیم کەوا هەرێمی کوردستان ئەگەر لە هەر چ شتێك مەحروم ببێت تەنها لە ئەمن و ئاسایش کە گەورەترین نیعمەتە خەڵکی کوردستان بەو نیعمەتە تێ ئەپەڕێ، بۆیە عەمەلیاتی تیرۆرستی نە تەنها لە عیراق دا هەیە، بەڵکو لە جیهانیش دا هەیە و بۆ نموونە هەر ئێمە باسی ئەوەمان کرد لێرە کە وتمان ئەمریکا سیاسەتی خۆی گۆڕیوە بەرامبەر بە تیرۆر، بەلاّم لە 6/6/ ئەم مانگە یەکێ لە قیادە تیرۆرستیەکان کە بە دەستی قواتی ئەمریکیەوە کوژرا کە ناوی ئەبو یەحیای لیبیی بوو، مانای وایە هێشتا تیرۆر هەیە و هێشتا ولاّتێکی زلهێزی جیهانی وەکو ئەمریکا حیساب بۆ تیرۆر و تیرۆرستان دەکات، بۆیە قواتی خۆی هێشتا هێلاّوەتەوە لە هەندێ شوێن کە دەزانێ مۆلگەی تیرۆرستی و ئەوان لێرەن، بۆیە ئەوان سیاسەتی خۆیان نەگۆڕیوە، چ حاڵ ئێمە وەکو هەرێمێك کە هەرێمێکی بچکۆڵەی لەم جیهانە بەرفراوانەین کە بە دەستی ئەم کردەوانە دەناڵێنێ و خۆمان بەدەر دەکەین و یاسایەکمان کە دامان ناوە ئەم حاڵەتە لای ببەین، فاکتەرەکانی ئەمن و ئاسایش لە ولاّتی ئێمە دا چیە لە کوردستان دا چیە؟ ئێمە هەموومان دەزانین سێ فاکتەرە، یەکیان بوونی یاسایەکە، دوو/ بوونی ژمارەی ئەمن و ئاسایشە کە لێرە

هەن، سێ/ ئیرادەی خەڵکی کوردستانە ئەم سێ فاکتەرەن کە ناهێڵن عەمەلیاتی تیرۆرستی یاخود ئیرهابیەکان لێرە بتوانن کاری تیرۆرستی خۆیان ئەنجام بدەن، بۆیە یاسای تیرۆر لێرە تەنها بۆ ئەوە نیە کەوا خەڵکی پێ سزابدرێت، وەکو هەمووومان دەزانین یاساکان و فەلسەفەی یاسا لە ئەساسەوە ڕەدعە، بۆیە بوونی ئەم یاسایە لە ئەساس دا بۆ ڕەدعە، ئەگەر کەموکورتی هەبێ یاخود ئەگەر باسی ئەوە دەکەین کە ئەفسەرێك یاخود چەند ئاسایشێك هەڵە بکەن بەرامبەر بە خەڵکی یاخود بە سوء ئیستفادە لەم یاسایە هەڵبەتە ئەوانە نابێ تەعمیم بکرێت، خۆ ئێمە یاسا دەرناکەین بۆ چەند حاڵەتێك کە یەکێك غەڵەتی کردبێت، یاخود سوء ئیستفادەی کردووە لە یاسایەکە، ئێمە یاسایەکە ئیلغا بکەینەوە لەبەرئەوەی خەڵکانێك هەیە سوء ئیستفادەی لێ دەکەن، نەخێر، مەحاکم بڕیارەکانیان بە هەڵە دەردەکەن، نەخێر ئەوە کاری ئێمەشە وەکو پەرلەمانتار بەدواداچوون بکەین ئەو کەسانەی کە سوء ئیستفادە دەکەن و ئیستغلال دەکەن لە یاسایەکە یان ئەو محاکمانەی کە بە هەڵە حوکم و بڕیار دەدەن لەسەر خەڵکی ئەوە کاری ئێمەیە بەدواداچوونی بۆ بکەین، تاوەکو حەد بۆ ئەو کەسانە دانرێت، عەفوەن وەڵامی کەس نادەمەوە بەڵام کە باس لە سزای عقوبات هەیە یاخود عقوبات لە هەرێمی کوردستانەوە کاری پێ دەکرێت هەمووومان دەزانین یاسای عقوبات بۆ ئەوە دانراوە تەنها تاوانەعادیەکان دەگرێتەوە، ئەو تاوانانەی کە لە تیرۆر دا باسکراوە یان ئەو حاڵەتانەی کەلە ناو تیرۆر دا بەو شێوە زەقیە یان بەو شێوەی کە هەندێ جار یاسای سزاکان ناتوانێ چارەسەری ئەو حاڵەتە بکات، بۆیە منیش لەگەڵ ئەو ڕەئیەم کە ئەو یاسایە بۆ دوو ساڵی تر تەمدید بکرێتەوە تاوەکو ئێمە لێرەدا نەتوانین جارێکی تر بە دەستی خۆمان کە لەم پەرلەمانەشە ئەو یاسایە دەرچووە و هەڵەیەك بکەین و دوایی پەشیمانی لێ بەدی بێت، سوپاس.

**بەڕێز د. ارسلان بایز/ سەرۆکی پەرلەمان:**

کاك ئارام فەرموو.

**بەڕێز ایوب نعمت (ئارام):**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

من پێشنیار دەکەم کە ئەو یاسایە ئیلغا بکرێت لەبەر کۆمەڵێك پاساو، یەکێکیان/ بریتیە لەوەی کە ئەم یاسایە تەنها موعالەجەی ڕووبەڕووبوونەوەی تیرۆری بە لایەنی ئەمنی کردووە، ئەوەش ئێستا هەم لە ڕووی کرداریەوە و هەم لەڕووی تیۆریەوە سەلمێنرا کە تەنها بە توندوتیژی ناتوانرێ ڕووبەڕووی تیرۆر ببینەوە، باشترین نموونە و نزیکترین نموونە عیراق و حکومەتی ناوەندە، کە بە پێی دانپێدانانی ڕێکخراوی لێبوردنی نێودەوڵەتی لە ماوەی پێنج مانگ دا عیراق 70 کەسی لە سێدارە داوە و زیاتر لە 30 هەزار کەسیش لە زیندانە، بەڵام

ئەوەتا دەبینین کردەوەی تیرۆرستی هەر بەردەوامە، نەیانتوانیوە موعالەجەی بکەن، لەگەڵ ئەوەشدا کۆمەڵێك دەزگای زۆر گەورەی دەوڵەتانی دەرەوە ئەوەتا لەناو بەغدا و باشوور دا کاردەکەن، هەروەها هێزێکی زۆر زەبەلاحی حکومەتی ناوەندیش دەیانەوێ ڕووبەڕووی تیرۆر ببنەوە، بەڵام بەڕاستی دەبینین دیاردەی تیرۆر بەردەوامە و تا ئێستاش ڕێگری لێ نەکراوە، بۆچی لەبەرئەوەی دیاردەی تیرۆر دیاردەیەکی تەنها ئەمنی نیە، بەڵکو دیاردەیەکی (کۆمەڵایەتی ـ فکری ـ سیاسییە)پێویستی بە کۆمەڵێك ئالیەت و میکانیزم هەیە کە پێویستە ڕووبەڕووی ببنەوە، تەنانەت ئێستا زۆرێك لە وڵاتانی دەرەوە لیژنە دادەنێن بۆ ئەوانەی کە لە زیندان دانە، دەڕۆن بۆ ئەوەی کە گفتوگۆیان لەگەڵ بکەن، پاشان هەوڵ دەدەن ئەو بیروبۆچوونانەی کە هەیانە پەشیمان ببنەوە، تەنانەت هەندێ لە وڵاتانی دراوسێی خۆشمان بە تایبەتی دەوڵەتانی کەنداو، ئەوانەی کە تێوەدەگلێن لە کردەوەی تیرۆری پاش ئەوەی کەلە ناو زیندانەکانن هەوڵ دەدەن پەشیمانیان بکەنەوە جارێکی تر لێبوردنیان بۆ دەردەکەن بۆ ئەوەی بێنەوە ناو کۆمەڵگا و بۆ ئەوەی بنەبڕی ئەم دیاردەیە بە تەواوەتی بکەن، لەلایەکی دیکەوە ئێمە لەناو کوردستان دا ئەوە دەزانین کە تیرۆر تەنها ڕووبەڕووی یەك حیزب و دوو حیزب نەبۆتەوە، بەڵکو زۆربەمان قوربانی تیرۆرین و زیانی تیرۆرمان بەرکەوتووە، لەبەرئەوەی ئێمە ئەگەر بێتو بمانەوێ ڕووبەڕووی تیرۆر ببینەوە بەڕاستی دەبێ زەمینەسازیەك بخولقێنین لەبواری کۆمەڵایەتی و سیاسی، هەوڵ بدەین بە کۆمەڵێك ئالیەتی گونجاو ئەو دیاردەیە ببینین، من تەنها باسی یەك مادده دەکەم لە ماددەی 4 بڕگەی 2 لە یاسایەکە دا باس لە بڵاوکردنەوەی کتێب و سیدی و وێنە دەکات، ئەگەر بێتو هەر دادوەرێك بیەوێت بەڕاستی زۆربەی زۆری کوردستان دەتوانێ بەو یاسایە بکات بە تیرۆرست، لەبەرئەوە پێویستە ئێمە ئاگاداری ئەوە بین کە ئەم یاسایە بەڕاستی تەنها موعالەجەی ئەمنی بۆ ڕووبەڕووبوونەوەی تیرۆر داناوە، یاسایەکەش کۆمەڵێك بڕگەی تێدایە کە دەتوانرێ خەڵکی تریش بگرێتەوە، بە بێ ئەوەی کە تێوەگلابێت لە تیرۆر، بەڵکو ئەوانەی کە ڕای جیاوازیان هەبێ و بیروبۆچوونی جیاوازیان هەیە، بۆیە داواکارم ئەو یاسایە ئیلغا بکرێت، لە داهاتوو دا بیر لە ڕێگە چارەی تر بکرێتەوە و، زۆر سوپاس.

**بەڕێز د. ارسلان بایز/ سەرۆکی پەرلەمان:**

کاك شڤان فەرموو.

**بەڕێز شڤان احمد:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ئارامی و سەقامگیری لە هەرێمی کوردستان لە سایەی ئەم یاسایە و دەزگاکانی ئەمنی و ئاسایش بەشێوەیەکی گشتی ئەمە لەلایەك جێگای خۆشحاڵی و سەربەرزیە و جێگای دەست خۆشی

هەموو هاووڵاتیەکی دڵسۆزی گەل و ئەم وڵاتەیە لە حکومەت و دەزگاکانی ئەمنی لەلایەکی تریش بەو مانایە نیە کە تیرۆر لە وڵاتی ئێمە و لە هەرێمی ئێمە بنەبڕ بووە و نەماوە، من پرسیارێك لەو خوشك و برایانە دەکەم ئەوانە بە شێوەیەك لە شێوەکان قیمەتی ئەم یاسایە وەکو پێویست هەڵسەنگاندنی بۆ ناکەن، ئێمە لە وڵاتێکین کە بۆرەیەکی سەرەکی تیرۆرە، کەس هەیە نەڵێت عیراق یەکێکە لە بۆرە سەرەکیەکانی ناوچە و جیهانیە لە تیرۆر بە تەئکید هەموو کەسێکی خودانویژدان دەڵێ بەڵێی بۆ دەکات، لەلایەکی تریش ئایا ئیمە جوداینە لە عیراق؟ ئێمە ئەو خەتەرەی تیرۆرمان لەسەر هەیە یان نا؟ بەتەئکید بەدەرەجەیەکی موختەلیف بەپێی میعیاری شەخسی، ئەمن دەڵێم کەمە وئەو دەڵێ زۆرە، ئەوە لایەنەکی شەخسیە، بەلاَم لەئەصل دا ماوە، بۆیە کاریگەری تیرۆر، گورزی جەرگ بڕی تیرۆر هەتا پێمان نەگەیشت یاسایەك لەو بارەیەوە لەم وڵاتانە نەهاتە ئاراوە، لە 2006 لە پاش ئەو گورزە جەگبڕانەی کە تیرۆر بە ئێمەی گەیاند ئەوجا یاسایەك لەم بارەیەوە دروست بوو، کەواتە بوونی تیرۆر پێویست بە یاسایەك دەکات، وەکو ئەو نەخۆشیەی کە ناچارە دەرمانی تاڵ بخوات، بزەبت لە ناچاری خۆیەتی دەبێ بیخوات، ئەگەر نا خراپ تر دەبێت و بەرەو مردن دەچێت، بۆیە ئەو دەرمانە تاڵە، دەرمانێکە حاڵەتێکی ئیستسنائیە، تیرۆریش لەو یاسایی ئیستسنایانەیە کە لە وڵاتان دەردەچێت و یان گرتوخانەیەکە بۆ وڵاتان دێتە پێش و ئێمە ناچارین ئەو یاسایەمان هەبێت و ئەو وەزعە تاڵە ناچارین ڕووبەڕووی ببینەوە، بۆیە بوونی تیرۆر دەبێ یاسایەك لەو بارەیەوە هەبێت بۆ تەنزیم کردن و بۆ ڕێکخستنی و بۆ ڕووبەڕوبونەوەش، ئێستا ئێمە لەبەردەم زیاد کردن و یان رەفز کردنین، یان رەفز کردن بە درێژ کردن، ئێمە لەبەردەم ئیلغاکردن نین، پێم سەیرە زۆر لە خوشك و برایان باسی ئیلغا دەکەن، ئیلغا دەبێت مەشروعێکی دیکە هەبێت، ئێمە لەبەردەم درێژ کردنەوەی یان درێژ نەکردنەوەینە، بەڵێ و نەخێر بۆی دەکەین، بۆیە داوا لە خوشك و برایان دەکەم لە پاش بەڵێ و نەخێر بیر لە ئەگەری کەموکوڕی لەو یاسایە دا هەبێت بیر لە مەشروعێکی تەعدیل بکرێت ئەگەر کەموکوڕی تێدا هەبێت و ئەگەر پێویست کرا بیر لە ئیلغاکەشی بکرێتەوە زۆر تەبیعیە، بەلاَم ئێمە لەبەردەم ئیلغا دانین ئێستا، بۆیە من هاوڕام لەگەڵ خوشك و برایانی کە دوو ساڵ ئەم یاسایە بۆ پاراستنی ئەم دەستکەوتە و ئەم سەروەریە بۆ کوردستان و خەڵکی کوردستان دوو ساڵی دیکەش درێژبکرێتەوە، زۆر سوپاس.

**بەڕێز د. ارسلان بایز/ سەرۆکی پەرلەمان:**

**کاك د.احمد فەرموو.**

**بەڕێز د.احمد وەرتی:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

سەرەتا ئەو ئەمن و ئاسایشە کە ئێمە لە هەرێمی کوردستان تێیدا دەژین بەڕاستی نیعمەتێکی گەورەیە و سوپاسی خوای گەورەی لەسەر دەکەین، پاشان سوپاسی دامودەزگا و هێزە ئاسایشیەکان دەکەین کە توانیویانە ئەمنیەت و ئاسایش و سەقامیگری هەرێمی کوردستان بپارێزن، ئەمە جێگەی دەستخۆشیە ئێمە قسە لەسەر یاسایەك دەکەین کە پەیوەندی بە هەرێمی کوردستانەوە هەیە، هەڵبەتە نەك بە عیراقیش و نەك بە وڵاتانی دیکەوە، دیارە کاتی خۆی ئەم یاسایە ساڵی 2006 بۆ ماوەی دوو ساڵ دەرچووە ماددەی 7 لە یاسایەکە دەڵێ (کار بەم یاسایە دەکرێت بۆ ماوەی دوو ساڵ لەڕۆژی بڵاوکردنەوەی لە ڕۆژنامەی فەرمیەوە، یەعنی کاتی خۆی ئەم یاسایە پێش شەش ساڵ تەنها بۆ دوو ساڵ دەرچووە، لەڕاستی دا ئێمە پێویستمان بەوەیە حکومەت بۆمان ڕوون بکاتەوە کە بۆچی کار کردن بەم یاسایە درێژ دەکرێتەوە و کە زۆر لە هاوکارانم پەرلەمانتاران باسیان کرد کە ئێمە نازانین هۆکارەکانی درێژ کردنەوەی چ ئامارێك لەبەردەستی ئێمە دایە کە بەهۆی ئەو یاسایەوە و لە ئەنجامی جێ بەجێ کردنی ئەو یاسایەو ئیجابیات و سلبیاتانەی کە لەم یاسایە کەوتووەتەوەو هۆکارەکانی درێژ کردنەوەی بە تایبەتی لەم بارودۆخەدا، ئەو بارودۆخەی کە یاسایەکەی تێدا دەرچووە جیاواز بووە لەم بارودۆخەی کە ئێستا تێیدا دەژین، سوپاس بۆ خوا لە کوردستان سەقامگیری سیاسی و ئەمنی هەیە و کەشێکی لێ بوردەیی و تەسامح وە پێکەوە ژیان لە هەرێمی کوردستان بەرقەرارە، ئێمە ڕووبەڕووی بارودۆخێکی هاوشێوەی وڵاتانی تر و تەنانەت ناوچەکانی تری عیراقیش نین کە ڕووبەڕووی تیرۆر و توندوتیژی بۆتەوە، دیارە تیرۆر و توندوتیژی و تۆقاندن کارێکی مەحکومە لەهەر لایەکەوە و لەهەر کەسێکەوە و بەرامبەر هەرکەسێك ئەنجام بدرێت هەمووومان دژینی، جگە لەوەی حوکمەکانی ئەم یاسایە بەڕاستی حوکمی قاسینە و توندن، کاك ئارام ئاماژەی بە ماددەی 4 دا لە برگە 2 باس لەوە دەکات و دەڵێت نووسراو وچاپەمەنی و کاسێتی تۆمار کراو یان هاوشێوەی یان وێنەی وای لەلا بێت و یان بە دەست بێنێت کە هاندان بە چاکبزانی یان پروپاگەندە لەخۆ بگرێت بۆ ئەنجامدانی تاوانی تیرۆرکاری بە مەبەستی دابەشکردنی یان بڵاوکردنەوەی، یەعنی ئەمە تەفسیر کردن و تەئویلاتی دەتوانرێ بەوە بکرێت کە خەڵك هەیە تەنها لەسەر یەك کاسێت یان لەسەر یەك کتێب یان لەسەر نووسراوێك گیراوە و ئەمە حوکمەکەی لە 15 ساڵ زیندانی زیاتر نیە، کە ئەمە بۆی دیاری کراوە، لەگەڵ ئەوەشدا بەڕاستی ئەم یاسایە خراپ بەکارهێنراوە بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان، چونکە خەڵك هەیە کە لەژێر سایەی ئەم یاسایەدا هێشتنەوەی خەڵك دادگایی کردن بە بێ مەحکەمە کردن و گرتن و ڕفاندن و شوێن بزر کردن لەلایەن ئاسایشی دژە تیرۆرەوە ئەنجام دراوە و بە بەڵگەشەوە ئێمە ناو و شوێن و کاتی گرتنمان داوەتە بەڕێز سەرۆکایەتی پەرلەمان و حکومەتی هەرێمیش، بەڵام بەداخەوە هەتا ئێستا وەڵامی نەبووە کە لەژێر سایەی ئەم یاسایە ئەم پێشێلکاریانە کراوە،

پێمان عەجایب نەبێ کەوا خەڵکێك گیرابێ بە مەحکەمە کردن، لە ژووری ئینفرادی دانرابێت و بە سوء ئیستفادە کردن لەم یاسایە بە بیانوی ئەوە کە ئەمە کەسێکی خەتەرە لەناو ئینفرادی هێشتراوەتەوە و بە ساڵ بە بێ مەحکەمە کردن و بە بێ دادگای کردن، کە ئەمەش بۆ بەڵگەمان لا هەیە، دیارە بێ گومان چارەسەر کردن تەنها لەڕووی ئەمنیەوە نابێت بۆ مەسەلەی تیرۆر، بێ گومان ئەگەر ئەم یاسایەش نەبێت بە تەئکید دەبێ هێزەئاسایشیەکان و هێزە ئەمنیەکان و هێزەکانی ناوخۆ بەرگری لە وڵات و لەهەر مەترسیەك بکەن کەوا لەسەر هەرێمی کوردستان بێت، دیارە ئێمە یاسای ترمان هەیە، یاسای سزادانی عیراقیمان هەیە، کە زۆر لە موعالەجاتی ئەو مەوزوعانەی هەموو کردووە، بەڵام من دووپاتی دەکەمەوەکەوا خراپ بەکارهێنانی ئەم یاسایە هۆکارێکە بۆ ئەوەی کە ئێمە پشتیوانی لەم یاسایە نەکەین و پێمانوایە خەڵکێك زوڵمی لێ کراوە و ستەمی لێ کراوە و لەچارەی ئەم یاسایەدا، لە کاتێك دا کە ماددەی 13 باس لەوە دەکات و دەڵێ ئەوەی بە پێی ئەم یاسایە تاوانبارە مافی خۆیەتی ڕەفتارێکی یاسایی و دادپەروەرانەی لەگەڵ دابکرێت لە گشت قۆناغەکانی لێکۆڵینەوە دا بە دابین کردنی پارێزەریشەوە بۆ داکۆکی لێ کردنی، نابێ شێوازی ئازادانی دەروونی و جەستەیی و یان ڕەفتاری نا مرۆڤانەی لەگەڵ دا بکرێت و پشت نابەسترێ بە دانپێدانی لێ وەرگیراو بە هەڕەشە و بە ئازاردان یان بە بەڵێن و گەف و گوڕ ئەمانە بە تەئکید ئەنجام دراوە، بۆیە من لە گەڵ ئەوەدا کە ئەم یاسایە درێژ نەکرێتەوە و کاری پێ نەکرێت و زۆر سوپاس.

**بەڕێز د. ارسلان بایز/ سەرۆکی پەرلەمان:**

کاك عمر فەرموو.

**بەڕێز عمر عبدالعزیز:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

بسم الله الرحمن الرحیم، بەڕێزان وەڵڵامن وابزانم دوا کەسم کە موداخەلەم هەیە و زۆر بە کورتی چەند خاڵێك عەرز دەکەم، ئەو قسانەی کە هاوڕێیانم مامۆستا سمیر و کاك نەریمان و زۆرێك لە براو خوشکان کردیان دووبارەی ناکەمەوە و دەست خۆشیان لێ دەکەم، هەندێ لە خاڵە ئەساسیەکانیان باس کرد، من لە قسەیەکی موشەرعەکانەوە دەست پێ دەکەم، ڕەنگە لیژنەی یاسایی و یاساناسانیش هاوڕا بن لەگەڵم کە مەقوەلەیەکە دەڵێ ڕوحی دەستوور دێباجەیە و ڕوحی یاساش هۆکانی دەرچواندنیەتی، ئەم مەقولەیە مەقوەلەیەکی زۆر مەنتقی و ڕاستە، واتە لە دێباجەی هەر دەستوورێك دا دەبێ موبەرراتی دەرکردنی ئەو دەستوورە و لە کۆتایی هەر یاسایەکیش دا هۆکانی دەرچوواندنی دیار بێت، هۆکانی دەرچوواندنی یاسای تیرۆر لە کوردستان ژمارە 3 ی ساڵی 2006 زۆر بە وازحی هۆکارەکانی باس کردووە، ئەو هۆکارانەیە

**كە ئەو براو خوشكە بەڕێزانە ئاماژەیان پێی كرد، ماددەی 17 ی یاسایەكە خۆی دەری دەخات كە یاسایەكی كاتی ........ .**

**بەڕێز د. ارسلان بایز/ سەرۆكی پەرلەمان:**

**چی بكەم مامۆستا ئێ بەخوا مەگەر یەك یەك ناو بێنم، حەز دەكەن ناو بێنم؟ ناكرێت، رجا دەكەم موراعاتی هێمنی هۆڵەكە بكەن و گوێ لە یەكتری بگرن و رجا دەكەم، كاك د.احمد فەرموو.**

**بەڕێز د.احمد وەرتی:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

**داوای لێ بوردن دەكەم لەو برایانەی گوێیان لێ نەگرت، بەڵام باسم لەوەیە ماددەی 17 ی ئەم یاسایە ئاماژە دەكات بە دوو ساڵ كە خۆی بۆ خۆی وەڵامی ئەو یان تەئكیدە لەسەر ئەو بۆچوونەی هاوڕێ بەڕێزانە كە ئاماژە بەوە دەكەن لە هەلومەرجێكی تایبەت و چارەسەری حاڵەتێكی تایبەت و بۆ ڕووبەڕووبوونەوەی ئەو مەترسیە تایبەتیانەی كە ڕوویان كردبووە عیراق بە گشتی و كوردستان بە تایبەتی بەهۆی بوونی هێزە هاوپەیمانەكان و بە هۆی بوونی خەڵكانێكی زۆر دەستە و تاقم و گروپی تیرۆرستی زۆر كە دزەشیان كردبووە كوردستان و هەندێ حاڵاتی زۆر سەیر و ناڕەحەت ڕوویان دا، لە حاڵەتی تایبەت دا و لەو كەش و هەوایە چارەسەری زۆرێك لەو شتانەی كرد، من لێرە تەئكید دەكەمەوە دەچمە خاڵی دووەم كە ئێمە لەبەردەم هەڕەشەی تیرۆر دانین ئێستا، هەڕەشەی شێواندنی تەوافوقی سیاسی لە عیراق لەبەردەم هەڕەشەی وەلاخستنی دەستوور و سفر كردنی ڕۆڵی پێكهاتەی كوردین یان كوردستانین لە عیراق، ئەمە هەڕەشەی ئەمڕۆی ئێمەیە كە زۆر دوورە لە مەسەلەی تیرۆرەوە و حاڵەتێكی تری سیاسی لە كوردستان پێكهێناوە بە عەكسی ساڵانی 2006 و 2007 و پێشتر كە وەزعەكە بەرەو ئەوە دەڕۆشت كە كورد حسابێكی تایبەتی بۆ بكرێت و كوردستان حسابێكی تایبەتی بۆ بكرێت، خاڵی سێیەمم ئەوەیە كە عەرزی بكەم، ئێمە لەسەردەمی تەقیمی دەزگاكانی ئاسایش و هێزەكانی ئاسایش دانین، ئەوەی كە مونسیفانە ئاسایشی ناوخۆ هەڵدەسەنگێنێت نابێ بە كارو كاردانەوە قسە لەسەر ئەم دەزگایە بكات، نابێ لەبەرئەوەی سەر بە لایەنێكم جۆرێك تەفسیری وێنایەك یان گۆشەنیگایەك بخەمە روو، یەكسەر بەرامبەرەكە وەڵامم بداتەوە لە سەدەدی موناقەشەی ئەمە یاسای دژە تیرۆرە یان نوێی بكەینەوە یان وازی لێ بێنین و كۆتایی پێ بێنین كە بۆ دوو ساڵ دانراوە، ئەگەر بێینە سەر تەقیم، هەموو ئەو قسانە هەر دوو دیوەكەی ڕاستن، لە كوردستان دا ئەمنیەت و ئاسایش بەرقەرارە و بە توانای هێزەكانی ئاسایشی ناوخۆ بە وەعی وەكو سۆزان خان باسی جەماوەری كوردستان بە سەلامەتی مەساری سیاسی هێزە سیاسیەكانی كوردستان بە گۆڕانكاریەك كە لە وەزعی سیاسی كوردستان بە عام**

دروست بووه، هەمووی پێکەوە یەك مەنزومەیە وای کردووە ئەم ئەمنیەت و ئاسایشە بەرقەرار بێ، لەبەرئەوە ئەگەر باس بێتە سەر ئەوە کەس ڕۆڵی هێزەکانی ئاسایشی ناوخۆ نادیدە نابینێ، بەڵام خوشك و برایانی بەڕێز هەر لەلایەن دەزگاکانی ئاسایشەوە من ناشڵێم دەزگا، دەڵێم لەلایەن تاك تاکی ئەو بەڕێزانە کە لەو دەزگایانە ئیش دەکەن، باس لەسەر ئەدائە باس لەسەر چۆنیەتی جێ بەجێ کردنی یاسایە، لە ماددەی 3 ی ئەم یاسایە خۆی ئاماژەی بە بەعزێ شت کردووە کە دەچێتە خانەی کاری تیرۆر و تۆقاندن و سزای 15 ساڵی لەسەرە، هەر ئەمە خۆی مومارەسە کراوە، ئەمە ئیدعا نیە، ئەمە تۆمەتبار کردنی هیچ دەزگایەك نیە و وەکو دەزگا، بەڵام لە حەقیقەت دا لێدان و جوێندان و ئیهانە کردن و ئیرهابی فکری تەحریزی مونەزەم، دەتوانم تا حەدی ئەوە بڵێم کە هەموو جۆرەکانی کە لە ماددەی 3 باسکراوە لەلایەن تاکێك لە هێزەکانی ئاسایشەوە لەم کوردستانە جێ بەجێ کراوە، ئەمە لە ئیفادەی ئەو بەڕێزانە کە بەدەربوون بە دەیان کەس گیراون و بەربوون لەبەردەمی حاکمە بەڕێزەکان دا هەیە، سەد خۆزگە کە لێرە دەزگا و بەرپرسانی ئەم لایەنە لێرە بوونایە و وەڵامیان بدایەتەوە، ئایا چەند حاڵەتی ئیرهاب لە کوردستان مواجەهە کراوە، چەند گروپی تیرۆرستی بەم یاسایە، ئەم یاسایە یەکێك لە هۆکارەکانی بەرقرار بوونی ئەم ئارامی و ئاشتیەی لە کوردستان هەیە، نەك تەنها ئیشی ئەوە بووبێ لە خیلالی ئەم 4،5 ساڵەی کە ئەم یاسایە دەرکراوە، لەبەرئەوە بەقەدەر ئەوەی کە لەوەش دا ڕۆڵی بووبێ کە من گومان دەخەمە سەر ئەوە، چونکە داتام لەبەردەست نیە، یان عەلەل ئەقەل با بڵێم زانیاریم لەسەری نیە، بەڵام دەیان حاڵەتی تری بەکارهێنانی خراپی ئەم یاسایەش لە دامودەزگاکان دا و لەلایەن کەسانێکەوە کە پشت بەم یاسایە دەبەستن جێ بەجێ کراوە، ئەگەر باوەڕ بە بەندە ناکەن، لە ڕاپۆرتی بەڕێز سەرۆکایەتی هەرێم کە دیاری کرا بۆ بەدواداچوونی ئەو دوو کێشەیەی کە لە سلێمانی و لە شوباتی پار و لە دهۆك ڕوویاندا، لە ڕاپۆرتی لیژنەکانی ناوخۆی پەرلەمان و لیژنە تایبەتەکانی پەرلەمان بەدواداچوون، ئەم حاڵەتانەی کە لێرە بە تیرۆر و بە تۆقاندن و ترساندن تۆمار کراون، تۆمار کراوە لە ڕاپۆرتەکانیان و ئیقراریان کردووە، کەواتە باس لە جێ بەجێ کردنی یاسا و باس لە جەدوای ئەم یاسایە بووە کە ئەم کەش و هەواو وەزعە سیاسیەی ئێستایە، نە باس لەوە بێت کەسێك یان جیهەتێك یان چەند کەسێك لەگەڵ مانەوەی ئەوە بن کە ئێمە هیچمان نەبێ بۆ دژایەتی تیرۆر یان بمانبێ، من خۆم لەگەڵ ئەوەم یاسایەکی تازە و لە وەزعێکی تازە بخوایە بە ساڵی 2012 و 2013 نەك 2006، قەی چی ئەکا با دەرکەین، باس لە درێژکردنەوەی یاسا، جا موشەرعی کوردستان ئەگەر دەیزانی ئەم دیاردەیە دیاردەیەکی درێژ خایەنە لە کوردستان بۆچی دەڵێ بۆ ماوەی دوو ساڵ لەماددەی 17 ی یاسایەکە دەڵێ بۆ ماوەی دووساڵ با ئەم یاسایە هەبێ لە کوردستان، عەیبە بۆ موشەرعی کوردستان هەردووساڵ جارێك ئەویش بووە بە

کایەی مەسەلەی کرێی خانوو هەر درێـژی دەکەینـەوە، بۆیـە سـەرەتایەکی سـابتمان نیـە ئەگـەر دیاردەکە فعلەن دیاردەیەکی درێژ خایەنە لە کوردستان، من دڵنیتان دەکەمەوە بـەڕێزان سـەدان حاڵەتی گیرانی نایاسایی، ئازاردان و ئەزیەت دان بە هەموو ئەو جۆرانـەی لـە ماددەی 3 ی ئـەم یاسایە باسکراوە و بە ئیفادە و بە تۆمارکراوی لـە دادگاکـان دا هەیـە و سـەدان کـەس بـە یاسـای ئیرهـاب گـیراون و بـە داوای لێ بـوردن نەکردنیشـەوە ئـازاد کـراون و نـاو و تۆماریـان هەیـە لـە دادگاکان و لەلای خودی بەڕێزان دەزگاکانی ئاسایش، لەبەرئەوە قودسیەت بـە تاکـە تاکـە و بـەو کەسانە نەدەین کە یاسا جێ بەجێ دەکەن، قودسیەت ئەگەر هەبێت، پیرۆزی و سەروەری ئەگەر هەبێ بۆ دەزگا و موئەسەسە و ئەو سیستمە عامەیـە کـە لـەم وڵاتـە ئیـدارە ئـیش دەکـات، ئێمـە ئەوەنـدە بـە چـاوی نەزاهـەت سـەیری تاکـەکان نەکـەین و ئێمـە بەچـاوی خۆمانـەوە چـەندەها گرتـەی ڤیـدیۆیی هەیـە کـە مومارەسـەی زۆر ناشـیرینی بـەعزێ لـە یاسـا دەکـەن کـە چـەکی بـە شانەوەیە و ناوی ئاسایشە و ناوی دژە تیرۆرە و نازانم ناوی هەرچی لێ ئەنێی، خۆمان دەیبیـنین ئیتر تۆ بێی ئینکاری بکەی و بڵێی وەکو قورئان ئەمە پیرۆزە و جێ بەجێ کەرەکانیشی سەحابە و پێغمبەرن، وانیە یاسامان هەیە زۆر جوانە، بـەڵام خـراپ جـێ بـەجێ دەکرێـت، ڕەنگـە قسـەی هاوەڵانم کورت کردبێتەوە من حەز ناکەم لەمە زیاتر درێـژی بکەمـەوە، مـن لەگـەڵ ئـەوە نـیم ئەم یاسایە درێژ بکرێتەوە، چونکە هەلومـەرجی بەسـەر چـووە و ئەگـەر موشـەرعی کوردسـتان هەست دەکات فعلەن کوردستان لەبەردەم هەڕەشەیەکی ئیرهابی فیعلی دایە پێویستە یاسایەکی نوێ بخوا بەم کەش و هەوایەی ئەمڕۆی ساڵی 2012 بەرەودوام، یاسایەکی وا دەرکات، سوپاس.

**بەڕێز د. ارسلان بایز/ سەرۆکی پەرلەمان:**

کاك عدنان فەرمووو.

**بەڕێز عدنان عثمان محمد:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

من هەوڵ دەدەم زۆر بـە کـورتی قسـە بکـەم، وەك بـەڵێنم دابـوو، بـەڵام شـتێك زیـاد دەکـەم، لـە ڕاستی دا وەعـدی خـۆم جـێ بـەجێ دەکـەم، بـەڵام تـۆش، دیـارە هـەموومان شـانازی بـەم وەزعـە دەکـەین بەشـێك لـەو شـتانە لـەبری ئەمـە دەتـەوێت کـە هاوڕێیـانی ئێمـە ئـەو فەترانـەی کـە بەرپرسـی دەزگـا ئەمنیـەکان و نـاوخۆ بـووین لـەو ناوچـانە بەشـێك لـە هـەرێم دا لـە ڕاسـتی دا کەمترین کاری تیرۆرستی لەو ناوچانە کرا، بۆیە شانازیەکە تەنها بەر لایەنێك ناکەوێ، زۆربەی لایەنەکانی کوردستان دەگرێتەوە و بە تایبەتی ئەمەش، من دەمەوێ قسە لەسەر ئەوە بکـەم بـە تایبەتی بۆ قسەکەی مامۆسـتا عمـر کـە نوقتەیـەکی زۆر گرنگـی ئیسـارە دا کـە مـەوزوعی کـاتی بوونی یاسایەکەیە، یـەعنی موشـەرعی کـورد ئـەو کاتـە بـۆ دیاردەیـەك خۆتـان دەزانـن یاسـا بـۆ دیاردەیەك و حاڵەتێك دەردەکرێت، دیاردەیـەك یـان حاڵـەتێك هـەبووە یـان تـرس لـە حاڵـەتێك

هەبووە یاسایەکی کاتی دەرکراوە بۆ کاتێکی دیاری کراو ئەو کاتە دیاری کراوە بۆ موراجەعە کردنە، موراجەعە کردنەکە پێویستمان بەم یاسایە هەیە یان نا؟ ئێستا هەموومان قسەمان لەسەر چەند خاڵێك کرد کە هەمووی باس لە سەقامگیری و وەزعی ئەمنی و خۆشبەختانە با بڵێین ئیستقرار هەیە، من پێموایە بەو حوکمەی کە ئێستا وەکو دیاردە تیرۆر لە وەکو دیاردە نەماوە، بۆ ئەوەی بتوانین بە وردی لەڕوی یاساییەوە تەعبیر لەم حاڵەتی ئیستقراریەی لە کوردستان هەیە بیکەین، لەڕاستی دا بەو حوکمەی کە ئێستا قسە لەسەر چاکسازی لە دەزگا ئەمنیەکان و یەکخستنەوەی با بڵێین بە نیشتمانی کردن بە تەوافوقێکی نیشتمانی و لەم مەوزوعەدا دێت، لەڕاستی دا لەبەر هۆکارێکی تر کە پێم وابێ هەم مامۆستا عمر ئاماژەی پێی دا داتایەکی ڕوونمان لەبەردەست دانیە لەم ماوەی ئەوەندە ساڵەدا ئەم یاسایە چەند سوودی هەبووە بۆ کەم کردنەوەی کاری تیرۆرستی و نەهێشتنی کاری تیرۆرستی و ئەوانە، من پێموایە لە نێوانی ئەو دوو ڕایەی کە دەڵێ درێژ بکرێتەوە و ئەو ڕایەی دەڵێت ئیلغا بکرێتەوە، ئێمە هەنگاوێکی تری یاساییمان هەیە، هەر بەو حوکمەی ئەم یاسایە کاتی خۆی بە کاتی دانراوە، پێموایە ئێستا ئێمەش دەتوانین جارێکی تر بە کاتی ئەم یاسایە تەجمید بکەین، تەجمیدی بکەین بۆ فەترەیەکی دیاری کراو یان بۆ فەترەیەکی نادیاری کراو تا ئەوەندە ئەگەر خوا نەکردە وەزعێك هاتە پێشەوەو پێویستی کرد ئەم یاسایە تەفعیل بکرێتەوە ئەوە پەرلەمانی کوردستانە و بە دانیشتنێك دەتوانین جارێکی تر ئەو یاسایە تەفعیل بکەینەوە و کاری پێ بکرێت، پێموایە لە ماوەی ئەم فەترەی تەجمیدە ئێمە بوارێکی باشمان دەبێت بۆ پیاچوونەوە بە هینەکە، من قسەکانی خۆمم لەبیرە لە دانیشتنی ڕابردوو لەسەر ئەم مەوزوعە دوو ساڵ پێش ئێستا باسی قەسوەتی کۆمەڵێ لە بڕگە و ماددەکان کرا پێموابێ هاوڕێیانم ئەمڕۆ باسی ئەوەیان کرد کە لە چەند شوێن دا کاریشی لەسەر نەکراوە، یەعنی کاری پێ نەکراوە سەرباری ئەوەی بە دەق قسە لەسەر ئەوە کراوە کە ئەم ڕەفتارانە کردەوەی تیرۆرستین، یەعنی با بڵێین حوکمی نیهائی هەتا هەتایی لەسەرە، بەهەرحاڵ ئەم فەترەیەی کە تەجمیدی دەکەین دەرفەتێك دەبێ بۆ پیاچوونەوە بە هەندێ بڕگە و ئەمانە تەعبیر لە وەزعێکی تازەی کوردستان و با بڵێین جۆرێك لەو ئاشتەوایی و ئەوانەی کە لێرە هەیە، پێموایە تەجمید کردنی ئەم یاسایە لە ئێستادا هەم تەعبیر لە ئیستقرارەکە دەکات و هەم ئەو هەدەفەش کە کاتی خۆی موشەرعی ئێمە لە پەرلەمانی کوردستان دا بڕیاریان لەسەر ئەو یاسایەدا، سوپاس.

**بەڕێز د. ارسلان بایز/ سەرۆکی پەرلەمان:**

کاك د.عمر فەرموو.

**بەڕێز د.عمر نورەدینی:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ئەمە ڕاستیەکی چەسپاو و حاشا هەڵنەگرە کە بە درێژایی مێژو ئێمە یەکێك بووین لەو نەتەوانەی لەم ناوچەیە قوربانی گەورەمان بە دەست تیرۆرەوە داوە، جا تیرۆرستان دەوڵەت بن یان ئەوەی پێی دەگوترێت ئیرهابی دەوڵەت یان ئیرهابی ڕێکخراوە تیرۆرستیەکان بووبێ، گرنگیشە ئاماژە بەو ڕاستیە بکەین کە دیاردەی تیرۆر لە پێش زاینەوە بەردەوام بووە و تا ئێستاش هەر بەردەوامە، لە چەقۆ خوارەکانی پێش زایین کە لە ناوچەی فەلەستینی ئێستا ژیاون تا خەسیوەکانی ڕوسیا و حەشاشین و ڕێگرەکانی ئەوروپا و تا بەرێکخراوی قاعیدەی ئێستا دەگات، واتە بە درێژایی مێژوو تیرۆر بەردەوام بووە لە شوێنی جیاواز لە ڕێکخراوی جیاواز و هەروەها تیرۆر لەلایەن دەوڵەتیشەوە بەرامبەر بە هاووڵاتیان و بەرامبەر بە کەمینەیەك و نەتەوەیەکی تریش پەیڕەو کراوە، هەروەها تیرۆر دیاردەیەکە کە شارستانیەت و ئایین و نەتەوە و مەزهەبەکان دەبڕێت، واتە پەیوەست نیە بە ئاینێك و بە نەتەوەیەك و بە مەزهەبێکەوە، بۆیە دیاردەیەکی جیهانیە، کەش و هەوا گۆڕاوە لە زۆر فەترەی مێژوویی دا تیرۆر وەستاوە و ئالیەتی مامەڵە کردن لەگەڵ تیرۆریش گۆڕانی بەسەرداهاتووە، بەڵام دەبینین هەر بەردەوامە، ڕاستە لەکوردستانیش زەمینەی ئێستا و زەمانی ئێستا جیاوازە لەگەڵ هی ساڵی 2006، بەڵام بەڕێزان مەترسی تیرۆر لەسەر ئاستی ناوخۆ و لەسەر ئاستی عیراق و لەسەر ئاستی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست و دنیا ماوە یان نەماوە؟ بێ گومان ماوە، نزیکترین نموونە کۆنگرەی نێودەوڵەتی بۆ دژایەتی تیرۆرە لە تورکیای دراوسێمان لە دوای 11 ی سیبتەمبەریشەوە دەیان و سەدان بڕیاری ئەنجومەنی ئاسایشی نێودەوڵەتی هەیە دەیان ڕێککەوتنامەی نێودەوڵەتی هەیە کە عیراق ئیمزای کردووە لەسەری و لە ناوەڕۆکی ئەو ڕێککەوتنامانە ئەوە دەخوێنینەوە کە لەسەر ئاستی ناوخۆ و نیشتمانی دەوڵەتەکان دەبێ پابەند بن بە ڕێکخستنی یاسایانەی دژایەتی تیرۆر لەژێر ڕۆشنایی و ناوەڕۆکی ئەو ڕێککەوتننامانەی کە عیراق وەکو ئاماژەم پێی دا یەکێکە لەو وڵاتانە، لە هەرێمی کوردستان دیاردەی بەرقەرارکردنی ئاشتی و بە تایبەتی ئەمنیەت و ئاسایش پەیوەندی بەوە هەبووە نموونەیەك مۆدێلێکی باش لە دژایەتی کردنی تیرۆر لە هەرێمی کوردستان پەیڕەو کراوە، ئەمەش پەیوەندی بەوەوە هەبووە یاسات هەیە و وەکو ئاماژەی پێدرا هێزی ئەمنی چالاکت لەم بوارەدا هەیە و هەروەها هۆشیاریەکی باشیش بۆ دژایەتی کردنی تیرۆر لەسەر ئاستی جیا جیا هەیە، قسە لەسەر ڕۆڵی دامودەزگاکانی ئەمنی و دژە تیرۆر لە هەرێمی کوردستان کرا، سەرنجمان هەیە، بەڵام بوونی ڕەئی ئەوتۆ و لێکدانەوەی ئەوتۆ کە ئەوان ڕۆڵیان هەبووە لە ئیرهاب و تیرۆر دا سنووری ئازادی ڕادەربڕین تێ دەپەڕێنێ بۆ تۆمەتبار کردنێك کە پێویستی بە سەلماندنە، ئەم یاسایەی کە لە هەرێمی کوردستان هەبووە، یاسایەکی ئیستسنائیە بۆ مامەڵەکردن لەگەڵ دیاردەیەك کە ڕەنگە لە داهاتوو دا نەمێنێ، بۆیەش لە زۆربەی زۆری ئەو

**ولاتانەی کە یاسای تیرۆریان هەیە سالانە تەمدید و درێژی دەکەنەوە بە ولاتە یەکگرتووەکانی ئەمریکاشەوە، بۆ؟ بۆ ئەوەی کە ڕەنگە لە داهاتوو دا بگاتە ئەو حالەتەی کە ئەم یاسایە بوەستێنرێ و یان هەموار بکرێتەوە، یان هەتا ئەگەر جۆرێك لە دلنیایی تەواوەتی هەبوو ئیلغاش بکرێتەوە، قسە کردن لەسەر ئەوەی کە یاسایەکە بە باشی جێ بەجێ بکرێت پاساو نیە بۆ ئەوەی بلێین یاسایەکەمان نەبێت، ئەگەر دەشمانەوێ لەسەر ناوەڕۆکی یاسایەکە سەرنجمان هەیە و مولاحەزەمان هەیە فەرمووون با پڕۆژە پێشکەش بکەین لە داهاتوو دا هەولْ بدەین هەمواری بکەینەوە، لەو چوار چێوەیەدا من پێم وایە مەترسی تیرۆر لەسەر ئاستی عیراق و لەسەر ئاستی کوردستان ماوە، بۆیە پێویستمان بەوە هەیە کە ئێمە یاسایەکمان هەبێ، ئەگەر سەرنجیشمان هەبێ لە داهاتوو دا با تەعدیلی بکەین، بەلام لەگەلْ ئەوەم کە وەکو چۆن لە پرۆژەکەی حکومەت داهاتووە بۆ دووسالی تر درێژ بکرێتەوە و پشتیوانی لە ڕەئی و پێشنیارەکەی هەردوو لیژنەی هاوبەش دەکەم و زۆر سوپاس.**

**بەڕێز د. ارسلان بایز/ سەرۆکی پەرلەمان:**

**کاك فاضل فەرمووو.**

**بەڕێز فاضل بەشارەتی:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

**بەڕاستی ئەمە پێموایە یاسایەکە ئەگەر ئاوڕێك لە ڕابردوو و لە مێژوو بدرێتەوە لەو کاتەوەی کە عیراق دەولەتە هەتا ئەمڕۆ ئەوەندەی کاری تیرۆر تیایدا گەشەی کردووە، ئەوەندە دیموکراتیەت گەشەی بکردایە تیایدا و ئەمنیەت و ئاسایش بەرقەرار بووایە لەم ولاتە ئێمە ئێستا پێویستمان بەم یاسایە نەدەما، بەلام من نەدەچمە سەر قسەی هیچ کام لە هاوەلانم و نە وەلامی هیچ کەسیش دەدەمەوە، بەلام ئەوەی کە دەبینرێ هەتا ئێستاش بە بەردەوام لە کوردستان کاری تیرۆرستی ئەنجام دەدرێت و خەلکی کورد تیرۆر دەکرێت، بە تایبەتی لەناوچەکانی جەلەولا و دوزخورماتو و کەرکووك و  زۆربەی ناوچەکانی تر، کە ئێمە دەلێین با ئەم یاسایە درێژ نەکرێتەوە، بەڕێزان ئەگەر ئێمە سەیری ئەوە بکەین کە ئێستا لە ناو شارەکانی کەرکووك و سلێمانی و دهۆك کاری تەخریب و تەقینەوە نیە بە حەقیقەت دەبێ بگەڕێینەوە بۆ ڕۆلی دەزگا ئەمنیەکان کە لە هەرێمی کوردستان دا چ ڕۆلێکیان بینیوە، بۆیە مەسەلەی تیرۆر لە عیراق بە گشتی و شانەی ڕێکخستنیان هەیە، سەیرە ئێمە لێرە باس لەوە بکەین و بلێین با ئەم یاسایە نەمێنێ یان ئەم یاسایە مودەکەی درێژ نەکرێتەوە، حەرەکاتێك**

کەشانەی ڕێکخستنی هەبێ و بە بەردەوام ئەم حەرەکاتە ئیدامەی هەبێ و خەڵکی کورد تیرۆر بکرێت، چۆن دەبێ بڵێین با ئەم یاسایە نەمێنێ؟ لەبەئەوەی زوڵم لە خۆمان دەکەین، چونکە بە بەردەوام کاری تیرۆرستی لە وڵاتی ئێمە ئەنجام دەدرێت، چونکە ئێمە تا ئێستاکێ ڕاستە بە دەورو بە کاریگەریەت و بە چاوەیی دەزگا ئەمنیەکان لە هەرێمی کوردستان ئێستاکێ ئێمە زۆر بە بێ خەم دێین و دەچین لە شارەکانی خۆماندا لەسەرتاسەری ئەم هەرێمەی کە ئێستاکێ لە پێشمانەوەیە، جگە لەو ناوچە دابڕاوانەی کە تا ئێستا ڕۆژانە خەڵکی کوردی تێدا تیرۆر دەکرێت، بەڵام بەڕاستیەکەی لەسەرتاسەری عیراق دا ڕۆژانە چونکە ئێمە جیا نەکراوینەتەوە لە عیراق دا تاوەکو ئێستاکێ ئێمە وەکو هەرێمی کوردستان پەیوەستین بە عیراقەوە هەتاوەکو ئەو کاتەی بە بڕوای من بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان هەتا ئەو کاتەی کە هەرێمی کوردستان پەیوەست بێ بە عیراقەوە، ئێمە پێویستمان نەك بە درێژ کردنەوە، پێویستمان بە دەوڵەمەند کردنی ئەم یاسایە هەیە، من هیواخوازم ئەگەر ئەم یاسایە لە پاش دەنگدان پێی و درێژ کرایەوە داوای دوو جۆر ڕاپۆرت لە دەزگا ئەمنیەکانی هەرێمی کوردستان بکەین، یەکێکیان ئەو ڕاپۆرتەی کەوا چ دەورێك بینراوە بۆ بەرقەرار کردنی ئەم ئەمنیەتەی کە ئەمرۆ لە کوردستان هەیە؟، ڕاپۆرتێك ئەو خەتەریاتانەی کە لەمەوپاش کەلە هەرێمی کوردستان دا دەبێ، چونکە تاوەکو ئێستا زۆربەی و هەندێ لە وڵاتەکانی دەوروبەری هەرێمی کوردستان بووە بە گۆمی خوێن و ئێمە لێرە وابزانین وڵاتی ئێمە بووە بە شامی شەریف و هیچ جۆرە خەتەریاتێکمان لەسەر نەماوە و ئەم یاسایە نەمێنێ، بۆیە من پێشنیار دەکەم لە ئایندە هەم تەقریری دەزگا ئەمنیەکانی هەرێمی کوردستان وەربگرین و هەم ئەم یاسایە دەوڵەمەند بکەین بۆ زیاتر بەرقەرار کردنی ئەمنیەت لە هەرێمی کوردستان، چونکە ئەو ئەمنیەیەتەی کە ئەمرۆ لە هەرێمی کوردستان هەیە، ئێمە دەبێ سەیر بکەین و بزانین کاری تیرۆرستی لە بەینی ئێمە و کاری تیرۆرستی دا ڕۆژانە دەکرێت چیمان بەینە، یەعنی فاسڵەکەمان چەندە؟ ئەگەر ئەم دەزگایە یان ئەم یاسایە نەمێنێ کێ خۆی بە بەرپرس دەزانێ کە ئەو کاری تەقینەوە لە کەرکووك و لە جەلەولا نەیەتە خانەقینەوە و لە کەرکووك نەیەتە هەولێر و لە موسڵیشەوە نەچێتە دهۆك، لەبەرئەوەی لەم ناوچانە بە بەردەوام کاری تیرۆرستی دەکرێت و خەڵکی کوردیشی تێدا تیرۆر دەکرێت، بۆیە من داواکارم ئەم یاسایە درێژبکرێتەوە و لە ئاییندەش دەوڵەمەند بکرێ و، زۆر سوپاس.

**بەڕێز د. ارسلان بایز/ سەرۆکی پەرلەمان:**

کاك اسماعیل فەرموو.

**بەڕێز اسماعیل سعید گەلاڵی:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

بەڕێزان پەرلەمانتارانی بەڕێز، ئێمە باسی یاسایەك دەكەین كە بەڕاستی هەستیارە و پەیوەندی بە سەرمایەی ماددی و مەعنەوی و ژیانی هاوولاتیانەوە هەیە، بۆیە خۆ دوورخستن و خۆكەناكردن لەگەڵ هەر تەعامولێكی سیاسی لەگەڵ ئەم یاسایە ئەركی ئێمەیە، ئەم یاسایە لەڕاستی دا پێش دەرچوونی ئەم یاسایەش ئەگەر موبەریرمان ئەوە بێ لە سایەی ئەم یاسایەوە مافی مرۆڤ پێشێل كراوە، بە قەناعەتی من پێش دروست بوونی ئەم یاسایەش مافی مرۆڤ پێشێڵ كراوە و ئێستاش و لە ئاییندەش دا، چونكە ئەوە كلتوری سیاسی ئێمەیە، ئەوە هێواش هێواش بنبڕ دەبێت بەڕاستی، نە بە ئیلغا كردنەوەی ئەم یاسایە و مافی مرۆڤ چارەسەر دەكرێت، نە بە تەمدیدی، جانبێكی تری ئەم یاسایە ئایا ڕەدع بووە، ئایا لەمپەر بووە لەبەردەم كاری تیرۆرستی؟ ئەوە پرسیارەكەیە، ئایا بەڕاستی بە واقعی لە خۆمان بپرسین ماكەكانی تیرۆر ئێستا لە كوردستان دا وجودی هەیە یان سست بووەیان كەم بووە یان لەبەین چووە؟ ماكەكانی تیرۆر لەسەر ئاستی جیهانی زەعیف بووە یان وجودی هەیە یان بەڕاستی هەڕەشەن؟ باشە لە حاڵەتێك دا ئەگەر ئەم یاسایە ئیلغا بكەینەوە سوودەكانی چیە؟ ئەگەر بمێنێتەوە سوودەكانی چیە؟ من بۆ خۆم هەر وەختێك ئەم یاسایە دەبینم تەمدید دەكرێتەوە و جاری پێشوو و لە پێشو تریش دا بەڕاستی هەست دەكەم ئیعلانی حاڵەتێكی تەوارییە، هەست دەكەی حاڵەتێكی تەواری هەیە ئەمە خۆی لە ڕاستی دا مەسجێكی خراپە، ئەمە پەیامێكی خراپە بۆ ئەم حكومەتەی ئێمە، ئێمەش شەش ساڵ تێ دەپەڕێنین بەسەر ئەم یاسایە، شەش ساڵ لەم سەدەیە یەعنی شەست ساڵ، ئەم سەدەیە لەگەڵ سەدەكانی ڕابردوو زۆری فەرقە، گەشەكردنی كۆمەڵایەتی یەعنی شەش ساڵ پێش ئێستا وەرە هەولێر موقارەنە بكە لەگەڵ ئێستادا، شەش ساڵ پێش ئێستا خۆمان موقارەنە بكەین، بیركردنەوەمان موقارەنە بكەین، ژیانی كۆمەڵایەتیمان موقارەنە بكەین، ژیانی ئابووریمان موقارەنە بكەین، ئێجگار گەشەكردنیكی زۆر زۆرە، ڕاستە تیرۆر ئێستا لەسەر ئاستی دنیا بەڕاستی جەبهەی تیرۆر شكستی خواردووە، تیرۆر یەعنی هەویەیەكی ئەوەندە مەنبوزە، هەویەیەكی زۆر دیارە، هەتا پێویستی بە یاسا نیە، یەعنی بووەتە زاهیرەیەك شوناسەكەی زۆر زۆر دیارە پێویستی بە یاسا نیە ئەسڵەن، زۆر ناشیرینە، لەبەرئەوە بە قەناعەتی من ئەم یاسایە هەبێ یان نەبێ، ئێمە دامودەزگای دیكەمان هەیە و كە زۆر ڕاستەوخۆ دژایەتی ئەم زاهیرەیە دەكات، بۆیە بە قەناعەتی من نەمانەوەی، چونكە ئەگەر مانەوەی فەراغی یاساییمان بۆ دروست دەكات یان ناكات، من پێموایە نەمانەوەی ئەم یاسایە مەسجێكی باش و لەڕووی مەعنەویەوە كەسایەتیەكی باش بۆ حكومەتی هەرێم دروست دەكات و بەڕەئی من دوور لە هەر مەسائیلێكی سیاسی نەمانەوەی ئەم یاسایە بە سوودمەند دەزانم بۆ كۆمەڵگاكەمان و بۆ هەرێمی كوردستان و سوپاس.

**بەڕێز د. ارسلان بایز/ سەرۆكی پەرلەمان:**

ئاشتی خان له وەقتی زائیع به موختەسەری قسه بکه، فەرموو.

**بەڕێز ئاشتی عزیز:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

سوپاس بۆ ئەو دەرفەتە، لەڕاستی دا زۆر قسه کرا لەسەر ئەم یاسایە، بەلأم ئەوەی کە لەناو هەناوی یاسایەکە خۆی دا هەیە، له تەفاسیلی دا چەند خالێکی هەیە کە خۆی ئیشارەت بەوە دەکات هەندێ لە خالەکان باسکرا یەکێکی تر لە خالەکان کە بەلای منەوە جێگەی منەوە ئەوەیە له ئەسبابی موجبەکە ئیشارەت دەکات کە وەزعێکی نا تەبیعی بەسەر کوردستان دا هاتووە، هۆکار بووە کە ئەم یاسایە دەرچووە و لەگەڵ ئاماژە کردنیشی کە ئەگەری هەیە ئەم وەزعە لە کوردستان دا بەردەوام بێت، من دەمەوێ تیشك بخەمە سەر مەسەلەیەك کە داواکردن بۆ ئیلغا کردنەوەی ئەم یاسایە مانای ئەوە نیە یەکێکی وەکو من وەکو ئەندام پەرلەمانێك داوای فەوزا بکەم بۆ هەرێمی کوردستان، بڕوام نیە ئەوانەی پێش منیش کە ئەم قسەیان کردبێت یان ئێمە دوو حالەتمان لەبەردەمە یان دەبێ یاسایەکی وەکو ئەمە کە بە بڕوای من یاسایەکی مەدەنی نیە و یاسایەکی زۆر توندوتیژە، حەملەیەکی زۆر هەیە لەناو کوردستان دا لەڕێگەی ئەو ووڕکشۆپ و دانیشتنانەی کە دەکرێت هەولی ئەوە دەدرێت ئەو سزایانەی لە هەرێمی کوردستان دا بەرەو سزایەکی کاڵ بووەوە و جۆرێك لە پرەنسیپی مافی مرۆڤ ڕەچاو بکرێت تیایدا، بەلأم ئەمە مەسەلەی تۆقاندن و ئیعدام کردن وعقوبەکانیش زۆر زۆر قورسە تیایدانراوە، بۆیە لەگەڵ ئەو چەمکانەی بەڕاستی کەهەرێمی کوردستان ئیشی بۆ دەکات بۆ نەهێشتنی وەکو لەڕووی مافی مرۆڤەوە و لەسێدارە دان و کۆمەلێك پرەنسیپی تر کە هاوشێوە بێ لەگەڵ ڕێککەوتننامە نێودەوڵەتیەکان، بە بڕوای من ئەمە یەك ناگرێتەوە، خالێکی تر من بڕوام وایە ئەم یاسایە خۆی بۆ خۆی هەڕەشەیە بۆ هەرێمی کوردستان، بە جیاواز لەگەڵ کۆمەلێك بۆچوونی تر، چونکە ئەمە بەڕاستی عونف دروست دەکات ئەم یاسایە، چونکە ئێمە نازانین یەعنی تاکەی ئێمە بەشێوەیەك بە گریمانە و بە ترس لە ئایدۆلۆژیایەك و لە کەمینەیەك و لە تەیارێك ئێمە ترسی ئەوەمان هەبێ یاسای ڕەق دروست بکەین و وشەی ڕەق بەکاربهێنین وابزانێ موشەرع و وابزانێ دادوەر بەم ڕێگایە دەتوانێ هەرێمی کوردستان رزگار بکات یان بیپارێزێ، لام وایە ئەم یاسایە خۆی هۆکارێکی گەورەیە بۆ ئەوەی توندوتیژی دروست بکات لەگەڵ مواکەبەکردنی گۆڕانکاریەکان و ئەو نیەتەی ئێمە بۆ مەدەنی کردنی ناڕوات بۆیە داوای ئەوە دەکەم کە ئەم یاسایە ئیلغا بکرێت لە ئێستادا، وە ئاماژەیەکی تریش ئەم یاسایە بیرمان نەچێت بەتەنها بۆ هەرێمی کوردستانە، یەعنی لێرە جێبەجێ دەکرێت لەناوچەکانی تر کار بەم یاسایە ناکرێت، سوپاس.

**بەڕێز د. ارسلان بایز/ سەرۆکی پەرلەمان:**

لیژنەی ناوخۆ، فەرموون.

**بەڕێز اسماعیل محمود عبدالله:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ئەم یاسایە وەك زۆر لەبراو خوشکانی پەرلەمانتار باسیان کرد، یاسایەکی کاتییە، حکومەت داوا دەکات کە بۆ دوو ساڵ درێژ بکرێتەوە، دیارە حکومەت موبەڕیڕی هەیە کەداوای درێژکردنەوەی دەکات، هەموومان دەزانین تیرۆر دیاردەیەکی جیهانیە، ئێمەش لەو جیهانە بەدەر نین، ئێمە لەبەر ئەوەی ئەو مەسەلەیە لە 100٪ مەسەلەیەکی ئەمنیە، لیژنەی ناوخۆ پێشتیریش بەدواداچوونمان کردووە، لەهەولێر،لە سلێمانی، ئەمڕۆش دوای جەلسە پەیوەندیم بە دەستە ئەمنیەکانی هەرێمی کوردستانەوە کرد، ئەوان پێیان وایە تا ئێستاش هەڕەشەی تیرۆر لەهەرێمی کوردستان هەیە، بەردەوامە لەدوولاوە تەهدید دەکرێین هەم لەسنوورەکان، هەم لەناوەوەی کوردستان، تەبعەن ئەوە ناکرێت برادەرانی ئەمنیش ئێستا لێرە بن، ڕەنگە لەبەر ئەوەی کە مەسەلەیەکی ئەمنی لە 100٪ خۆیان باسی هەموو شتەکان ناکەن لێرەدا، چونکە پلان هەیە بەماوەی دوو ساڵ، سێ ساڵ پلانی بۆ دادەندرێت تابتوانن کارە تیرۆرستیەکە ئەنجام بدەن، نموونە سلێمانی، لەوێ ئێمە وەکو لیژنەی ناوخۆ بەدواداچوونمان کرد، شەش مانگ ئەو وەکرە تیرۆرستیانە لەسلێمانی هەبوون و شوێنیان هەبوو ،خانوویان گرتبوو تاتوانیان ئەو چالاکیەیان ئەنجامدا، دوای شەش مانگ، ساڵی پار بوو، نزیکەی دوو هەفتە بەر لەئێستا بینیتان لە قەڵادزە داخڵ بوون گروپی ئەنصار اسلام، بەڵام بەهۆی تواناو شارەزایی ئاسایش وجەماوەری کوردستان توانرا بەرگریان لێ بکرێت ونەیەڵن داخڵ ببن، تا ئێستاش بەرنامە هەیە ، وردە وردە پلان هەیە، وەکرەی تیرۆر هەیە، بەڵام ناکرێت هەندێ شت هەیە باس بکرێت، ئەگەرنا دوای ئەو پەیوەندییەی من کە بە وەزیری ناوخۆ و برادەرانی بەرپرسی ئەمنیەوە کردم دەڵێن تەنانەت لەدهۆکیش هەیە، لەسلێمانیش هەیە، بەڵام ئەوە ناکرێت ئێستا بەرپرسی ئەمنی بێت لێرە وەکرەکانتان بۆ باس بکات، بەس وەك هەڕەشە، هەڕەشە هەیە، لەبەر ئەوە ئەو یاسایە گرنگە وپێم وایە بوونی ئەو یاسایە توانیویەتی دەستی زۆر خەڵك ببڕێت لەوەی کەهاوکاری تیرۆر بکات لەهەرێمی کوردستان، بۆیە ئێمە وەکو لیژنەی ناوخۆ داواکارین بۆ دوو ساڵ درێژ بکرێتەوە، زۆر سوپاس.

**بەڕێز د. ارسلان بایز/ سەرۆکی پەرلەمان:**

لیژنەی یاسایی فەرموون.

**بەڕێز عونی کمال بەزاز:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

گفتوگۆیەکی تیروتەسەل کرا لەسەر بڕگەی چوارەمی بەرنامەی کاری ئەمڕۆ...

**بەڕێز د. ارسلان بایز/ سەرۆکی پەرلەمان:**

کاك نەریمان ئەمڕۆ هەمووتان بەدڵی خۆتان قسەتان کرد ئێستا ئەو نوقتەی نیزامە چیە؟، کە دەیگریت، باشە فەرموو.

**بەڕێز نەریمان عبدالله قادر:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ئەو قسانەی بەڕێز کاك اسماعیل کردی، ئەوە قسەی شەخصی خۆیەتی، هی لیژنەکە نیە،لە لیژنەکەش ڕاپۆرتی وەها نیە، بۆیە ئەوە ڕەئی تایبەتی خۆیەتی، من ئەگەر قسە بکەم لەسەر ئەو حاڵەتانە زۆر شت هەیە کە لێرە بیخەمە بەردەم پەرلەمانتاران کەئەوەی ئەو دەیڵێت هەر وانیە، چونکە ئاسایشی سلێمانی خۆی دای بەئیعلامیش کە چ غەدرێك کراوە لەو کەیسەدا، کە ئێستاش ئەو کەیسە لەبەردەستماندایە بە واژووی چەند کەس لەلیژنەکەمان، بۆیە بەڕاستی بەو شێوە نیە کە کاك اسماعیل باسی کرد، سوپاس.

**بەڕێز د. ارسلان بایز/ سەرۆکی پەرلەمان:**

کاك اسماعیل وەڵامدانەوەم ناویَ،ڕوونکردنەوەت هەیە؟، فەرموو.

**بەڕێز اسماعیل محمود عبدالله:**

**بڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ئەو دەڵێت ڕەئی خۆیەتی من لێرە تەنها کاك نەریمان و کاك شێرزاد تەحەفوزیان نووسیوە، هەموو لیژنەکە ڕازین لەسەر درێژکردنەوەکەو پشتیوانی لەپڕۆژەکە دەکەن، من بۆ ڕەئی خۆمە، ڕەئی هەموومانە، سوپاس.

**بەڕێز د. ارسلان بایز/ سەرۆکی پەرلەمان:**

فەرموو لیژنەی یاسایی دوا صیاغەتان.

**بەڕێز عونی کمال بەزاز:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

گفتوگۆیەکی تێروتەسەل کرا لەسەر بڕگەی چوارەمی بەرنامەی کاری ئەمڕۆ، پێشنیار کرا کە یاساکە ئیلغا بکرێت، پێشنیاری دووەمیش یاساکە درێژ بکرێتەوە، پێشنیاری سێیەم تەجمید بکرێت، لەبەر ئەوەی ئیلغاکردنەکە دوور ترین پێشنیارە، ...

**بەڕێز د. ارسلان بایز/ سەرۆکی پەرلەمان:**

ئەڤین خان، فەرموو.

**بەڕێز ئەڤین عمر احمد:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

من نوقتەی نیزامیەکەم لەسەر دەنگدانەکەیە، کە دەڵێت ئیلغا بخەینە دەنگدانەوە یەکەمجار، وا بزانم ئەو یاسایە خۆی هاتووە کە درێژبکرێتەوە یان نەکرێت، ئەگەر درێژکرایەوە ئەوە تەواوە و کاری پێدەکرێت، ئەگەر درێژیش نەکرێتەوە ئەوە تەحصیل حاصلە ئیلغای پێویست نیە، زۆر سوپاس.

**بەڕێز د. ارسلان بایز/ سەرۆکی پەرلەمان:**

لیژنەی یاسایی فەرموو.

**بەڕێز عونی کمال بەزاز:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

درێژکردنەوەکە صیاغەکەی بەو شێوەیەیە، کارکردن بە حوکمەکانی یاسایی بەرەنگاربوونەوەی تیرۆر ژمارە(3)ی ساڵی 2006، لە بەرواری 2012/7/16 درێژ دەکرێتەوە بۆ ماوەی دوو ساڵی تر، داوا دەکەم لەسەرۆکایەتی پەرلەمان ئەوە بخاتە دەنگدانەوە، سوپاس.

**بەڕێز د. ارسلان بایز/ سەرۆکی پەرلەمان:**

ئێستا کێ لەگەڵ ئەو صیاغەیەدایە کە کاك عونی خوێندیەوە، تکایە بادەستی بڵند بکات؟، 63 کەسی لەگەڵدایە کە درێژ بکرێتەوە، فەرموون کێی لەگەڵدا نیە؟، 31 کەسی لەگەڵدا نیە؟، کەواتە بەزۆرینەی دەنگ درێژ کرایەوە بۆ ماوەی دوو ساڵ، فەرموون بۆ بڕگەیەکی تر.

**بەڕێز عونی کمال بەزاز:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ماددەی دووەم: پێویستە لەسەر ئەنجومەنی وەزیران و لایەنە پەیوەندیدارەکان حوکمەکانی ئەم یاسایە جێبەجێ بکەن.

**بەڕێز د. ارسلان بایز/ سەرۆکی پەرلەمان:**

کێ لەگەڵ ئەم ماددەیەدایە با دەستی بڵند بکات تکایە؟، فەرموون کێی لەگەڵدا نیە، بەزۆرینەی دەنگ وەرگیرا، بۆ بڕگەیەکی تر تکایە.

**بەڕێز عونی کمال بەزاز:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ماددەی سێیەم:

ئەم یاسایە لەڕۆژی دەرچوونی کاری پێ دەکرێت و لە رۆژنامەی فەرمی(وەقائیعی کوردستان)بڵاو دەکرێتەوە.

**بەڕێز د. ارسلان بایز/ سەرۆکی پەرلەمان:**

کێ لەگەڵ ئەم ماددەیەدایە با دەستی بڵند بکات تکایە؟، فەرموون کێی لەگەڵدا نیە، بەزۆرینەی دەنگ وەرگیرا، ئێستا هەموو یاساکە بەو شێوەی کە خوێندرایەوە دەیخەینە دەنگەوە کێی لەگەڵدایە تکایە بادەستی بڵند بکات؟، فەرموون کێی لەگەڵدا نیە؟، بەزۆرینەی دەنگ یاساکە پەسەند کرا، ئومێد دەکەین ئەو یاسایە بەشێوەیەکی ئیجابی بۆ بنبڕکردنی تیرۆر لەکوردستان کاری پێ بکرێت، دەزگاکانی ئاسایش وەکو خۆی یاساکە لەچوارچێوەیەکی یاسایی لەپێناوی بەرژوەندی میللەتەکەمان یاساکە جێبەجێ بکەن، وە نەبێتە هۆی ئەوەی کە عەیبدار بکرێت، یان زەرەری بۆ میللەتەکەمان هەبێت، پیرۆزباییان لێ دەکەین و ئومێدی سەرکەوتنیان بۆ دەخوازین، ئێستا دێینە سەر بڕگەیەکی تری بەرنامەی کار، ئەویش پڕکردنەوەی لیژنە هەمیشەییەکانی پەرلەمانە، ئێستا بەڕێز (عبدالله محمد امین) لە لیژنەی نەزاهە دەستی لەکار

کێشاوەتەوە، دەیخەینە دەنگەوە، کێی لەگەڵدایە تکایە بادەستی بڵند بکات؟، فەرموون کێی لەگەڵدا نیە؟، باشە پەیمان خان، فەرموو.

**بەڕێز پەیمان عزالدین عبدالرحمن:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

پێش ئەوەی ئێمە بچینە سەر پێکهاتەی لیژنەکان حەقە سەرۆکایەتی خاڵێك ڕەچاو بکەن کە لەپەیڕەوی ناوخۆدا هەیە، ماف و واجبی هەموو ئەندامانی پەرلەمان وەکو یەك پارێزراو بێت، ناکرێت کۆمەڵێك ئەندامی پەرلەمان بەئارەزووی خۆیان دەست لەکار بکێشنەوە بۆ ئەوەی تەنها یەك لیژنە هەڵبژێرن، کۆمەڵێکی تریش دابەش بکرێن بەسەر دوو لیژنەدا، ئەگەر بڕیارە ئیشی یەك لیژنە ئەکرێت هەموو ئەندامانی پەرلەمان مەفروزە لە لیژنەیەك دەست بکێشینەوەو لە یەك لیژنە کار بکەین، بەڵام مەفروزە لە پڕکردنەوەی پێکهاتەکاندا ڕەچاوی ئەوە بکرێت، زۆر سوپاس.

**بەڕێز د. ارسلان بایز/ سەرۆکی پەرلەمان:**

پەیڕەوی ناوخۆ دەڵێت دەتوانن لە دوو لیژنە بێت، بەڵام لەدوو لیژنە زیاتر نەبێت، تۆ دەتوانی لە لیژنەیەك یان دوو لیژنە بیت، نابێت لە دوو لیژنە زیاتر بێت، ئاهەنگ خان، فەرموو.

**بەڕێز ئاهەنگ عارف رووف:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

دەکرێت لەپەیڕەوی ناوخۆ ئەندامێك 7 مانگە سوێندی یاسایی خواردووە لەهیچ لیژنەیەك نەبێت، ئەوە حاڵەتی منە، زۆر سوپاس.

**بەڕێز د. ارسلان بایز/ سەرۆکی پەرلەمان:**

من تکایەکم هەیە حەقە بۆ گۆڕینی ئەندامان بۆ لیژنەکان هاوکاری یەکتری بکەن، چونکە شتێکی ئەوتۆ نیە، باشە سیوەیل خان، فەرموو.

**بەڕێز سیوەیل عثمان احمد:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ئێمە زۆرجار بە پێی پەیڕەو ئیشمان نەکردووە، لەوانە سەرۆکایەتی پەرلەمانیش بەنیسبەت دانانی ئەندام لەلیژنەکان پێویست ناکات ئەندام ڕەئی هەبێت یان نەیبێت، دەتوانێت سەرۆکایەتی لەگەڵ سکرتێری پەرلەمان دەزانم بەپێی پەیڕەوە، دەتوانن ئەندامان تەنسیق بکەن لەگەڵ سەرۆکایەتی، نموونە من ئێستا لە یەکێك لە لیژنەکان دەستم لەکار کێشاوەتەوە ئەندامانی پەرلەمان، ئەگەر دەنگیشی بۆ نەدەن هەر ناچمەوە ئەو لیژنەیە، واتە ئیستیقالە بدەم یان نا ؟ قبوڵم نیە و ناچمەوە، سوپاس.

**بەڕێز د. ارسلان بایز/ سەرۆکی پەرلەمان:**

بەڕاستی چوونە ناو لیژنەکان بە ڕەغبەتە یان بەتەفاهومە لەگەڵ فراکسیۆنەکەی خۆی، حەقە کار ئاسانی بۆ ئەو شتە بکەن، کاک عونی فەرموو.

**بەڕێز عونی کمال بەزاز:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

بەپێی ماددەی (39) لەپەیڕەو فەقەرەی یەکەم دەڵێت(توضع هيئة الرئاسة اعضاء بين اللجان على ان تراعى قدر الامكان اختصاص عضو ورغبته وحاجة اللجان ثم يعرض الامر على البرلمان للموافقة عليه وفي حالة عدم موافقة البرلمان على لجنة مايصار على انتخابها)سوپاس.

**بەڕێز د. ارسلان بایز/ سەرۆکی پەرلەمان:**

کاک عبدالسلام فەرموو.

**بەڕێز عبدالسلام مصطفى صديق:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ڕاستە نووسراوە پێکهاتە، ڕجاتان لێ دەکەم ڕەچاوی ئەو وەزعە بکەن کە ئێمەی تێدایە، ئێمە دەبێت بودجە بۆ ئەو خەڵکە پەسەند بکەین، پێشنیار دەکەم ئەوانەی کە تا ئێستا لە هیچ لیژنەیەك نین، بەپێی پەیڕەوی ناوخۆ بیاننێرینە لیژنەکان، مەسەلەی ئاڵوگۆڕکردن زۆر داواکاری هەیە، ئێمە لیژنەیەکمان کرد، کوردستانی و گۆڕان، وابزانم 20 تا 25 کەس داوایان کردووە کەجێگاکان بگۆڕن وبچنە لیژنەکە، لیژنەکە خۆی میلاکی قەپاتە، مەسەلەی سەرۆکایەتی ماوە، من پێشنیار دەکەم تەنها ئەم خاڵە بۆ جێبەجێ کردنی یەك ئەرك بێت وەك ئاهەنگ خان باسی کرد، تا ئێستا لە هیچ لیژنەیەك نین، بچنە لیژنەیەك و ئیشەکانیان بکەن ئەوی تر با کاتێکی تر، سوپاس.

**بەڕێز د. ارسلان بایز/ سەرۆکی پەرلەمان:**

بەپێی پەیڕەوی ناوخۆ ئەوانەی کەئیستیقالە دەکەن دەبێت پەرلەمانتاران دەنگی لەسەر بدەن، هەروەها دانانی یەکێکی تر لەشوێنی ئەویش هەر دەبێت دەنگی لەسەر بدرێت، ئێستا ئێمە ناوەکان دەخوێنینەوە ئەوانەی داوای دەست لەکار کێشانەوەیان کردووە لەلیژنەکانی خۆیان بۆ ئەوەی کار ئاسانی بۆ ئیشەکەمان بکرێت و خەڵکیان لەجێگا دابنێین، ئێستا (عبدالله محمد امين) دەیەوێت لە لیژنەی نەزاهە ئیستقالە بکات، کێی لەگەڵدایە تکایە بادەستی بڵند بکات؟، فەرموون کێی لەگەڵدا نیە؟، 4 کەسی لەگەڵدا نیە بەزۆرینە دەنگ وەگیرا، (ڕازاو محمود فرج) لەکاروباری پێشمەرگەوشەهیدان و قوربانیانی جینۆساید، دەست لەکار بکێشێتەوە، کێی لەگەڵدایە بادەستی بڵند بکات تکایە؟، کێی لەگەڵدا نیە؟، بەزۆرینەی دەنگ وەرگیرا، (سیوەیل عثمان احمد) دەیەوێت لەلیژنەی کاروباری کۆمەڵایەتی و منداڵ وخێزان، دەست لەکار بکێشێتەوە، کێی لەگەڵدایە تکایە بادەستی بڵند بکات؟، فەرموون کێی لەگەڵدا نیە؟، بەزۆرینەی دەنگ پەسەند کرا، (پەیمان عبدالکريم) دەیەوێت لە لیژنەی کاروباری کۆمەڵایەتی و منداڵ و خێزان، دەست

لەکار بکێشێتەوە، کێی لەگەڵدایە تکایە بادەستی بڵند بکات؟، فەرمووون کێی لەگەڵدا نیە؟، بەزۆرینەی دەنگ پەسەند کرا، (کاردۆ محمد پیرداود) دەیەوێت لە لیژنەی دارایی وکاروباری ئابووری، دەست لەکار بکێشێتەوە کێی لەگەڵدایە تکایە بادەستی بڵند بکات؟، فەرمووون کێی لەگەڵدا نیە؟، بەزۆرینەی دەنگ پەسەند کرا، (ڕازاو محمود فرج) دەیەوێت لە لیژنەی پەیوەندییەکان و رۆشنبیری و ڕاگەیاندن و شوێنەوارەکان، دەست لەکار بکێشێتەوە کێی لەگەڵدایە تکایە بادەستی بڵند بکات؟، فەرمووون کێی لەگەڵدا نیە؟، بەزۆرینەی دەنگ پەسەند کرا، (احمد سلیمان) دەیەوێت لە لیژنەی پەیوەندییەکان و رۆشنبیری و ڕاگەیاندن و شوێنەوارەکان دەست لەکار بکێشێتەوە، کێی لەگەڵدایە تکایە بادەستی بڵند بکات؟، فەرمووون کێی لەگەڵدا نیە؟، بەزۆرینەی دەنگ پەسەند کرا،(محمد احمد علی) دەیەوێت لە لیژنەی کشتوکاڵ و ئاودێری، دەست لەکار بکێشێتەوە کێی لەگەڵدایە تکایە بادەستی بڵند بکات؟، فەرمووون کێی لەگەڵدا نیە؟، بەزۆرینەی دەنگ پەسەند کرا، (شێردڵ تحسین محمد) دەیەوێت لە لیژنەی وەرزش و لاوان، دەست لەکار بکێشێتەوە، کێی لەگەڵدایە تکایە بادەستی بڵند بکات؟، فەرمووون کێی لەگەڵدا نیە؟، زۆرینە لەگەڵ ئەوەدان کە بمێنێتەوە، بۆیە ڕەفز کرایەوە، (عظیمة نجم الدین حسن)دەیەوێت لە لیژنەی وەرزش و لاوان، دەست لەکار بکێشێتەوە، کێی لەگەڵدایە تکایە بادەستی بڵند بکات؟، فەرمووون کێی لەگەڵدا نیە؟، بەزۆرینەی دەنگ پەسەند کرا، (گوڵیزار قادر) دەیەوێت لە لیژنەی بەرگری لەمافی ئافرەت، دەست لەکار بکێشێتەوە، کێی لەگەڵدایە تکایە بادەستی بڵند بکات؟، فەرمووون کێی لەگەڵدا نیە؟، بەزۆرینەی دەنگ پەسەند کرا(صبیحە احمد)دەوێت لە لیژنەی پاراستنی مافی بەکاربەر دەست لەکار بکێشێتەوە، کێی لەگەڵدایە تکایە بادەستی بڵند بکات؟، فەرمووون کێی لەگەڵدا نیە؟، بەزۆرینەی دەنگ پەسەند کرا، (عبداللە محمد نوری) دەیەوێت لە لیژنەی پاراستنی مافی بەکاربەر دەست لەکار بکێشێتەوە کێی لەگەڵدایە تکایە بادەستی بڵند بکات؟، فەرمووون کێی لەگەڵدا نیە؟، بەزۆرینەی دەنگ پەسەند کرا،(پەیام احمد) دەیەوێت لەلیژنەی ئاوەدانکردنەوەو نیشتەجێکردن و هاوچەرخ کردنی لادێ دەست لەکار بکێشێتەوە، کێی لەگەڵدایە تکایە بادەستی بڵند بکات؟، فەرمووون کێی لەگەڵدا نیە؟، بەزۆرینەی دەنگ پەسەند کرا،(ئاسۆ کریم)دەیەوێت لە لیژنەی مافی مرۆڤ دەست لەکار بکێشێتەوە، کێی لەگەڵدایە تکایە بادەستی بڵند بکات؟، فەرمووون کێی لەگەڵدا نیە؟، بەزۆرینەی دەنگ پەسەند کرا، ئێستا بۆ پڕکردنەوەی شوێنەکان ( ئاسۆ کریم)دەوێت بچێتە لیژنەی کاروباری یاسایی، کێی لەگەڵدایە تکایە بادەستی بڵند بکات؟، فەرمووون کێی لەگەڵدا نیە؟ بەزۆرینەی دەنگ پەسەند کرا، (عمر عبدالعزیز) داوای کردووە بچێتە لیژنەی یاسایی بەس لەڕاستیدا شوێنی بەتاڵیان نیە، دەبێتە 11 ئەندام، بۆیە ناکرێت، (ڕازاو محمود فرج) دەیەوێت بچێتە لیژنەی نەزاهە، کێی لەگەڵدایە تکایە بادەستی بڵند بکات؟، فەرمووون کێی لەگەڵدا نیە؟ بەزۆرینەی دەنگ پەسەند کرا،(لیلى امیر عاض) دەیەوێت بچێتە لیژنەی نەزاهە، کێ لەگەڵدایە تکایە بادەستی بڵند بکات؟، فەرمووون، کێی لەگەڵدا نیە؟ بەزۆرینەی دەنگ پەسەند کرا،( عبداللە مەلا نوری) دەیەوێت بچێتە لیژنەی نەزاهە، کێی لەگەڵدایە تکایە بادەستی بڵند بکات؟، فەرمووون کێی لەگەڵدا نیە؟ بەزۆرینەی دەنگ پەسەند کرا،(قادر

احمد سمایل)دەیەوێت بچێتە لیژنەی کاروباری پێشمەرگە و شەهیدان و قوربانیانی جینۆساید، کێی لەگەڵدایە تکایە بادەستی بڵند بکات؟، فەرموون کێی لەگەڵدا نیە؟ بەزۆرینەی دەنگ پەسەند کرا،( فاضل حسن ) دەیەوێت بچێتە لیژنەی کاروباری پێشمەرگە و شەهیدان و قوربانیانی جینۆساید، کێی لەگەڵدایە تکایە بادەستی بڵند بکات؟، فەرموون کێی لەگەڵدا نیە؟ بەزۆرینەی دەنگ پەسەند کرا،( صبیحە احمد، قادر احمد سمایل، شێرزاد حافظ) دەیانەوێت بچینە لیژنەی کاروباری پێشمەرگە و شەهیدان و قوربانیانی جینۆساید، بەڵام جێگا نیە، داوای لێبوردن دەکەم، کاک شێرزاد فەرموو.

**بەڕێز شێرزاد عبدالحافظ شریف:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

یەکەم: من پاریش داوام کرد کەسەرۆکی پێشوو لێرە بوو بەنووسین داوام کرد کە بچمە لیژنەی پێشمەرگە، دووەم: ئێستا ئەوان 10 ئەندامن هێشتا یەکێك ماوە بچێتە ئەو لیژنەیە، سوپاس.

**بەڕێز د. ارسلان بایز/ سەرۆکی پەرلەمان:**

کاك شێرزاد بەپێی پەیڕەوی ناوخۆ ئیستیحقاقاتی لیستەکەت لەو لیژنەیە قەپات بووە، بەپێی ڕێژەیە، ئێمە ڕێژەیەکمان دەرهێناوە بۆ ئەوە جێگات نابێتەوە، کاك نەریمان فەرموو.

**بەڕێز نەریمان عبداللە قادر:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

وەکو گۆڕان ئێمە دوو کەسمان لەو لیژنەیە هەیە، حەقی سێمان هەیە، لەبەر ئەوە ئێمە ئێستا لە ناوخۆ ئێمە سێ کەسین، بۆیە حصەی یەك کەس ماوە دەکرێت کاك شێرزاد لەوێ بێت، سوپاس.

**بەڕێز د. ارسلان بایز/ سەرۆکی پەرلەمان:**

ئێوە ئیستیحقاقتان 2 پۆینت 3 یە، حەقی دوو ئەندامتان هەیە، کوێستان خان، فەرموو.

**بەڕێز کوێستان محمد عبداللە:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

من پێم وایە ئیستیحقاقمان 3 یە، بۆیە لەلیژنەی ناوخۆ، لەلیژنەی کۆمەڵی مەدەنی، لە بەرگری لەمافی ژنان، لە یاسایی سێ کەسمان هەیە، بۆیە من کە سەرۆکی فراکسیۆن بووم کاك شێرزاد داوای کرد بچێتە لیژنەی پێشمەرگە، مافی خۆیەتی کە بچێت خەڵکێك کەتازە هاتووە بچێتە ئەو لیژنەیە ئەو بێ بەش بکرێت، سوپاس.

**بەڕێز د. ارسلان بایز/ سەرۆکی پەرلەمان:**

سکرتێری پەرلەمان، کاك فرسەت دەیەوێت قسە بکات، فەرموو.

**بەڕێز فرست احمد عبدالله/سکرتێری پەرلەمان:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

دانانی ئەندامانی لیژنە بەموجبی ئیستیحقاقاتی لیستەکانە، کوردستانی ئیستیحقاقی 9 و5 لە دەی هەیە، یەعنی 7 ئەندامی هەیە، گۆڕان3 و 2 لەدەی هەیە، یەعنی دوو ئەندام، یەکگرتوو 8،5٪بۆیە یەك ئەندامی هەیە، بەگوێرەی نسبەو تەناسوبە، هەمووش بەعەمەلیەی حسابی دانراوە، تا غەڵەت قبوڵ نەکات، ئەگەر ئیستحقاقی خۆتان وەرنەگرتووە ئەوە دەتوانن لەلیژنەیەکی تر پڕی بکەنەوە.

**بەڕێز د.ارسلان بایز/ سەرۆکی پەرلەمان:**

(لیلی امیر)دەیەوێت بچێتە لیژنەی کاروباری کۆمەڵایەتی و منداڵ وخێزان، کێی لەگەڵدایە تکایە بادەستی بڵند بکات؟، فەرموون کێی لەگەڵدا نیە؟ بەزۆرینەی دەنگ پەسەند کرا، (عظیمة نجم الدین حسن)دەیەوێت بچێتە لیژنەی کاروباری کۆمەڵایەتی و منداڵ و خێزان، کێی لەگەڵدایە تکایە بادەستی بڵند بکات؟، فەرموون کێی لەگەڵدا نیە؟ بەزۆرینەی دەنگ پەسەند کرا، کاك سەروەر فەرموو.

**بەڕێز د. سەروەر عبدالرحمن عمر:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

سەبارەت بە لیژنەی پێشمەرگە، ئەگەر یەك پێداچوونەوە بکەن، چونکە ئەندامێکتان زیاد کرد، لێرەدا خۆی 11 ئەندامە ئەمە دەبێتە 12، بۆیە پێداچوونەوەیەك بکرێت، باشترە، سوپاس.

**بەڕێز د. ارسلان بایز/ سەرۆکی پەرلەمان:**

لیژنەی پێشمەرگە 10 کەس بوون یەکێك دەستی لەکار کێشاوەتەوە، بوون بە 9، بۆیە دوو کەس ئیزافە دەکرێت دەبن بە 11 کەس، (دڵشاد حسین) دەچێتە لیژنەی دارایی و کاروباری ئابووری، کێی لەگەڵدایە تکایە بادەستی بڵند بکات؟، فەرموون کێی لەگەڵدا نیە؟ بەزۆرینەی دەنگ پەسەند کرا،( نەژاد عزیز) دەیەوێت بچێتە لیژنەی پەیوەندییەکان و ڕۆشنبیری وراگەیاندن و شوێنەوارەکان، کێی لەگەڵدایە تکایە بادەستی بڵند بکات؟، فەرموون کێی لەگەڵدا نیە؟ بەزۆرینەی دەنگ پەسەند کرا،( سەروەر عبدالرحمن) دەیەوێت بچێتە لیژنەی پەیوەندییەکان و ڕۆشنبیری و ڕاگەیاندن و شوێنەوارەکان، کێی لەگەڵدایە تکایە بادەستی بڵند بکات؟، فەرموون، کێی لەگەڵدا نیە؟ بەزۆرینەی دەنگ پەسەند کرا،(کاوە محمد امین) دەیەوێت بچێتە لیژنەی کشتوکاڵ و ئاودێری، کێی لەگەڵدایە تکایە بادەستی بڵند بکات؟، فەرموون، کێی لەگەڵدا نیە؟ بەزۆرینەی دەنگ پەسەند کرا،(گۆران ئازاد)دەیەوێت بچێتە لیژنەی پیشەسازی و وزەو سەرچاوە سروشتیەکان، کێی لەگەڵدایە تکایە بادەستی بڵند بکات؟، فەرموون کێی لەگەڵدا نیە؟ بەزۆرینەی دەنگ پەسەند کرا،(عمر عبدالعزیز) دەیەوێت بچێتە لیژنەی ئەوقاف و کاروباری ئایینی، کێی لەگەڵدایە تکایە بادەستی بڵند بکات؟، فەرموون کێی لەگەڵدا نیە؟ بەزۆرینەی دەنگ پەسەند کرا،(ڕازاو محمود)

دەیەوێت بچێتە لیژنەی بەرگری لەمافی ئافرەت، کێی لەگەڵدایە تکایە بادەستی بڵند بکات؟، فەرموون کێی لەگەڵدا نیە؟ بەزۆرینەی دەنگ پەسەند کرا، ئەڤین خان، فەرموو.

**بەڕێز ئەڤین عمر احمد:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

لەسەر دەنگدانەکە قسەم هەیە، ئێمە لە لیژنەی پیشەسازی خۆمان جێگامان نیە، نازانم ئەو ئیزافەیە دەچێتە کوێ؟، سوپاس.

**بەڕێز د. ارسلان بایز/ سەرۆکی پەرلەمان:**

بۆ لیژنەی پەروەردەو فێکردنی باڵاو توێژینەوەی زانستی سێ پەرلەمانتار داوایان کردووە( شێردڵ تحسین، عمر عبدالعزیز، هاوڕاز شێخ احمد)، کە هەر سێکیان ئیستیحقاقیان نیە لەوێ، جێگاش نیە، فەرموو ماموٚستا عمر.

**بەڕێز عمر عبدالعزیز بهاء الدین:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

من ناچارم ئەمە بڵێم بەڕاستی غەدرێك کرا لەمن، لە لیژنەی یاسایی من ئەو داواکارییەم پێشکەش کرد، حەق وایە بەو تەسەلسولە زەمەنیەی کە تەقدیم کراوە حساب بکرێت، لەگەڵ ڕێزێکی زۆرم بۆ ئەو هاوکارانەم لە لیژنەی یاسایی، بۆیە شعور بە غەدرێك دەکەم، من دڵنیاشتان دەکەم لەسۆنگەی خزمەت بە لیژنەی یاسایی حەزم کرد بچمە ئەوێ، بۆ ئەوقافیش خیاری یەکەمم نیە، بۆیەداواکارم بیخەیتەوە دەنگدان من نامەوێت لە لیژنەی ئەوقاف بم، چونکە لە ئەخیر خیاردا نووسیومە، حەق بوو بە تەسەلسول خیارەکان بخوێنرانایەتەوە، ئەگەر پەروەردە نەبێت من ئەوی تر سحب دەکەمەوە، سوپاس.

**بەڕێز د. ارسلان بایز/ سەرۆکی پەرلەمان:**

ناسك خان، فەرموو.

**بەڕێز ناسك توفیق عبدالکریم:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ئێوە دەڵێن ئیستحقاقی یەکگرتوو نیە لەو لیژنەیەدا، هەر هەمان ئەو پێوەرەی کەبۆ لیژنەی یاساییە هەمان شتیش هەیە بۆ ئەوقاف، هەر ئەویش هەمان شتە دەبێت 6 کەس بۆ کوردستانی بێت و بۆچی لە یاسایی کە من ئاگادارم کەئەوە زیاتر لە ساڵێکە تەقدیمی کردووە بچێتە ئەوێ، بۆ یەکێك کەتازە کردوویەتی دەچێتە ئەوێ، بەس بۆ ئەوقاف دەڵێن هەیە، سەبەب چیە لێرەدا؟، ئێستا شاغر لە لیژنەی یاسایی پڕکرایەوە بۆ کەسێکی تر، سوپاس.

**بەڕێز د. ارسلان بایز/ سەرۆکی پەرلەمان:**

تکایە کەس لەشوێنی خۆی قسە نەکات، (نەژاد عزیز) داوای کردووە بچێتە لیژنەی کاروباری تەندروستی و ژینگە، کێی لەگەڵدایە تکایە بادەستی بڵند بکات؟، فەرموون کێی لەگەڵدا نیە؟ بەزۆرینەی دەنگ پەسەند

کرا،(پەروین عبدالرحمن) داوای کردووە بچێتە لیژنەی کاروباری تەندروستی و ژینگە، کێی لەگەڵدایە تکایە بادەستی بڵند بکات؟، فەرموون کێی لەگەڵدا نیە؟ بەزۆرینەی دەنگ پەسەند کرا،(محمد موسی) داوای کردووە بچێتە لیژنەی ئاوەدانکردنەوە و نیشتەنجێکردن وهاوچەرخ کردنی لادێ، کێی لەگەڵدایە تکایە بادەستی بڵند بکات؟، فەرموون کێی لەگەڵدا نیە؟ بەزۆرینەی دەنگ پەسەند کرا،(ئاهەنگ عارف) داوای کردووە بچێتە لیژنەی ئاوەدانکردنەوە و نیشتەنجێکردن وهاوچەرخ کردنی لادێ،، کێی لەگەڵدایە تکایە بادەستی بڵند بکات؟، فەرموون کێی لەگەڵدا نیە؟ بەتێکڕای دەنگ پەسەند کرا، لیژنەی ناوخۆ و ئاسایشی ئەنجومەنە خۆجییەکان، دوو کەس داوایان کردووە( فاضل حسن و احمد سلیمان) ئیستیحقاقیان نیەو شاغریش نیە، خۆیان 11 کەسن، لیژنەی مافی مرۆڤ مامۆستا عمر دەچیتە ئەوێ یان هاوڕاز خان یەکێکتان بچنە ئەوێ، (هاوڕاز شێخ احمد) داوای کردووە بچێتە لیژنەی مافی مرۆڤ، کێی لەگەڵدایە تکایە بادەستی بڵند بکات؟، فەرموون کێی لەگەڵدا نیە؟ بەزۆرینەی دەنگ پەسەند کرا، کاك سەرهەنگ فەرموو.

**بەڕێز سەرهەنگ فرج محمود:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

لیژنەی شارەوانی ئێمە 10 کەسین مەجالێك هەیە، ئەگەر مامۆستا عمر حەز بکات، سوپاس.

**بەڕێز د. ارسلان بایز/ سەرۆكی پەرلەمان:**

مامۆستا عمر بەس حەزی لە لیژنەی یاساییە، ئەگەر حەز بکات لەخزمەتدایە، کاك نەریمان فەرموو.

**بەڕێز نەریمان عبداللە قادر:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

لیژنەی مافی بەکاربەر ئێستا بوو بە 7 کەس، بۆیە من پێشنیار دەکەم، کە ئەگەر کەسێك دەیەوێت بابێتە ئەو لیژنەیە، سوپاس.

**بەڕێز د. ارسلان بایز/ سەرۆكی پەرلەمان:**

کاك عومەر نورەدینی، فەرموو.

**بەڕێز د. عمر حمە امین خدر:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

لەڕاستیدا ئەو بەرنامەی کە هەیە دەبێت تەواو بێت نەك لێرەدا بڵێین ئەم لیژنەیە فەراغەو کێ دەیەوێت بابچێتە ئەوێ، ئەوە پەیوەندی بەوەوە هەیە کەسێك لە فراکسیۆنێکەو ئیستیقالە لە لیژنەیەك دەکات دەبێت هەوڵ بدات شوێنەکەی پڕ بکاتەوە، بابەتەکەی تر ئەوەی کەپەیوەندی بە سەرۆکایەتیەوە هەیە گفتوگۆ هەیە و بەردەوامە تا دەگەینە لێك حاڵی بوونێکی وا کە لەئایندەدا بۆ سەرۆکایەتی لیژنەکان هەڵبژاردن بکەینەوە، یان ئەو هاوسەنگیە گۆڕانی بەسەردا بێت، سوپاس.

**بەڕێز د. ارسلان بایز/ سەرۆكی پەرلەمان:**

هاوڕاز خان، فەرموو.

**بەڕێز هاوڕاز شێخ احمد:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

من بەڕاستی وەکو لیژنەی تەندروستی لێرە دەنگە دەنگێکی زۆر هەیە، بۆیە گوێمان لەناوەکان نەبوو، بەس ئەوەی کەمن مولاحەزەم کرد تەنها یەك کەس، کە خۆمان 6 کەسین لە لیژنەکە، تەنها یەك کەسی بۆ هاتووە کاك قادر رۆشت، پەروین خان لەجیاتی هاتووە، ئێمە 6 کەسین، یەعنی بەوەی کە بۆی هاتووە بوین بە 7 کەس، ئەمە سەرۆکیشی نیە باسی هاوسەنگی دەکەین لە لیژنەکان، من پێم وایە بەو شێوەیە هاوسەنگی لە لیژنەی تەندروستی نابێت، زۆجار کێشەمان لەتەواو بوونی نیصاب و کۆمەڵێك کێشەی تر هەیە، لەڕووی ئیختیصاصیشەوە، سوپاس.

**بەڕێز د. ارسلان بایز/ سەرۆکی پەرلەمان:**

ئاخر خۆت دەزانی یەکەم: بە ڕەغبەتە، دووەمیش: بە ئیستیحقاقاتە، ئێمە ناتوانین شت ئیزافە بکەین، دوایی دەتوانین کەشوێنێك خەلەلێك هەبوو لە دانیشتنێکی تر حەلی بکەین، سەمیرە خان، فەرموو.

**بەڕێز سمیرە عبداللە گۆران:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

منیش داوام کردبوو لەهەردوو لیژنە بگوازرێمەوە یەکێکیان تەندروستیە ئەوی تریش پیشەسازییە، ناوی منتان نەخوێندەوە، سوپاس.

**بەڕێز د. ارسلان بایز/ سەرۆکی پەرلەمان:**

دوایی بچۆ بۆ فراکسیۆنەکەی خۆت بزانە بۆ ئەو غەدرەیان لێکردووی؟، چونکە ناوت نیە، ئێستا دەچینە سەر بڕگەی شەشەم لەبەرنامەی کار، لیژنەی یاسایی فەرموو.

**بەڕێز عونی کمال بەزاز:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

بڕگەی شەشەمی بەرنامەی کاری ئەمڕۆمان: خوێندنەوەی یەکەمی ئەم پرۆژەو پێشنیارانەی خوارەوەیە:

أ- پێشنیاری یاسای هەمموارکردنی یەکەمی یاسای خانەنیشینی هێزەکانی ناوخۆی ژمارە(18)ی ساڵی 2011 لە هەرێمی کوردستان، کە لەلایەن ژمارەی یاسایی ئەندامانی پەرلەمان پێکەشکراوە.

ب- پێشنیاری بڕیار دەربارەی پلەبەندی وەزیفی وشوێنی دامەزراندنی دەرچوانی زانستە سیاسیەکان لەهەرێمی کوردستان، کە لەلایەن ژمارەی یاسایی ئەندامانی پەرلەمان پێکەشکراوە.

ج- پێشنیاری بڕیاری ڕاگرتنی بڕیاری ژمارە(150)ی ساڵی 1987ی ئەنجومەنی سەرکردایەتی شۆڕشی هەڵوەشاوە، کە لەلایەن ژمارەی یاسایی ئەندامانی پەرلەمان پێکەشکراوە. ئێستا پرۆژەکان دەیخوێنینەوەو ئەو ئەندامە بەڕێزانەش کەواژوویان کردووە لەسەری ناوەکانیان دەخوێنینەوە.

قانون تعديل الاول لقانون خدمة وتقاعد القوى الامن الداخلي رقم(18) لسنة 2011

**المادة الاولى:**

**يوقف نفاذ المادة (44/اولاً) من قانون خدمة وتقاعد القوى الامن الداخلي رقم(18) لسنة 2011في الاقليم ويحل محلها مايلي:**

1. **تحتسب الحقوق التقاعدية (الراتب التقاعدي والمكافئة التقاعدية)لرجل الشرطة او خلفه في قوى الامن الداخلي لاقليم كوردستان بنسبة(80٪)من الراتب الكلي(الراتب الاسمي ومضافاً اليه المخصصات).**
2. **يسري حكم الفقرة(1)اعلاه على المحالين للتقاعد بعد(1991/10/23)بدون الفروقات والتبعات المالية.**
3. **تحتسب الراتب التقاعدي للمحالين على التقاعد قبل وبعد انفاذ القانون رقم(18) لسنة 2011 على ان لايقل مما يتقاضاه من راتب ومخصصات قبل صدور القانون.**
4. **يصرف الراتب التقاعدي على التقاعد او يحال على التقاعد بعد نفاذ القانون اعلاه في الاقليم بنفس النسبة المبينة اعلاه في الفقرة (1) من المادة.**

**المادة الثانية:**

**يسري احكام هذا القانون على حالات وقائع الخدمة والتقاعد السابقة على تأريخ صدوره.**

**المادة الثالثة:**

**على مجلس الوزراء والجهات ذات العلاقة تنفيذ احكام هذا القانون.**

**المادة الرابعة:**

**ينفذ هذا القانون اعتباراً من تأريخ نشره في الجريدة الرسمية وقائع كوردستان.**

**جەنابی سەرۆکی پەرلەمان، ئەو ئەندامە بەڕێزانەی کەواژوویان لەسەر کردووە:**

1. **اسماعيل محمود**
2. **شێردڵ تحسين**
3. **نەريمان عبدالله**
4. **كاروان صالح**
5. **شۆڕش سيد مجيد**
6. **سالار محمود**
7. **سيوەيل عثمان**
8. **ئەڤين عمر**
9. **لانە احمد**
10. **سمير سليم**
11. **صباح بيت الله**

**خەرجی زیادەڕۆی لە پەسندکراوی بودجەی ساڵی 2011 دەکاتە (435) ملیار دینار.**

**9- ڕێژەی جێ بەجێ کردنی بودجەی وەبەرهێنان لە ساڵی 2011 دەکاتە 53٪ لە کۆی گشتی تەرخان کراوی (4,700) ترلیۆن.**

**10- حکومەتی ئیتیحادی بەغداد قەرز دەداتە هاوولاتی لە ڕێگای بانکی کشتوکاڵ و پیشەسازی و بانکی خانووبەرەو سندووقی نیشتەجێ، بەبێ سوودو وەزارەتی دارایی ڕێژەی سوودەکە دەگرێتە ئەستۆی، بەلاّم بانکی کشتوکاڵ و پیشەسازی و بانکی خانووبەرەو سندووقی نیشتەجێ بوونی حکومەتی هەرێم هیچ سەرمایەکی دارایی نییە، تاکو بتوانێت ئەم بڕیارە جێ بەجێ بکات وەك خۆی، لەبەر ئەوە وەزارەتی دارایی و ئابووری حکومەتی هەرێم هەڵدەستێت بە جێ بەجێ کردنی ئەم بڕیارە بەم شێوەی خوارەوە:**

**1- دانی قەرز بۆ هاوولاّتی لە ڕێگای بانکی کشتوکاڵ و پیشەسازی و بانکی خانووبەرەو سندووقی نیشتەجێ.**

**2- وەزارەتی دارایی و ئابووری ئەم قەرزە دەداتە هاوولاّتیان بەبێ سوود. سوپاس.**

**بەڕێز د. ارسلان بایز/ سەرۆکی پەرلەمان:**

**زۆر سوپاس، بەڕێزان، ڕاپۆرتی وەزارەتی دارایی و ئابووری خوێندرایەوە، دانیشتنەکەمان هەڵدەگرین بۆ بەیانی سەعات (10)ی پێش نێوەڕۆ بۆ ڕاپۆرتی لیژنەی دارایی و ئابووری، بەخواتان دەسپێرین، خواتان لەگەڵ، زۆر سوپاس**

| | | |
|---|---|---|
| **فرست احمد عبدالله** | **د.حسن محمد سوره** | **د. ارسلان بایز اسماعیل** |
| **سکرتێری پەرلەمانی** | **جێگری سەرۆکی پەرلەمانی** | **سەرۆکی پەرلەمانی** |
| **کوردستان – عێراق** | **کوردستان – عێراق** | **کوردستان - عێراق** |

- لابردنی ماددەکە.

((وەکو خۆی بمێنێتەوە)).

(25) دەربارەی (ماددەی بیستو چوار)، لیژنەی یاسایی پێشنیار دەکات بە گۆڕینی وشەی (المستفیدة) بۆ (المعنیه). ((پەسندە)).

(26) دەربارەی (ماددەی بیستو پێنج)، لیژنەی یاسایی دوو ڕای هەیە:

ڕای یەکەم: پشتگیری لە ماددەکە دەکات دوای دانانی ڕیزبەندی بۆ ماددەکە، بەمەرجێك پێشەکی ماددەکە ببێت بە (اولاً) دواتر (اولاً وثانیاً) لە ماددەکە ببێت بە (ثانیاً وثالثاً).

ڕای دووەم: لابردنی ماددەکە. ڕای لیژنەی دارایی ((مانەوەی ماددەکە بە ڕیزبەندی نوێوە)).

(27)دەربارەی (ماددەی بیستو شەش)، لیژنەی یاسایی دوو ڕای هەیە:

ڕای یەکەم: لابردنی ماددەکە.

ڕای دووەم: مانەوەی ماددەکە. ((یەکلاکردنەوەی لە هۆڵی پەرلەمان)).

(28)دەربارەی (ماددەی بیستو حەوت)، وەکو خۆی بمێنێتەوە. ((پەسندە)).

(29)دەربارەی (ماددەی بیستو هەشت)، وەکو خۆی بمێنێتەوە. ((پەسندە)).

(30)دەربارەی (ماددەی بیستو نۆ)، وەکو خۆی بمێنێتەوە. ((پەسندە)).

(31)دەربارەی (ماددەی سی)، وەکو خۆی بمێنێتەوە. ((پەسندە)).

(32)دەربارەی (ماددەی سیویەك)، لیژنەی یاسایی پێشنیاری سەرلەنوێ داڕشتنەوەی دەکات بەم شێوەی خوارەوە:

(لا یعمل بأي نص یتعارض مع أحکام هذا القانون). ((مادەکە وەکو خۆی بمێنێتەوە))

(33)دەربارەی (ماددەی سیودوو)، وەکو خۆی بمێنێتەوە. (( پەسندە)).

(34)دەربارەی (ماددەی سیوسێ)، وەکو خۆی بمێنێتەوە. (( پەسندە)).

(35)لیژنەی یاسایی پێشنیار دەکەن بە زیادکردنی (ماددەیەك) بۆ سەر پرۆژە یاساکە بەم شێوەی خوارەوە:

مادة مضافة: (إلغاء جمیع تخصیصات المنافع الاجتماعیة للوزارات والجهات غیر المرتبطة بوزارة باستثناء وزارة العمل والشؤون الاجتماعیة، واضافتها الی المشاریع الاستثماریة). ((پەسند نییە، یەکلا بکرێتەوە لە هۆڵی پەرلەمان لەگەڵ نوێنەری حکومەت)).

(36)لەهەمان کاتدا ڕایەك هەیە لە لیژنەی یاسایی کە داوای لابردنی تەرخانکراوەکانی (سوودەکانی کۆمەڵایەتیو بەخشینو باربۆ) بۆ هەرسێ سەرۆکایەتیەکانو وەزارەتەکانو لایەنەکانی پەیوەندی نەبوو بە وەزارەتەوە، بەدەر لە وەزارەتی کارو کاروباری کۆمەڵایەتی کە ڕێژەکەی (19.6٪)ی کۆی بودجەی گشتیە،

دواتـر زیـاد بکـرێ بـۆ پـرۆژە وەبەرهێنـەرەکان. ((یـەکلا بکرێتـەوە لـە هـۆڵی پەرلـەمان لەگـەڵ نوێنـەری حکومەت)).

بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان، بەم شـێوەیە راپـۆرتی لیژنـەی دارایـی و کاروبـاری ئـابووری کۆتـایی هـات، ئێسـتا چاوەڕوانی فەرمانتانین، سوپاس.

**بەڕێز د.ارسلان بایز/ سەرۆکی پەرلەمان:**

دەستتان خۆش بێت، دوێنێ راپـۆرتی وەزیـری دارایـی خوێندرایـەوە، ئـەمڕۆش راپـۆرتی دارایـی و راپـۆرتی سـەرجەم لیژنـەکان خوێندرانـەوە، ئێمـە لـە سـەرۆکایەتی وامـان پـێ باشـە، بـۆ ئـەوەی هـەم پەرلـەمانتارە بەڕێزەکان و هەم وەزیرە بەڕێزەکان باشتر دیراسەی بکەن و خۆیان ئامـادە بکـەن بـۆ وەڵامدانـەوە، چـونکە پرسیارەکان زۆر بوون، بەیانی سەعات (10)ی پێش نیوەڕۆ دەست بە موناقەشە دەکەین، هەر لـە ئێسـتاوە داوا دەکەین و وامان پێ باشە فراکسیۆنە بەڕێزەکان ناوی ئەو پەرلەمانتارە بەڕێزانە بنووسـن، کـە بـەیانی دەیانـەوێت قسـە بکـەن، دوایـی پـێش ئـەوەی ئیفتیتـاحی جەلسـە بکـەین دەبێـت ناوەکانمـان بـدەنێ، فراکسیۆنەکان نـاوی ئـەو پەرلـەمانتارە بەڕێزانـە بنووسـن بـەبێ ئـەوەی ئێمـە بنووسـین، ئـەوان ناوەکـان بنووسن لە وەرەقەیەك بماندەنێ بۆ تەقصیری وەقت، بۆ ئەوەی کاتەکەمان کەم لـە دەسـت بچێـت، فـەرموو مامۆستا عومەر.

**بەڕێز عمر عبدالعزیز بهاءالدین:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

بەڕای من پێویست ناکات ئەو پەیڕەوە بگرینە بەر، بەیانی لە سـەرەتاوە ئـەو کەسـانەی دەیانـەوێت ناویـان بنووسن ناویان دەنووسن چەند دەقیقەیەك دەبات، بۆ ئەوەی ئازادی بدەین بە هەموو لایەك، سوپاس.

**بەڕێز د.ارسلان بایز/ سەرۆکی پەرلەمان:**

فەرموو کاك سالار.

**بەڕێز سالار محمود مراد:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

لەبـەر ئـەوەی مەسـەلەی بودجـە مەسـەلەیەکی زۆر گشـتی و هەسـتیارە سـاڵێ جارێـك موناقەشـە دەکرێـت، پێموایـە بـۆ موداخەلـەی پەرلـەمانتاران ئازادییـەکی تـەواو بـدرێت، چـونکە هەنـدێك جـار لـە خیلالـی بۆچوونەکاندا پەرلەمانتاران پرسیارو تێبینی تازەیان لەلا دروست دەبێت لە خیلالی دانیشتەکان، سوپاس.

**بەڕێز د.ارسلان بایز/ سەرۆکی پەرلەمان:**

بەپێی چوارچێوەی پەیڕەوی نـاوخۆ هـەمووتان ئـازادن، بـەخێر بـێن تـا بـەیانی سـەعات (10) بـە خواتـان دەسپێرین هەر بژین.

پشتیوانی له پێشنیاری ژماره (7)ی راپۆرتی لیژنەی ئاوەدانكردنەوەو نیشتەجێ بوون دەكەم، بۆ تەرخان كردنی بودجەیەك له بودجەی گشتی بۆ گرنگیدان به رێگاوبانەكان، خۆتان دەزانن رێگاوبانەكان ئەهمیەتی تایبەتی هەیە.

سەبارەت به خاڵی ژماره (15) له لیژنەی ئاوەدانكردنەوەو نیشتەجێ بوون كه (90) ملیار دینار ماوەتەوە لەسەر هەمان وەزارەت، ئەگەر وایە پشتیوانی له پێشنیارەكەیان دەكەم، یان هەر رەئیەكی گونجاو جەنابی وەزیر پێشنیاری بۆ بكات. سەبارەت به خاڵی (2) له لاپەڕە (23)ی راپۆرتی لیژنەی دارایی، له راپۆرتی لیژنەی خزمەتگوزاری و شارەوانی و گواستنەوەو گەیاندندا هاتووە جیاوازی فەرمانبەران هەیە، روون كردنەوە لەو بارەیەوە، خۆیان داوایان كردووە رەت دەكرێتەوە.

سەبارەت بە پێوەری زیرەك، منیش لەگەڵ هەڵوەشاندنەوەی پێوەری زیرەكی وەزارەتی شارەوانیم، بۆ پێوەری زیرەكی وەزارەتی كارەبا، ئەوە وەڵامم وەرگرت.

سەبارەت بەدامەزراندنی (150) پلە بۆ دامەزراندنی وەزارەتی ناوبراو، هەڵبەتە خزمەتگوزاری و شارەوانیەكان، ناوبراو رایانگەیاندووە كه پێویستیان بەو ژمارەیە نییە، روون بكرێتەوە بۆ داوا كراوە، بۆ پێویستیان نییە؟

سەبارەت بە راپۆرتی لیژنەی مافی مرۆڤ خاڵی (7) لەم راپۆرتە لە 10٪ی مووچەی تایبەتەكان كە دراوە بە سندووقێك، قەرار بوو لە وەزارەتی شەهیدان لە بودجەی پێشوو بڕیار درا بۆ پرۆژەی گەورە دیاری بكرێت له وەزارەتی شەهیدان بۆ شەهیدان، بەڵام ئەوە جێ بەجێ نەكرا، لەبەر ئەوە من داوا دەكەم ئەو پارەیەی دیاری دەكرێت، دادەنرێت، یان دیاری بكرێت، یان بەڕاستی ئەو سندووقە ئیلغا بكرێتەوە.

سەبارەت بە ئاوارەكانی كوردستانی رۆژهەڵات و سەرجەم ئاوارەكانی كوردستان پشتگیری بژێوی ژیانیان دەكەم بەپێی یاسا له رێگای وەزارەتی كارو كاروباری كۆمەڵایەتیەوە هاوكاری تەواویان بكرێت.

پێشنیار دەكەم گرنگی زیاتر بدرێت بە ناوچە دابڕاوەكان، لەبەر ئەوە مەسەلەیەكی خزمەتگوزاری و سیاسیە، زۆر سوپاس.

**بەڕێز د. ارسلان بایز/سەرۆكی پەرلەمان:**

زۆر سوپاس، كاك فازل فەرموو.

**بەڕێز فاضل حسن اسماعیل:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

جا هیچ شتێك ماوە باس نەكرا بێت، سەبارەت بە دواكەوتنی بودجە، دیارە ئەو پاساوەی جەنابی وەزیر باسی كرد، پاساوێكی لاوازە، بەڵام دیارە هەمووساڵێك هەر وایە، بۆیە من پێشنیار دەكەم كە سەرفیاتی هیچ بەشێك را نەگیرێت، بەتایبەتی ئەوانەی پەیوەندیان بە ژیان و گوزەرانی خەڵكەوەیە.

سەبارەت بە بودجەی تەشغیلی و ئیستیسماری، له بودجەی تەشغیلی پێشنیار دەكەم 10٪ ببڕدرێت جگە له مووچە.

سەبارەت بە داهات ئەوە زۆر باس کرا، کە داهاتەکە کەمە، بەلاَم من پێشنیارێکم هەیە کە داهاتی هەموو وەزارەت و دەزگاکان بۆ خۆیان بێت، وەکو وەزارەتی کارەباو تەندروستی، بۆ ئەوەی گرنگی بە داهات بدەن، دەکرێت لەبەرامبەر ئەوە لە بودجەکانیان کەم بکرێتەوە، کورتهێنان.

بەڕاستی مەسەلەی کورتهێنان دەکرێت وەزارەتی پلاندانان دەقیق تر بێت لەوەی ئەگەر توانای بودجەکەی چەندە، هەر ئەوەندە بکرێت، یان ئەگەر کەمێکیش زیاتر بێتن، یەعنی کورتهێنان بەو رێژەیە گەلەك زۆرە، دەکرێت لە پرۆژەکان لە مەسروفات کەم بکرێتەوە. سەبارەت بە بودجەی سەرۆکایەتیەکان، منیش هەر رەئیم وایە کەم بکرێتەوە، وەکو ئەوەی لە راپۆرتی لیژنەی دارایی وئابوورییەوە هاتووە.

سەبارەت بە پرۆژەکان، دیارە ئەوەش بە هەمان شێوە بەڕاستی هەموو ساڵێك پرۆژەیەکی زۆر پێشنیار دەکرێت، لەکاتێکدا لە توانای ئەو بودجەیە نییە، بۆیە دەبینی ئیتر پرۆژەکان جێ بەجێ ناکرێن، یان زۆر دوا دەکەون وەکو ئەوەی هەیە، دەکرێت پرۆژەکان ئەوەندە بێت کە توانای جێ بەجێ کردنیان هەبێت و، بەشێکیشی دیارە پارەی پرۆژەکان کورتهێنانی پێ پڕ دەکرێتەوە، ئەوەش هەر کێشەیەکە.

پێشنیار دەکەم بۆ پێشینەی خانووبەرە، وەکو هەر لە راپۆرتەکەش هاتووە (25) ملیۆن بۆ شارەکان، (30) ملیۆن بۆ گوندەکان بێت، بەلاَم بۆ گوندەکان دەکرێت ئەو رێنماییانەی کە هەیە کەم بکرێنەوە، لەبەر ئەوەی بەڕاستی رێگریەکی زۆر هەیە بۆ ئاوەدانکردنەوەی گوندەکان، یەعنی بەتایبەتیش لە ناحیەکان، یەعنی ئیدارەی ناحیەکان رێگرییەکی زۆر بۆ جوتیارەکان و گوندنشینەکان دادەنرێت لە مەسەلەی ئاوەدانکردنەوە.

پێشنیار دەکەم پێشینەی هاوسەرگیری زیاد بکرێت، وەك ئەوەی کە باس کرا بۆ حەوت ملیۆن، کارەبا بۆ گوندەکان، بەتایبەتی ئەوانەی کە کارەبایان زۆر لێ دوور نییە، یەعنی کێشەیەکی زۆر بۆ ئەو گوندانە هەیە لە مەسەلەی ئاوەدانکردنەوە کە کارەبایان بۆ ناچێت، چونکە مەسافەکانیش ئەوەندە دوور نین.

دوا پێشنیاریشم بۆ زیاد کردن ئەگەر دەکرێت، یان لایەنی کەم یەکخستنی مووچەی فەرمانبەرانە، یەعنی هەندێك لە فەرمانبەران کە مووچەکانیان کەمە داوا دەکەن وەکو هاوشێوەکانیان بن لە وەزارەتەکانی تر، زۆر سوپاس.

**بەڕێز د. ارسلان بایز/سەرۆکی پەرلەمان:**

زۆر سوپاس، بەڕێزان، دیارە بەڕێزان سەرۆکی فراکسیۆنەکان هەموویان بە ئارەزووی خۆیان قسەیان کرد، تەنانەت لە هەندێك راپۆرت باسی زۆر شتی وردە بابەت کرا لە مزگەوت و لە قوتابخانە، واتا چوونە تەفاسیلی پرۆژەو بودجەش، لەوەی کە باس کرا، باسی ئەوەش کرا هەتا ئەگەر خانوویەك بەر جادە کەوت تەعویزی بدرێتێ، باسی یەکسانی مووچە، باسی سولفەی زەواج و سولفەی عەقار، باسی جیاوازی خانەنشینی، مووچەی خانەنشینی، باسی دامەزراندن، دەرماڵەی فەرمانبەر، گرێبەست، یەعنی چوونە ئەو تەفاسیلانەش من گومانم نییە لەوەی کە ئەو بەڕێزانەی کە قسەیان کرد حەتمەن راوێژیان بە فراکسیۆنەکانی خۆیان کردووە، بەبێ راوێژ لەگەڵ فراکسیۆنەکەی خۆیان ئەو راپۆرتانەیان نەنووسیوە،

ئەوەشمان تێبینی كرد كە لە بەشێكی ئەو راپۆرتانە دووبارەو سێ بارەشی تێدا بوو، خۆشتان دیقەتان لەو مەسەلەیەدا.

بۆیە ئێمە داوا دەكەین پەرلەمانتارە بەڕێزەكان كە نۆرەی قسەیان دێت، قسەیان كرد تكا دەكەین ئەو پرسیارو موداخەلاتانە دووبارە نەكەنەوە جارێكی تر، چونكە لە یەك سەعات تەنیا دوو برادەر قسەی كرد، برادەری وا هەبوو نیو سەعات قسەی كرد، برادەری وا هەبوو (25) دەقیقە قسەی كرد، برادەری وا هەبوو (20) دەقیقە قسەی كرد، بۆیە لە داهاتوو، بۆ ئەوەی شتەكانمان علمی تر بێت، شتەكانمان وردتر بێت دووبارە نەكەینەوە، دانیشتنی ئەمڕۆشمان كۆتایی پێ دەهێنین تا بەیانی سەعات (6)ی پاش نیوەڕۆ بەخواتان دەسپێرین هەربژین.

| | | |
|---|---|---|
| فرست احمد عبدالله | د.حسن محمد سوره | د. ارسلان بایز اسماعیل |
| سكرتێری پەرلەمانی | جێگری سەرۆكی پەرلەمانی | سەرۆكی پەرلەمانی |
| كوردستان – عێراق | كوردستان – عێراق | كوردستان - عێراق |

دارایی لەسەر چ بنەمایەك بودجەكە كەمدەكاتەوە؟ ئەبێ ئەمانەمان لا ڕوون بێ، لەنێوان ئەم دوو وەزارەتەدا ناڕوونیەك هەیە، یائەوەتا وەزارەتەكان ئەیانەوێ بەشێوەیەك لەشێوەكان مامەڵەی تەندروست بكەن لەگەڵ وەزارەتی دارایی، یاوەزارەتی دارایی ئەیەوێ مامەڵەیەكی ناتەندروست بكات.

دیارە پێویستی بەڕوون كردنەوەیە، چونكە ئێمە تائێستا بەرچاومان ڕوون نیە، بەنیسبەت وەزارەتی پێشمەرگەش بەهەمان شێوە، وەزارەتی پێشمەرگەش ئەڵێ بۆمن بۆ بودجەی بەكاربردنی وەزارەتەكەم یەك ترلیۆن و ئەو كەسرەی لەدواوەیەتی ئەوەندەم پێویستە، بەڵام موافەقەتی وەزارەتی دارایی نۆسەد و پەنجا ملیارە، یەعنی كۆمەڵێك شت هەیە ژمارەیە،بۆ نموونە ئەگەر تۆ باس لەمیلاكی وەزارەتی شەهیدان بكەی، خۆ ژمارەی فەرمانبەران شتێكی (ثابت)ە لەوەزارەتەكاندا، بۆ نموونە(1000)فەرمانبەرت هەبێ تۆ ئەبێ بەقەد ئەو(1000)فەرمانبەرە داوای ئەو بودجەیە بكەی، بەڵام ئەوەی ئێمە بینیومانە بۆ مووچەی وەزارەتی پێشمەرگە یەك ترلیۆن و سێ سەد و یانزەی ئەوێ،كەئەمە(ثابت)ە وەزارەت یەعنی بڵێ چی؟ ئەوەندەی پێویستە، لەسەر چ بنەمایەك وەزارەتی دارایی موافەقە ئەكا لەسەر ڕێژەیەكی تر لەو پارانە،بەنیسبەت جیاوازی بودجە لەنێوان وەزارەتی ناوخۆ و وەزارەتی پێشمەرگە،دیارە ئەگەر ئێمە بەشێوازێكی ستاندارد كار بكەین لەهەموو دنیادا ئەبێ وەزارەتی بەرگری بودجەكەی زیاتر بێ لەوەزارەتی ناوخۆ، بەڵام ئەوەی ئێمە بینیومانە بودجەی وەزارەتی ناوخۆ لەسەدا سیانزە و  لەسەدا چل و یەكە، بەڵام وەزارەتی پێشمەرگە لەسەدا چل و هەشت و هەشتا و چوارە.

واتە لەسەدا پێنجی زیاترە لەوەزارەتی پێشمەرگە، ئێمە مامەڵەی تەندروست بەپێی ستانداردی عالەمی دەكەین لەنێوان ئەو دوو وەزارەتەدا؟ یاخود تەنها ئەوەیە دەمانەوێ وەزارەتی پێشمەرگە بەم شێوەیە بمێنێتەوە بۆ ئەوەی تاهەتا بڵێن كورت هێنانمان هەیە، یەكێ لەبابەكان كەدەمەوێ تیشكی بخەمە سەر، جیاوازیەكی زۆر هەیە لەنێوان بودجەی تەرخان كراو و خەرجی فیعلی، یەكێ لەوانە وەزارەتی پێشمەرگە بۆ بودجەی بەكارخستنی وەزارەتەكەی، لەشەش مانگی یەكەم.

واتە مەسرەفی فیعلی لەشەش مانگی یەكەمی 2011ی چوارسەد و چل و چوار ملیار و هەشت سەد و هەشتاو هەشت ملیۆنە، بەڵام لەوەی كە وەزارەتی دارایی ناردوویەتی  بۆ پەرلەمان نووسیویەتی چوارسەد و هەشت ملیار، كەواتە جیاوازیەكەی سی و پێنج ملیارە، یەعنی تۆ بەجیاوازی سی و پێنج ملیار ناردووتە بۆ پەرلەمانی كوردستان، بۆ تەعویزاتی موەزەفینی وەزارەتی پێشمەرگە بەهەمان شێوە لەشەش مانگی یەكەمی 2011 دا وەزارەتی پێشمەرگە مەسروفی فیعلی ئەڵێ سێ سەد و سی و چوار ملیارە، بەڵام وەزارەتی دارایی ئەڵێ سێ سەد و یانزە ملیارە، لێرەشدا بیست و سێ ملیار و سەد و یەك ملیۆن جیاوازی هەیە، ئەمانە هەموو پارەن، ئەمە شتێك نیە ڕەقەمێك بێت و لێ بدرێت و بۆ جوانی سەیری بكرێ، یەكێكی تر لەو جیاوازیانە كە بۆ(سیلەع و خەدەمات) كراوە لەوەزارەتی پێشمەرگە لە 2011 بۆ ئەم بابە وەزارەتی پێشمەرگە داوای چوارسەد و بیست و پێنج ملیاری كردووە.

بەلأم وەزارەتی پێشمەرگە لەلیژنەکەی ئێمە ئەوەی بەئێمەیان ڕاگەیاندبێ کەمن نوسخەیەکیش لەو موازەنەی ئەوانم وەرگرت کەپێشکەشی حکومەتی کوردستانیان کردووە، موافەقەتی سێ سەد ملیاریان کردووە، بەلأم ئەوەی نێردراوە بۆ پەرلەمانی کوردستان لەبابی (سیلەع و خەدەمات)سەد و بیست و حەوت ملیاریان نووسیوە، ئەمە لێرە ئەمانگەیەنێتە ئەو ڕاستیەی کەلەنێوان بودجەی هەرێمی کوردستان و ئەو بودجەی ئەنێرێ بۆ پەرلەمانی کوردستان بودجەیەکی تر هەیە لەلایەن وەزارەتەکانەوە کاری پێ دەکرێت، ئەبێ ڕوون بکرێتەوە، چونکە ئەمە تەنیا لەوەزارەتی پێشمەرگەدا ئەم کێشەیە نیە، لەزۆربەی هەرە زۆری وەزارەتەکاندا ئەو بودجەیەی کە موافەفەت کراوە بۆ نەفسی وەزارەت و ئەو بودجەی ئەنێرێت بۆ پەرلەمانی کوردستان زۆر دوورە لەیەکترەوە، لەوەزارەتەکان کار لەسەر بودجەیەکی تر ئەکرێ کە لەلایەن وەزارەتی داراییەوە بۆیان ئەنێردرێ، هەموو ئەو جیاوازیانەش کەلەسەرەوە باسم کرد، چوارسەد و شەست و هەشت ملیارە،یەعنی ئەمانە کۆمەڵێك مەبلەغی گەورەن کەتۆ ئەتوانی لەکۆمەڵێك بواری تردا بەکاریان بهێنی، بەنیسبەت بودجەی وەبەرهێنان، تەنها ئیشارەت بەدوو خاڵ دەکەم لێرەدا، یەکێکیان ئەوەیە کەئەبێ ساڵانە لانی کەم ئەگەر ئێمە بمانەوێ بودجەی وەبەرهێنان وەك خۆی سەرف بکەین، ئەبێ لانی کەم 26٪ وەك خۆی سەرف بکرێ، بەلأم من ئێستا بەکۆمەڵێك داتا ئەیخەمە بەردەستی بەرێزتان کەنەتوانراوە تەنانەت 14٪ شی خەرج بکرێ، لەساڵانی 2010 بڕی یەك ترلیۆن و حەوسەد و نەوەد و دوو بۆ پڕۆژە خەرج نەکراوە، لەساڵی 2011 دا دوو ترلیۆن و دووسەد و نۆ ملیار خەرج نەکراوە، ئەمانە چوونەتە کوێوە؟ لەکوێی بودجەدا کاریان پێکراوە؟ یاخود خراونەتە خزمەتی چ بابێکەوە؟ لەوانەیە ئەگەر ئێمە بەبەرچاو ڕوونیەکی باش ڕوون بکرێتەوە بۆ پەرلەمانتاران بگەینە ئەو ڕاستیەی کە ئێمەش بڕوامان بەوە هەبێ کەپێویستە ئەمانە وابێ، کەپێویستە چۆنیەتی جێ بەجێ کردنی ئەم پڕۆژانە کەمبکرێتەوە بۆ ئەوەی ئەم کێشانەی پێ چارەسەر بکرێت.

لە ساڵی 2009 لە 16٪ ی بودجەی گشتی بۆ پڕۆژەی وەبەرهێنان تەرخان کراوە، لەساڵی 2010 لە 15٪، لەساڵی 2011 لە 17٪، لە 2010 لەسەدا چل و نۆ و نیوی ئەو بودجەیەی بۆی دانراوە، خەرج نەکراوە بۆ پڕۆژەکانی وەبەرهێنان، لەساڵی 2011ش 47٪ی خەرج نەکراوە، کەواتە ئێمە لە 2010 دا 60٪ی بودجەی دانراو بۆ پڕۆژەکان نەتوانراوە بخرێتە بواری جێ بەجێ کردنەوە، کەزیاترە لە سێ سەد و چل ملیار، بۆ پڕۆژە بەردەوامەکان تەبعەن، کەژمارەیان(1275) پڕۆژەیە،80٪ی ئەو پڕۆژانەی ساڵی 2010 کەچوونەتە بواری جێ بەجێ کردنەوە پارەکەیان بۆ خەرج نەکراوە،لە 2011 لەپڕۆژە پێشنیاز کراوەکان(218) پڕۆژە ماوەی جێ بەجێ کردنی یەك ساڵ یاخود یەك ساڵ کەمترە، کەهەیە ماوەی پڕۆژەکەی دوو مانگە،سێ مانگە، مەنتیقی تیایە تۆ پڕۆژەکە جێ بەجێ نەکەی بەس بیکەی بەپڕۆژەی بەردەوام بۆ ئەوەی ئەو بودجەی کەبۆی تەرخان کراوە تۆ وەك خۆی جێ بەجێی نەکەی.

لە 2012 دا لەپڕۆژە پێشنیاز کراوەکاندا (397)پڕۆژە ماوەی جێ بەجێ کردنیان لەیەك ساڵ و کەمترە لەیەك ساڵ، لەکۆی(1367) پڕۆژەی بەردەوامی 2012ە(1654) پڕۆژە گوژمەی پێویستی ساڵی 2011 ی

سفره، واته (1654) پرۆژه لەساڵی 2011 دا هیچ گوژمەیەکی بۆ تەرخان نەکراوه، بەرێز سەرۆکی پەرلەمان، من لێره باس لەیەك پرۆژەی، خۆزگە وەزیری پلاندانان لێره بوایە، یەکەم پرۆژەی وەزارەتی شەهیدان لەسەر پارێزگای سلێمانی کەبۆ قەزای چەمچەماڵە، ناوی پرۆژەکە نەنووسراوه تەنها ماوەی پرۆژه و گوژمەی بۆ تەرخان کراوه، لەسەر وەزارەتی شەهیدان کەماوەکەی (180) رۆژه، ملیارێك و پێنج سەد ملیۆنی بۆ تەرخان کراوه،دواتر یەکێکی تریش کەموناقەلە کراوه لەنێوان بودجەی وەبەرهێنان بۆ بودجەی بەکارخستن کەئەمە بەیاسا رێگەی لێ گیراوه، یەکێکە لەپرۆژه بەردەوامەکانی وەزارەتی ئاوەدان کردنەوه بەژمارە(33) لەپارێزگای (دهۆك)، کەبڕی نۆزده ملیار و هەشت سەد و یەك ملیۆنی بۆ دانراوه، کە ئەمە خراوەتە خزمەتی کڕینی ئۆتۆمبێل و ئامێرەوه، بەرێز سەرۆکی پەرلەمان ئەوەی تاقەتی گوێ گرتنی نیە ئەتوانێ بچێتە دەرەوه، ئەندام پەرلەمان مافی قسەکردنی هەیە.

بەنیسبەت کورتهێنانەوه کەئەمە کۆتا قسەی منە، ڕێژەی کورتهێنان لەساڵی 2011 دا دیارە بەدوو ترلیۆن خەملێنراوه، بەپێی ستانداردی جیهانی نابێ لە 3٪ زیاتربێ، بەڵام ئەوەی ئێمە دەیبینین زۆر لەو ڕێژه زیاترە، بەبڕوای من لەهەرێمی کوردستان شتێك نیە ناوی کورتهێنان بێ، چونکە ئەگەر ئێمە بەپێی هەموو ئەو داتاو پێشنیارەی ئێمە خستوومانەتە ڕوو شتێك نامێنێتەوه ناوی کورتهێنان بێ بۆ وەزارەتەکان یاخود بۆ هەرێمی کوردستان، چونکە ئەمە نەبوونی پلانێکی زانستیە بۆ چۆنیەتی دابەش کردنی پرۆژەکان، تۆ نەك بێی بەبیانووی پرۆژەوه کۆمەڵێك مەبالغ دابنێی لەکاتێکدا ئێمە لەبودجەی گشتی سەرجەم وەزارەتەکان، ئەوەی وەزارەتەکان ئیقیتراحی دەکەن وەزارەتی دارایی بەدوو ئەوەندە کەمی دەکاتەوه، ئەگەر ناڕوونیەك لەنێوان ئەو دوو وەزارەتە نەبێ ئەی لەکوێیە؟ تۆ ئەبێ ئەم خەملاندنانە لەسەر چ بنەمایەك بکەی؟ وەزارەتی دارایی، ئەبێ ئەوەمان بۆ ڕوون بکاتەوه، ئەبێ ڕوون بێتەوه بۆ کە وەزارەتەکان داوای بودجەیەك دەکەن وەزارەتی دارایی بودجەیەکی تر ئیقرار دەکات؟ بۆ پێشوەخت لەگەڵ وەزیره بەرێزەکان دانانیشن بەپێی پێداویستی خۆیان چەندیان پێویستە ئەوەندە داوا بکەن؟ بۆ ئەوەی ئەم بودجەی هەرێمی کوردستان ڕووبەڕووی کورتهێنان نەکەیتەوه.

دواتر تێناگەم کەلەساڵی 2007 وە ئێمە شەش ترلیۆن کەحەقی خۆمانە لەلایەن حکومەتی ناوەندەوەیە بنێردرێ بۆ هەرێمی کوردستان، بەڵام وەزارەتی دارایی یاخود حکومەتی هەرێمی کوردستان داوا لەکێ دەکات کەلیژنەیەك لەسەر ئاستێکی بەرز پێکبهێنرێ بۆ چارەسەر کردنی ئەم کێشەیە؟ نازانم داوا لەپەرلەمان دەکات، داوا لەکێ ئەکات؟ ئەبێ ڕوون بکرێتەوه چارەسەرەکان لەکوێیە؟ ئەبێ داوا لەوڵاتێکی دراوسێ بکەین بڵێین فلان کێشەمان بۆ چارەسەر بکەن؟ ئەی خۆیان لەحکومەتی عیراقی کاریان چیە لەوێ؟ پاشان ئەوەی ئێمە تێبینیمان کردووه ڕێکەوتنێك هەیە لەنێوان هەرێمی کوردستان و دواتریش حکومەتی عیراقی بۆ ئەوەی حکومەتی ناوەندی مووچەی(90000)پێشمەرگە بدات، بەڵام ئەوەی ئێمە تێبینیمان کرد لەبودجەی ساڵی 2012 هیچ بڕە پارەیەکی تەرخان کراو کە پێویستە بۆ خەرجی و بۆ

